حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

سەرۆکایەتی زانکۆی چەرموو

فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان

سکوڵی زمان/ بەشی کوردی

# ئیرۆتیک لە شیعری ژنانی باشووری کوردستاندا

## ( کرمانجی خواروو ٢٠٠٠_٢٠١٣ )

نامەیەکە

هێرۆ حسام الدین محی الدین

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی چەرمووی کردووە

وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە ئەدەبی کوردیدا

سەرپەرشت

پ.د. هیمداد حوسێن بەکر

٢٧١٦ کوردی ٢٠١٧ زایینی

ئەم نامەیە : ( ئیرۆتیك لە شیعری ژنانی باشووری کوردستاندا، کرمانجی خواروو، ٢٠٠٠_٢٠١٣)، بە چاودێری من لە زانکۆی چەرموو ئامادەکراوە و بە شێکە لە پێویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە ئەدەبی کوردیدا.

ناو: هیمداد حوسێن بەکر

ڕۆژ: / / ٢٠١٧

بە پێی ئەو پێشنیازە ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن دەکەین.

ناو: د. هێرۆ ئەحمەد حەمە غەریب

سەرۆکی بەشی کوردی

ڕێکەوت / / ٢٠١٧

ناو.د. گۆران ساڵح ڕەشاد

بەرپرسی یەکەی خوێندنی باڵا

ڕێکەوت: / / ٢٠١٧

## بڕیاری لیژنە

ئێمە ئەندامانی لیژنەی تاوتوێکردن و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوە، لەگەڵ خوێندکارەکەدا دەربارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی دیکە گفتوگۆمان کرد و بڕیارماندا کە شایەنی ئەوەیە پلەی

(                    ) بڕوانامەی ماستەری لە ئەدەبی کوردیدا پێبدرێت.

واژوو

ناو:

ئەندام:

ڕێکەوت : / / ٢٠١٧

واژوو:

ناو :

ئەندام:

ڕێکەوت : / / ٢٠١٧

ناو:

ئەندام و سەرپەرشت

ڕێکەوت: / / ٢٠١٧

ناو:

سەرۆکی لیژنە:

ڕێکەوت: / / ٢٠١٧

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێژی پەروەردەوە پەسەند کرا

ناو:

ڕاگری کۆلێژ:

ڕێکەوت:

هەوالنامەی کتێب

## پێشکەشکردن

**ئەم نامەیە پێشکەشە بە:**

**_ ( یارسان)ی کچم**

**_ دایکم**

**_ ئاڵای هاوڕێ و هاوسەر و هاوکار**

هەواڵنامەی کتێب

## سوپاس و پێزانین

**سوپاس بۆ:**

_ سوپاس و پێزانیی زۆرم بۆماموٚستا و سەرپەرشتیارم ( پ.د. هیمداد حوسێن بەکر)، کە ئەرکی سەر پەرشتیکردنی ئەم نامەیەی گرتە ئەستۆ و لە یەکەم ساتەوە تاکو تەواو بوونی نامەکەم بە هەموو شێوازێك هاوکاریکردووم و رێنیشاندەرم بووە.

_ تەواوی ماموٚستایانی بەشی زمانی کوردی و خوێندنی باڵای کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی چەرموو، کە لە هاوکاریکردنم درێغیان نەکردووە.

_ دایکم، کە لە ماوەی دووساڵی خوێندنم دایکایەتی بۆکچەکەم کرد وهەموو کات پشتی گرتووم و هانی داوم کە چاو نەتروکێنم لە ئاسۆ و دەستبەرداری خەونەکانم نەبم و بە هێز بم.

_ سوپاسی زۆرم بۆ (د. ریزان ساڵح) کە بە ئامۆژگاری و پێدانی سەرچاوە هاوکاریکردووم.

_ سوپاسی زۆرم بۆ م.سەنگەر نازم، کە زۆرترین سەرچاوەی پێدام.

_ سوپاس بۆ هەر یەك لە ( توانا حەمە نووری، کەریم پەڕەنگی نووسەر و وەرگێڕ، هەڵگورد سەمەد، ئازاد ئەحمەد ئەسوەدی نووسەر و شاعیر) کە لە وەرگێڕانی بابەتە بیانییەکاندا هاوکارم بوون.

_ سوپاس بۆ ئاڵای هاوڕێ و هاوسەر کە هەمیشە ورەی پێدەدام و لە پەیداکردنی سەرچاوە و وەرگێڕانی بابەتە فارسییەکاندا هاوکاری کردووەم.

_سوپاس بۆ یەکەم ماموٚستای ژیانم ( باوکم) کە تا گیانی سپارد وتی" بخوێنە.

_ سوپاس بۆ یەکەم ماموٚستا کە فێری یەکەم پیتی کردم و ژیانی رووناك کردمەوە

## پوختەی لێکۆڵینەوەکە

ئەم لێکۆڵینەوەیە ( ئیرۆتیك لە شیعری ژنانی باشووری کوردستان ٢٠٠٠_٢٠١٣)، لێکۆڵینەوەیەکی وەسفی شیکارییە، ئاوڕ لە شیعری ئەو ژنانە دەداتەوە کە لەماوەی نێوان ساڵانی ٢٠٠٠تاکو ساڵی٢٠١٣ شیعری ئیرۆتیکیان هەیە و لە بەرهەمە چاپکراوەکانیاندا ئامادەیی هەیە، بە دیاریکردنی تەواوی جۆرەکانی ئیرۆتیك لەو دەقانەی کە لە لێکۆڵینەوەکەماندا شیکاریمان بۆکردوون، هۆی هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانەش بۆ تازەیی بابەتی ئیرۆتیك لە ئەدەبی نووسراوی کوردلە رووی لێکۆڵینەوەو شیکارییەوە دەگەڕێتەوە، هاوکات ئەنجامدانی کارێکی جیاواز و نوێ، چونکە تا ئەمڕۆ بەو شێوە فراوانە کار لەسەر چەمکی ئیرۆتیك لە شیعری ژنانی کوردستاندا نەکراوە.

بنیادی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە پێشەکی و سێ بەشی سەرەکی و هەر بەشێك لە سێ تەوەر پێکهاتووە، هەر یەك لە بەشەکانیش دابەش کراونەتە سەر سێ تەوەر. بەشی یەکەم تایبەتکراوە بۆ ناساندنی ئیرۆتیك و تەوەری دووەم ئیرۆتیك و پێگەی ئیرۆتیك لە ئەدەبدا، هەروەها تەوەری سێیەم بۆ ناساندنی کەل و پەلی ئیرۆتیك و رەنگدانەوەی لە شیعردا و نموونەی شیعری شاعیران لەم تەوەرەدا خراونەتە ڕوو.

بەشی دووە و سێیەم پراکتیکین و لە بەشی دووەمدا و لە تەوەری یەکەمدا باس لە ( ئیرۆتیك لە شیعری فۆلکلۆری کوردیدا) کراوە بە نموونەی شیعرییەوە و مێژووی شیعری ئیرۆتیکی کوردی دەخاتە ڕوو، تەوەری دووەم باس لە شیعری ئیرۆتیکی فۆلکلۆری لەسەر زاری ژنان کراوە و ئەمەش بابەتێکی نوێیە بۆ قسەلەسەرکردن، تەوەری سێیەمیش باسکردنی ئیرۆتیك لە شیعری کلاسیکدا و نموونەی دەقی شیعری بۆ ئەم تەوەرش هێنراوەتەوە.لە بەشی سێیەمدا کە سێ تەوەرە، راستەوخۆ کارمان لەسەر ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە کردووە، لەتەوەری یەکەمدا بە کورتی باسمان لە دۆخی کۆمەڵایەتی ژنی کورد کردووە لە رابردوو و ئێستادا، لە بەشی دووەمدا خستنە رووی هۆکارەکانی درەکەوتنی ئیرۆتیك لە شیعری ژناندا و بە نموونەی شیعرییەوە ئەم چەمکەمان روونکردووەتەوە، لە تەوەری سێیەمدا جۆرەکانی ئیرۆتیکمان لە شیعری ژمارەیەك ژنی شاعیر دیاری کردووە.

لە کۆتاییشدا ئەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە بە چەند خاڵێك دەست نیشان کراون.

# ناوەڕۆك


| ناوەڕۆك | لاپەڕە |
|---|---|
| پشتگیری سەرپەرشتیار | I |
| بڕیاری لیژنە | II |
| پێشكەشكردن | III |
| سوپاس و پێزانین | IV |
| پوختەی لێكۆڵینەوە | IIV |
| پێرستی ناوەڕۆك | IIIV |
| پێشەكی | ١ |
| بەشی یەكەم: ناساندنی ئیرۆتیك | ٣ |
| ١_اتەوەری یەكەم: زاراوە و چەمك و پێناسەی ئیرۆتیك | ٤ |
| ١_١_١ مێژووی دەركەوتنی ئیرۆتیك | ١٠ |
| ١_١_٢ جیاوازی نێوان ئیرۆتیك و پۆڕنۆ<br>چەمك و پێناسەی پۆڕنۆ | ١٦ |
| ١_١_٣ جیاوازی نێوان ئیرۆتیك و پۆڕنۆ | ٢٠ |
| | |
| ١_٢ تەوەری دووەم: ئیرۆتیك لە ئەدەبدا | ٢٥_٣٠ |
| ١_٢_١ ئیرۆتیك لە ئەدەبدا | ٢٥ |
| ١_٢_٢ ئیرۆتیك لە شیعردا | ٢٩ |
| ١_٣ تەوەری سێیەم | ٤١_٥٨ |
| ١_٣_١ ئیرۆتیكی فێمێنیستی | ٤١ |
| ١_٣_٢ كەل و پەلی ئیرۆتیكی | ٤٩ |
| ١_٣_٣ ڕەنگی ئیرۆتیكی | ٥١ |
| ١_٣_٤ ڕەنگی سوور | ٥١ |
| ١_٣_٥ڕەنگی ڕەش | ٥٤ |
| ١_٣_٦بۆن و ئیرۆتیك | ٥٨ |
| بەشی دووەم: ئیرۆتیك لە ئەدەبی كوردیدا | ٦٣ |

## پێرستی ناوەڕۆك


| | |
|---|---|
| ٢_١ تەوەری یەکەم: ئیرۆتیك لە شیعری فۆلکلۆری کوردیدا | ٦٤ |
| ٢_١_١ ئیرۆتیکی ئاشکرا لە شیعری فۆلکلۆری کوردیدا | ٦٤ |
| ٢_١_٢ ئیرۆتیکی نا ئاشکرا لە شیعری فۆلکلۆری کوردیدا | ٧٠ |
| تەوەری دووەم: فۆلکلۆری ئیرۆتیکی لە زاری ژنانەوە | ٧٦ |
| ٢_٢_١ شیعری فۆلکلۆری ئیرۆتیکی لە زاری ژنانەوە | ٥٢ |
| تەوەری سێیەم: ئیرۆتیك لە شیعری کلاسیکی کوردیدا | ٨٤ |
| ٢_٣_١ جۆرەکانی ئیرۆتیك لە شیعری کلاسیکی کوردیدا | ٨٧ |
| ئیرۆتیکی ئاشکرا<br>ئیرۆتیکی ئاشکرا لە شیعرەکانی شێخ رەزای تاڵەبانیدا | ٨٧ |
| ٢_٣_٣ئیرۆتیکی نائاشکرا (سیمبول) | |
| *٢_٣_٤ ئیرۆتیکی داپۆشراو و هۆمۆسێکسواڵی لە شیعرەکانی نالیدا* | ٩٥ |
| *٢_٣_٤ئیرۆتیکی شاراوە لە دەقی دوێ شەوێ شەنبەی ( ئەدەب) دا* | ٩٩ |
| بەشی سێیەم: ئیرۆتیك لە شیعری هاوچەرخی ژناندا | ١٠٤ |
| تەوەری یەکەم<br>٣_١_١ تێڕوانینی کۆمەڵایەتی و ئایینییەکان بۆ ژن و پێگەی ژنی کورد | |
| ٣_١_٢ژن لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا | ١٠٥ |
| ٣_١_٣ژن لە ئایینی زەردەشتیدا | ١٠٦ |
| ٣_١_٤ژن لە ئاینی ئیسلام دا | ١٠٨ |
| ٣_١_٥ژن لە ئایینی جوولەکەدا | ١٠٩ |
| ٣_١_٦ژن لە ئایینی یەزیدیدا | ١١٢ |
| ٣_١_٧ژنی کورد لە دەفتەری رۆژ هەڵاتناسەکاندا | ١١٥ |
| تەوەری دووەم<br>٣_٢_١هۆکارەکانی دەرکەوتنی ئیرۆتیك لە شیعری ژناندا | ١١٧ |
| تەوەری سێییەم<br>٣_٣_١جۆرەکانی ئیرۆتیك لە شیعری ژناندا | ١١٩ |

| | |
|---|---|
| ٣_٣_٢ئیرۆتیك و ئەڤین | ١٢٢ |
| ٣_٣_٣ئیرۆتیك و بوێری | ١٣٥ |
| ٣_٣_٤کەل و پەلی ئیرۆتیکی لە شیعری ژناندا | ١٣٧ |
| ئەنجام | ١٤٥ |
| سەرچاوەکان | ١٥٣ |
| ملخص البحث | ١٥٩ |
| Abstract | ١٦١ |


هەواڵنامەی کتێب

## پێشەکی

ئەدەبیات وەك بەشێكی گرنگی ژیان هەمیشە شەپۆلەكانی لە بەرز بوونەوە و نزم بوونەوەدان، بەڵام هەرگیز لەناو ناچێت و بەسەر ناچێت، زۆرن ئەو چەمكانەی ژیان كە لە ئەدەب و ژانرە ئەدەبییەكاندا رەنگ دەدەنەوە و كونجكوڵی لێكۆڵەر و پێویستی ئەدەبی وادەكات تیشك بخەنە سەر ئەو چەمكە شاراوانە وبە ئاشكرا باسیان بكەین و بە ئەدەب دۆستانی ئاشنا بكەین.

ئیرۆتیك بابەتێكی تازە نییە و لە مێژوویەكی زۆر كۆندا لە پەیكەر و كەل و پەلی هونەری و تابلۆ و دەقە ئەدەبییەكاندا رەنگی داوەتەوە، بەڵام وەك چەمك و قسەكردن لەسەر كردنی، شتێكی نوێییە و بۆ كوردیش زۆر نوێتر، بێگومان لە روی لێكۆڵینەوە نوێیە نەك بەرهەم، چونكە كورد بەرهەمی ئیرۆتیكی زۆرە چ لە هونەردا و چ لە ئەدەبی كۆن و نوێدا.

هۆكاری هەڵبژاردنی ئیرۆتیك وەك چەمكێكی تازە بۆ لێكۆڵینەوە، بەهۆی ئەوەی ئەم چەمكە زۆر كەم ناسراوە و ناسینەكەشی زۆر روون نییە، بەتایبەتی بوونی ئەم چەمكە لە دەقی نووسەرانی ژندا، چونكە تا ئەمڕۆ تێگەیشتن لەم چەمكە بە زیانی ئیرۆتیك شكاوەتەوە بەهۆی لێكدانەوەی نادروست بۆی، یان روونتر بڵێین تێگەیشتنی هەڵە سەبارەت بەم چەمكە باوە. سنوری ئەم لێكۆڵینەوەیە لە چوارچێوەی شیعری هاوچەرخی ژنانی باشووری كوردستاندایە، لە نێوان ساڵانی٢٠٠٠ تا ٢٠١٣، بەهۆی ئەوەی زیاتر لە ساڵی دوهەزارەكاندا نووسەرانی ژن زیاتر ئاشنای ئەم چەمكە بوون و بە ئاشكرا بەرهەمەكانیان بڵاو كردووەتەوە، گومان لەوەشدا نییە لە شیعری ژنانی باشووری كوردستاندا لە رابردووشدا دەقی ئیرۆتیكی هەن بەڵام كەمتر بڵاو كراونەتەوە.ئەم لێكۆڵینەوەیە لە سێ بەش پێكهاتووە و هەر بەشێك سێ تەوەری لە خۆ گرتووە.

بەشی یەكەم، تایبەت كراوە بە چەمك و پێناسەی ئیرۆتیك و مێژووی ئیرۆتیك و جیاكردنەوەی ئیرۆتیك و پۆڕنۆ لە یەكتری وەك دوو چەمكی لێكئاڵاو، هەروەها پێگەی ئیرۆتیك لە ئەدەب بەگشتی و شیعر بە تایبەتی.

بەشی دووەم تایبەت کراوە بە ئیرۆتیك لە شیعری فۆلکلۆری کوردی و کلاسیك و کەل و پەل و ڕەنگی ئیرۆتیکی، لە تەوەری دووەمدا ، لە شیعری فۆلکلۆردا قسە لەسەر ئیرۆتیکی ئاشکرا و ئیرۆتیکی شاراوە لە شیعری فۆلکلۆردا کراوە و هاوکات ئیرۆتیك لە شیعری فۆلکلۆری کوردی لە زاری ژنانەوە وەك تەوەرێکی سەربەخۆ.لە تەوەری سێیەمدا لێکۆڵینەوەمان لەسەر ئیرۆتیك لە شیعری کلاسیکی کوردی کردووە و جۆرەکانی ئیرۆتیك ( ئاشکرا و شاراوە و هۆمۆ سێکسوالی) قسەی لەسەرکراوە بە خستنە ڕووی نموونەی شیعری لای شاعیران ( نالی و ئەدەب و شێخ ڕەزا).بەشی سێیەمی لێکۆڵینەوەکەش کە گرنگترین بەشیەتی تایبەت کراوە بە ئیرۆتیك لە شیعری هاوچەرخی ژناندا، لەتەوەری یەکەمدا باس لە پێگەی کۆمەڵایەتی و ئایینیی ژنی کورد کراوە، لە هەر ئایینەکانی زەردەشتی و ئیسلام و جولەکە و یەزیدی. هەروەها پێگەی ژنی کورد لە دەفتەری ئەو ڕۆژهەڵاتناسانەی سەردانی کوردستانیان کردووە.لەتەوەری دووەمدا باسمان لە هۆکارەکانی دەرکەوتنی ئیرۆتیك لە شیعری ژنانی باشووری کوردستاندا کردووە، کە هۆکارەکانیش بە گشتی دوو هۆکارن، کۆمەڵایەتی و ئاینیی و ڕێچکە شکێنی لەو دوو بوارەدا.

لەتەوەری سێیەمدا دەقی ژمارەیەك ژنە نووسەری کورد شیکراوەتەوەو جۆرەکانی ئیرۆتیك لەو دەقانەدا بە نموونەوە دەستنیشان کراون.ئەم باسە لێکۆڵینەوەیەکی وەسفی شیکارییە و دەقەکان بەمەبەستی دۆزینەوەی ئیرۆتیك و جۆرەکانی ئیرۆتیك شیکراونەتەوە و بە گشتی ئەو دەقانە خراونەتە ڕوو کە ئەم چەمکە ( ئیرۆتیك) بە ئاشکرا و بە شاراوەیی تێیاندا دەرکەوتووە و هەوڵمانداوە بیانخەینە ڕوو.لاری نییە هیچ لێکۆڵینەوەیەك بێ گیر و گرفت بێت، بەتایبەتی لێکۆڵینەوەیەك لەسەر چەمکێکی هاو شێوەی ئیرۆتیك بێت، ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی ئێمە بوونەوە لە ماوەی ئەنجامدانی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا بەگشتی کەمی سەرچاوەی کوردی بوون، چونکە تا ئێستا ژمارەیەکی زۆر کەم لێکۆڵینەوە لەم چەمکە کراوە، هاوکات لە هەردوو نزیکترین زمانی دراوسێی زمانی کوردیش کە عەرەبی و فارسین دووبارە ئەم چەمکە کەم قسەی لەسەرکراوە و ڕاستەوخۆ باسی چەمکی ئیرۆتیك نەکراوە و تا ئەمڕۆش تابوو بووە.

# بەشی یەکەم

## ناساندنی ئیرۆتیك

### تەوەری یەکەم : زاراوە و چەمك و پێناسەی ئیرۆتیك

### تەوەری دووەم : ئیرۆتیك لە ئەدەبدا

### تەوەری سێیەم : ئیرۆتیکی فێمێنیستی

کتێب هەواڵنامەی

## تەوەری یەکەم

### ١_١_١چەمك و پێناسەی ئیرۆتیك

ئیرۆتیك زاراوەیەکی ئاڵۆز و تەم و مژاوییە و لە دەرکەوتن و وەسفدا خۆی روون و ناروون نیشان دەدات(ئیرۆتیك لە یۆناندا ئیرۆسە (خوای خۆشەویستی لای یۆنانەکان) و کوڕی ئەفرۆدیت (Aphrodite)ی خوای ئەوین و جوانییە، (ئیرۆس بەواتای چەمکی عاتیفە دێ لە رووی هەستکردن و حاڵەتی رۆحی پەیوەست بە ئاوێتەبوونی جەستەیی و سێکس)١.(زانا خەلیل، ئیرۆتیك لە شیعری نالیدا،٢٠١٢، لا١٩). لە میتۆلۆجیای گریکدا ئیرۆتیك بریتییە لە ( خواوەندی ئەڤین و ئارەزووی رووتەمەنی و زاوزێ و ئاسودەیی، بەدرێژایی مێژووی شارستانییەتەکان وێنەی ئیرۆس کێشراوە لە شێوەی کوێرێك کە نەنگییەکانی مەعشوق نابینێت، یان بەدوو باڵەوە لە بەرزاییەکانی ئاسماندایە،)٢.(امال عواد رضوان، الكتابة الايروسيية عند المراة،موقع المثقف،٢٠١٠، http://almothaqaf.com/index.php/erotic/10958.htmlواتا ئیرۆتیك هەردوو جەمسەری جەستە کە یەکەیەکی فیزیکیە و روح کە بوونێکی واتایی باڵایە پێکڤە گرێ دەدات و بەیەکگرتنی هەردوو جەمسەریAوBئیرۆتیك دەئافرێت و شکڵ و شێوە دەگرێت و مەرجی بە ئیرۆتیك بوونیش یەکگرتنی هەردوو یەکەکەیە و بە ئامادە نەبوونی لایەکیان بارەکە دەگۆڕێت بۆ شتێکی دی، (کۆکردنەوەی جەستە و روحە لەکاتی دیاریکراودا)٣.(د.ڕێزان صالح، ئیرۆتیك لە کۆمەڵەشیعری چاکەتێك لە کۆنە دەکرم، قوبادی جەلیزادەدا، گ.زانکۆی کۆیە، ژ٦،٢٠١٦).

(پەیڤی ئیرۆتیك کە بەبەربلاوی بۆ گەمەی دڵداری و جوانی و لەش و سێکس بەکاردێ، پەیڤێکی گریکی کۆنە، لە ئیرۆسerosەوە هاتووە، ئیرۆس خوای ئەوینی گریکەکان بووە)٣.(پێشڕەوی سەید برایم، رووتەمەنی لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا،٢٠٠٨، لا١١). هەروەها ( وشەی erotic لە وشەیerosەوە وەرگیراوە کە بەمانای سێکس ئامێز یاخود شەهوەتباز هاتووە لە میسۆلۆجیای رۆمانی کیوبیدا،)٤.( س.پ) لە رووی زاراوەییشەوە وشەی eroticلە وشەیerotikosی گریکییەوە وەرگیراوە و مێژووەکەی بۆ ساڵی(١٦١٥_١٦٢٥) دەگەڕێتەوە، لە فەرهەنگی ئینگلیزیدا ئەم مانایانە دەبەخشێت" (

وروژاندن، یان تێرکردنی ئارەزووی سێکسی، کەوتنە ژێرعەودالبوون، یان دەستبازیکردن لەگەڵ هەوەسبازی سێکسی، کەوتنە ژێر ئارەزوویەکی قورسی بەجۆشی سێکسی).٤(د.دەریاحەوێز، د.هاوژین، ئیرۆتیك لە شیعری حەمامی شێرکۆ بێکەسدا٢٠١٥،ل١٠٠).هەروەها زاراوەی ئیرۆتیك راستەوخۆ گوزارشت لە پەیوەندی نێوان نێر و مێ، ژن و پیاو، دەکات( وەك چەمك و پێناسە بەپەیوەندی تێکەڵاوی نێوان نێر و مێ دەگوترێت).١(د.ڕێزان صالح، ئیرۆتیك لە کۆمەڵە شیعری چاکەتێك لە کۆنە دەکڕم)ی قوبادی جەلیزادەدا ٢٠١٦).

هەروەها لە زمانی فەرەنسیدا ئیرۆتیك پێناسەیەکی تایبەتی هەیە کە هەڵگری هەمان ماناکانی پێشووترە، بەڵام لە رووی دارشتنەوە جودا و هونەریترە کە دەڵێت: (ئیرۆتیك بریتییە لە خۆشەویستی کردن بە جەستە، واتە حەز و چێژی سێکسوالیتیێ هەموو ئەو شتانەی کە حەزی سێکسی دەجولێنن، وشەکە لە بنەڕەتەوە یۆنانییە "érotikos"کە بەمانی پەیوەندی خۆشەویستی"سێکسی" جەستەیی دێت).٢(http://www.linternaute.com/dictionnaire/fr/definition/erotique/)، ئەو یەکگرتنەی دو ئەویندار ئەنجامی دەدەن، کە لەسەردەمی گریك تەنیا پەیوەست نەبووە بە ژن و پیاوەوە ( ئەوکات خوداوەندەکان ئەوکارەیان لە نێوان خۆیان، یاخود نێوان مرۆڤەکان ئەنجام دەدا، یاخود جاری وا هەبوو لە نێوان مرۆڤ و خودا ئەنجام دەدرا).٦(د.ڕێزان صاڵح، ئیرۆتیك لەکۆمەڵە شیعری چاکەتێك لە کۆنە دەکڕم،ل ٢). ئەویندارن جەستە و روحیان ئاوێتە دەکەن و بەرامەی ئەڤین و ئاسودەگی رووحی و جەستەیی بلاو دەکەنەوەو جگە لە جوانی و ئەڤین هیچی دی بەدی ناکرێت، ئەمە کردەیەکی ئیرۆتیکییە، ئیرۆتیك ئەفراندنی جوانییە و بێ بەرییە لە هەر گومان و تانەیەك کە لێی دەگیرێت، چونکە بەرهەمی ئەوین و بەدەنگەوە هاتنی جەستەی ئەویندارانە، ئیرۆتیك دەتوانێت دەیان پێناسە لە خۆ بگرێت بەڵام دواجار لە ناوەرۆکدا یەك شکڵێ هەیە و (هەر بەرهەمێك کە بێتە هۆی وروژاندنی جەستە یان لە وەسفی جەستەدا بێت، پێی دەڵێن ئیرۆتیك، بەڵام وەسفی ئیرۆتیك زۆر هەستیارە و بە پێی کولتووری وڵاتان ئالوگۆڕی بە سەر دێت، بۆ نموونە لە وڵاتانی ئەفریقا داتاشینی پەیکەری چووکی پیاو دەتوانێ ئیرۆتیك بێت، بەڵام لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست ئەم

بابەتە وەك پۆرنۆگرافی سەیر دەکرێت، هەر بۆیە ئیرۆتیك لە ناوچەیەك بۆ ناوچەیەکی تر دەگۆڕێت).١ (https://fa.wikipedia.org/wiki/%D9%87%D9%86%D8%B1_%D8%AA%D9%86%E2%80%8C%DA%A9%D8%A7%D9%85%D9%87).

ئیرۆتیك وەكAnna Garudaدەڵێت" یەکێتی گیانی و دەروونی دڵدارییە، بەدەنگەوە هاتنی یەکتری جەستە و گیانە)، واتا چالاکییەکی جەستەیی روحییە، هەروەها دەوترێت ( ئیرۆتیك واتا هاتووچۆی هونەرمەندانەی هەست کە هەندێك جار لە وێنەیەکدا بەدیار دەکەوێت و گاوەخت لە قسەکانی نێوان دوو کەسدا رەنگ دەداتەوە و جارجاریش لە هەڵتەقیانی دوو چاو بەیەکدا دەبریسکێتەوە).٢( محەمەد رەستگار، گۆڤاری وێران ٢٠١٠ ژمارە٦، لا٥)، دەکرێت ئیرۆتیك بەم جۆرەش پێناسە بکرێت کە" هەموو ئەو چالاکیانە دەگرێتەوە کە لە دەوری سێکس دەخولێنەوە، یان هەڵگری شکڵێکی سێکسین یاخود لە بنەرەتدا سێکسین، (ئیرۆتیك دیالیکتێکی مێژووییە لە نێوان عەشق و سێکسدا و بەردەوام ئەم دوو چەمکە لە ململانێدان و زۆر جار بەرەو لای سێکس و زۆر جار بەرەو لای عەشق راپێچراوە، بەڵام گرینگ ئەوەیە ئەم دوو چەمکە جیاوازە، لە پەیوەندی قووڵ دان و خاڵی گرێدانیان ئیرۆتیکایە، کەچی نابێ ئەمە فەرامۆش بکەین کە هەڵخراندنی مەیلی جنسی بەشێکی حاشا هەڵنەگرە لە ئیرۆتیکا، ئەگەر چی زۆر روون نییە ئەم مەیلە جنسیە لە عاتیفەوە سەرچاوە دەگرێ یان بیانوویەکە بۆ سێکس).٣(ئەشقی سوان، ئیرۆسییەت و کۆدە زەینییەکانی تاك، وێران،ژ٦ لا٢٢٢). سێکس و ئیرۆتیکا بە ئەندازەیەك سنورەکانیان تێکەڵاوە کە جیاکردنەوەی هونەر و سەلیقەی دەوێ(بەهۆی ئەوەی سێکس کەرەستەی بنەڕەتی ئیرۆتیکە، ئیرۆتیك بەرلەهەر شتێك تایبەتمەندییەکی مرۆییە و سێکسێکی بەکۆمەڵایەتی کراوە، شێوە گۆڕاوە لە ڕێگەی ئیرادە و خەیاڵی مرۆڤەوە).٤(د.ڕێزان صالح، ئیرۆتیك لە کۆمەڵە شیعری قوبادا، لا٤٤). ئیرۆتیك و سێکس نزیکایەتی و ئارەزووی یەکتر دەکەن، بەڵام سێکسی رووت و پۆڕنۆگرافی نا، ئیرۆتیك لەمە بەدەرە، بەڵکو ئیرۆتیکێکی ئەڤین ئامێز، ناساندنی ئیرۆتیك بە سێکس یان پرۆسەی سێکسێکی رووت، ئەوە شتێکی ناتەواوە، چونکە ئیرۆتیك هەرگیز بەمانای سێکس و پرۆسەی بە ئەنجام گەیاندنی سێکسی رووت نایەت بەدەر لە جوانی و گەیشتن بە قووڵاییەکانی

روح، (سەرەکیترین جیاوازی کە ئیرۆتیك لە سێکس جیادەکاتەوە، جۆراوجۆری و ناکۆتایی شێوەکانییەتی).١.(د.ڕێزان صالح، ئیرۆتیك لە کۆمەڵە شیعری قوباددا ،ل٤)، چونکە زۆرجار کردەی سێکسی تەنها بەمەبەستی بردنی یاخود وەرگرتنی چێژێکی رووتەو ئەمە هەموو شتێکە، هەرچی ئیرۆتیکە لە خۆشەویستییەوە سەرچاوە دەگرێت و پاڵنەرەکەی خۆشەویستییە و بەمەبەستی گەیشتنە بە قووڵاییەکانی عەشق و پەی بردن بە دوا سنوورەکانی، بۆیە جوانترە و داهێنانی جۆراوجۆری لێدەخولقێت،(خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە سێکس تەنیا تایبەت نییە بە مرۆڤ، بەڵکولای بوونەوەرانی دیکەش دەبینرێت، بەڵام لای ئەوان گۆڕانکاری بەسەردا نایەت، هەرچی مرۆڤە بەپێی کات و شوێن و سەردەم چێژە جیاوازەکان و کلتوور و حەزی تاکەکانەوە دەگۆڕێ).٢.(س.پ)، دەکرێ ئیرۆتیك و ئەڤین دوودیوی یەك دراو نەبن، شێوەشیان جوودا بێت بەڵام هەمیشە بینینی یەکێکیان دەمانخاتە بیری ئەویتریان، لە کاتی بینینی دیمەنێکی ئەڤینداری یان بینینی خۆشەویستەکەمان هەمیشە بەشێکی مێشك و بیرکردنەوەمان بەرەو ئیرۆتیك و رامووسان و چالاکییەکی جەستەیی دەچێت، هەروەها لەکاتی بینین و بیستنی هەر بەرهەمێکی ئیرۆتیکی دەکەوینەوە بیری ئەوین و بینینی وردە رووناکی ئەوین بەسەر بەرهەمە ئیرۆتیکییەکەوە، بە کورتی ئیرۆتیك حاڵەتیکی رۆحی ئینجا تێکەڵ بوونی جەستەیە، بەوەی هەردوو جەمسەری رۆح+ جەستە یەك دەگرن و لە کۆتادا ئیرۆتیك (جوانی سێکس) دروست دەبێت. ئیرۆتیك نەخۆی بە سێکسەوە گرێ دەدات و نە خۆشی جیادەکاتەوە، (چونکە لە بنەرەتدا ئیرۆتیك بوونێکی سەربەخۆی نییە و ناچارە لە تەنیشت سێکسەوە خۆی نمایش بکات هەرچەندە سێکس شتێکی ترە و ( قامووسی ئۆکسفۆردی ئینگلیزی بە شێوەیەکی سەرەتایی پێناسەی دەکات بەوەی کە بریتییە لە هەردوو بەشەکەی کائیینە ئەندامییەکان، ئەوانەی کە دابەشکراون بەسەر نێرو مێدا).٣.(سەید سەعید بەشیر، سێکس لە ئایینەکانی جیهاندا، ٢٠١١،ل٩٧). هاوکات ئیرۆتیك زۆرجار بەتەنیا لە یەك رەگەز دا دەردەکەوێت هاو شێوەی تابلۆ و فۆتۆ ئیرۆتیکییەکان، ئەمەش دوورە لە پەیوەندی گرتنی دوو جەستە و دوو ئەندامی جووت بوون، ( جا هونەری ئیرۆتیك بێت یان گۆتیك خۆ وەخت و ناوەخت ناوهێنانی ناوگەڵ و جنێودان گێڕانەوەی چیرۆکی سەرجێیکردن و جووتبوون هونەری ئیرۆتیکا نییە).٤( محەمەد رەستگار، گ.وێران،ژ.١٠،ل ٨). دەبێت هەردوو جەستە بە روحێکی

تامەزرۆ و ئەڤینەوە یەکتر راموسن و هەردوو جەمسەر بەباشی جەستە و پێداویستیەکانی جەستەی خۆیان بناسن ئینجا بتوانن تابلۆیەکی جوان بئافرێنن. ئیرۆتیك بەدەوری زۆر شت و لایەندا دەخولێتەوەو دیارترین ئەو ناوانەی لە پاڵ ئیرۆتیکدا دێن ( ئارەزووی سێکسی شێتانە، جەستە لە نێوان مەی و شێتیدا، هەروەها ئەزموونی سێکسی عەبەسی، وەستان لەسەر وەتەری خراپەکاری و فیتنە)١.( امال عواد رضوان، ملف عن ادب الایروسی،موقع المثقف ، ٢٠١٠). ئیرۆتیك خەسڵەتێکی شێتانەی هەیە و حەز بە دەست تێکەڵکردن لەگەڵ شێتی و سەما و گەرمی و مەی و گریان دەکات، هاوکات زۆرجاریش لە لێواری ئارامی چالاکییەکانی خۆی ئەنجام دەدات و چێژ لە بێدەنگی و کلۆمدانی زمان و بەرەڵاکردنی جەستە و ویستەکانیدا وەردەگرێت و تاك لە خود ویستی و خۆ پەرستییەوە بەرەو ئەویتر ویستن دەبات، چونکە تاکی خۆ ویست ناتوانێت ببەخشێت و ناتوانێت وەك پێویست ئەویتر وەربگرێت، بۆیە( ئیرۆتیك شکانی کۆتەڵی خۆشەویستی و خۆپەرستییە، هەرچەندە خۆشەویستیش بەهەمان کار هەڵدەستێت بەڵام کاریگەری کارامەیی ئیرۆتیکی نییە)٢.( پێشرەوی سەید برایم، رووتەمەنی لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا، ل١٤). چونکە ئیرۆتیك واتا گەڕانی جەستەی ئێمە بە شوێن جەستەیەکی تردا، تێر نەبوون بە جەستەی خود بەتەنیا و عەودالّ بوون بە شوێن کەسێکی دی وەك نیوەکەی ترمان، ئیرۆتیکاش لەم گەڕان و سوڕانەدا ڕێنیشاندەرمانە ( بیرکردنەوەیەکی ئیرۆتیکانە واتای ئەوە دەبەخشێ کە ئێمە لەتاکی خۆمان دەردەچین و عەودالّی یەکێکی دیکە دەبین)٣.(س.پ،ل١٥). ئەو یەکەش ڕەگەزی دووەمە کە پێشەوانەی ڕەگەزی خۆدی خۆمانە، بێگومان ئەمڕۆ پەیوەندی سێکسی کراوە تر بووە و تاکەکان دەتوانن لەگەڵ هاورەگەزی خۆشیان سێکس بکەن (هاو ڕەگەز بازی) بەڵام بەفەرمی پەیوەندییەکە نێر و مێ لە خۆ دەگرێت، (سەرەڕای لە یەکچوونی دوانەی نێر و مێ لە زۆر ڕووەوە لەگەڵ ئەوەشدا (تەواوی توێژینەوە زانستی و و لێکۆڵینەوە پزیشکییەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە فەرمانی ئەندامە (فسیۆلۆژییەکان) زۆر جیاوازن و لە رووی جەستەیی و دەروونییەوە دوانەیەکی جیاواز دروست دەکەن و ئەو جیاوازییانەش وادەکەن ئارەزووی بەیەك گەیشتن بکەن و دواجار چێژ دروست بێت.٤(نارا قادر قاسم، الجندر و الجنس، ٢٠١٥، ص١٢). کە پاش رووح چێژی یەکەم و راستەقینە کە بەر هەستە بەهێزەکانی تاك دەکەوێت چێژی

جەستەیە و ئیرۆتیکیش ئەمە بەرجەستە دەکات (وشەی ئێرۆتیك لە ئەفسانەی یۆنانیدا و بە مانای ئەڤینی بەتاسە و بەپەرۆش دێت. لە زمانە ئەوروپییەکاندا لە سەرەتادا لە زمانی فەرەنسیدا وەکو ئاوەڵناو بە مانای سەرنجڕاکێش، وروژێنەری تامەزرۆیی بەکار هێنرا. لە کۆتایی سەدەی هەژدەوە وشەکە وەکو ئێرۆتیکی لە ئەدەب و هونەردا بە ئەڵمانی کرا. مەبەست ئێرۆتیکا وەکو ناو ئەڤینی هەست و کەمەندگیرکەرە، کە بە پلەی یەکەم مەبەست لێی ڕووتیی نییە، بەڵکو لە سەردەمی ڕۆمانتیکەوە مەبەست لێی جووڵەی جەستە، جووڵەی ڕووخسار، پۆشاك، سرووت و ئاماژەیە).١( بڕوانە(https://de.wikipedia.org/wiki//Erotik " واتا ئیرۆتیك تەنیا جەستەی رووت نییە، بەڵکو کەل و پەلی ماددی دەرەوەی جەستەش لە خۆ دەگرێت بەڵام پەیوەندییان بەجەستەوە هەیە هاوکات قسە و باسی ئیرۆتیکیش هەن.

١_١_٢مێژووی دەرکەوتنی ئیرۆتیك

ئیرۆتیك، مێژوویەکی کۆن و دەوڵەمەندی هەیە و پاش خۆی دەیان پەیکەر و وێنە و دەقی جێهێشتووە وەك میراتێکی ناوازە و ڕێچکەیەك بۆ دووبارە پێدا چوونەوەو نەمری،( ڕەگ و ڕیشەی کردووە و مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە و بەرهەمێکی بێ شوماری ئەم ئەدەبە لە ئەدەبییاتی جیهانیدا بوونیان هەیە).١(د.ڕێزان صالح،ل٦٧) ئیرۆتیك لەسەردەمی ژیانی ناو ئەشکەوتەکان و وێنەی سەر دیواری ئەشکەوتەکان و وێنە و پەیکەری سەر تەلار و ژووری ئیمپراتۆرەکان بوونی هەبووە، بە ئاشکرا و لەسەر دیوارەکانی سێکس و پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤ و مرۆڤ و ئاژەڵ و وێنەی سۆزانییەکان دەکێشرا و ئاماژە بۆ ئارەزووی سێکس و توندوتیژی و هاوکات سێکسی ئەڤین ئامێز کراوە و لە زۆر وڵاتان تا ئەمرۆش ماون و شایەتی حاڵن.(پاش ئەو سەردەمانە بیرۆکەی ئیرۆتیك بڵاو بوەوە و و لەسەردەمی نوێ پاش ساڵی١٣٠٠ و لە پەیکەرەکانی گریك و نیگارەکانی مایکڵ ئەنجیلۆ و دافنشی دەرکەوت، ئیرۆسیەت لە گریکی یۆنانەوە گوازرایەوە بۆ ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی، لە جۆری ئارەزووی ئاژەڵی و بێ پەردە و پەرش بۆ نمایشکردنی تەواوی بەشەکانی جەستە و شەیدایی ئیرۆسی،

هەواڵنامەی ئێتزی

دیوارەکانی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی بە پۆرنۆگرافیا و ئیرۆتیك جەنجاڵ بوون، هەروەهاماڵی سەرکردە و پاڵەوانەکان پڕ بوو لە وێنەی رووتی سۆزانییەکان بەتایبەتی تابلۆکانی نیگارکێشی رۆمانی بارازیۆس، پاشان و لەناکاو هەموو ئەم جۆرە هونەرە ونبوو و بە گوناه ناوزەندکرا).٢(امال عواد رضوان،الإيروتيكيّةُ مفهومًا- مبعثا وتاريخًا، منبر حر للثقافة الفكر و الادب،٢٠١٠ http://www.ennaharonline.com/ar).ئیرۆتیك بە پێی کات و شوێن و کلتوور پێگەی جیاوازبووە، لە ئەدەبیاتی هندیدا گرنگییەکی زۆری پێدراوە و قسەکردن لەسەر سێکس تەواو رێ پێدراو بووە تەنانەت لەناو پەرستگەکانیشدا قسەی لەسەر کراوە( لە ئەدەبی هندیدا ( کاما سوترا) یاخود زانستی ئەڤین و ئەشقی یەزدانی، لەسەردەمی گەشەسەندنی رۆشنگەریدا سەری هەڵدا، لە سەدەی یەکەم و شەشەمی بەر لە زاین، فاتسیایانای فەیلە سوف دایهێنا، ئەمەش دەقێکی کۆنی هیندیە و رەفتاری سێکسی مرۆڤ لە خۆ دەگرێت وشەی ( کاما ) واتا ئەوین و ئارەزوو،( سوترا)ش بریتییە لە زنجیرەیەك رێسا، کە چەندین نموونەی حاڵەتەکانی سێکسی لە خۆ گرتبوو کە سۆزانییەکان لە پەرستگەکاندا بەمەبەستی فێرکردن ئەنجامیان دەدا، لەو سەردەمەدا سێکس بەشێك بوو لە خودا پەرستی)١.( س.پ).ئیرۆتیك دووبارە لە بێژنگ دراو رێکخرایەوە ئەوەش لە ساڵی١٧٦٣ لە دیوانە شیعری ( گەرانەوەی گاندەرەکە)، لە سەردەمی گاریباڵدی لە ژێر ناوی ( کۆمەڵە پۆرنۆگرافیەکە).ئیرۆتیك وەك چەمك و وەك لایەنێکی دیار و گرنگی گریك و رۆمان لە بیر نەکراوە و قسەی لەسەر کراوە و مێژووی دەرکەوتنیشی وەك چەمك بۆ سەردەمی ئەفلاتوون دەگەرێتەوە،(ئەفلاتون وەك فەیلەسوفێك روتی بە شتێکی باش و پەسەند زانیوە بۆ ئەدەبیات، ئەوەتا لە گفتوگۆکانی کۆماردا ئاماژە بەو خاڵە دەکات، کاتێك سپارتەییەکان بەرووتی وەرزشیان ئەنجام دەدا، بەوکارەیان کەرەستەیەکی پەسەند و گونجاویان دەخستە بەردەستی کۆمیدیا نووسەرکان)٢.(د.رێزان صالح،لا٣). گەر بمانەوێت ئاورێك لە رەوتی مێژوویی ئەم چەمکە بدەینەوە بەگشتی بەسەر دوو قۆناغی پێش رۆشنگەری و پاش رۆشنگەریدا دابەشدەکرێت، لە سەردەمی پێش رۆشەنگەریدا ئەگەر بگەرێیینەوە بۆلای یۆنانییەکان، دەبینین لای ئەفلاتون و کەسانی تر عەشق بەبابەتێکی مەزن دەژمێردرا، لای ئەرستۆڤان مەیلی جنسی شتێکی بانتر لەو سێکسەیە وا سەرچاوەیەکی دونیایی هەیە

هەولێرتانەی کێتێب

و (مەیلی جنسی چەشنە مەیلێکی زۆر بەهێزە کە تاك لە رووی سێکسییەوە لەگەڵ ئەویتردا لە پەیوەندیدایە، لێرەدا جێی ئاماژەیە ئیرۆتیکا بە مانای عەشقی رۆمانتیکی بۆ سەدەی هەڤدە دەگەڕێتەوە و مانای ئەشق ئەگەر نموونەی لای ئەفلاتوون لە کتێبی میوانیدا باسی دەکات لەگەڵ ئەو ئەشقە رۆمانتیکەی ئیستەدا جیاوازە).٣(هوشیار بابایی، ئیرۆسییەت و کۆدە زەینییەکانی تاك، وێران، ل٢٢٧). ئەرستۆڤان گرنگی ئەم بابەتە بە حیکایەتێکەوە گرێ دەدات کە دەڵێت ئێمە لە بەرەبابێك دروست بووین کە سەرەتا مرۆڤێکی تەواو بووین بەڵام کاتێك زیۆس هەرکام لە ئێمەی دوو نیوە کرد و هەر کاممانی بەلایەکدا فرێ دا لەو ساتەوە وەکو شێت بە شوێن نیوەی ونبووی خۆمانەوەین، پەیوەندی و کردەی سێکسیش هەوڵێکە بۆ بەیەکەوە گرێدانی ئەو دوو نیوەیە کە هەوڵێکی بێ سودە و هەمیشە مرۆڤ بە تینوێتی و عەودالی جێدەهێڵێت و ئیرۆتیك و ئەڤین و ئەدەبیش بەرهەمی ئەو عەودالیی و تاسانەن.( هەندێك ئیرۆتیك بە ئەدەبیاتی دواکەوتوویی ناوزەند دەکەن و زۆرێکیش لە توێژەران بە ئەدەبیاتی هاوچەرخ دەیناسێنن، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر لایەن رەگ و ریشەی ئەم ئەدەبە بۆ کتێبی پیرۆز بەتایبەتی سەفەری حزقیال دەگەڕێننەوە.)١.(فليحة حسن، الايروتيكية، موقع النور،٢٠١٠، .http://www.alnoor.se/article.asp?id=72065).

لەیۆنان  لە سەر سیرامیکەکان پەیوەندی سیکسی و و مندالبازی و تەنانەت سێکسکردنی بەکۆمەڵ لەگەڵ ئاژەڵ هەڵکۆڵراوەو و ئیستاش ئاسەواری لە سەر بینای پۆمپە pompeii ماوە. لە مێژوودا لە نێو ئەشکەوتەکان و تابلۆ کۆنەکاندا نموونەی زۆر تابلۆی ئیرۆتیك ماوەن کە دەتوانین ئاماژە بە تابلۆی (ئاشیل دووریبا)ی فەرانسی بدەین و پەیکەری بە ناوبانگەکەی نتسۆکەی وڵاتی ژاپۆن و هەروەها لە شاری پرۆ پەیکەرێکی بچووك ئیرۆتیك ماوە کە هی دووسەد ساڵ پێش لە زاینە.٢(
https://fa.wikipedia.org/wiki/%D9%87%D9%86%D8%B1_%D8%AA%D9%86%E2%80%8C%DA%A9%D8%A7%D9%85%D9%87 ). ئەدەبیاتی جیهانی لە خۆرهەڵاتەوە بۆ خۆر ئاوا هیچی بێ بەش نەبووە لەم جۆرە هونەر و ئەدەبە و لە کلتور و مێژووی گەلاندا کتێبی ئیرۆسی هەمیشە هەبووە و زۆر جاریش وەك کتێبێکی بەرز یان پیرۆز تەماشا کراوە( لە ئەدەبیاتی کلاسیکی

**چینیدا رۆمانی ( لۆتسی ئالتونی) ی نووسەر وانگ شیە شنگ دەرکەوت کە رۆمانێکی چینیی ئیرۆتیکیە سەبارەت بە ئەوینی جەستە و قسەکردنی ورد سەبارەت بە سێکس و چالاکییە سێکسییەکان بە وێنەکێشانێکی زۆر روون و ورد.)**.٣(امال عواد رضوان ، الإيروتيكيّةُ مفهومًا- مبعثا وتاريخًا، منبر حر للثقافة الفكر و الادب، ٢٠١٠ (http://www.ennaharonline.com/ar **یەکێکە لە پەیامبەرە عیبرییەکان و سەفەری خزعیالیش ناوی کتێبە پیرۆزەکەیەتی کە بەزمانی عیبری بووە و پاشان کراوە بە زمانی یۆنانی و چوارەم سەفەرە لە کتێبی پەیامبەران.**

**هەروەها ئەدەبیاتی عەرەبیش هەر لەسەردەمی جاهلییەوە خاوەنی بەرهەمی ئیرۆتیکی و تەنانەت پۆرنۆش بووە، بە ئەندازەیەك کە شتێکی زۆر باو و قبوڵکراو بووە، چونکە عەرەبی بەر لە ئیسلام ژن و شەراب و سەما و شیعر و شیعر نووسین لە پێناو هەموو ئەم شتانە بە شێکی گرنگی ژیانی رۆژانەیان بووە، بێگومان سوارچاکی و پیاهەڵدان بە هۆز و مەردایەتی و ئازایەتی و شەڕ و ئەڤینی بەدەر لە ئیرۆتیکیش هەبوون، هەروەها لە سەردەمی جاحز و تیفاشی وئیمام سیوتی کە ساڵی٩١١کۆچی کۆچی دوایی کردوە و و تیجانی شیعری ئیرۆتیکی بە وەسفی زۆر رووت هەبوون، زۆرن ژمارەی ئەو کتێبانەی باس و خواسی سێکس و ئیرۆتیکیان لە خۆ گرتووە لەوانە "(** البردةى كعب بن زبير و تحسين القبيح و تقبيح الحسنى الثعالبي، يتيمة الدهر، خاص الخاص، التشبيهات لأبن أبي عون،والتذكرة الحمدونية لأبن حمدون، البيان والتبيين للجاحظ،والأضداد للجاحظ ،ربيع الأبرار للزمخشري ،الأمتاع والمؤانسة ،لأبي حيان التوحيدي ،المثل السائر لأبن الأثي).

**هەروەها هەزار و یەك شەوە و موعەلەقەکەی ئیمرو قەیس تەژییە لە وێنە و وەسفی ئیرۆسی کە نزیکبوو راستەوخۆ باسی ئەندامەکان و پەیوەندیەکانیش بکات هێند ورد و روون بوو، ئەبو نەواسیش دەقی ئیرۆتیکی هەبوو، هەروەها گرێی ناوازەی راغیب ئەسفەهانی زۆر چیرۆکی ئیرۆتیکی لە خۆ گرتبوو کە پڕ بوون لە وێنەی سێکسی و وشەی رووت و پاش ئەو سەردەمە تەواوی ئەم بەرهەمانە ون بوون لە سەردەمی ئیسلامیش کە بایەخێکی زۆری بە سێکس داوە دەیان کتێب و بە قورئانیشەوە زۆر باسی سێکسی تیاکراوە ( هەروەها کتێبی فیقهیش هەبوون کە بەدەر نەبوون لە**

هەولێرنامەی کتێب

باس و خواسی سێکس و رووتەمەنی وەك کتێبەکانی نیکاح و سێکس و جۆرەکانی سێکس).١(امال عواد رضوان، الايروتيك مبعثا،وتاريخًا، منبر حر للثقافة الفكر و الادب،٢٠١٠ http://www.ennaharonline.com/ar پاش هاتنی ئیسلام شیعر گۆرانکارییەکی زۆری بەسەردا هات و سانسۆر کرا، بەتایبەتی شیعری ئەوینی دونیایی و ئیرۆتیك و شەراب، دەبوو تەواوی دەقەکان لە خزمەتی خودا و ئیسلام و پەیامبەری ئیسلام بێت، ئەمەش بەتاریکترین سەردەمی ئەدەبیاتی عەرەبی دادەنرێت کە تێیدا شیعر پاشەکشەی کرد و شاعیرەکان بە ئاشکرا و لە مەجلیسە ئەدەبییەکاندا شیعرەکانیان نەدەخوێندەوە، بەر لە ئیسلام و لە سەردەمی ئیسلام و لەمرۆشدا بەرهەمی ئیرۆتیکی هەن بەڵام ( زۆر لایەن ئەمە بە لاسایی کەرەوەی خۆرئاوا دەزانن و نکۆڵی دەکەن کە ئیرۆتیك لە ئەدەبیات و کتێبی رابردووی ئیسلام و عەربدا بوبێت، لەکاتێکدا عەرەبی چەندین دەیە بەرلە خۆرئاوا قسەی لەسەر سێکس کردووە و کتێبەکانی ئەمرئو ئەلقەیس و جاحز و تیفاشی و کەعب بن زوبیر و دەیانی تر گەواهیدەرن، (ئەشێ عەرەب ئەمرۆ لەگەڵ میدیا و تەکنەلۆژیا بەر خۆرئاوا کەوتبێت بەڵام سەدەکانی رابردوو عەرەب تەنیا بەر ویستی خۆی کەوتووە و ئەو ویستەشی نموونەی سێکس لە ئەدەبیات و کتێبە ئاینییەکانیشدا رەنگیداوەتەوە).٢(ظمياء الفيلي، الأدب الأيروتيكي...(الأدب المحظور)، موقع جريدة تاتوو). لە ئەدەبیی هاوچەرخی عەرەبیشدا مەحەمەد شوکری بە زیندووکەرەوەی بەرهەمی ئیرۆتیکی ناسراوە بەتایبەتی لە رۆمانی ( نانی رووت) کە لە راستیدا یادەوەری و بەشێك بوو لە ئەزموونی ژیانی کە تێیدا باسی پەیوەندی کردن لەگەڵ سۆزانیی و دەستدرێژی بۆ سەر منداڵان و نێربازی و سێکس لەگەڵ ئاژەڵ و پەلەوەرانی کردووە.

لە ئەدەبیاتی کوردیشدا رووتەمەنی هەر لە ئەدەبی فلکلۆرەوە تا کلاسیك و ئەدەبیاتی هاوچەرخ وەك کەرەستەی سەرەکی شیعر و هونەر هەبووە و هەیە، بەتایبەتی لە بەستە و حەیران کە دوو جۆر هونەری باڵای فلکلۆرن و حەیران بێژبە ئەو پەڕی بێ پەردەیی حیکایەتەکانی خۆی بە حەیران کردووە و کچ و ژن و پیاو و منداڵ گوێیان بۆ گرتووە، (هونەرمەندانی کورد لە رێی حەیران و سندوقی گەروویانەوە ئەو ئەدەبەیان پاراستووە و گەیاندوویانە بە نەوەکانی ئەمڕۆ کە تێیدا هونەرمەندانە و عاشقانە و جوانناسانە باسی لەش و لاری ژن بە گشتی و خۆشەویستییان بەتایبەتی

کردووە، هاوکات دەستبازی زمانەوانی لەگەڵ لەش و لار و داتاشینی سیموولی جوان و ناوازە بۆ **جەستە).**١.(ولات احمد، الأغاني الفلكلورية الكردية صور إيروتيكية في وصف الأنثى، موقع ارانيوز).

**گۆرانی میللی پڕە لە ستایشی جەستەی ژن بێ پەردە، بەشێکی زۆری بەرهەمی فلکلۆری بەرهەمی کوێستان و لادێ و ژیانی کۆچەری کورد بووە، (کەش و هەوای پاك و ئازاد و بنەچە و رەچەڵەکی کورد کراوە و پاك بوون و نەك هەر لە ئەدەب و هونەردا تەنانەت لە پەندو ئیدۆمیشدا ئیرۆتیك و رووتەمەنی بوونی هەیە و بە زۆریش رەنگی داوەتەوەو هەرگیز وەها وەسف و بەرهەمێك تابوو نەبووە، تەنانەت لە رەشبەڵەکی کوردیشدا شایەرەکان بە شان و باڵ و جەستەی ژنانیاندا گوتووە و کەسیش دەم بەستی نەکردوون).**٢.( بڕوانە روتەمەنی لە فۆلکلۆری کوردیدا، ل٥٣و٥٤). **چونکە نەتەوەی کورد کراوە بوون و لۆژیکانە مامەڵەیان لەگەڵ ئەم جۆرە هونەرە کردووە کە مادام ژن و پیاو هەن کەواتە ئارەزووی یەکتر و نزیکایەتی دەکەن، ئەو نزیکایەتییەش بێگومان بەرهەمەکەی ئیرۆتیکی دەبێت و ئەمەش وەك تەواوی لایەنەکانی ژیانی لادێ و کۆچەری کورد تێکەڵ بە گۆرانی و حەیران کراوە،( گۆرانییە فۆلکلۆرییەکان هەلگری وێنەی ئیرۆتیکی زۆر روونن و کە بە شێوەی تابلۆی ئیرۆتیکی و وێنەی روون کێشراون و وشە و رستەو وەسفەکان تەواو رووتن و زۆرجار شایەر یان حەیرانبێژ و بەندبێژ راستەوخۆ لە گۆرانییەکەیدا داوای سەرجێی کردووە، یان داوای ماچ و راموسینی کردووە، ( زمانی گۆرانی کوردی پڕ بووە لەجەستە و بەش بەشی ئەندامەکانی جەستە و هەر بەشێکیش گرنگی خۆی هەبووە و پەیوەندی سێکسی بە چێژێکی هونەری و زمانەوانی تایبەت داڕێژراوە).**١.(ولات احمد، الأغاني الفلكلورية الكردية صور إيروتيكية في وصف الأنثى، موقع ارانيوز).**هەرگیز ئەمەش کێشە نەبووە و بووەتە خەزێنەیەکی هونەری بەرز بۆ ئەمڕۆ کە گۆرانی بێژە میللیەکان و زۆرجاریش ناودارەکان زۆر بە ئاسانی و بێ سانسۆر باسی ئەندامە هەستیارەکان دەکەن و هیچ گۆرانییەکی گەرمی هەڵپەرکێ نییە دەستەواژە و زاراوەی ئیرۆتیك.**

## ١_١_٣جیاوازی نێوان ئیرۆتیك و پۆرنۆ

### چەمك و پێناسەی پۆڕنۆ

پۆرنۆگرافیا یەکێکە لە دیارترین فۆڕمە جێ مشتومڕەکانی دەربڕین یان گوزارشتکردن. کۆمەڵگاکان لە مشتومڕدان ئاخۆ پۆرنۆگرافیا بخرێتە ژێر سانسۆرەوە یاخود نا؟

هەرچەندە کەم شت دەزانرێت لە بارەی پۆرنۆگرافیاوە لە کۆندا، بەڵام مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ساتەی کە لە نوسینەوە شتەکان تۆمار کراون. یۆنانییە کۆنەکان پۆرنۆگرافیایان لە بابەتەکانی وەك گۆرانی لە هەندێ ڤێستیڤاڵیاندا کە خۆیان بە دایۆنی ناوی دەبەن، بەکارهێناوە. هەروەها رۆمانییە کۆنەکان وێنەی پۆرنۆگرافیان کێشاوە لەسەر دیوارەکان. هەروەها پۆنۆگرافیا لە هەندێ کەلتوری رۆژهەڵاتیشدا بوونی هەبووە، وەك ئەوەی لە هند، چین، و یاباندا بەدیدەکرێت و هیچ کۆمەڵگە و میللەتێك لەمە بەدەر نییە.

پۆڕنۆگرافیا هەمیشە لە پەنای ئیرۆتیك و سێکسدا دەردەکەوێت، هەرچەندە پۆڕنۆ جیایە چ لە رووی فۆرم و چ ناوەڕۆك و مەبەست و ئامانجەکانی، بەڵام هێشتا کەسانێك جیاوازی ناکەن لە نێوان هەرسێ چەمکەکە، بەگشتی دەتوانین بڵێین پۆڕنۆگرافیا لە رووی زاراوایەوە وەکو زۆربەی زاراوەکانی دیکە دەگەڕێتەوە بۆ وڵاتانی یۆنان و لە زمانی یۆنانییەوە سەرچاوەی گرتووە، پۆڕن یەك پێناسە لە خۆ ناگرێت و بەپێی سەردەم و کلتور و میللەتان مانا کەی دەگۆڕێت (بەر لە چەندین سەدە لە یۆنان دەستەواژەی (pornéïa) بەمانای داوێن پیسی و تاوان و بەرەڵایی هاتووە و خراوەتە پاڵ پەیوەندی سێکسی نائاسایی( لەدەرەوەی هاوسەرگیری les dérives sexuelles) وپۆرنۆگرافیاش وشەیەکی یۆنانییە و بۆ سەدەی پێنجی بەر لە زاین دەگەڕێتەوە و لە دوو وشەی porné کە بەمانای سۆزانی یان لەشفرۆش و سێکس فرۆش دێ، هەروەها گرافیا graphien بەمانای نووسین دێ، واتا لە کۆنا پۆرنۆگرافیا بریتی بووە لە سۆزانی کە کردەکە ئەنجام دەدات و شێوەکار یان نووسەر کە کردارەکە دەکات بە بەرهەمی نووسراو و کێشرا و زاراوەی pornographe لێ دروستبووە)[١](ضیاء البوسالمي،

ماهي البورنوغرافيا، تاريخ البورنوغرافيا، موقع حوار المتمدن)، **پۆرنۆگرافیا لە یۆناندا بەمانای نووسیینی سێکسی یان تابلۆی سێکس ئامێز هاتووە، کە وێنە و قسە لەسەر کردەی سێکسکردنی نائاسایی دەکات کە سێکسفرۆشەکانی یۆنان ئەنجامیان دەدا، زۆرجاریش خودی نووسەر یان هونەرمەندەکە سێکسی لەگەڵ سێکس فرۆشەکە دەکرد و پاشان کردەکەی بە وردی دەنووسییەوە بێگومان بەچەشەی ئەدەبی و شێوەکاریش بەهەمان شێوە، هاوکات پۆرن مانا و پێناسەی تریش لەخۆ دەگرێت (لە یۆنانی کۆندا پۆرنۆگرافیا بە واتای وێنەی ناکۆك لەگەڵ داوێنپاکی دێت، وێنەی رووت کە وێنەیەکە کرداری سێکسکردن نیشان بدات)**.١(حەمە مەنتك، شیعری پۆرنۆیی، پێگەی دەنگەکان). **هەروەها پۆرنۆگرافیا لە ئینسکلۆپیدیاکانیشدا جێی خۆی کردوەتەوە وەك بابەتێکی گەرم ئەوەتا بەپێی ئینسایکلۆپیدیای ئینکارتا پۆرنۆگرافیا (pornography) بریتییە لەو فیلم، وێنە، گۆڤار، نوسین، یان هەر ماددەیەك کە مەبەست لێی وروژاندنی سێکسییە. هەروها لە ئینسیکلۆپیدیای بریتانیکا بەم شێوەیە پێناسەی پۆنۆگرافیا کراوە، (بریتییە لە خستنەڕووی رەفتاری سێکسیی لە کتێب، وێنە، پەیکەر، فیلم و هەروەها ئامرازەکانی تری راگەیاندن، بەمەبەستی وروژاندنی سێکسی)**.٢( بڕوانە - Encarta Encyclopædia, edited in 2009._) **پۆرنۆگرافیا هەرخودی سێکسە بەڵام بە دیکۆمێنت کراوە، واتا کرداری سێکسییەکە کە پاش تەواو بوون بە وێنە و وشە و رەنگ گوزارشتی لێکراوە و لە حاڵەتی شاراوەیی کراوە بە حاڵەتی ئاشکرا، زۆرجاریش پەیوەندییەکە نائاسایی بووە کە سێکسی بەکۆمەڵ یان سێکس لەگەڵ هاوڕەگەز یانیش سێکس لەگەڵ ئاژەڵاندا بووە. سێکس پیس و بەدفەڕ نییە بەڵام وەختێ دیکۆمێنت دەکرێت و پەیوەندی نێوان دوو کەس پەردەی لەسەر هەڵدەماڵرێ بۆ مەبەستی جیاجیا ئەو ئەو دەم پۆڕنۆگرافیا ڤێزەون دەبێت. بەتایبەتی بەمەبەستی بازرگانیکردن کە ئەمڕۆ لە تەواوی جیهاندا بکەر و بینەری هەیە و تۆری ئینتەر نێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان سەرچاوەی یەکەمی بڵاو کردنەوەی بەرهەمە پۆرنۆگرافیاییەکانن، ئەوە جگە لە گۆڤارە رووتەکان. چونکە ئەمڕۆ خەڵك تەنیا بە ئەندامی جووتبوونی سێکس ناگات بەڵکو بە تەواوی هەستەکانی حەزە سێکسییەکانی تێر دەکات چونکە (مرۆڤ بوونەوەرێکە هەموو جەستەی بوونێکی سێکسیوالیتییە، واتە شەهوەتبازی و حەزخوازی شتێك نییە تەنیا ببەسترێتەوە بەو ئەوندامە بچووکەی زاوزێوە.**

تەواوی ئەندامەکانی جەستە چ لە شێوە و چ لە ڕووی میکانیزمەوە ڕۆڵێکی سێکسی گرنگ دەگێڕێن .

هەر پێنج هەستەکانی مرۆڤ ڕۆڵی سێکسی گەورەیان هەیە)١.(سەلاح حەسەن پاڵەوان، بۆن و سێکس، پێگەی باس،٢٠١٥). ئەوە بۆیە ئەمڕۆ بازرگانیکردن بە کەل و پەلی پۆرنۆگرافی لەوە تێپەڕیوە تەنیا ئەندامی زاوزێ بگرێتەوە، بەڵکو بازرگانەکانی ئەم بوارە کار لەسەر تەواوی هەستەکانی مرۆڤ دەکەن، تەنانەت گەرمکردنەوەی ئەو چیرۆکانەی چەندین ساڵی بەسەر چووە و چاپکردنی کتێبگەلێك دەربارەی ئابرووچوونی سێکسی سیاسییەکان، چونکە ئەمڕۆ کار لەسەر چا و گوێش دەکرێت لە بواری بازرگانی پۆڕنۆ گرافیدا چیرۆکی ناپاکییەکەی بیل کلنتۆنی سەرۆك کۆماری پێشوتری ئەمریکا لەگەڵ مۆنیکا لوینسکی بەتەواوی جیهاندا تەنییەوە و مۆنیکا لەکارمەندێکی ئاسایی کۆشکەوە بووە بووە ئەستێرەی پۆڕن و ئەمڕۆش (مۆزەخانەی " ئیرۆتیك هیریتاگ" دەیەوێت ئەو جلە شینە لەمۆنیکا لوینسکی بە ملیۆنێك دۆلار بکرێت کە پێش ١٨ ساڵ لەمەوبەر دڵداری و سێکسی پێوەکردووە لەگەڵ بیلّ کلینتۆنی سەرۆکی پێشووی ئەمریکا.ئەو پارچە جلە ڕەنگەکەی شینە و بەر لە ١٨ ساڵ ئەو دەمەی مۆنیکا راهێنەر بوو لە کۆشکی سپی پەیوەندیەکی سۆزداری لەگەڵ سەرۆکی ئەو دەمەی ئەمریکا بێل کلینتۆن هەبوو. ئەو مۆزەخانەیە ماوەیەك لەمەوپێش ویستی ٢٥٠ هەزار دۆلار بدات بە مۆنیکا تا ئەو پارچە جلەیان پێ بفرۆشێت، بەڵام مونیکا رازی نەبوو).٢(سایتی ڤین،٢٠/٥/٢٠١٥).

بازرگانەکان باش دەزانن ئەو کراسەی مۆنیکا رۆژانە و ساڵانە هەزاران کەس کێش دەکات تاکو تەماشای بکەن، یاخود وێنەی لەگەڵ بگرن. لەم چەند دەیەیەی دواییدا  بە هۆی فراوانبوونی مەودای کلتووریی و ڕۆشنبیری  کەوای کردووە بابەتە سێکسیەکان بە کوفرو قەدەغەکراو نابینرێن. ئەمەش رێخۆشکەر بوو کە پیشەیەك  دروست  ببێت کە کاریان بەرهەمهێنانی  فیلمی پۆرنۆگرافییە، فراوان بوون و بەرەو پێشچوونی میدیای دەنگی و ڤیدیۆیی لە ئینتەرنێتدا رۆڵی هەیە لە بەرەو پێشچوونی ئەم پیشەیە و دەگاتە بەردەست و دیدەی هەموو کەسێك لە هەر شوێنێك بێت.

بەپێی ئامارێك _لە٢٥٪ی گەڕانەکان لە ئینتەرنێتدا بەمەبەستی وەدەستهێنانی بەرهەمی پۆرنۆییە،(٦٨) ملیۆن کەس لە یەك رۆژدا.

_بەگشتی پیاوان سێرچ دەکەن و بەدوای ئەو بابەتەوەن و لە٪٧٠ بەکارهێنەران پێکدەهێنن

_تەمەنی کەسەکان لە نێوان١٨ بۆ ٢٥ ساڵاندایە.

_لە٪٢٠ پیاوان دانی پێدا دەنێن لە شوێن کارەکانیاندا کۆمپوتەری کار بەکاردەهێنن بۆ گەڕان بەدوای وێنە و ڤیدیۆی سێکسی.

_رۆژانە٢.٥ نامەی پۆرنۆیی لە ڕێی ئینتەرنێتەوە رەوانە دەکرێت.)٣. (سایتی كلام الاول،٢٠١٤)، هەرچەندە وڵاتە جیاوازەکان یاساو ڕێو شوێنی جیاوازیان گرتۆتە بەر بۆ ڕێگەدان و ریگرتن لەو پیشەیە بەڵام ئامارەکان ئەوەمان نیشان دەدەن کە لە ٪٥٠ ی بەکارهێنەرانی ئەنتەرنێت بەشێوەیەکی دووبارە سەیری بەرهەمە پۆرنۆییەکان دەکەن .وەك پێشتر ئاماژەم بۆ کرد ئەمرۆ مەفهوومی پۆرنۆ بەتەواوەتی گۆراو و دواجار دەتوانین بە کورتی و پوختی بڵێین (پۆڕنۆ بریتییە لەپێشاندانی سەرنجڕاکێشیی و جوانیی ئەندامە سێکسییەکان و وردەکارییەکانیانە لە کاری هونەری « تابلۆ، وێنە، فیلم » ، بابەتی ئەدەبی یا سینەماییدا، وشەی پۆرنۆگرافی pornographie لە سەردەمی رۆشنگەری پەرەی سەندووە. ئەوکات بەمانای ؛لێکۆڵینەوە لە کاری لەشفرۆشی » بەکارهاتووە.)١.( بڕوانە (https://fr.wikipedia.org/wiki/Pornographie#cite_note-10 و ئەمرۆش بووە بەو هەزاران سەرچاوەیەی پارە و چێژ بۆ هەزاران کەس دابین دەکات و هێشتا بەتەواوەتی لە کار و بەرهەمی هونەریشدا پێگەی لەق نەبووە .

## ١_١_٤جیاوازی نێوان ئیرۆتیکا و پۆڕنۆگرافیا

دەشێ ئەوەی ئەمڕۆ پۆرنۆیە سبەی ببێت بە ئیرۆتێك، یاخود بەرهەمە ئیرۆتیکییەکانی ئەمڕۆ سبەی ببنە پۆڕنۆ، چونکە ئەم دوو چەمکە بەردەوام پێناسەی نوێ لە خۆ دەگرن، زۆرجار بەهۆی نەشارەزایی تێکەڵی لە نێوان هەردوو چەمکی ئیرۆتیك و پۆرنۆدا دەکرێت، هەندێ پێیان وایە نێوان ئیرۆتیك و پۆرنۆ فاسیلەیەکی باریکی بەچەشنی تاڵە موویەك هەیە کە هەردووك جیادەکاتەوەو، زۆریشن ئەوانەی دەڵێن ئیرۆتیك و پۆرنۆ بەتەواوەتی لە یەکدی جودان و سەر بە دوو جیهانی جیاوازن، (دونیای ئیرۆتیکاو پۆرنۆ زۆر لەیەکەوە دوورن و دۆلێکی بەرین و قوڵ و ناشرین هالەنێوانیان، مەودایەك بەقەدەر هەردو جیهان یانیش بابڵێن بەقەد تاڵە موویەك، ئائەو باریکاییە راموسان و دەست لەملانێ، لەنزیکی و سەرجێی کردن جیادەکاتەوە.١(_محەمەد رەستگار،ئیرۆتیزم لە ئەدەبیاتدا،گ وێران ژ٦ ،٢٠١٠ ، لا٦٦). هەمیشە ماچ ئیرۆتیکە، بەڵام مەرج نییە هەموو بەیەك گەیشتنێکی سێکس ئامێزی جەستە ئیرۆتیك بێت، زۆربەی جارەکان پۆرنۆیە، چونکە ئیرۆتیك هەمیشە حەزی لە ئەڤینداریە، گەر ئەڤینیش نەبێت ئەوە بێ یەك و دوو ئەفسوونی خۆی لەدەست دەدات، ئەڤین بۆ جەستەی بەرامبەر، چ لە کاتی سێکسکردن یان بەهونەرکردنی جەستە(فۆتۆی ئیرۆتیکی) یانیش لە مەودای نووسیندا، ئیرۆتیك خۆی لە پۆڕنۆ بەدووردەگرێ چونکە بەرهەمە پۆرنۆگرافییەکان بەدەرن لە ئەڤین و تاسەی قووڵی جەستەیە بۆ جەستە و پاش سەرجێیکردن سیحری جەستە خاڵی دەبێتەوە.

جیاوازیی نێوان پۆرنۆگرافیاو ئیرۆتیك پەیوندییان بە هەریەکە لە لایەنی زاتی و هەروەها رەنگدانەوەی گۆڕانگاریی پێوەرەکانی کۆمەڵگاوەیە .٢( بڕوانە .(-http://en.wikipedia.org/wiki/Erotic_literature

هەروەها لە باسی ئیرۆتیکادا بەم شێوەیە پێناسە دەکرێت و دەوترێت: بریتییە لە کارێکی ئەدەبی یان هونەریی کە لایەنی ئیرۆتیکی تێدابێت، بەتایبەتی ئەو کتێبانەی کە مامەڵە لەگەڵ خۆشەویستی سێکسی دەکەن، بەشێوەی رەفتاری هەستیی و حەز(الشهوە). لە ئیرۆتیکادا پێویستە توخمە

سێکەسییەکان وەك بەشێك لە لایەنی ئیستاتیکا بەکاربێت. بەوەش لە پۆرنۆگرافیا جیادەکرێتەوە کە پۆرنۆگرافیا هەرچەندە لە ئەدەبدا بەکاردێت بەڵام وا لێی حاڵی بووین کە بەمەبەستە سەرەکییەکەی بریتییە لە وروژاندنی سێکسی و جووتبوون بازرگانی کردن.

زۆربەی رۆشنبیرە فێمێنیستەکان، لە نموونەی ئەمریکییەکان نمونەی هەریەکە لە گلۆریا ستینیم، کاسرین ماکینۆن، ئەندرییە دۆرکین، پێشنیاری پێناسەیەکی تر دەکەن بۆ پۆرنۆگرافیاو جیای دەکەنەوە لە ئیرۆتیك ئەوان دەڵێن: پۆرنۆگرافیا بریتییە لە بەکارهێنانێکی روونی ئاست نزم یان یان پاشکۆیەتیی بۆ لایەنی سێکسی ژن. هەروەها ئەوان وایدەبینن کە پۆرنۆگرافیا بریتییە لە جیاکاریی رەگەزیی لە دژی ژن. بەڵام ئیرۆتیك بریتییە لەوەی کە وێنەی سێکسی ژن و پیاو بەشێوەیەکی یەکسان نیشان دەدات و پێکەوە ڕێزیان لێدەگرێت.١( بڕوانە Encarta Encyclopædia, edited in 2009 )

گلۆریا ستینیم، نوسەر و فێمێنیست، لە جیاوازیی نێوان هەریەکە لە پۆرنۆگۆافیا و ئیرۆتیکا دەڵێت: ئیرۆتیك لە بارەی سێکسچواڵتێیە پەیوەندی بەلایەنی سێکییەوە هەیە، بەڵام پۆرنرگرافیا لە بارەی توانا یان هێز و بەکارهێنانی سێکسە وەك چەك. هەروەها دەڵێت لاقەکردن( الاغتصاب) بریتییە لە توندوتیژیی و لە راستیدا هیچ پەیوەندی بە سێکسەوە نییە.

ئیرۆتیك حەزی لەشە بەرازاندنەوەی بە عەشق و ئەخلاقیات، هەرچی پۆرنۆیە حەزی لەشە داماڵراو لە ئەخلاقیات، واتا لە راستیدا هەردووکیان یەك واتامان پێدەدەن حەزی لەش و چێژی لەش لە لەشێکی تر، فەرهەنگە وشەکان پێمان دەڵێن بەرهەمە ئیرۆتیکییەکان هەڵگری بارێکی هونەرین، پۆرنۆش لەمە بێ بەرییە، بەڵام سنورەکانی ئیرۆتیك و پۆرنۆگرافیا تێکئاڵاون.٢( گووتوبێژێك لەگەڵ ساقی قەهرەمان، گ وێران ژم٦ ، ٢٠١٠.ل٦١٧).

دەق و بەرهەمە ئیرۆتیکیەکان رووتی داپۆشراون، واتا دەرخستی بەشێکی رووتی جوانی و داپۆشینی سێ بەشی ئەو جوانییە، یاخود بینینی دیمەنێکی جوان لە پشت پەردەیەکی تەنکەوە، بۆخۆی ئەم جۆرە بینینە تاسەو حەزو جوانی و عەشقی بینینی تەواوەتی دروست دەکات، هەرچی پۆرنۆگرافیشە

**لەدەرەوەی عەشقەو تەنها چێژە هەموو هەوڵەکانی بۆ گەیشتن بە چێژی رووتە بەبێ گەڕانەوە بۆجوانی و هونەر دوای چێژ ئیدی هەموو شتەکە بەتاڵ دەبێتەوە و جەستەی ئەویتر سیحر و جوانی لەدەست دەدات.**

**بۆیە ناکرێت ئێمە بەهەموو روتێك بڵێین ئیرۆتیکاو ستاتیکاو هونەرو بەرزی بکەینەوە، چونکە (ئیرۆتیزم لە ئاسمان دەتفرێنێ و پۆرنۆ لە چڵدا دەتچەقێنێ، کاتێ ئیرۆتیزم سەیری پۆرنۆ دەکات سەر کوڵمەکانی سوور هەڵدەگەڕێت و لە شەرماندا لەخۆی دەبێتەوە)**.١(محەمەد راستگار، ئیرۆتیزم لە ئەدەبیاتدا، گ. وێران،ژ؟٦ لا٦). **بەواتا دەقی ئیرۆتیکی بەهۆی بەرزی و جوانی لایەنی روون و شاراوەی شتەکانەوە وادەکات وەرگر بەهۆی چێژبردنەوە خەیاڵ و بیری فروانبێت و حەزی فڕین بەرەو ئاسۆ بکات و بەشی داپۆشراوی دەقەکە ئاشکرا بکات بە خەیاڵ و حەزی خۆی، هەرچی پۆرنۆیە بەهۆی بێ پەردەییەوە هیچ بۆ وەرگر ناهێڵێت و هەمو شتەکانی خستوەتە بەر چاو و مەودای بیرکردنەوەی نادات تا بتوانێت شتێکی بخاتە سەر، یان شتێك لابدات یاخود شوێنی حەزێکی خۆی لەنێوان وشەو دەقەکە بکاتەوە، ئەمەش بەمانای چێژ بەخشینە بەڵام لەزەویدا مەودای چێژەکە کورت و کاتییە و خوێنەر جەستەی چێژ وەردەگرێت نەك زهنی بە پێچەوانەی دەق و بەرهەمی ئیرۆتیکییەوە. زۆرجار بە نوکتە و چیرۆکی پۆرنۆگرافیش دەوترێت ئیرۆتیزم، یان باس و خواسی سەرجێکردن و فیلمە پۆرنۆگرافییە بازرگانیەکان، ئەمانە هیچیان ناچنە چوارچیوەی ئیرۆتیزمەوەو وەك خۆیان پۆرنۆگراف دەمێننەوە.**٢(س.پ).

**ئەدەبییاتی ئیرۆتیکی بەرهەمی شەهوەتی ئینسانە بە یەکگرتن لەگەڵ عەشقی دونیایی، واتا نووسینە دەربارەی سێکسی عەشق ئامێز یاخود عەشق لە ساتەوەختی یەکگرتنی هەردوو مەعشوق و نیشاندانی جوانییەکانی پەیوەندییەکە لە ژێر کاریگەری ئەڤیندا(ئەدەبی ئیرۆتیکی وەسفی پەیوەندی جەستەیی و عەشق پێکەوە دەکات، لە ئەدەبیاتی ئیرۆتیکیدا هەردوو جەمسەری نێر و مێ پەیوەندییەکی عاشقانە یان سۆزدارییان بۆ یەك هەیە، ئەمەش لە دەقەکەدا رەنگ دەداتەوە)**.٣(ناصر غیاثی، ادبیات و اروتیك و ادبیات **پۆرنۆگرافیك**، ویب سایت رادیو زمانه،٢٠١٣).

**هەرچی پۆرنۆگرافە خاڵییە لە ئەڤین و هەردوو بکەر تەنیا کار بۆ گەیشتن بە چێژ دەکەن، لەبەرهەمە بازرگانییەکانی هاوشێوەی گۆڤار و سایت و فیلمە پۆرنۆییەکان کاری سەرەکییان راکێشانی سەرەنجی بینەر و بیسەر و خوێنەرەو دواجار بکەر دەگات بە دەستکەوتی ماددی و وەرگریش بە چێژێکی خاڵی لە سۆز و جوانی. لە ئەدەبییات و هونەری ئیرۆتیکیدا جوانی و جواناسی پێگەیەکی گرنگی هەیە، رستەو وشە بەیەکەوە لکاندنەکان کار بۆ نیشاندانی کردەکە ناکەن، بەڵکو کردە سێکسییەکە لەخزمەت رستەو جواناسیدایە)**.١(ناصر غیاثی، ادبیات و اروتیك و ادبیات پۆرنۆگرافیك، ویب سایت رادیو زمانه،٢٠١٣)**، لە ئەدەبییاتی ئیرۆتیکیدا تەنیا ئەدەب و بەهای ئەدەبی بەرچاو ناگیرێ بەڵکو زۆر جار ئەدەبییاتی ئیرۆتیکی هەڵگری ئەرکی رەخنەیە ،بەتایبەتی رەخنەی ئایینی و رەوشتی و کۆمەڵایەتی، هاوکات لە ئەدەبییاتی ئیرۆتیکیدا جەستە ماتریاڵێکی بەتاڵ نییە، بەڵکو هاوشانی روح و ڕەوانە. بەڵام لە بەرهەمە پۆنۆگرافییەکاندا جواناسی نەك هەر بەهای نییە بگرە ئامانج و مەبەست نییە، چونکە پۆڕنۆ خۆی بەو مەبەستانەوە سەرقاڵ ناکات و تەنیا جەستە و کردەکە دەخاتە روو، هاوکات هیچ ئەرکێکی رەخنەیی و رەوشتی هەڵناگرێت و لە بنەڕەتەوە ئامانجەکەی دیارە، هاوکات ئەم جۆرە ئەدەبییاتە یەکسانی تێدا نییە و زیاتر لە خزمەتی پیاواندایە و ( پۆنۆگرافیك بە واتای نوسینێك لە بارەی سۆزەکانەوە، زمانی ئەم نوسینە زمانێکە لە خزمەتی سوودی سێکسی پیاوانە)** .٢(حەمە مەنتك، شیعری پۆرنۆیی، سایتی دەنگەکان)**،چونکە پۆرنۆگراف ئەدەبێکی بێ چاو و رووە و شەرم ناکات و بەدەرە لە ناسکی و سۆز و ئەڤینداری و ئەدەبیاتێکی زاڵە و دەنگی بکەر بەرزە، ئەمەش لە خوو و رەوشتی ژنانەوە دوورە، هەروەها ( لە ئەدەبیاتی پۆرنۆگرافیکدا پێگەی ژن لەقە و ژن تەنیا کەرەستەیە، بەرهەمی پۆنۆگرافی بەگشتی پیاوان دەینووسن و ئەدەبیاتێکی پیاوانەیە، بینەر و قسە لەسەرکەرەکانیشی پیاوانن)**.٣ (ناصر غیاثی، ادبیات اروتیك و ادبیات پۆرنۆگرافیك)**، هەروەها ئەم ئەدەبیاتە زیاتر ( ئەرکی ئەو جوڵاندنی حەز و شەهوەتی کەسەکانە، لەم جۆرە بەرهەمانەدا روح و رەوانی ئامادەگی نییە و جەستە بەتەنیایە، هاوکات هەردوو جەمسەری نێر و مێ سۆزیان بۆ یەکتر نییە)**.٤(س.پ).

**ئەلفرێدە یلینیك ، ژنە نووسەری نەمسایی و براوەی نوبڵی ئەدەبی سەبارەت بە رۆمانی( شەبەق)كە وەك خۆی دەڵێ ویستویەتی ئەزموونی نووسینی رۆمانێكی پۆڕنۆگرافی تاقی بكاتەوە، بەڵام وەك رۆژنامەكان باسیان كرد و ناویان نا( پۆڕنۆ گرافیایەكی شكستخواردوو بە قەڵەمی ژنێك) ئەو دەڵێت ( دانی پیادەنێم نەمتوانی پۆڕنۆ نووس بم بێگومان وەك ژنێك ، چونكە ئەو ئەدەبە تایبەتە بە پیاوان و ئەوان دروستكەری ئەو ئەدەبیاتەن، هەرچی ژنە زیاتر كەرەستەی ئەو ئەدەبیاتەیە و پیاوان بەبێدەنگی دەڕواننە ژن وەك ئامانجێكی شیاو بۆ بەرهەمە پۆڕنۆییەكانیان ) باس لەوە دەكات هەموو هەوڵەكان هەر لە سەرەتای ئەدەبیاتی ژنەوە تا ئەمڕۆ بۆ نووسینی ئەدەبێكی پۆرنۆگرافی شكستخواردوو بووە چونكە ئەو بەرهەمە مێشكی پیاوان ئەفراندوویانە و زیاتر بكەرانە و وهێرش بەرانەیە و دوورە لە ژنانەوە)**١(الفريدة يلينيك الادب البورنوغرافي اختراع مخيلة الذكورية، موقع منبر حرللثقافة والفكر والادب،٢٠٠٥).

**وەك دەبینین زۆربەی تابلۆ پۆرنۆگرافییەكانیش دەستكردی پیاوانن، چونكە ئەوە پیاوەكانن حەز لە بێ پەردەیی و سێكسی رووت دەكەن و زۆربەی جاران هێند برسی سێكسن نیو هێندە برسی ئەوین نین و ئەمەش بەهۆی سایكۆلۆژییەتی پیاوانەوەیە، دەستبردنی ژن بۆ ئەم جۆرە ئەدەبە سەركەوتنی مەحاڵە هەروەك ئەلفرێدە ئاماژەی پێ دەدات پۆرنۆگرافیا سەر بە دونیای ئەدەبیاتی ژنانە نییە و ناتوانێت وێنەیەكی جوان پێشكەش بكات چونكە (ژن خاوەنی جەستەی خۆی نییە تاكو بتوانێت بكەر بێت، هاوكات نووسینی هەر ئەدەبێكی هاوشێوەی بەرهەمی مێشكی پیاوێكە بە قەڵەمی ژنێك ، ئەمەش بەهۆی پێكهاتەی كۆمەڵایەتی و دەسەلاتەوەیە لە ئەزەلەوە دەسەڵاتی ڕەها هی پیاو بووە هەروەها لەمەسەلەی خۆشەویستی و هاوسەرگیری و سێكسیش بۆیە ئاساییە ژن نەتوانی پۆڕنۆ نووس بێت، زۆریشن ئەو ژنانەی پۆرنۆیان نووسیوە شكستیان هێناوە لەوانە پۆلین ریاج لە بەرهەمی ئۆ، ئەناییس نین )٢.( س.پ).**

**بەگشتی لە ئەدەب و شیعری پۆرنۆییدا كردەی سێكسی رووتە و خۆی بە رستەو وشەی جوان ناشارێتەوە، (لە شیعری پۆرنۆیی كرداری سێكسكردن ئامادەیی تەواوی هەیە، فەزایەكە كاری سێكسی تێدا ئەنجام دەدرێت، سێكسی تەواو و رووت)٣.(حەمە مەنتك، شیعری پۆرنۆیی، دەنگەكان).**

## تەوەری دووەم

**١_٢_١ئیرۆتیك لە ئەدەبدا ( لە شیعردا).**

دەكرێت  بەو وتەیە بچینە باسەكەوە كە دەڵێت " بێ ئەڤین و مەرگ، بەشێكی زۆر لە ئەدەبیات بوونی نەدەبوو، واتا مەرگ و باس و خواسی ئەڤینداری بەشێكی گەورەی دونیا ئەدەب و نووسین و داهێنان داگیر دەكەن. وەك سییانەی حەرامی سێكس و ئاین و سیاسەت، ئیرۆتیزم كە رووخساری دووەمی ئەڤینە و لەگەڵ ئەڤین دوانەی روحین، بەشی گرنگ و زۆری ئەدەبیاتە، ئیرۆتیك یان حەزی سێكسی بەشێكی گرنگی پێویستییەكانی مرۆڤ پێكدەهێنێت و زۆرێك لە زانایان جەخت لەسەر ئەوە دەكەنەوە كە خاڵی گرنگی ژیان و هەوڵدانەكانی تاكە، وەك زانای گەورەی بواری دەروونشیكاری فرۆید دەڵێت( سێكس لایەنێكی دیاری نەست پێكدەهێنێت و پاڵنەرێكی گرنگە بۆ داهێنان)١.(د.هاوژین،د.دەریا، ئیرۆتیك لە شیعری حەمامی شێركۆبێكەسدا،ل١٨). بۆیە دەبینین ئەدەبی هیچ كام لە كلتوو رو وڵاتان بەدەر نییە لە ئیرۆتیك و حەزی سێكسی و رەنگدانەوەی لە دەقە ئەدەبی و ئاییینیەكانیشدا، لە بواری ئەدەب و رەخنەی ئەدەبیشدا بایەخی پێدراوەو لەم ڕووەوە دەگوترێت، لایەنێكی رەخنەی ئەدەبی ئەمریكی جەخت لەسەر سێكس دەكات و بەهێزێكی ئاڕاستەكەر لە ژیان و بەرهەمەكانی نووسەر دەزانێت)٢.(س.پ، ت١٨) بێگومان ئەدەب رەنگدانەوەی بیر و هزر و ئەزموونی ژیان و هەست و دەرهەستی مرۆڤ و كۆمەڵگەكانە و ئاسایی و گرنگیشە كە سێكس و ئەزموونی ئەڤینداری و سێكسبازی لە دەقە ئەدەبییەكاندا و تەنانەت لە هونەریشدا رەنگبداتەوە.

بۆیە دەبینین فرۆید لە گرێی ئۆدیب و ئەلێكترا سێكسی بە خاڵێ گرنگ زانیوە و سەری گرێ كوێرەكان سێكس بوون. ئیرۆتیزم رۆحی تەڕی ئەدەبیاتە، دەیەوێ شتەكان وەك خۆی نەمێننەوەو بیانشكێنێت و دروستیان بكاتەوە، فۆرمی تازە بەشتەكۆنەكان بدات لە پیناو جوانتر نیشاندانی، كاری ئیرۆتیك نیشاندانی شاراوەكان نییە، بەڵكو شاردنەوەی بەشێك لەدیارو نیشاندانی بەشێك لە شاراوەكانە لە چوارچێوەیەكی ستاتیكی سێكسی چێژ بەخش، چونكە كاری ئیرۆتیك وروژاندنی جەستەیی نییە بەڵكو وروژاندنی ئەدەبییە ، لەبەر ئەوە هیچ پەیوەندییەكی لەگەڵ جەستەدا نابێت،

ئەو ئەدەبەی جەستە دەبزوێنێ و وروژان و دواتر چێژی جەستەیی دروست دەکات ئیرۆتیزم نییە بەڵکو (هەدۆنیزم)★ە( *هیدۆنیزم جۆرێکە لە فەلسەفە، بەشێوەیەکی گشتی دەکرێت بوترێت بریتییە لەو بیرەی کە بڕوای وایە چێژباشترینی باشەکانە، یان دەکرێت بەشێوەیەکی تر پێناسەی بکەین و بڵێین: هەرچییەك چێژ درووست بکات ئەوە راست و رەوانە.) کە بەواتای چێژخوازی یە.(گەربێت کێشە ئاساییەکانی هونەرمەند هەر لەهەواوهەوەس و ئالۆوشی ناوگەڵیەوە بگرە هەتا برسییەتی و چی و چی، نووسەر لە نوسینەکانیدا رەنگی دایەوە ئەوە نووسینەکە عەیبدار دەکات).٣(محەمەد پەرستگار، ئیرۆتیزم لە ئەدەبیاتدا، گ وێران، ژ٦، ل٥ )و دەبێتە دەقێکی چێژ بەخش بە جەستە نەك چێژ بەخشی ئەدەبی، ئەمەش لە یاسا و رێسای ئەدەبیاتی ئیرۆتیك بەدەرەو دەچێتە چوار چێوەی پۆرنۆ گرافییەوە، کە ئەدەبێکە ( زیاتر ویست و حەزی جەستە و وەحشەتگەری لە سێکسدا و بێ پەردەیی و هەوڵدانی بەردەوامی تاك بۆ سەرنج راکێشانی جەستەی بەرامبەر و گەیشتن بە چێژی رووتە، هاوکات بە حەزی ئاژەڵێ ناودەبرێت کە مەبەستی سەرەکی جەستەیە نەك هەست و سۆز)٤.(امال عواد رضوان، ملف عن لادب الايروتيكى، موقع المثقف،٢٠١٠).

ئەمەش لەگەڵ هەدۆنیزمدا یەك دەگرێتەوە جونکە هەدۆنیزم باسی ئەو شتە دونیاییانە دەکات کە مانەوەو چێژیان کاتییە. بەڵام چێژی ئەدەب دەبێت مێژوو ببەزێنێ و خۆی بەکاتەوە گرێ نەدات و دەقێکی نەمر بێت و تۆی هەمیشە ژیان لەگەڵ خۆی هەڵگرێ.یان بەم شێوەیەش پێناسە دەکرێت: هیدۆنیزم بریتییە لە هەوڵدان بەشێویەکی جدی بۆ بەدەستخستنی زۆرترین چێژ.

لە هیدۆنیزم دا خەڵکی باوەڕیان وایە هەرشتێك ببێتە مایەی چێژوەرگرتنی مرۆڤ ئەوە شتێکی باشە .

★ هیدۆنیزم جۆرێکە لە فەلسەفە،بەشێوەیەکی گشتی دەکرێت بوترێت بریتییە لەو بیرەی کە بڕوای وایە چێژباشترینی باشەکانە، یان دەکرێت بەشێوەیەکی تر پێناسەی بکەین و بڵێن: هەرچییەك چێژ درووست بکات ئەوە راست و رەوانە.

**هەروەها ئەو شتانەی کە دەبنە مایەی ڕەواندنـەوەی ئـازار بـە باشـە هـەژمار دەکرێن. لـە هەمانکاتـدا هیدۆنیزم تەرکیز دەخاتە سەر خۆشی. گەر دەقێك ئیرۆتیکیانە نووسرا بـوو ئیرۆتیکێکی جوان ئـەوە دەتوانێت نەمر بێت و چێژێکی ماوە درێژ بە وەرگرەکان ببەخشێت، بەڵام گەر بێ پەردە نووسرا بـوو ئەوە جگەلە دەمی خوێندنەوە ناتوانێت لەکاتی تر چێژ ببەخشێت و کاریگەری لەسەر زەینـی وەرگـر جێ بهێڵێت.**

**کەسانێك بەمەبەستی جودا شتی نائیرۆتیك دەخەنە ناو ئیرۆتیك بۆنموونە فیلمە سێکسیەکان دەخەنە ناو ئیرۆتیك لەکاتێکدا سێکس ئیرۆتیك نییە، چونکە هەمیشە سێکس جوانی نییە، زۆربەی کات دوورە لەهەموو جوانییەکەوە وەك لە پێشتر باسکرا دەبینین لاقە کردن سێکسە، بەڵام ئیرۆتیك نییە، بەڵکو کردەیەکی دڕندانەیە، سێکسفرۆشیش سێکسە، بەڵام ناچێتە چوارچێوەی ئیرۆتیکەوە چونکە تێکەڵاو بونی جەستەکان بێ ئەڤینە بۆیە وشکو برینگە.**

**(ئیرۆتیزم واتا هاتوچۆی هونەرمەندانەی هەست کە هەندێ جار لە وێنەیەکدا بەدیار دەکەوێت و گاوەخت لە قسەی نێوان دوو کەسدا ڕەنگ دەداتەوە)**.١(محەمەد راستگار، ئیرۆتیزم لە ئەدەبیاتدا، گ.وێران،ژ.٦،ل٥٥)،**کاتێك دەڵێین ( ئەڤینی ئیرۆتیکی، کە بێگومان هیچ ئەڤینێك بێ ئیرۆتیك ناچێتە سەر، ئەوە مەبەستمان لە زاڵبوونی حەزەی دووکەسە بۆ روح و جەستەی یەکتر)**.٢(صباح زوين، هكذا افهم الجسد، موقع رسالة الحب،٢٠١٦). **ئەم حەزە لای خودی نووسەریش ڕەنگدەداتەوە، مەرج نییە هەمیشە ئەو ئەڤینەی نووسەر باسی دەکات ئەڤینێکی بەرجەستەکراو بێت، زۆر جار فانتازیکە، واتا نووسەر لە هزری خۆیدا پەیوەندییەك دادەتاشێت و هونەرمەندانە تێکەڵی ئەدەبیاتی دەکات، مەرج نییە هەمیشە بەرهەمی ئیرۆتیکی یان سێکسی بەرهەمی جوان بن، زۆرجار لەوبەرهەمە زۆر ئیرۆتیکیانەدا توندوتیژی و باسکردنی کچی منداڵیش هاتووە(هەڵاواردنی جنسیەتی** (sexual orientation)**لەڕاستییدا بە شێوەیەکی بەرچاو لە زمانو ئەدەبیاتدا ڕەنگ ئەداتەوە، ئەگەر چاو لە هەڵاواردنی جنسیەتی بکەین ئەبینین هەڵاواردنی جنسیەتی لە ئەدەبی زۆربەی گەلاندا بە شێوەیەکی بەرچاو ڕەنگدانەوەی بووە. چ ئەدەبی نووسراوەییو چ ئەدەبی زارەکی. مێژووی ئەم هەڵاواردنە مێژووی بندەست کردنی ژنانو بە چاوی بەرزتر لە پیاوان روانینە، ڕەنگە لەبەر ئەوە**

بێت بەشێکی زۆری ئەدەبیاتی نووسراوەیی کلاسیک بەرهەمی پیاوانەو لە راستییدا ژنان بۆیان نەلواوە تواناکانی خۆیان لەم بوارەدا نیشان بدەن).٣(مستەفا زاهیدی، سێکسیسم لە ئەدەبدا، ماڵپەری ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان،٢٠١٥).

بەڵام دواجار زۆرن ئەو بەرهەمانەی کە ئیرۆتیکن و ئینسانی و ئەڤینداریشن و خوێنەر لە رووی هزرییەوە کەمەند کێش دەکەن و چونکە (دەکرێ بەسانایی چەندین رەهەندی پەیوەندی لە نێوان عەشق و ئەدەبیاتدا بدۆزینەوە، بەڵام سەرەڕای ئەمە پێگەی ئیرۆتیزم لە ئەدەبیاتدا بەردەوام لە مەترسیدایە.).١(رەزا عەلی پور، ئیرۆتیکا وەك درز، وێران،ژ١٠،لا١٣). چونکە ئیرۆتیزم نەیتوانیوە وەك ریبازێکی ئەدەبی خۆی بناسێنێت، مێژووەکەی لەگەڵ مێژووی ئەدەبدایە، بەڵام بە پێی قۆناغ گەشەی کردووە و لاواز بووە، چونکە زۆرجار و لەکاتی باڵا دەستبوونی دەسەڵاتی ئایینی ئیرۆتیزم قەدەغە کراوە و لەگەڵ پۆرنۆگرافیدا بەیەك چاو تەماشا کراون، ئەمەش نەبووەتە هۆی نەنوسینی بەرهەمی ئیرۆتیکی، بەڵام بە ئاشکرا نەبووەو ئەمەش مایەی سستبونیەتی نەك مردنی.ئیرۆتیزم دواجار وەك دیوی درەوشاوەی ئەدەبیات دەمێنێتەوەو تەواوی رێگەکان بەرەو خۆی کێش دەکات ( ئیرۆتیزم لە ئەدەبیاتدا هەرگیز نیاز نییە، بەدوای سەرگرتنی کامڵ بوونی جنسییەوە نییە، بەڵکو مەیلێکی بەردەوامە و ئاوێتەیە بە فانتازیا، تەنیا رێسای ئەخلاقییە دەتوانێت ئیرۆتیك رزگار بکات).٣(س.پ،لا١٥).چونگە ئیرۆتیك بێ پەردەی قبوڵ ناکات و خۆی بە کردەی بازرگانیکردنەوە نابەستێتەوە، بەڵگو ئارەزووی جوانتر نیشاندانی جوانییەکان دەکات و هیچ کات ئەوە قبووڵ ناکات بە ناشرینی دەر بکەوێ.

١_٢_٢ئیرۆتیك لە شیعردا

ئیرۆتیك و ئەڤین ئەو دوو کۆڵەکەیەن کە لە شیعردا هەمیشە زەق و دیارن و بەشێکی زۆری شیعر چ لە مێژووی دوور و چ دوێنێ و چ ئەمڕۆ و لە ئەدەبیاتی هەموو جیهاندا ئەڤین و ئیرۆتیك لە ئامێز دەگرێت، چونکە شیعر ( ئەو هەستە وروژاوەیە کە لە ناخی مرۆڤی بەهرەمەندەوە جیا لە کەسانی تر سەرچاوە دەگرێت، هیچ هەستێکی وروژاوی مرۆڤیش بەبێ پاڵنەر و کارتێکردن نییە، شیعری

عاتفی دەرئەنجامی هەستێکی وروژاوە بەرامبەر خۆشەویستی و عەشق بوون).١(ئەحمەد محەمەد ئابلاخی، چەند سەرنجێکی خێرا دەربارەی شیعر،فیستیڤاڵی نەتەوەیی شیعری کوردی،٢٠١٢،لا١٧).کاتێك شاعیر بەر هەستێکی ئەویندراری دەکەوێت چ خۆی ئەزموونی بکات یان کەسێکی دی، کاتێك حەز و تاسەی ئەویندارانەی لە جەستەیەکی جوان و ناخێکی ئەویندارانە دەئاڵێت، بە شیعر گوزارشت لە ئەوین و تاسەی دەکات، ئیرۆتیك و سێکس لە شیعر و دەقی ژانرە ئەدەبییەکانی دیکەدا هەمیشە هەبوون و هەن و دەبن، چونکە مرۆڤ ناتوانی خۆی لە هەستی ئەڤین و سێکس بە دوور بگرێت،( لە ئەدەبی دێرێنی وڵاتی نێوان دوو زێدا، بە راشکاوی باس لە پێکگەیشتنی سێکسی کراوە، بەلای ژنیشەوە ئاسایی بووە باس لە تامەزرۆیی خۆی بۆ جووت بوون بکات، سێکس سروتێکی ئایینی بووە و تەنانەت لەشفرۆشی پیرۆزیش هەبووە لە نزیك پەرستگاکان ئەنجام دراوە).٢(حەمە سەعید حەسەن، بەفر و گڕکان،٢٠٠٨،لا١٣١)، کردەیەك بەو جۆە بچێـە ژیانی رۆژانەی خەڵکەوە زۆر ئاساییە و پێویستیشە لە شیعردا رەنگ بداتەوەو لە گەروی گۆرانی وێژەکانەوە بگاتە گوێی هەمووان، سێکس لە ژیانی نووسەراندا بە شێکی گرنگە، (لە ئەدەبیاتی نووسراودا ئەوەی تا ئێستا زۆر گرنگە و لە کۆنەوە بۆمان مابێـەوە چەندین شیعری سەردەم و چاخە کۆنەکان، تێکستە شیعری و پەخشانە کانی شارستانیەتی فیرعەونی و بابلی و فینیقی و ئارامی و سۆمەری و..........تاد بەڵگەن بۆ ئەو قسەیە).٣(زانا خەلیل، ئیرۆتیك لە شیعری نالیدا،لا٢٠). ئیرۆتیك و پەیوەندی جەستەیی بە شێکی زۆری ئەدەبیاتی داگیر کردووە، چونکە تاسەی ئینسان و بەتایبەتی نووسەر کە لە خەڵکی ئاسایی زیاتر جەستەی خۆی دەناسێت، ناشکێت و بەردەوام لە هەوڵی ڤایلکردنی جەستەیەتی و ئەم هەوڵدانە ئەدەبییانەش هێندەی کۆنی کۆنن( لە رێێ خەتی بزمارییەوە ئاشنای چەندان دەقی ئەدەبی ئەویندراری سۆمەری و ئەکەدی دەبین گە تایبەتن بە وڵاتانی نێوان دووزێ و بۆ پێنج هەزار ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێنەوە).١(حەمەسەعید حەسەن، بەفر و گڕکان،لا١٣١). شیعری ئیرۆتیکی و رەنگدانەوەی ئیرۆتیکا و ئەڤینی جەستە لە شیعردا تۆوی نەمری دەخاتە گیانی ئەو دەقە شیعرییەوەو وزە و ناوبانگ و خوێنەری زۆریش بە نووسەر دەبەخشێت، بەومەرجەی کردەکە هونەرییانە ئەنجام درابێت نەك ناشاییانەو بۆ دامرکاندنی حەزی جەستە، شیعر بۆ ئەوین و ئەوین بێ سێکس نابێت و ئەم دووەش لە شیعردا دووانەی پیرۆز و

هەمیشە ویستراون( ئەوەی لە ئەویندا نائومێد ببێت، تووشی خەمۆکی و دەردی بیرچوونەوە دەبێت، لەگەڵ خۆیدا دەدوێت، بێ هۆکار پێ دەکەنێت و چێژ لە خواردن و خواردنەوە نابینێت، ئەوەی کردەی جووتبوونی پێ ئەنجام نەدرێت توانای دەربڕینیشی لاواز دەبێت).٢.(هەمان سەرچاوە،ل٣٢١)، بۆیە دەبینین زۆربەی شاعیران لە تافی لاویدا شیعری ئەویندار و ئیرۆتیکیان زۆر دەبێت و لەتەمەنی پیریدا کانیاوەکەیان چك دەکات، گەر ئەمە بەهۆی لاواز بوونی توانای سێکسی و بەسەر چوونی تەمەنی ئەڤینداری نەبێت هۆکاری دیکەی نییە. سێکس و ئەڤین ئامانجن و نووسەر ان هەمیشە شوێنێك دەدۆزنەوە لە دەقەکانیاندا تاکو جێێ ئەڤینی تێدا بکەنەوە (دەستەبژێری شاعیرانیش جگە لەوانەی لە ڕوانگەیەکی عیرفانییەوە ئەڤین دەهۆننەوە، عەشق لە پێناوی رازیکردنی ڕەمەکەکانیان و لە پێناوی بەرژەوەندی هەستی خۆیاندا بەکاری دەبەن و هەرواش دەیخەنە رستەی شیعرییەوە.).٣(مهاباد قەرەداغی، تیشکۆی زمان و پشکۆی ڕامان، سایتی رەخنەی چاودێر،٢٠١٦)،هەمووان ئارەزووی سێکس دەکەن و بۆیە دونیای بەرهەم و ئەدەبی ئیرۆتیکی هەمیشە رەواجی هەیە تەنانەت ئەو شاعیرانەی ئیرۆتیك رەتدەکەنەوە توانا و حەزی نووسینی ئیرۆتیکیان هەیە. ئەڤین شتێك نییە نووسەر خۆی لێ وەدوور بگرێت یان ئەڤینی بێ ئیرۆتیك و پەیوەندی ئیرۆسی قبوڵ بکات،( خۆشەویستی یاسای سەرەکی بوونە، مرۆڤەکان تا زیاتر بەرهەڵستی بکەن، دوورتر دەکەونەوە لە حەقیقەت. لە خۆشەویستیدا ژیان واتە کرۆکی مرۆڤبوون و گەیشتن بە کەماڵی مرۆڤایەتی تەنها لە رێگەی خۆشەویستییەوە بەدی دێت).٤(س.پ).گەر خۆشەویستی نەبێت مرۆڤ چۆن بەرگەی ئەو هەموو سەختییە دەگرێت؟ رۆژگار رۆژ بەرۆژ تەنگتر دەبێت و خۆشەویستییە دۆخەکە ئەهوەن دەکاتەوەو هیوا بە ئینسانەکان دەبەخشێت بۆ زیاتر مانەوە، ( نوسینەکانی زانای بەناوبانگی بایەلۆژی و زیندەوەرزانی چاڕلس داروین ئەوە دەردەخەن کو بوونی سۆز و خۆشەویستی لە مرۆڤدا،شۆڕبۆتەوە بۆ ناو قوڵایی مێژوو، هەر پەیوەندی خۆشەویستییە کە نەوەی کۆن بە نەوەی نوێوە گرێداوە، کەواتە یەکەم هۆکار و کاریگەرییەك بۆ پێشکەوتنی بایەلۆژی مرۆڤ بەردەوامبوونی رەگەزی مرۆڤ و پێشکەوتنی رۆشنبیری و شارستانییەتی سەرەتایی مرۆڤن، کەواتە بنچینەی راگراگرتنەکە خۆشەویستییە نەك رەفتاری مرۆڤ).١(ئاشتی عەبدوڵلا، شرۆڤەیەك بۆ چەمکەکانی خۆشەویستی و، گ.

تەوار،ژمارە١٠٧، ٢٠١١،ل٣١٧)، کارکردن لە شیعری ئیرۆتیکی پێویستی بە زمانێکی شیعری تۆکمە هەیە، چونکە کردەکە لەسەر گواستنەوەی کەرەستەو هێماکانە بۆ زمان و شیعر ( هەمیشە ناتوانین ئیرۆسیەتی ئینسانی بکەین بە ئیرۆسیەتی شیعری، چونکە مەرج نییە هەمیشە ئیرۆسیەتی ئینسانی بەرهەمی شیعری و بەتایبەتی ئیرۆتیکی لێ بخولقێت گەر زمان تۆکمە نەبێت).٤(مهدي نصير، ايروتيكية الشعر و الشعر الايروتيكي، موقع قاب قوسين،٢٠١٢)، چونکە مەرج نییە هەموو بەیەك گەیشتنێکی ئەڤیندارانە، یان تێکەڵاوی دوو جەستە بتوانرێت بکرێتە تابلۆیەکی شیعری ئیرۆسی، ئیرۆتیك بەرلەوەی گواستنەوەی وێنە و هێماکان بێت زمانە، زمانە وادەکات کردەیەکی سێکسی بەرهەمێکی ئەدەبی ناوازە بئافرێنێ، زۆرجار بینینی دیمەنێکی سێکسی سەرنجمان نابات بەرەو جوانبینی و چێژ، بەڵام بەدەق کردنی هەمان کردە چێژ بە زەینمان دەگەیەنێت ،بێگومان ئەمەش بەهۆی توانایی زمانەوەیە. (لە مێژووی ئەدەبدا چەندین دەقی ئیرۆتیکی هەن کە ئیرۆتیکی شیعرین، هەروەها چەندین شیعر هەن لە رواڵەتدا ئیرۆتیکن، بەڵام تەنیا فۆرمە و شیعری نین، بۆیە جێدەست جێ ناهێڵن لەم رەوتەدا).٥(س.پ). راستە سێکس ئامانج و بزوێنەری سەرەکی مرۆڤە وەك فرۆید دەڵێت، بەڵام لە ئەدەبدا ئەمە بەس نییە گەر زمانی شیعری نەبێت و وێنە و رستەکان پاراو نەکات، هەروەك چۆن کردەی سێکسی تاکە سەرچاوەی زیاد بوونی مرۆڤایەتییە، ئاوها ئیرۆتیکاش شوێنێکی شیاوە بۆ گەشانەوەی زمان و سەوز بوونی، تا ئەمڕۆ کەس باسی مردنی زمانی نەکردووە کە چۆن لە دەقدا دەمرێت و کرێت دەکرێت، هاوکات لە دەقی جوانیشدا هاو شێوەی شیعری ئیرۆتیکی گەشە دەکات و دووبارە لە دایکبوونەوەی خۆی دەبینێت.جۆرێکی دیکەی ئیرۆتیك کە زۆرێکی جیاوازە و کەم لە لێکۆڵەران و ئارەزوومەندانی بواری ئیرۆتیك بەدەقی ئیرۆتیکی دەزانن ئەویش شیعری داشۆرینە.

شیعری هەجوو یەکێکە لە جۆرەکانی شیعر و مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە و مێژوی ئەم جۆرە شیعرە(لە ئەدەبی عەرەبییەوە سەرچاوەی گرتووەو لە ناو عەرەبەکاندا مێژوویەکی کۆنی هەیە، لە ناو فارسەکاندا لە سەدەی چوارەمی هەتاوییەوە رەنگدانەوەی ئەدەبیاتی هەجوو دەبینین. ئەدەبی هەجوو سەرەتا وەك نامەگۆڕینەوەی دۆستانە لە نێوان شاعیرەکاندا دەنووسرا، بەڵام لە سەدەی ٥ بۆ

[7]ی هەتاوی وەك چۆن ئەدەبی (مەدحو سەنا) بە شێوەیەکی بەرچاو پەرەی سەند، لەبەرامبەریشدا ئەدەبی داشۆرین و غەزەل بەربڵاوتر بۆوە و بوو بە بەشێك لە ئەدەبیاتی نووسراوەییو لە شیعرەکانی (سوزەنی) و (ئەنوەری)و حەکیم جەلالو کوشکیدا )١.(مستەفا زاهیدی، سێکسیسم لە ئەدەبیاتدا، ماڵپەری ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان،٢٠١٥ ). لەبەر ئەوەی عەرەب لە رابردوودا زیاتر بە شێوەی سەرەتایی ژیاوە و کۆچەری بووە بەردەوام شەڕی کردووە و زۆرجاریش چەکەکەی شیعر بووە( لەسەر ژن و دەسەڵات و بنەماڵە و سوار چاکی و ناوبانگ و تەنانەت لەسەر شیعریش شەریان کردووە و شیعری داشۆرینیان بەکارهێناوە و لەم جۆرەشدا لێهاتوو بوون).٢(عبدالكريم ابو غبيش،الهجاء والسخرية في شعر ابن رومی، موقع منبر حر للثقافة والفكر والادب،٢٠١١).

ئەم جۆرە شیعرە کە تێیدا جنێو و سوکایەتی باڵا دەستە پێچەوانەی پیاهەڵدان و شتایشکردنی دۆستانەیە و زۆربەی جاریش داشۆرینەکان بەبەکارهێنانی ئەندامە سێکسییەکان دەبێت، زۆرجار لەگەڵ ئیرۆتیکدا هاو شێوە دەبن چونکە هەندێ کات سوکایەتییەکە راستەوخۆ نییە و باسکردنی پەیوەندییەکی نا شەرعییە لە شێوەی شیعردا،( داشۆرین لەسەر بنەمای بەکەم تەماشا کردن و سوکایەتی پێکردن دروست دەبێت، هەرچەندە زۆر جار خۆی لەبەرگی گاڵتەئامێزدا دەبینێتە).٣( الهجاء، الشعر، ويكيبيديا(https://ar.wikipedia.org/ ، بەڵام بەگشتی ئەم جۆرە شیعرە باسی سێکس و ئەندامی سێکسی دەکات، جا یان شاعیر بەئەندامی سێکسی خۆیدا هەڵدەدات، یاخود گاڵتە بە ئەندامی سێکسی ڕکابەرەکەی دەکات، لەم جۆرە شیعرەدا شاعیر( راستەوخۆ و بە ئاشکرا باسی پرۆسیسی سێکسی نێوان نێر و مێ دەکات، لە ئەندامەکانی زاوزێی نێرینە و مێینە دەدوێ).١(د.دەریا، د.هاوژین د. ئیرۆتیك لە شیعری حەمامی شێرکۆ بێکەسدا، ل٢٣٢)، جا هەندێ کات باسکردنەکە قێزەون نییە و زۆریش ئیرۆتیکییە، نموونەی شاعیری داشۆرین لەناو کورددا شێخ رەزای تاڵەبانییە کە زۆرترین شیعری داشۆرینی هەیە، لەگەڵ شوکری فەزڵی زۆرترین شیعری داشۆرینیان بۆ یەکدی ناردووە و جنێویان بە یەکتر و بە ژنی یەکتر داوە لەبەرگی سێکس و ئیرۆتیکدا، جگە لەوە شێخ رەزا خەڵکی دیکەشەی بەهەمان شێوە داشۆریوە وەکو شەرەشیعر لەگەڵ کچی حەسەن کۆنشدا کە یەکدیان بە شیعر هەجوو کردووە.

ئەبو حوکەیمە کە خەڵکی کوفە بووە و لە ساڵی٢٤٠ی کۆچیدا کۆچی وایی کردووە، بە پێچەوانەی زۆربەی شاعیرانی هەجوو هەجووی ئەندامی نێرینەی خۆی کردووە( بە درێژایی شیعرەکانی کە هەشتا هۆنراوەیەك دەبن بەزۆربەی بەحرە جیاوازەکانی شیعری عەرەبی نوسیونی هەجووی هەرامەکەی خۆی کردووە).٢(حەمەسەعید حەسەن، بەفر و گڕکان،٢٠٠٨،ل١٢٦).

بەس سوێندم بدە، هەڵناستێتەوە

کەمەی گۆچانە، راست نابێتەوە

ئەویٚ کە دەبو وەك ئەلف وابیٚ

داخی گرانم هەر لە دال ئەچیٚ.٣(حەمە سەعید حەسەن، بەفر و گڕکان، ل١٢٧).

کە ئەمەش پێچەوانەی شێخ رەزای تاڵەبانییە کە هەمیشە تاریف و وەسفی ئەندامی خۆی کردووە و بە شتی بەرز و باش و بەهێزی چواندووە.

عومرم گەیی بە هەشتا، کێرم بەکارە هێشتا

تەسدیقی ئەگەر نەفەرمووی، هەستم بەرم بەرەشتا.٤( شێخ رەزای تاڵەبانی، سەرجەمی شیعرە هەجووەکانی،٢٠٠٨،ل٥).

شێخ رەزای تاڵەبانی وەك شاعێرێکی کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیست بە شیعرەکانی جیهانی ئەدەبیاتی کوردی فراوانکردووە بە هەردوو جۆر شیعری داشۆرین و ستایش کە ناوەرۆك و رووخساری ئەدەبیاتی کوردی دەوڵەمەند کردووە، د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ سەبارەت بە شێخ رەزا وتویەتی ( ئەم شاعیرە تاقە نموونەی هەجووی سەختە لە ناو ئەدەبیاتی کوردیدا، بەشی زۆری شیعرەکانی هەجووی ئەو کەسانەن کە ژیان تێك ئەدەن). ١(د.محەمەد ئەحمەد سەعید، چەند لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی،٢٠٠٨،ل٢٣٦). ستایلی شیعرە هەجووەکانی، هەم شیعری هەجووی شێخ رەزا لە ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردیدا پێگەیەکی دیاری هەبووە و تا ئەمڕۆش نرخی دەقەکانی لە ئاستێکی

بەرزدان، د مارف خەزنەدار ستایشی شێخ رەزای کردووە و بە دەگمەنی زانیوە، (لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا شێخ رەزای تاڵەبانی دامەزرێنەری شیعری گاڵتەجاری سەتیرە، داشۆرینەکانی زۆرگەورە پیاوانیشی گرتووەتەوە).٢(س.پ)،(زۆرجار شاعیر داشۆرین بەباشترین رێگەی وەڵام دانەوە دەزانێت بەرامبەر بە رق و خراپی کەسێك یان گوزارشتکردن لە حاڵەتێك و ئەمەش بەدەر نییە لە هونەر و ئەدەب و ناکرێت وەك جۆرێك لە جۆرەکانی ئەدەب وەرینەگرین).٣(عبدالكريم ابو غبيش،الهجاء والسخرية في شعر ابن رومی، موقع منبر حر للثقافة والفكر والادب،٢٠١١). بۆنموونە شێخ رەزا زیاتر هەجووی کەسو کار و بنەماڵەی شێخ و تەریقەتی کردووە چونکە لە رووی مادی و مەعنەوییەوە غەدرییان لێکردووە.

هەرچەندە ئەم جۆرە شیعرە بەدەر نیە لە مەترسی و زۆرجار شاعیر بەهۆی نووسینی شیعرێکی داشۆرینەوە کوژراوە و نمونەی شاعیرانی عەرەب کە بەهۆی شیعری دا شۆرینەوە کوژراون:

_ئەبو تەیبیب ئەلموتەنەبی، ژنێکی هەجو کرد، برای ژنەکە کوشتی.

_بەشار بن بەرد، مەهدی هەجوو کرد، فەرمانی کوشتنی دەرکرد و کوشتی.

_هەروەها تەرفە بن عەبدیش.

(لەسەردەمی بەر لە ئیسلام و لە سەردەمی ئیسلامیشدا شاعیرانی هەجوو هەبوون و بەناوبانگترین شاعیری هەجوو (حطیئة) بوو کە هەموو کەسی هەجوو دەکرد و زۆرجار دایك و باوکی خۆشی هەجوو کردووە، گەر بێزار بوایە لەوان خۆی هەجوو دەکرد و خەڵکی لێی دەترسان، تەنانەت عومەری کوڕی خەتاب زیندانی کرد و پاشان پارەی پێدا تاکو دەست بەرداری هەجوو کردن بێت).٤(علی ابو زید، الهجاء عند العرب فن، الموسوعة العربية).

کاتێك ئیرۆتیك و داشۆرین پێکەوە دەبەستینەوە مەبەستمان ئەو شێوازە جنێوانەن کە شاعیر تێیدا باسی پەیوەندی سێکسی خۆی لەگەڵ ژنێکدا دەکات، جا بەمەبەستی داشۆرینی ژنەکە بێت یان داشۆرینی پیاوێك لە رێی ژنێکی خێزانەکەوە، شاعیر باسی ئەوە دەکات کە ئەندامەکانی چەند ساف و

لووس و سێکسی چەند بەلەزەت بووە و ئەم چەند لەزەتی بردووە و ژنەش چەند ئەندام و توانای شاعیری بەدڵ بووە، ئەم جۆرە کە ناراستەوخۆیە و زۆرجار ئەڤین ئامێز دەردەکەوێت ئیرۆتیکە، بەڵام باسکردنە راستەوخۆ و بێ پەردەکان لە ئیرۆتیک بەدەرن و وەهموو هەجوویێك ئیرۆس نییە. ئەو شیعرە هەجووەی کە ( بە شێوەیەکی نا راستەوخۆ و بەهێما لە پرۆسیسی سێکس دەدوێت، بەسەر ئەندامەکانی زاوزێی نێرینە و مێینەدا هەڵدەدا، بە شێوەیەك کار لە مرۆ دەکات هەستی رادەکێشێ، دەیهەژێنێت و ئارەزووی سێکسی لا پەیدا دەکات).١(د.هاوژین، د.دەریا، ئیرۆتیك لە شیعری حەمام ،٢٠١٥،لا٢٤). زۆرجار خوێنەر تەنیا لەبەر چێژی سێکسی شیعری هەجوو دەخوێنێتەوەو هەجووکراو بۆ ئەم باسێك نییە، یان زۆر جار بۆ گەڕان بە دوای هونەری شاردنەوە و کۆد و لێهاتوویی شاعیر دەگەڕێ، نموونەی نالی کە نزیکەی زیاتر لە٢٠ جۆر ناوی لە ئەندامی مێینەی مەستوورە ناوە لە و شیعرەدا و بە هیچ شێوەیەك ناوە باوەکەی کە هەموو کەس بەکاری دەبا نەبردووە و ناوەکانیش هەمووی وێنەی ئیرۆتیکی هەنەرین و هاوکات شیعرەکەش هەجووە نەك ئیرۆتیك.

مەرج نییە هەمیشە لە بەرگی داشۆریندا ئیرۆتیك هەبێت زۆر جار لەبەرگی ئیرۆتیکدا داشۆرین هەیە، یان راستر سوکایەتی و کەمکردنەوە مەبەستی سەرەکییە، بۆنموونە ئەو قەسیدەیەی نالی بۆ مەستوورەی نووسیوە ئیرۆتیك نییە وەك هەندێ باسی دەکەن و دەڵێن (نالی زۆر دوورە لەو تێڕوانینە نێرسالاریانەی باسمانکرد و پیاوێکە لە پێوەندی خۆی بەمێینەوە، زیاتر ئیش لەسەر ئیرۆتیکیا دەکات نەك سێکس، واتا پێوەندی بەو ئافرەتەوە پێوەندییەکی ئیرۆتیکیانەی شارستانیانە بووە نەك مەسرەفگەرایی سێکسبازی).٢(رێبوار سیوەیلی،لە پەیوەندییەوە بۆخۆشەویستی، ٢٠١٠ ،ل٢٣)، بەڵکو وای دەبینن نالی هەجووی مەستورەی کردووە و بەحوکمی ئەوەی کۆمەڵێ کوردی ئێستا و ئەو سەردەمە و هەمیشە ژنی وەك شەرەفی خۆی بینیوە و قسەکردن لەسەر ژنی یان ئەندامانی جەستەی هێڵێ سوور بوون و پیاوی لەسەر کوژراوە، بۆیە نالی بەو شیعرە و لە ژێر پەردەی ئیرۆتیکدا سوکایەتی بە مەستورە کردووە، (شیعری (مەستوورە)ی نالی جۆرێك خۆ بەبەرز نواندنی پیاوانەیی نالییە وەك شاعیری بابانەکان، بەرامبەر بە نزم نواندنی ژنانەیی مەستوورەیە وەك شاعیری ئەردەڵانەکان.(نالی لەم شیعرەیدا نایەوێت  تەنیا خەوێکی خۆی کە بە مەستوورەوە بینیویەتی بگێڕێتەوە، بەڵکوو

دەیهەوێت پیاوانەبوونی خۆی بخاتە رووو لە هەمانکاتدا ژنانە بوونی مەستوورە بە بیری دێنێتەوە، بێگومان ئەو شیعرەی نالی بۆ مەستوورەی نووسیوە دەکەوێتە خانەی گێچەڵی سێکسییەوە، نالی دەیهەوێت ئەوە بە ئەردەڵانەکان بڵێت شاعیری ئێوە ژنە بەڵام شاعیری بابانەکان پیاوە، لە ڕاستییدا شیعری مەستوورەی نالی رووبەڕووبوونەوەی دوو دەسەڵاتی بابان و ئەردەڵانە لە بەرگی دوو شاعیرداو نالی پیاوانەبوونی خۆی بە فەخر ئەفرۆشێت بە ئەردەڵانەکان).١(مستەفا زاهیدی، سێکسیسم لە ئەدەبدا،ماڵپەری ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان،٢٠١٥). زۆر کەسیش پێی وایە هۆکارەکە کێشەی هەردوو بنەماڵە بووە( لەبەر ئەوەی پەیوەندی جافەکان و میرنشینی ئەردەڵان لە هەندێ سەردەمدا گرژی تێکەوتووە، جافە کۆچەرییەکان سنوریان بەزاندووە و چەکدارانی میرنشینی ئەردەڵان لێیان هاتونەتە دەستو و لێیان کووشتون).٤(د.ئیبراهیم ئەحمەد شوان، ئەدەبی کۆنی کوردی،٢٠١٢،لا١٦٠).

مەستورە حەسناو ئەدیبە بە حیسابێ

هاتە خەوم ئەمشەو بە چ ناز و عیتابێ

وشەی حەسنا و ئەدیب، لێرەدا وەسف و پیا هەڵدان نییە وەك زانراوە، بەڵکو کەمکردنەوەی حورمەتی ماه شەرەف خانمی ژنی والی سنە بووە، نالی ویستوویەتی بڵێ ئەم ژنە بە ئەدەب و نووسەر و بە حورمەتە ئەمشە و هاتبوو داوای لێکردم سێکسی لەگەڵ بکەم ئەی ئەردەڵانییەکان، ئەمە لەکاتێکدایە توانای ئەدەبی مەستوورە زۆر بەرز بووە زۆر کەس بە هاوشانی (فەخرول عولەما و خانەی قوبادی ومیرزا شەفیع و مەلا وەلەد خان و ئەڵماس خان و مەلا پەرێشان)یان زانیوە.

(Brattstromلە کتێبیur kontesmorker دا باس لەوە دەکات چۆن جەستەی ژن لە چاوی پیاودا بورکانێکە پڕ لە "ویستی جنسی" و میوەیەکە دەبێت لێ بکرێتەوە، پرۆفیسۆر براتسرۆم هەروەها باس لەوە دەکات کە چۆن بەشی زایندەیی ژن دەبێتە شوێنێك کە بەشی زایندەیی پیاو لە

"تیکه گۆشتێك" دەگەیەنێته" نیشانه" و زمان له جنسەوه بۆ دەسەڵاتێك که دەتوانێ ئەوی تر " ژن تاریف بکات)١.(ڕەوف محەمەد پوور، مەستورەی کوردستانی، فیستڤاڵی نەتەوەیی، ل١٠٦).زۆرجار ئەمه له بەغیلی پیاوەوه سەرچاوەی گرتووه که نەیتوانیوه ببێـه خاوەنی جەستەی ژنێك که نیازیەتی هاتووەو هەجووی کردووه، چونکه هەمیشه جەستەی ژن وەك خاڵی لاوازی دەگیرێت.گەر دەقەکەی نالی که وەك دەقێکی ئیرۆتیکی ناسراوه بکەیته بەر تیشکی رەخنه (له روانگەی کۆمەڵناسی ئەدەبییەوه سەرنجی بدەین ئەوا دەردەکەوێت که ئەوه ئەدیب بوونی مەستوورەیه که بۆ نالی تەحەموول ناکرێت، که دەستی دابووه پێنووس و هاتبووه مەیدانی رۆشنبیری و پساندنی بازنەکان، له روانگەیەکی تر نالی وەك روانگەی نەریتی پیاوسالارانه دەرکەوتنی ئافرەتی له گۆڕەپانی رۆشنبیریدا پێ تەحەمول ناکرێت)٢.(س.پ،ل١١١)، بۆیه ئەو دەقه هەجووکردنی مەستووره بووه، جا یان بۆ ئەوەی گۆرەپانەکه چۆڵ بکات، یانیش بۆ ئەوەی چیدی ئەردەڵانەکان شانازی به مەستوورەوه نەکەن و بگره رێگریشی بکەن. لەبەرانبەر ئەو شیعره هەجووی نالیدا مەستوورەش به شیعرێکی هەجوو وەڵامی نالی داوەتەوە:

نالی جافەنی، نالی جافەنی

چێش وا چوون وەتۆ، تۆ که جافەنی

چۆن مەرد بەدکار وەگەزافەنی

پەو که هەر خجل و پووچی لافەنی.٣(د.ئیبراهیم ئەحمەد شوان، ئەدەبی کۆنی کوردی،٢٠١٢،ل١٦١). دەتوانین ئەم شیعرەی مەستووره به یەکەم شیعری هەجووی تۆمارکراوی ژن ناوزەند بکەین، هەرچەنده خەڵکانێکی زۆر گلەییان له مەستووره کرد که وەڵامی نالی داوەتەوه، بێگومان دەستپێکی شیعرەکەی مەستوورەش هاوشانی ئەوەی نالی به سوکایەتی دەستی پێکردووه بەڵام مەستووره سوکایەتی به بنەماڵەی جاف کردووه نەك نالی.

ئەم جۆرە شیعرە(شیعری داشۆرین) لە ئەدەبی زارەکیشدا هەبووە، چ لە پەند و ئیدۆمی کوردی چ لە بەند و حەیران و لاوکدا، کە شایەر یان بەند بێژ کەسێکی دیاری کراو یان چەند کەسێکی بە گۆرانی هەجوو کردووە، لەمرۆشدا گۆرانی جۆری بەند هەیە و دوو بەند بێژ یەکدی هەجوو دەکەن بەڵام ئیرۆتیکی نین، هەرچی لە رابردودایە لەبەرگی ئیرۆتیك و سێکس بوون، زۆرجار کەسێك پارەی دەدا بە شایەرێك کە کەسێکی بۆ هەجوو بکات و هەندێ جار هاورێش بوون و مەبەست تەنیا لێی گاڵتە و سوعەبت بووە.

زۆرینەی شیعری هەجوو هێرشکردنە بۆ سەر ژن، جا رکابەرەکە ژن بێت یان پیاو هەمیشە ژنێك جنێو دەخوات، چونکە بەم رێگەیە هەم شاعیری هەجوو دڵێ ئاو دەخواتەوە کە وەسفی سێکس و ئەندامانی جەستەی ژنی دوژمنەکەی کردووە هەم دوژمن هار و بریندار دەکات چونکە بە پێی پێوەری گشتی لەکەدار کراوە(لەم روانینەدا پیاو و پیاوبوون لە سێکس و توانای سێکسی و تەنانەت ئەستووری و قەوی بوونی نێرینەی دا خۆی دەبینێتەوە. ئەم روانینە روانینێکە پیاو تەوەرە، ئوستوورەی پیاوبوون بە مانا جنسی و سێکسییەکەی کەوتۆتە چەقەوەو ژن بووە بە پەراوێز. پیاو ئەبێت بە بکەر(فاعل) و ژن ئەبێت بە بەرکار(مفعول). ئەم روانینەش روانینێکە لە ڕاستییدا رەگێکی قووڵی لە مێژوودا هەیە. مێژوو بە تایبەت دوای وەرچەرخانی سەردەمی دایك سالاری بۆ باوکسالاری، بە پێی ئەو بنەمایەی (ئیولین رید) بە تیۆری راو ناوی ئەبات، مێژوویەکی دژە ژنە. لە ئوستوورەکاندا ژن بوونەوەرێکی شەیتانیو ناعەقڵانی و ...تاد).١.(مستەفا زاهیدی، سێکسیسم لە ئەدەبدا، ماڵپەری ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان،٢٠١٥).

دەستێکی هەیە (مەستی)یە فەندی لەکەرەمدا

میوانی ئەزیزی هەیە دایم لە حەرەمدا

ئەلحەق ژنەکەی موشفیقە دەرحەق بە غەریبان

سەدگانی بە رۆم داوە هەزاری بە عەجمدا

لە هەمان شیعردا شێخ رەزا پەلاماری دایکی هەجووکراو دەدات و دەڵێت:

هێند کێری هەتیوانی بە کوزدا چووە داکی

دەستێکی شکابوو، بە مناڵی لە شکەمدا

لەسەردەمی ئەمەویەکاندا شیعری داشۆرین دووبارە خۆی زیندوو کردەوەو زیاتر بەرۆکی ژنانی گرت و شاعیرانی ئەمەوی هەرکات بیان ویستبا پیاوێك یان شاعیرێکی نەیار هەجوو بکەن جنێویان بە ژنانی بنەماڵەکەی دەدات ( ئەمەش چونکە شیعرەکە زیاتر جۆش و خرۆشی پێوە دەردەکەوت و خەڵکی شاعیرەکەیان لا پەسەنتر و هەجووکراویشیان لا سوکتر دەبوو، هەروەها لاقەکردنی موقەدەساتی پیاوانی بنەماڵە و دەستبردن بۆ پیرۆزی و حەرامکراوەکانیان هەم بوێری دەویست هەم شکۆی بنەماڵە باسکراوەکەی دەشکاند).١.(د.هادى سدخ زغير العزاوى ود.جميل بدوي حمد الزهري، الهجاء بالمراة، في نقائض جرير والفرزدق،مجلة القادية،عدد١،ص٢٠٠٩،٩٥).

لە مێژووی شیعری هەجوودا و بەتایبەتی هەجووی شیعری عەرەبی هەردوو شاعیری ئەمەوی (جەریر و فەرزدەق ( نموونەی شاعیرانی جنێودەرن، بەتایبەتی دژبە ژنان ( ئەم دوو شاعیر خاوەنی قێزەونترین و بۆگەنترین شیعری هەجوون دژی دایك و خوشك و پوور و کچی یەکتر و تەواوی ئەندامەکانی ژنەکانیان کردووە بە شیعر و یەکتریان پێ داشۆریوە، جگە لەو چێژەی خەڵکی لە جنێوەکانی وەرگرتووە هەندێکیش بۆ چێژی سێکسی خوێندویانەتەوە چونکە شیعرەکان شیکردنەوەی جەستە بوو لە شیعردا).٢.( س.پ ص٩٧).

ئەوە نەبێت شیعری هەجوو کەبەشێکی زۆری ئیرۆتیك و سێکس و پۆرنۆشی لە خۆ گرتووە خاڵی بێت لە بەهای ئەدەبی یان جوانی ئیرۆتیك، دەیان خوێنەر کە ئارەزووی شیعری هەجوو دەکەن نە لایەنگری هەجووکارن و نە هەجووکراو بە دوژمن دەزانن، بەڵکو بەدوای وێنەی ئیرۆتیکی و

جوانناسیەوەن، چونکە لە کوێ ئیرۆتیك هەبێ جوانناسی هەیە و زمان باڵایە و وێنەی شیعری جوان بەدی دەکرێت.

## تەوەری سێیەم

### ١_٣_ائیرۆتیکی فیمێنیستی ( بەرە نگاربوونەوە)

ئیرۆتیك وەك پایەیەکی گرنگ خزاوەتە ناو هەموو بوارەکانەوە، چونکە دواجار وەك پێشتر باسمان کرد یکەم ئامانجی ئینسانیەتە، بوونی ئیرۆتیك لە ئەدەبیاتی و چلاکی فیمێنستیدا شتێکی تازە نییە، چونکە هەمیشە ژنان بەر لە هەر شوێنێکی تریان بەجەستەیان ئەشکەنجە دراون و جەستەیان کراوە بە موڵکی پیاو، بۆیە وەختێ بۆ ئازادی دێنە گۆ جەستەیان بەکار دێنن،( فێمینیزم لەو بزووتنەوە گرینگە کۆمەڵایەتییانەیە کە وادێتە بەر چاو لە ماوەی دەیەکانی رابردوودا بووە بە کۆمەڵێك دیاردەی (جیهانیبوون)، تێگەیشتنی گشتی بەم جۆرەیە کە فێمینیزم وەك بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی یان تییۆرییەکی کۆمەڵایەتی کە لانیکەم لە شکڵ گرتنی سەرەتایی خۆیدا لە رۆژئاواوە سەرچاوە دەگرێ).١(نازەنین بەهین، بەجیهانی بوونی فێمینیزم،تەوار ژمارە١٠٧، ٢٠١١،ل٨٢٤).بۆیە دەبینین تێهەڵکێشکردنی ئیرۆتیك بە چالاکییە کۆمەڵاتییەکانیان هەر لەوێوە سەرچاوەی گرتووە. یەکێك لەو گروپانەی لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانیاندا جەستەی و مەمکی خۆیان بەکاردەهێنن گروپی سینە رووتەکانە، کە بەناوبانگترین گروپن کە میدیاکان بەبەردەوامی چالاکی و بیرەکانیان دەگوازنەوە، (فیمەنە (سینە رووتەکان) بزوتنەوەیەکی فێمنیستیە کە لە ساڵی ٢٠٠٨ لە وڵاتی ئۆکرانیا بناغەکەی دارێژراوە و٧٠٠ ئەندامیان هەیە، ئەم بزوتنەوەیە بە کار و چالاکی خۆیان لەم چەن ساڵەدا لە سنووری وڵاتی ئوکرانیا تێپەڕیون و خۆیان بۆ وڵاتانی تر گواستوەتەوە، کاردانەوەی ئەم بزوتنەوەیە لە بنەڕەتدا دژ بە لەش فرۆشی و بە کەرەستە کردنی ژنان و ناوەندە دینیەکان بوو).٢(علي طائفی، جنبش سینه لخت ها، تریبون زمانه،٢٠١٣)، ئەم بزوتنەوەیە بۆ ئەوەی سەرنجی خەڵك بۆ لای خۆیان

رابکێشن، سینگی خۆیان رووت دەکەنەوە و مەمکەکانیان دەخەنە روو و هەندێ جاریش دروشم لەسەر جەستەی رووتیان دەنووسن، ئەوان پێیان وایە کە جەستەی ژنان چۆن پیاوان دەتوانن بۆ بازرگانی و چێژی خۆیان بەکاری بهێنن ، ئەوە ئەمانیش دەتوانن لە جەستەی خۆیان کەڵك وەربگرن بۆ ئەوەی دژ بە پیاوسالاری و هەموو جۆرێك هەڵاواردنی رەگەزی و جنسی ببنەوە. جەستە گرنگییەکی زۆری مادی و مەعنەوی هەیە و مێژوو زۆرترین جۆری دەربڕینی نارەزایی بەخۆیەوە بینیوە، هەر لە دەنگ و دەست و هوتاف تا جەستە، بەهاری عەرەبی بە سوتاندنی جەستە دەستی پێکرد کە ( المحمد بوعزیز) ی هاوڵاتی تونسی گڕی لە جەستەی خۆی بەردا بۆ گەیاندنی پەیامەکەی و ئاگری شۆرش لە تونس داگیرسا و جەستە گەیەنرێکی بەهێز بوو، هەرچەندە ئەم بزوتنەوەیە تازەیە، بەڵام یەکەم خۆرووتکردنەوەی ژنان دژ بە جەوری پیاوان بۆ خانمە گۆدۆڤا (١٠٤٠_١٠٧٠)دەگەڕێتەوە کە وەك یەکەم فیمینیستی سینگ رووت ناسراوە، لەسەدەکانی ناوەراست و رێك لە سەدەی یازدەهەمدا لە وڵاتی ئینگلستان، لە شاری کۆڤەنترى لیۆفریك ئارڵ مارسیا سەرۆك شارەوانی بوو، باج و خەراجی زۆری خستبووە سەر جوتیارانی ناوچەکە، جوتیارەکان سکاڵایان بۆلای قەشە و پیاوانی ئایینی برد و ئەوانیش سکاڵای خەڵکیان گەیاندە خانمی گۆدۆڤا، کە رێز وپایەی لای خەڵك بەرز بوو، ئەویش چووە لای مێردەکەی و داوای سوکردنی باجی سەر شانی خەڵکی شارەکەی کرد و ئەویش لە وەڵامدا وتی" سووککردنی باجی سەر شانی خەڵکی وەك ئەوەیە وایە تۆ بەرووتی بچیتە دەرەوە، ئایا تۆ ئامادەی کاری وا بکەی بەو هەموو پایە و رێزەوە کە هەتە؟ ژنەکەش لە وەڵامدا وتی بەڵێ، سەرۆك شارەوانی وتی گەر تۆ توانیت وەها کارێك بکەی من خەڵکەکە دەبەخشم، ئەو پێی وا بوو خانم گۆدۆڤا ناتوانێت ئەو کارە بکات، چونکە ژنێکی سەنگین و ناسراو بوو رۆژی دواتر گۆدۆڤا بەتەواوەتی خۆی روتکردەوەو بەسواری ئەسپەکەی چووە سەر شەقام و ناو شار، خەڵکی بۆ ئەوەی خانم گۆدۆڤای سەنگین تەریق نەبێتەوە دەرگاکا و پەنجەرەکانیان بەست و چوونە ماڵەکانیان ومێردەکەشی لە باجی خەڵکی خۆشبوو،)١.(بڕوانە پێگەی ایرانیان انگلستان، http://iranianuk.com/

بەکارهێنانی جەستە بڵاو ترین جۆری چالاکی فێمنیستەکانە و هۆکاری بەکارهێنانی جەستە و خۆ رووتکردنەوە بەدوو خاڵ دەبەستنەوە، یەکەم ئەوەیە کە جەستەی رووتی ژن لە هەموو شتێك زیاتر سەرنجی خەڵکی رادەکێشێت و بەمەش پەیامەکەیان دەگات، هەروەها ژنان بەجەستەیان بەند دەکرێن چ لە رووی کۆمەڵایەتییەوە چ حوکمی ئایینەکان بەسەر ژنەوە بارێکی قوورسە، ( عەلیا مەهدی کچە لاوێکی میسری (ئاتۆیست)ە و بەهۆی بیرکردنەوە ناکۆکەکانی لەگەڵ کۆمەڵگە و ئایینی ئیسلام بۆ ئەورووپا هەڵات و لەوێ دەستیکرد بە چالاکی فێمینی و بەردەوام جەستەی خۆی رووت دەکاتەوە دژی کۆمەڵ و ئاین و عەلیا دەڵێت ( ژن کەرەستەی سێکسی نییە، من دژی ئەو سیستمەم ژن وادەبینێ، دژی کۆت و بەندی کۆمەڵایەتیم، چونکە کۆمەڵ پێویستی بە شۆرشێکی دیکەی کۆمەڵایەتییە، بۆ چاککردنەوەی چەمکەکانی ئەوین و چێژ و و ئازادی )١.( بڕوانە (http://www.yemeress.com/aladhwaa/3435. هەروەها عەلیا بەبەردەوامی وێنە و ڤیدیۆی خۆی و هاورێ کوڕەکەی وچەند کچێکی تر لە پێگەی تایبەتی خۆی بڵاو دەکاتە و جەستەی خۆی بۆ ئازادییە کۆمەڵایەتییەکان و هەروەها بۆ گەیاندنی پەیامی سیاسی بەکار دەهێنێت، ( ساڵی٢٠١٢ عەلیا بەتەواوەتی خۆی رووت کردەوەو دژی دەستووری میسری وەستا و لەسەر جەستەی نووسی" شەریعەت دەستوور نییە و ئاڵای میسری بەرز کردەوە)٢.(د.رافد علاء الخازعي،التعري النضالي و رهاب التعري،صوت العراق،٢٠١٣). چونکە دەستووری نوێی میسر کە لەسەر بنەمای شەریعەت بوو، ژنانی ناچار دەکرد بە پێێ شەریعەتی ئیسلامی مامەڵە بکەن و لە سەرووی هەمووشیەوە جەستەیان داپۆشن، بەواتا ئازاد نەبن.

لێکوڵەرەوان بڕوایان وایە، کە جەستەی ژنان بەردەوام لە مێژوودا وەك بەشێك لە بزوتنەوەی دژ بە هەڵاواردنەکان کەڵکی لێ وەرگیراوە، ( لە ساڵەکانی ١٩٠٠ لایەنگرانی مافی دەنگدانی ژنان مانیان لە خواردن گرت و کاتێك کە بڕیاری گیرانی ژنەکان درا ژنان لە جەستەی خۆیان کەڵکیان وەرگرت بۆ دەرباز بوون، هەر وەها لە ساڵی ١٩٦٨ گروپێك لە ژنان لە شاری ئاتلانتیکی ئەمریکا کۆبوونەوە و ستیان و برژانگی دەسکرد و پشتوێتی چەرمیان هەڵدایە ناو خاشاکەوە وەك ناڕەزاییەك دژی هەڵاواردن و توندوتیژی). ٣(علي طائفي، جنبش سينه لخت ها، تريبون زمانه،٢٠١٣).

له دەیەی حەفتا و هەشتای سەدەی رابردووشدا، زۆرینەی ژنە چالاکوانە سویدیەکان بە نیشاندانی سینگی خۆیان دژ بە سێکسی کردن، سینگیان ستیانەکانیان فڕێ دایە دەریاوە( بەناو بانگترین تابلۆی شۆرشی فەرەنسی لە سەدەی هەژدەیەمدا، تابلۆی ئازادییە، لەو تابلۆیەدا شۆخێکی فەرەنسی سینگ و بەرۆکی والآیە و پێش پیاوانی شۆرش کەوتووە و ئاڵای شۆڕشی فەرەنسی بەدەستەوە گرتووە وەك بڵێی ئازادی لە رووتیدا بەرجەستە دەبێ).٤(پێشڕەوی سەید برایم، روتەمەنی لە ئەدەبی فلکلۆری کوردیدا،ل٢٦٧).مرۆڤ کاتێك جەستەی ئازاد نییە و کلتور و نەریتی باوی کۆمەڵ و ئایینەکان ناچاری دەکەن بیشارێتەوە وەك ئەوەی جەستە پیس و عەیب بێت، ناتوانێت ئازاد بێت، یان لە ئازادی بدوێت. ئازادی رەهای مرۆڤ جەستەیەتی، ( گوڵشیفتە فەرحانی ) کچە ئەکتەری فەرەنسی بەرەگەز ئێرانی کاتێك لە بەردەم کامێرا خۆی رووتکردەوە و وێنەکانی بەتەواوی دونیادا بڵاو بوونەوە مەبەستی وروژان و نیشاندانی وێنەیەکی ئیرۆتیك و رەهەندە ئیرۆتییکیەکانی جەستەی نەبوو، بەڵکو گەیاندنی پەیامێکی فێمینیستی بوو، سەبارەت بە وێنەکانی وتی (کاتێك بەڕووتی ڕۆیشتمە بەردەم کامێرا، دەمویست بڵێم: تەماشام بکەن. تەماشای ئەم ڕووخسار و جەستەیە بکەن. ئایا من ترسناکم؟ ئایا هەست دەکەن هەڕەشەتان لێکراوە؟ ئایا خەریکم هەڕەشەتان لێدەکەم؟ ئەگەر وەڵامەکەتان بەڵێیە، کەواتە تەماشام بکەن. زۆر بەدیقەتەوە تەماشام بکەن چونکە بۆخۆتان باشە).١ FRANCE inter radio)، بەدیوێکی تر واتا جەستە جوانە و جوانی دەبەخشێت و وەردەگرێت و ئیرۆتیکی بوونی جەستە مەترسی نییە، وەنەبێت تەنیا ئیرۆتیکی فیمێنیستی لە چالاکی فێمینەکاندا رەنگدانەوەی هەبێت بەڵکو لە ئەدەبیاتیشدا رەنگیداوەتەوە و دەیان شیعر و دەقی ئەدەبی هەن ئیرۆتیکی فێمێنیستانەن و ژن بەجەستەی بەرگری لە ئازادییەکانی کردووە، لە ئەدەبی ژناندا ئیرۆتیك وەك چەمکێکی کارا رۆڵێکی نوێ و گرنگ دەنوێنێت بەوەی ((ئافرەتی نوێ چیدی شەرم لەجەستەی خۆی ناکات و لە جل و بەرگی پان و پۆڕدا بیشارێتەوەو هەمیشە ترسی ئەوەی هەبێت بەهۆی جەستەیەوە راو بکرێت).٢(حمید طولست ظاهرة الكتابة الايروسية عند المرأة،موقع رسالة الحب،٢٠١٥)، یان بەکەم بڕوانێتە جەستەی چونکە هەمیشە بوەتە مایەی ئازاردان و پەراوێز خستنی و یەکەم چەوسێنەری ژن جەستەی بووە، چونکە پیاو هەمیشە وەك جەستە ژنی بینیوە و ژنیش زۆرجار خۆی وەك جەستەیەك کە موڵکی پیاوە تەماشای خۆی کردوە، بەڵام لە ئەدەبدا ژنانی بوێر کە سەرمەشقی ژنانن دەبنە رچەشکێن و نەریت شکێن و چی دی ناترسن لە جەستەیان بەڵکو وەك بەشێکی گرنگ لەخۆی نیشانی دەدات، ساقی قەهرەمان ژنە شاعیری فارس بوێرانە شیعری ئیرۆتیکی و پۆڕنۆیش دەنوسێت و هاوکات چالاکی بواری ژنان و مافەکانی مرۆڤە و سەبارەت بە شیعرە

**ئیرۆتییکیەکانی خۆی دەڵێت" من لە شیعرەکانمدا بەدوای سەلماندنی هەویەتی ژنێتی خۆمم).٣.(گوتوبێژێك لەگەڵ ساقی قەهرەمانی، گۆڤاری وێران ژمارە ٦ ساڵی ٢٠١٠ لاپەرە٥٩).**

**مۆمەکە و**

**شوشەی شەرابەکەی**

**تێ دەبڕم**

**هێشتا دڵۆپێك لە شەو ماوە**٤.(ساقی قەهرەمان، گ.وێران، ژ.٦،٢٠١٠، ل٦٠).**لێرەدا حاڵەتی ئیرۆتیکیەکە یان سێکسرکردنەکە لە جۆری سێکسی خودیی یان تەنیایە ( دەسپەڕ کردن)، کە ساقی زۆر ئازادانە لە دیدارەکەیدا باسی کردووە، بەڵام رستەی هێشتا دڵۆپێگ لە شەو ماوە دەکرێ بە دوو جۆر لێکدانەوەی بۆ بکەین،**

**یەکەم: دڵۆپەکانی شەو بەمانای هێشتا ئارەزووی زیاترم تیایە ، یاخود توانای زیاترم تیایە بۆ سێکس.**

**دووەم: بەمانای هەرچەندە دەخۆمەوە و سێکس دەکەم کەچی هێشتا شەوی تەنیایی من درێژ و درێژ دەبێـەوە، ئەمەش دەچێتە چوار چێوەی ئیرۆتیکی جۆری خەمۆك.**

**کاتێك شتێك لە تاك قەدەغە دەکرێت و تاك دەکەوێتە بەر دوو شەپۆلی قەدەغەکار کە چاوێی رەقیبە و حەز و ویستەکانی، ئەوکات یان دەرووخێت گەر نوسەریش بێت داهێنان دەکات و دەکەوێتە بەر شەپۆلی بەهێزی نەستی،(نووسین کەدیوێکی واقیعە و دیوەکەی دی خەیاڵە هەوڵێکە بۆ بەدیهێنانی واقعی نیوە ناچڵ و خەونی بەدی نەهاتوو، بەپێی شیکاریە دەرونییەکانی فرۆید بۆدانەر( نووسەر، هونەرمەند) ئەوە ئاشکرا دەکات داهێنان و کردەی ئەفراندن پەیوەستە بەلایەنی دەرونی و بوونی گرێ لە ناخی دانەردا، فرۆید دەڵێت کە هەموو نووسەرێك هەڵگری کۆمەڵێك گرێی دەروونییە کە بەتێپەر بوونی کات بۆی دروست بووە)**١.(هێرۆ کوردە،رەخنەی دەروونیی و کردەی ئەفراندن، رۆژنامەی(ئەزموون) ،٢٠١١ ، ژ ٢٥ ، ل٣). **( لە کۆتاییەکانی سەدەکانی رابردوو لە جیهان بەگشتی وڵاتانی رۆژهەڵات و ئیسلامیش، ئیرۆتیك کەوتە ئەدەبی ژنانەوە**.٢.(حمید طولست ظاهرة الكتابة الايروسية عند المرأة،موقع رسالة الحب،٢٠١٥)، **چ وەك پێویستییەکی مرۆڤی و چ وەك رێگایەك بۆگەیاندنی دونیای ژن و ئاریشەکانی بەهۆی هەستیاری بابەتەکەوە، ئەمەش وەنەبێت هەروا بە ئاسانی بەسەر کۆمەڵگاکاندا تێپەر بوبێت بەڵکو تووشی نەفرەتی دامەزراوە ئاینییەکان و پیاوانی ئایینی و کۆمەڵگە بووەتەوەو دەیان جاریش ئەو جۆرە کتێبانە لە بازارەکاندا کۆکراونەتەوە.**

**تەسلیمە نەسرین***، بەهۆی شیعرە والآو ئیرۆتیکییەکانییەوە کە بەگشتی ڕێگایەك بوون بۆ هۆشیارکردنەوەی مێینە، کەوتەبەر نەفرەتی کۆمەڵگاو لەلایەن فەندامێنتاڵەکانی بەنگلادیشەوە فەتوای کوشتنی حەڵاڵکرا.**

**شاعیری ناوبراو لە شیعرێکی ئیرۆتیکی فێمینیستیدا دەڵێت:**

**ئایا ژن ناتوانێت بەبێ پیاو بژیت؟**
**ئۆه... چ لۆژیکێکە، تارماییە ئەو لۆژیکە..**
**بەه بەه**
**ئەو تۆپەڵە هەڵدە.٣٤(س.پ، ل ٦٤ )**

*(تەسلیمە نەسرین)وەك نووسەرو شاعیر و پزیشکێکی ژن لە کۆتاییەکانی سەدەی ڕابردودا دەکەوێتە بەر هەڕەشەی توندەرەوەکانی بەنگلادیشەوەو بەسەرەتای کافرکردنی کۆمەڵگای بەنگلادیش ناو زەند دەکرێت).٣(_ژن، دەق، فەتوا،ژیان و شیعری تەسلیمە نەسرین،و: عەزیز ڕەئوف،٢٠٠٨، لا٥ و ٦٥).

**بەروونی دیارە ئەم دەقە فێمینیستانەیە و داوا لە ژنان دەکەن بەبیانووی ئەوەی ناتوانن بێ پیاو بژین خۆیان کۆت و بەند نەکەن و وەك کائینێکی بێ دەسەڵات و پاشکۆی پیاو درێژە بە ژیانیان نەدەن، چونکە بیانوویەکی نا ئەقڵانییە، لە درێژەی ئەو دەقەدا شاعیر زیاتر مەبەستەکەی دەگەیەنێت و توندتر و ڕوونتر قسە دەکات و دەڵێت"**

**مەهێڵە تاسەر ئەرخەوان باوەشت پیا بکات**

**مەچۆرە جەنگەڵی مێشە ژەهراوییەکانەوە**

**خۆت فرێدە ناو ئەو چێژە خۆشەوە**

**تۆ هەم تیرت هەیەو هەم کەوان**

**کچی باش دەی دەسەپر بکە.**١(تەسلیمە نەسرین، ل ٦٤).

(**ئازادییە جەستەییەکان هەمیشە ئەڵقەیەکی گرنگ و پڕ بایەغی گفتوگۆی فەیلەسفو و زانایان بووە و بە ئازادی دەروونی بەستراوەتەوە، جەستەی ژنیش خاڵی سەرکی تەوەرەکە بووە، چونکە بەرلە پیاوان جەستەی ژنان قەدەغە کراوە، یان قسە لەسەر ئازادکردن و قەدەغەکردنی کراوە)**.٢(د.رافد علاء الخازعي،التعري النضالي و رهاب التعري،صوت العراق،٢٠١٣). **بۆیە لە ناو کوردەواریدا زۆرجار لە کاتی کێشە و تەنگ هەڵچنین بە ژنان ژنان بە سەخترین شێوە خۆیان دەسوتێنن و پەیامی (من بێزار بووم) دەگەیەنن. (رووتبوون کاردانەوەیەکە دەمانگەیەنێتەوە بۆ ماکێکی رەسەنی رابردوو، رووتبووین ئازاد بووین، کاتێ داب و نەریت و یاسا جۆر بەجۆرەکان، رێگەی رووتیان لێ گرتین، ئەو ئازادییەشمان تەسك بووەوە، لە زۆر حاڵەتیشدا لە دەستماندا)**.٣(پێشڕەوی سەید برایم، رووتەمەنی لە ئەدەبی فلکلۆری کوردیدا، ل٢٧).**بە ئاشکرا رۆژانە دەبینین ژنانی نووسەر و ژنانی فیمێن لە رووی جەستەییەوە ئازادترن و سەریان ناپۆشن و زۆرجاریش جلی نیمچە روت دەپۆشن، بەڵام ژنانی نائازاد و ژنانی ئاین پەروەر بەرلە هەموو شت جەستەیان دەپۆشن. بەڵام فێمینەکان بە چالاکی و رێگەی جۆراوجۆر داوای ئازادی بۆ بیر و جەستەیان دەکەن و لەگەڵ ئازادییە سێکسییەکان دان، وەك چۆن بۆ پیاو هەیە بۆ ژنانیش هەبێت، ( لە بیست ساڵی رابردوودا، لە قۆناغی زێڕینی خێزاندا، ژیانی سێکسی ژن وەك ئەو ڕاپۆرتەیIFOPدا هاتووە،لە ساڵی١٩٥٩دا خەمناك دێتە پێش چاو، لە باشترین حاڵەتدا تروپکی سێکسی راستەقینە لە٣٠بۆ٤٩ ساڵیدا بووە، زۆربەی ژنانیش دان بەوەدا دەنێن کە لە داواکاری مێردەکانیان تێناگەن)**١.( ماریزگاسپار،و ئاوات محەمەد،قۆناغەکانی ئازادبوونی سێکسی، گ، تەوار،ژ.٣٦،ل٣٦٦). ژنانی فیمێنەکان زۆربەی جار لەگەڵ پیاوانی ئایینی و ئاینپەروەران رووبەروو دەبنەوە و کاری فێمینەکان بە قێزەون ناو دەبەن، لە ئایینی ئیسلامدا جەستە پۆشی بۆ ژن فەرزە و ژنانی باڵاپۆشی **ئیسلامی ئەمە بە ئازادی راستەقینە ناودەبەن(لەوانەیە باڵاپۆشی بریتی بێت لە پراکتیزەکردنی ئازادی شاردنەوەی کەسێتی لەلای هەندێك لە ژنان، بەڵام بۆچی ژنان پەنا بۆ ئەم شێوازە نهێنی و شاراوەیە دەبەن، ئایا مرۆڤێك هەیە بە شاردنەوەی کەسێتی ئازاد بێت، پراکتیزەکردنی ئازادی زۆر پێچەوانەیە لەگەڵ ئامرازەکانی خۆحەشاردان)**٢.(عەبدوڵڵا ئیبراهیم، و.نیازمحەمەد فاتیح،مامەڵەی مێینە

تەنها لە روانگەی جەستەوە،تەوار ژمارە٣٦،ل٤٦). ئەمینە تێلەر کە کچە چلاکێکی تونسی بوو لە ساڵەوەگەری رۆژی سەبەرستی تونسدا وێنەیەکی خۆی بلاو کردەوە کە بەتەواوەتی مەمك و سینەی رووتە و لەسەر سینەی پەیامی خۆی گەیاندبوو( ئەمینە دژی نەریتی کۆمەلایەتی جەستەی خۆی نمایش کردوو لەسەر جەستەی نووسیبووی جەستەم موڵکی خۆمە، نەك سەرچاوەی شەرەفی کەسێك، و ئەمەش وەك پاڵپشتی لە مانگرتنی ژنانی تونس کرد و پاشان لە دۆخی نادیاردا ئەمینە ون بوو)٣.(د.رافد علاء الخازعي،التعري النضالي و رهاب التعري،صوت العراق،٢٠١٣).ئەوەی فێمینەکانی ئەوروپا دەیکەن ناوی (شۆرشی رووتبوونەوە)ی لە خۆ گۆتووە و مەبەست لێیّ ئەوەیە ئەوەی رووبەرووی ئێمە دەبێتەوە بەهۆی جەستەمانەوەیە، یان تەماعتان لەجەستەمانە و دەستمان بۆ دەبەن تا لەمسی بکەن یان بیبینن، یان پێتان وایە لاوازە و وەك ئێوەی پیاوان نییە، ئێمە نیشانتانی دەدەن تا تێر بن لە بینینی و چیتر ئەزیەتمان نەکەن، لە بەهاری عەربیدا دەکرا شۆرشێکی هاوشێوەی شۆرشی روتبونەوەی رۆژئاوا بخولقێت ( هۆکاری شکستی شۆرشی رووتبونەوەی ولاتانی عەرەبی بەهۆی ئەوەوە بوو هەم هەوڵەکانیان تاك تاك بوو، هاوکات هەڵەیان دەکرد کە توند هێرشیان دەکردە سەر چەندین شت لە یەك کاتدا و کەوتنە بەر لێشاوی هێرشی راگەیاندنەکان و پیاوی ئایینی و راستەوخۆ بە سۆزانی و لاسایی کەرەوەی رۆژئاوا ناوبران و دواجار ونبوون)١.(عندما تتعرى النساء، موقم الاسبوعية،٢٠١٢). لە رەمەزانی ساڵی٢٠١٥ لە شاری سلێمانی ژنێك بە جلێکی نیمچە روتەوە لە بازڕدا کەوتە بەر هێرش و هوتافی سەدان گەنج و پیاو و ئەمەش نارەزاییەکی زۆری چالاکە کۆمەلایەتییەکان و ژنانی فێمێنیستی لێکەوتەوەو ئەوکات هەڵمەتێکیان راگەیاند بۆ دەرکەوتن بە جلی رووت و جەستەی نیوە رووتەوەو ماوەیەکی زۆر بەردەوام بوون وەك وەلامێك بۆ ئەوکەسانەی جەستەی ژن بە عەیب دەزانن. ساڵی ٢٠١٣ کاتێك ئەمریکا هێرشی کردە سەر عێراق کچە هونەرمەندی شێوەکاری سووری دانیشتووی ئەمریکا هالە فەیسەڵ دژی ئەم کارە وەستا و لە شاری نیۆرك و لە گۆرەپانی شار جەستەی خۆی رووت کردو لەسەر سینگی نوسیی " شەڕ راگرن" بێگومان پەیامەکەی ئەم ئینسانیانە بوو کە لە ماڵ وێرانییەکانی جەنگ دەترسا. بەلام دەیزانی جەستە لە هەرشتێکی تر زیاتر چاوەکان بەرەو خۆی کێش دەکات، مەرج نییە فێمینەکان تەنیا چالاکی مەدەنی بن، زۆرجار نووسەرن و هەڵگری بیری فێمینن و بەردەوام هەوڵ دەدەن لە بەرهەمە ئەدەبییەکانیان یان فیکرییەکانیاندا قسە لەسەر مەسەلەی ژن و حەرامکراوەکان بکەن و رووبەرووی

کۆمەڵگەی پیاو دۆست و ژن نەویست و ئاینەکان ببنەوە، (هێلین سیکوس) کە یەکێکە لە دیارتین بیرمەندەکانی سەردەم و تایبەتمەندە بەرخنەگری جێندەری، ئەوە دووپات دەکاتەوە و پێویستیەکەی دەسەلمێنێ، کە نووسینەکانی تایبەت بە ژنان بڕۆن بەرەو جەستە و تایبەتمەندییەکانییەوە، داوا لە ژنانیش دەکات جەستەیان بخەنە ناو نوسینەکانیانەوە).٢(عەبدوڵلا ئیبراهیم،و.نیازمحەمەد فاتیح،مامەڵەی مێینە تەنها لە روانگەی جەستەوە،تەوار ژمارە٣٦،لا٤٨). ئەمەش پێی دەوترێت رەخنەی ئەدەبی فێمێنیستی، کەبەرهەمەکانیان لە شێوەی (فیلم، ڤیدیۆ، دەقی زانستی،کۆمەڵایەتی، یان فەلسەفە و ئەدەبی و هونەری و شانۆ و نمایشی بێ دەنگ.....تاد، (ژێدەری دەقی نوێی رەخنەی ئەدەبی دەگەڕێتەوە بۆ ڤێرجینا وۆلف وسیمۆن دو بۆڤار و شیلا رو بوتام و لین سێگال و هیلاری وین وایت).٣(بەیان عەزیزی، رەخنەی ئەدەبی فێمینیستی، گ، تەوارژ.٣٣،لا١٤٣).

١_٣_٢کەل و پەلی ئیرۆتیکی

نەك تەنها وێنەو نووسینی ئیرۆتیکی بوونی هەیە کەرەستەو کەل و پەلی دیش هەن کە دەچنە ناو پۆلێنی ئیرۆتیکەوە، ئیرۆتیك گەر لە ئەدەبدا درز بێت و شوێنێکی قایم و مسۆگەری نەبێت ئەوە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا شوینەکەی قایم و هەمیشە ماوەیە. چونکە بەشێکی گرنگ و دانەبڕاوەیە. بواری کەل و پەلی ئیرۆتیکی زۆر جۆرو لقی لێدەبێتەوە ئێمە لە جل و بەرگەوە دەست پێدەکەین و لایەنی ئیرۆتیکی دەخەینە بەرباس.

رەنگی ئیرۆتیکی

رەنگی ئیرۆتیکی بە واتای ئەو رەنگانەی هەوەس بزوێنن و ئارەزووی سێکی دەبزوێنن بێگومان لە کات و شوێنی خۆیدا،(سیمبولیزمی رەنگەکان، کاری دەست نیشانکردنی کۆی ئەو پەیوەندییە هیزرییانە یە کە لە نێوان رەنگەکان و رۆڵی کۆمەڵایەتی و بەهای رەوشتییاندا هەیە).١(سەرکاو هادی، ناسینی رەنگەکان، سوور، گ.ژن،ژمارە١٠،لا٣٦)، هەر رەنگێك و کاریگەری و ئاماژەی تایبەت بەخۆی هەیە و

**کەسەکان لە حەز و ویستنی رەنگەکاندا جیاوازن، (زانایانی دەروونناسی گەیشتونەتە ئەو راستییەی رەنگەکانی دەوروبەری تاك کاریگەرییان لەسەر رەوشت و مامەڵەی رۆژانەی و ژیانی هەیە و راستەوخۆ رۆڵیان هەیە لە تووشبوونی تاك بەنەخۆشییە سایکۆسۆماتییەکان یان جەستەدەروونی).**٢.(شیرین کامل، معاني الالوان في علم النفس، موقع برق الضاد،٢٠١٢)، **بۆنموونە رەنگی سەوز کە بەرەنگی زەوی و رەنگی ئارامی ناسراوە و دڵەراوکێی و نارەحەتی ناهێڵێت ( لە زۆرینەی ئایینەکاندا رەنگی سەرگۆڕی کەسایەتییە ئایینیەکان و پەرۆی شەخسەکان و کڵاو و مووروی دەروێش و سۆفیان سەوزە)**.٣.(سەرکاو هادی، رەنگی سەوز،گۆڤاری ژن، ژ.١٢،ل٣٦). **رەنگەکانیش دوو جۆرن:**

**رەنگی موجەب+ " ئەو رەنگانەن کە ساردن و تاك ئارام دەکەنەوە وەك شین و سپی و سەوز**

**رەنگی سالب_ " رەنگە گەرمەکانن و تاك تووشی پەلەکاری و هەڵچوون و تورە بوون دەکەن.لە بواری ئەڤین و سێکسیشدا رەنگەکان کاریگەری خۆیان هەیە، بۆنموونە هێنانی گوڵی سپی لە نێوان خۆشەویستەکاندا نیشانەی نیازپاکییە، هەربۆیە جلی بووك سپییە، هەروەها گوڵی سوور نیشانەی ئەویندارییە، بۆیە عاشقەکان زیاتر گوڵ و دیاری رەنگ سوور بۆ یەك دەبەن وەك ئاماژە بۆ رەنگی خوێن و دڵ کە سەرچاوەی ئەوینە. رەنگ لە بنەرەتدا وزەیەکی رووناکی شەپۆل ئامێزە، کاریگەری و زەبزەبەی رەنگێك لەگەڵ یەکێکی تر جودایە، وەرگرە تیشکاوییەکان رەنگەکان وەردەگرن و و وەریدەگێڕنە سەر سێ رەنگە سەرەکییەکە کە بریتین لە سەوزو شین و سوور، رەنگەکان وەك تیشك دەچنە لەشمانەوەو دەبنە مایەی دەردانی هۆرمۆنگەلی تایبەت و گۆڕانکاری ئەوتۆ روودەدات کە کاریگەری لەسەر رەفتارەکانمان دەبێت)**.١.(نجاح عبدالرحمن المرازقة،اللون و دلالاته في القران الكريم، ٢٠١٠،ص ١١). **بۆیە هەر تاکێك ئارەزووی رەنگێك دەکات لە حاڵەتی سێکسیشدا جۆرە رەنگێك دەیوروژێنێ و بە پێچەوانەشەوە رەنگێکی تر تووچی هەڵچوونی دەکات و لەوانەشە بەبینی ئەو رەنگە حەزی سێکسی لەدەست بدات.**

**١_٣_٣رەنگی سوور**

رەنگی سوور بەوە ناسراوە کە وروژێنەرە، بەتایبەتی پیاوان بە رەنگی سوور دەوروژێن و ئەوە بۆیە زۆربەی جار رەنگی جلی خەوی ئافرەتان سوورە، هەروەها قەڵەم لێوی سوور لە رەنگەکانی تر سێکسی ترە،

چیدی ئەو پەنجە سپیە تەنکانە

بەو لێوە پڕە سورانەت مەکروژە.١(زانا خەلیل دەستپێکی دەستپێکێکی نوێ، هەولێر،٢٠٠٨ ،ل ٢٦)

لە گۆرانییەکی کوردیشدا هاتووە:

لیمۆ هەی لیمۆ، لیمۆی شیرازی

سەرپەنجەت سوورکە لیمۆگیان، بۆ شەو دەستبازی

چونکە پیاوان بەریەك کەوتنێکی گەرمیان لەگەڵ ئەم رەنگەدا هەیە( رەنگی سوور فشاری خوێنی پیاوان بەرز دەکاتەوەو لێدانی دڵ خێرا دەکات و هانی پیاوان دەدات بۆ ئەڤین و سەر جێی).٢( سر لون الاحمر فى الجنس، http://zawaj.createboard.net/t29-topicرەنگی سوور لە هەمان کاتدا هێمای شەریشە و هێمای خۆشەویستیشە، چونکە ئەم دوو چالاکییەی مرۆڤ هەرچەندە کە پاڵنەر و ئامانجیان پێچەوانەیە، هەمان بنەمایان هەیە، سوری خوێنی شەهیدان و هەمان سووری دڵی عاشقانە،چونکە لە عیرفان و سۆفیزمدا شەهیدبوون و عاشقبوون هەمان واتای هەیە کە گیانبەخشینە بەیار).٣( سەرکاو هادی، ناسینی رەنگەکان، سوور،ل٣٦) پێڵاو بەتایبەتی پێڵاوی پاژنە بەرز بەهۆی ئەو دەنگەی لەکاتی رۆیشتن دروستی دەکات، هەروەها بەهۆی دیزایینە جوانەکەی و گۆڕینی رۆیشتنی ژن لە ئاساییەوە بۆ لەنجە، هەمیشە وەك کەرەستەیەکی ئیرۆتیکی و وروژان تەماشا دەکرێت.

**دەمەو ئێوارە بە خشکەیی خۆی بەناومدا دەکاتەوە**

**ئەو ئێوارانەم بەبیر دەهێننەوە کە بەتەنوورە**

**شینەکە و پێڵاوە سوورەکانمەوە دەهاتمە سەر پشتت**

**و هەڵبەز و دابەزم دەکرد.**١(نیگار نادر، بۆ ئەوەی هەرچی هەتەو نیتە بە من بچێ، ٢٠٠٦، ل١٧). **وەك دەبینین سەرەڕای ئەوەی شیعرەکە خۆی ئیرۆتیکە، هاوکات پێڵاوەکە لە کردارەکەدا زۆر ئیرۆتیکانە دەرکەوتووە، لە گرتە ڤیدیۆییە سێکسییە بازرگانییەکاندا، زۆربەی جار کچەکان پێڵاوی پاژنە بەرزیان لە پێییە، زۆربەی جارانیش سوور و ڕەشە، ئەمەش لەبەر ئەوەی وروژێنەرە.**

**ژنانی سپی پێست هەمیشە بە ڕەنگی سوورەوە جوانتر و ورژێنەر تر دەردەکەون چونکە ئەو دوو ڕەنگە زۆر بەیەکەوە دەگونجێن ، ( لە شارستانییەتی فیرعەونی ڕەنگی سوور زۆر بەکارهاتووە و پیرۆز بووە بەتایبەتی سووری قرمزی، پاشان کراوە بەرەنگی پەرستەگە و شوێنە ئایینییەکان و پەیکەرەکان، هاوکات لە کۆمەڵگە کانی پێشوو بە پێی دەسەڵاتی چین ڕەنگ دابەشکراوە و ڕەنگی سوور ڕەنگی لۆردەکان بووە).**٢(نجاح عبدالرحمن المرازقة،اللون و دلالاته في القران الكريم، ٢٠١٠،ص ٣٥).

**بەڵام پێیە سپییەکانت**

**لەنێو ئەو جووتە پێڵاوە سوورەدا**

**لە هەموو جوانییەکان جوانترن..**

**سەیر نەبێ لات**

**من عاشقی پێیە سپییەکانتم**

**لەنێو ئەو جووتە پێڵاوە سورانەدا.**٣(زانا خەلیل، دەسپێکی دەسپێکێکی نوێ،هەولێر،٢٠٠٨ ،ل ٢٢). **دەبینین لەم دەقەدا ڕەنگی سوور چ وێنەیەکی شیعری جوانی خوڵقاندووە و خوێنەر یەکسەر هەست بە و جوانییە**

دەکات کە ئەم دوو رەنگە دروستیان کردووە. لە ناو کوردەواریشدا تازە بووك بەردەوام جلەکانی سور و ئەو رەنگانەنەیە کە نزیکن لەسوورەوە، بۆیە زۆربەی کات بەتایبەتی لەدەیەکانی رابردوودا بوکەکان جلی کوردی سوریان دەپۆشی، هەروەها تا ماوەیەك لەماڵەوەش جلی سووریان دەپۆشی و ئەمەش زۆرجار دەبووە هێمای ناسینەوەو جیاکردنەوەی بوکی تازە لە ژن و کچەکانی ناو خێزان لەلایەن خزم و کەسانی بێگانەوە، مەبەستی سەرەکی ئەمەش بۆ پێدانی جۆش و خرۆش بووە بە زاوا و پەیوەندییەکە، هەروەها ( لە ئەورووپا رەنگی سوور هێمای پاشایەتی و دەسەلاّت دارانە). لەگەڵ ئەوەشدا تەنیا لە٪۱۰ تێکڕای خەڵکی راەزووی رەنگی سوور دەکەن.کەژاڵ ئەحمەدی شاعیر خاوەنی دەقێکی بەناو بانگە بەناوی ( بەتەنوورەیەکی کورتی سوورەوە) کە دەڵێ"

شیعرم بە شەو نم خۆی ئەشوا

ئینجا بە تەنورەیەکی

کورتی سوورەوە ئەگەڕێ

با ویقاری جلی سەردەم

کەمێ تەریق ببێتەوە

شیعرم قۆڵ دەر ئەخات و

قاچ رووت ئەکا و

لاسایی نێرگز و گوڵەباخ ئەکاتەوە

بە تەنوورەیەکی زۆر کورتی سوورەوە

تۆ شەرم لە ناسینەوەی

خۆم و شیعر و دڵم ئەکەیت.۱(کەژاڵ ئەحمەد، دیوانی کەژاڵ ئەحمەد، ۲۰۰۷، ل ٤۲۳ و٤۲٤).ج

## ١_٣_٤رەنگی رەش

رەنگی رەش بە گشتی بە رەنگی ماتەمگێری و تازیە باری و خەمۆکی ناسراوە، لە زۆربەی شارستانییەتەکاندا لەکاتی مەرگی یەکێك یان بۆ نیشاندانی هاوخەمی و ماتەمینی لەبەر دەکرێت،(لەسەدەکانی ناوەراستدا جەنگێکی هزری هەبوو لە نێوان ئەوانەی پێیان دەوترا ( ڕەنگدۆستەکان) و (دژە ڕەنگەکان)، ئەمانە کەسانی زانای ئایینی بوون، رەنگ دۆستەکان پێیان وابوو رنگەکان سەرچاوەی ئاسمانییان هەیە و دژە رەنگەکانی بە پێچەوانەوە دەیانوت رەنگەکان لە شەیتانەوە هاتوون و ئەم شەرەش بە سەرکەوتنی رەنگدۆستەکان کۆتایی پیێ دێت)١.(سەرکاو هادی، رەنگی شین، گ ژن، ژمارە١٣،٢٠١٦،ل٣٤).

بەگشتی رەنگی رەش بۆ ماتەم و خەمگینی و کەسەرە، بەلاّم ئەوە حاشا هەڵنەگرە کە رەنگی رەش رەنگێکی بە ویقار و جوانە و ژنانی سپی پێست هەمیشە ئارەزووی دەکەن،

ئێوارە دێت

ئەو دێت

پانتۆڵێکی رەش

قاپوتێکی رەش

کراسێکی رەش و

دووچاوی رەش

لە دوورەوە خەمبار دیارە

لە دوورەوە تەڕایی چاوی بریسکەی دیێ.٢(لازۆ، کراس رەش،٢٠٠٧، ل٨٩ و٩٠). لەوانەیە بڵێن ئەم دەقە کوا رەش تێیدا ئیرۆتیکییە؟ کاتێك پیاوێك خەمگینە و لەبەر کۆست و کەسەریێ رەنگی رەشی پۆشیوە

زۆر سەرنج ڕاکێشە بەلای ژنەوە، چونکە بەهۆی خەمەکانییەوە لاواز دەردەکەوێت و هێزی نزیک بوونەوە بەژن دەدات و بە بیانووی تیماری برینانی ،ژن جڵەوی هەموو شتێك دەگرێتە دەست.

هاوکات ڕەش، ڕەنگێکی ئارامیشە، هەرچەندە بەکارهێنانی هەرەمەکی و بەردەوامی ئەم ڕەنگە دەبێتە مایەی تووشبون بە خەمۆکی،( ڕەنگی ڕەش هاوڕێی دەروونی مرۆڤە، هەندێ جاریش دژ و بێ هێزکەرە، ئەمەش بە پێی کات و شوێنی دەرکەوتنی دەگۆڕێت، دەلالەت لە هێز و ڕەسەنی و لاوێتی دەکات، شاعیرەکان بەگشتی بۆ ڕەنگی چاو و ڕەنگی قژی خۆشەویستەکانیان بەکاریان هێناوە و هەمیشە ڕەنگی ڕەش و چاو و قژ هاوشوێنن لە شیعردا).١(احمدعبدالله محمد حمدان، دلالات الالوان في شعر نزار قبانی، ٢٠٠٨،٤٣).

دێتە بەرامبەرم لە چاوانم دەڕوانێت

من خەمی قاوەیی پشت چاوە ڕەشەکانی ئەخوێنمەوە.٢(س.پ.ل ٤٤)

لەحاڵەتی تایبەت وەك بوونی یەکەم ژوانی کورو کچێك کچەکە زیاتر ڕەش  دەپوشێت چونکە وەك دەڵێن دەبێتە شاژنی ئەو ژوانەو جۆرێك لە ئارامی دروست ئەکات و کچەکە وەك کەسێکی سەنگین و ئارام و خاوەن کەسایەتیەکی بەرز دەردەکەوێت، ڕەنگی ڕەش لە سەروشتدا هەمیشە ڕەنگی ماتی و کزی و تەنیاییە، شەوی تێر و تاریك و نوتەك، دیارترین وشەن لە شیعری ڕۆمانسی و سۆزداریدا دەردەکەون، چونکە ئەڤین و ماتی و سکون گرێدراوی یەکترن).٣(نجاح عبدالرحمن المرازقة،اللون و دلالاته في القران الكريم، ٢٠١٠،ص٣٧). لە شیعری جاهیلیدا ڕەنگ کاریگەری و دەلالەتی تایبەت بەخۆی هەبووە ( لە شیعری ڕۆمانسیدا ڕەش هەمیشە بۆ چاوی یار و پرچی مەعشوق بووە، هەروەها بۆ ڕاوو و شەڕیش بەکار هاتووە، چونکە بازوو و ورە و غیرەتی ویستووە).٤(امل محمود، عبدالقادر ابو عون، اللون وابعاده في الشعر الجاهلي،٢٠٠٩،ص١٠٢).

(لە زانکۆیەکدا ڕاپرسی کرا بۆ هەڵبژاردنی ڕەنگی ئارام، ٤٩٥ قوتابی لە هەردوو ڕەگەز ڕەنگی ڕەشیان وەك ڕەنگی ئەڤین و متمانە و ئارامی هەڵبژارد کە وادەکات گەنجان سەرەنجیان ڕابکێشرێت بەرەو یەکتر).٥(د.خالد محمد عبدالغني، سایكولوجیة تفضیل الالوان،موقع المنال،٢٠١٣،دراسة). هاوکات ڕەنگی

**ڕەش ڕەنگی مانەوە و پێداگرییە و ڕەنگێکی هەمیشەییە.کۆکۆ شانێلی، خاوەنی گەورەترین خانەی دیزاین و وەبەرهێنانی جل و بەرگ و بۆن و جوانکاری سەبارەت بە ڕەنگ وتویەتی( جوانترین ڕەنگ لە جیهاندا، ئەو ڕەنگەیە کە لێت دێ).**

**ئەو پەنجانەت دەپەرستم**

**کە چەند ڕۆژێ**

**ستیانە ڕەشەکەتی پێدەکەیتەوە و**

**لە ڕۆژێکیشدا چەندین جار**

**ستیانە سپییەکەتی پێ دادەخەی.١(زانا خەلیل، کتێبی شێوازەکان،٢٠٠٧،ل١٢).هەر چەند لێرەدا هاوشانی ڕەنگی ڕەش ڕەنگی سپی هاتووە بەڵام ئەوە روونە کە ڕەنگی ڕەش جوانترە چونکە لەگەڵ ڕەنگی پێستدا هارمۆنیەت دروست دەکات.**

**ڕەنگی ڕەش زاڵترین ڕەنگە لە شیعری عەرەبیدا، هیچ ڕەنگێ جگە لەڕەش بەسەریدا سەرنەکەوتووە ئەمەش ئاساییە چونکە ڕەنگی ڕەش لە هەمو ڕەنگەکان واتادارترە، ئەم ڕەنگە لە زۆرترین شتەکانی ژینکەماندا هەیە).**٤(امل محمود عبدالقادر ابوعون، الشعر ودلالاته في الشعر الجاهلي،٢٠٠٣،ص٦٠).

**تەنانەت شاعیرانی جاهیلی ستایشی ڕەشییان کردوە چونکە پێیان وابووە ڕەشی دەبێتە مایەی زیاتر دەرکەوتنی سپێتی و هەروەها کل کە ڕەشە دەبێتە مایەی جوان دەرکەوتنی چاوو و هەروەها پاراستنی، لە سەردەمی جاهلیدا پووکی دەمیش بە کل ڕەش دەکرا بۆ بۆنخۆشکردن و پاراستنی، نابیغە لە وەسفی پووکی ڕەشکراودا گووتویەتی"**

تجلو بقادمتي حمامة ايكة     بردا اسف لثاثة بالاثمدي

ئەمەش نیشانەی جوانی ژن بووە، شاعیرانیش وەك خاڵی جوانی و سەرنج کێشی باسیان کردووە و ژنی پووك رەش سەرنج کێش بووە.٢(بڕوانە سەرچاوەی پێشوو).

هاوکات ئەسپی رەش لەلای شاعیرانی جاهیلی و خەڵکی ئاساییش بەنرخ و رەسەن بووە، تەنانەت زۆرترین شیعر بۆ ئەسپی رەش نووسراوە، وتراویشە ئەسپی رەش بۆ فرۆشتن نیە مەگەر عەیبدار بێت. عەنترە ئەلعەبسی زۆرترین شیعری بۆ رەنگی رەش وتوە و زۆرێك لە لێکۆڵەرەوانی شیعری جاهیلی بۆ ئەو ستەمەی دەگەڕێننەوە کە لە ژیانیدا لێی کراوە، هەروەها پێیێ وا بوە کە ئەو قافیلەیەی کە ژنێك تێیدا زێد جێدەهێڵێ ئەسپەکانی رەشن، بەو واتایەی ئەوەی ژن دەبات شوومیە.

فیها اثنان و اربعون حلوبة سودا كخافية الغراب الاسحم*

*سەرچاوەی شیعرەکان هەمان سەرچاوەی پێشووە.

نیگار نادریش رەنگی رەشی بێبەش نەکردووە لە دەنگی شیعری و ژنانەی خۆی و لە شوێنێکدا دەڵێت:

شاڵە رەشەکەم لە شانەکانم وەردەپێچمەوە و

دڵنیادەبم کە بوومە نیشتمانی

پیاوێکی لە بیر نەچوو.١(نیگار نادر، بۆ ئەوەی هەرچی هەتەو نیتە، ٢٠٠٦، ل ١٣٦).دەبینین رەنگی رەشی زەق کردووەتەوەو بە متمانەوە دەڵێت بەم شاڵە رەشەمەوە دەبمە شوێنی هەمیشەیی مانەوەی پیاوێك، دیارە رەنگە رەشەکە هۆکارە.

## ١_٣_٥بۆن و ئیرۆتیك

بۆن دوا شته له زاكیرەی تاكدا بسڕێتەوه، كەسانێك كه بەهەر هۆیەك بن له ژیانماندا دەردەچن، سەرەتا دەنگیان و پاشان روخساریان له زیهنماندا ون دەبن، بەڵام بۆنیان دەمێنێـەوه(بۆن هەرچەنده دیاردەیەكی فسیۆلۆژی و بایەلۆژییه، بەڵام هۆكارێكی گەورەیه بۆ دەستنیشانكردنی پێوەندییه كۆمەڵایەتییەكان .پاڵپێوەنەرێكی گەورەی سێكسییه، دەستنیشانكەری حەزەكانی مرۆڤه .ئەگەر بۆن پێكهاتەیەكی كیمیایی بێت، بەڵام لەو لاشەوه پێكهێنەری كەشوهەوای پێكەوەبوون و لێكداپچڕانه) [١](سەلاح حەسەن پاڵەوان، بۆن و سێكس، پێگەی باس،٢٠١٥).

بەدەنگی دێوانەیەك هاوارت كرد

پەردەكەت لاده تەنیاترین ژن

ئیتر من نه فریای ماكیاژكردن كەوتم

نه كۆكردنەوەی نامەكانی عەشق

ئێوارەیەك هاتیت و سەرجێگاكەمت له بۆنی رۆما

كچێنیمت پڕكرد له نووری خۆت.[٢](لازۆ، كراس رەش، ٢٠٠٧، ل٧٣).

بۆیه زۆربەی جاران ئەویندارەكان بۆن بەدیاری بۆ یەكتر دەبەن، هەروەها لەكاتی چوونه ژوان و پەیوەندی سێكسی هەردوولا بۆنی سەرنج راكێش له خۆیان دەدەن، تا بۆنی یەكتر هەڵمژن و بۆن لای یەكتر جێ بهێڵن، شوێنەكانی لێدانی بۆنیش بەپێی بۆنه دەگۆڕێت، ئەوەی نیازی ئاوێزانبوون و جووتبونی هەیه بۆن له سینگ و لامل و بن گوێچكەكانی دەدات بۆ چالاككردنی كردەكه .

بۆنت لە هەردوو مەمكم دێت

ماچكردنی پەنجەكانت بە ماچكردنی

گەردەنی كۆتران دەچێ.١(نیگار نادر، بۆ ئەوەی هەرچی هەتەو نیتە، ٢٠٠٦، ل١٢١).

(بۆنی سێكسی، یەكێكە لەبۆنە سەرنج راكێشەكان، كە بۆ مەبەستی تایبەت و شوێنی تایبەت بەكاردێت، بۆنەكان زیاتر بۆنی میوەو بۆنی چوكلاتەو خواردنەكان بە گشتی، وادەكات زیاتر هەستی لەیەك نزیك بوونەوە لەنێوان كەسەكاندا رووبدات، وەكو یادگارییێكی خۆش ئەم بۆنە لەبیریان دەمێنێتەوە).٢(پێگەی زاری كرمانجی، .http://www.zarikrmanji.com)

دەزانم ئیستێ ردێنت دەتاشی بۆنی

سابونەكەی لەوێرا دێ و ناوی

خۆم لە بیر دەباتەوە.٣(نیگار نادر، بۆ ئەوەی هەرچی هەتەو نیتە، ل ١٦٦).

ژوانەكان و پەیوەندییەكان تەواو دەبن و بۆنەكان دەبنە بیرەوەری و مرۆڤ لەكاتی دووبارە بەریەككەوتنی لەگەڵ هەمان بۆن، دووبارە یادگەی هەمان رووداو و كەس دەێنێتەوە، بۆنەكان بەردەوامی بە ئینسانەكان دەدەن لە زاكیرەی یەكتردا، لە پەیوەندییە ئیرۆتیكییەكاندا بۆن رۆڵی خۆی هەیە، دەتوانێ كردەكە بەتەواوی بكوژێت گەر هاتوو بۆنەكە قورس بوو، یان ناخۆش بوو، یان كەسەكان بۆنی خورادنی ناخۆش و بۆنی دیكەیان لێدەهات، بەڵام بۆنەكان و بۆنی گوڵ جەستە هاندەدات بۆ قبوڵكردن و راكێشانی بەرامبەر. ( بۆنكردن یەكێكە لەهۆكارەكانی وروژاندنی سێكسی. عەتر كاریگەری بەسەر وروژاندنی وزیاتركردنی ئارەزووی سێكسی هەیە. زۆرجار بۆ وروژاندن هەستی بۆنكردن هیچی كەمتر نییە لە هەستی بینین. تەنانەت وتراوە" عەتر چەكی دەستی ژنە لە بواری سێكس".تەنانەت چەندین نموونەی مێژوویی بەناوبانگ هەیە كە ژنان لەرێگای بەكارهێنانی بۆن توانیویانە سەرۆك و پیاوە بەناوبانگەكانی مێژوو بخەنە داوی خۆیانەوە).٤(پێگەی نوچەنێت، .http://www.nuche.net)هەروەها هەندێ بۆن دەبنە ناسناوی كەسەكان، مارییە ئەنتوانێتی ژنی

لویسی شازدەهەم داوای لە بۆنچییەکانی فەرەنسا کرد ، بۆنێکی بۆ دروست بکەن تایبەت بێت و هەموو کەس ئەو بەبۆنەکەی بناسێتەوە، ئەوە بوو بۆنەکەی بۆ دروستکراو لە کاتی شۆرشی فەرەنسی و هەڵاتنی ماری ئینتوانێت دەوترێت بەهۆی بۆنەکەیەوە دۆزراوەتەوە. بۆن وادەکات مرۆڤ لە یەك کاتدا ملیۆنان خانەی مێشکی بێـە دەنگ، جا گەر بۆنەکە خۆش و ئارام بوو ئەوە بەرکەوتوو زیاتر دەوروژێت، ئەوە بۆیە ئایینی ئیسلام بەکارهێنانی بۆنی بۆ ژنان حەرام کردووە و بە زینای ناوبردووە، چونکە بۆنی خۆش دەبێتە مایەی وروژان تەنانەت گەر روخساری کەسەکە دزێویش بێت.

سەرەتا دروستکردنی بۆن وەك کردەیەکی هونەری تەماشا کراوە، پاشان مرۆڤ بەهرە و زیرەکی خۆی بەکارهێناوە بۆ کردنی بەکەرەستەی جوانکاری و ورژان، لە کۆگاکانی بۆندا هەمیشە بۆنی سێکسی، زۆرترین فرۆشی هەیە، چونکە هەردوو رەگەز بەردەوام وەك نێچیر دەڕواننە یەکتر و بەردەوام چەکەکانیان تازە دەکەنەوە، بۆنیش چەکێکە کاریگەرە.( دکتۆرە فەوزیە ئەلدەریع لە کتێبی) بۆن و سێکس (چووەتە نێو دنیایەکی ئالۆزەوە و وردبینانە باس لە پێوەندییەکانی بۆن بە جیهانی ناوەوە و دەرەوەی مرۆڤەوە دەکات، ئەو لەم کتێبەدا لە مێژووەوە دەست پێدەکات .یەکەمین سەرچاوەی پەیدابوونی بۆن تا ئەم ساتەش بەپێی بۆچوونی ئەو نەزانراوە، بەڵام ئەو لە هیندەوە دەست پێدەکات . کۆماساترا فەلسەفە و بڕوایەکی تایبەتە لە بواری باخەڵخوازی و شەوسەرینی و پەڕیندا، پێی وایە بەبێ بۆن ناکرێ مومارەسەی هیچ جۆرە پێوەندییەکی ڕۆحی بکرێت)١.(سەلاح حەسەن پاڵەوان، بۆن و سێکس، باس نیوز،٢٠١٥ )، ئەمە چ وەك نەریت ماوەتەوە چ وەك کاریگەری، ئەوانەی زیاتر ئەڤیندارن و پەیوەندییەکانیان لە دەرەوەی هاوسەرگیرییە پتر بایەخ بەم خاڵە دەدەن، بەپرسێکیماڵێکی لەشفرۆشی کە بەمەبەستی سازکردنی دیدارێکی رۆژنامەوانی سەردانم کرد سەبارەت بە جوانکار لەشفرۆشەکان وتی" ئەم کارە ئەوەندەش ئاسان نییە لەشفرۆش و کڕیارت هەبێ، دەبێت ژنەکان لە رووی جەستە و رەنگی قژ و بۆنەوە بەدڵی کڕیارەکان بن، هەندێ پیاو هەن کێشەی سێکسیان نییە دێ و لوت دەنێن بە سنگی ژنەکانەوە، گەر بۆنی ئەمان خۆش نەبێت کڕیارەکان دەڕۆن، منیش مانگانە پارەیەکی زۆر بە بۆن و جوانکاری سۆزانییەکانم دەدەم.

(پیاو زیاتر به هەستی بۆنکردن دەروژێن و گەر ڕێکەوتی ژنێك بکەن کە هەمان بۆنی ژنێکی بەکارهێناوە کە لە زاکیرەی ئەمدا ماوەتەوە لە رووی دەرونییەوە ئامادەن بۆ سێکسکردن و دەربڕینی خۆشەویستی، چونکە بۆن وێنەی کەسەکان لە مێشکدا دەکولێت).١( العطر وتاثيرها الجنسي، http://aljens.info/).لە رۆژی زەماوەندا هەردووك لە بووك و زاوا بەتایبەتی لە کوردەواریدا لە ژێر فشارێکی زۆری دەرونیدان، بۆیە بۆن و میهرەبانی و هەست و سۆز دەبیت هەبێت بۆ کرانەوەو شکانی ترس و دڵە راوکێ(بووك پێش ئامادەکردنی بۆ شەوی زاوزێ دەیەها بۆن و بەرامە بەکاردێنێ تا سەرنجی زاوا ڕاکێشێ و هەستی سێکسی لا بوروژێنێ .هەناسەش لێرەدا ڕۆڵی گرنگی هەیە بۆیە هەوڵ دەدرێ جەستە بۆندار بکرێ بەبۆنی خۆش، هەناسە بە پاککردنەوەی دەمودان و نەخواردنی خواردنە بۆن دروستکەرەکان).٢(سەلاح حەسەن پاڵەوان، بۆن و سێکس، باس نیوز،٢٠١٥).

دواجار تەنیا جەستەی جوان و قسەی عاشقانە نین کە دەتوانن وروژان دروست بکەن، چونکە لووتیش بە ئەندازی چاو و گوێ ئارەزووی نیزکی و تێرکردن دەکات، بۆنەکان بۆیە دروست بوون تاکو مرۆڤەکان نزیکتر ببنەوە لە یەکدی. بۆنەکان هەڵگری گەرم و گوڕین و ئەو گەرموگوڕییەش بارگاوییە بە یادەوەری شاعیر لەگەڵ کات یان کەس کە زۆربەی جارەکان مەعشوقە ئەو کەسە، (بۆنەکان زیندوون لە شیعردا، بۆنچییەکان گووڵەکان لە مردن دەپارێزن کاتێك دەیانکەن بە بۆن) .٤(باسل عبدالعال،دراسة بحثية عن العطر في الشعر العربي،موقع باسل عبدالعال،٢٠١٥)، ئەوەی وا دەکات بۆن ئیرۆتیکانە بێت ئەو کاریگەرییە زۆرەیەتی لەسەر مێشکی تاك و داگیرکردنی خانەی تایبەت بەبۆن، کە لەگەڵ هەموو بەریەککەوتنێك لەگەڵ ئەو بۆنە کەسێك، لەشی کەسێك، بۆنی بن گوێ و لاملی کەسێکت بیردەکەوێتەوە، هیچ شتێك بە ئەندازی بۆن کاریگەری و جێ پێ لەسەر دەروون و کات و یادەوەری کەسەکان جێناهێڵێ، بۆیە کچانی پێشوو نامە ئەویندارانەکانیان بەبۆنەکانی لەشی خۆیان بۆندار دەکرد تا کار بکەنە سەر مەعشوقەکانیان و بۆنەکانیان ون نەبێت، (کۆکۆ شانێل ساڵی١٩٢١بۆنی شانێل پێنجی دروست کردو تا ئەمڕۆش ئەو بۆنە لە ریزبەندی یەکەمی سێکسیترین بۆنی ژنانەدایە بەهۆی زۆری پێکهاتەکانییەوە، هەروەها بۆ ئەوەی خۆشی کاریگەری لەسەر خەڵك دروست بکات هەموو رۆژ و لە بەیانیاندا ماڵەکەی بە شانێل٥ بۆندار دەکرد).١(ریهام

عبدالوهاب،كوكوشانيل، صاحبة العطر الانوثة المطلقة،موقع دوتمصر،٢٠١٥). **چونكە بۆن كاريگەرى راستەوخۆ و بەهێزى هەيە لە بزواندنى خانە هەستيارەكانى مێشكى بەرامبەر و زوو دەكەوێتە بەر كاريگەرى و هيچ دوور نييە دوو كەس تەنيا بەهۆى بۆنێكى خۆشەوە سێكس بكەن.**

# بەشی دووەم

## ئیرۆتیك لە ئەدەبی کوردیدا

### تەوەری یەکەم: ئیرۆتیك لە شیعری فۆلکلۆری کوردیدا

### تەوەری دووەم :شیعری  فۆلکلۆری ئیرۆتیکی لە زاری ژنانەوە

### تەوەری سێیەم: ئیرۆتیك لە شیعری کلاسیکی کوردیدا

# تەوەری یەکەم

## ئیرۆتیك لە شیعری فۆلکلۆری کوردیدا

### ٢_١_١ ئیرۆتیکی ئاشکرا لە شیعری فۆلکلۆری کوردیدا

لە دەقی ئیرۆتیکیدا دوو جۆر ئیرۆتیك هەن، ئاشکرا و شاراوە، شاراوەکەش زۆر جار بە ١_سیمبولی تایبەت و هەندێ جاری دیش بە ٢_ سیمبولی ئاشکرا و باو گوزارشتی لێ دەکرێت بۆنموونە"

کانی دەم، ناو ڕان

سێو هەنار، پرتەقاڵ، لیمۆ= مەمك .........هتد

کاتێ تەماشای دەربڕین وزمان و کەرەستەکانی نووسینی شیعری فۆلکلۆری دەکەین زیاتر مۆرکی لادێی پێوە دیارە،(بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان ئەوە دەردەخەن کە زۆربەی زۆریان لە سنووری ژیان و گوزەرانی گوند و دێهاتەکانی کوردستان دەدوێن، شایەران و خاوەنی بەرهەمە فۆلکۆرییەکان پێ دەچن پتر خەڵکی گوندەکان بن).[1]( پێشڕەو سەید برایم، رووتەمەنی لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا ٢٠٠٨،لا٣٨)، ئەمەش نەك هەر لە رووی زمانەوە بگرە لە رووی ئاشکرایی و بێ پەردەیی و بوێریشەوە کاریگەری هەبووە، چونکە خەڵکی لادێی کوردەکان کراوە و بوێرترن لە دانیشتوانی شار.( مەبەست لێرەدا ئەوەیە کورد لە کەش و هەوایەکی سادە و ئازاددا گوزەران دەکات).[2](هەمان سەرچاوە،لا٤٠).

نموونەی ئەو دەقە شیعرییانەی کە بێگومان کراون بە گۆرانی و لاوك و حەیرانی زۆرترین وێنەی ئیرۆتی ئاشکرا لە خۆ دەگرن بۆ نموونە"

رەسوڵ گەردی هونەرمەند لە حەیرانێکدا دەڵێت"

حەیران هەمینە

گەردەنی زەردە، مەمکی هەنگوینە

روومەتی گووڵە، سینگی سپینە

دەبینن هیچ سیمبولێکی بۆ مەمك بەکار نەهێناوە و راستەوخۆ وتویەتی مەمك، هاوکات سینگیشی بەتەنیا بەکار هێناوە کە مل تا ناو مەمك دەگرێتەوە.

باران دەبارێ دەیدا لە بانی

خۆزگە یەخە بام لەسەر مەمانی

بەگشتی شیعری فۆلکلۆری کوردی مەمك و سینگ دەکاتە کەرەستەی ستایش و پیاهەڵدان و خۆشەویستی، چونکە هەر لە دێر زەمانەوە ئەمە زیاتر رێ پێدراو بووە. چونکە کورد کاتێ لە ناوچەیەك پێکەوە دەژین هەموو خۆ بە کەسی یەکدی دەزانن و ئەوینداری نێوانیان نیازپاکییە نەك ئابروبەری

بێنە سەر دڵم پەنجەی شمشاڵت

بێنە بیمژم دوو لێوی ئاڵت.[1] (مەحمود زامدار، بۆنی هەڵاڵان دێ،٢٠٠٩، ل ١٧).

نموونەیەکی تر بۆ لاواندنی کچی هەرزەکار و منداڵتر و چواندنی لەشی بە بەرهەمی کاڵ و پێنەگەییوو

نەمامم دەچاند باغم بەر بێنی

لە جیاتی لیمۆ سێوی کاڵ دێنی.[2] (هەمان سەرچاوە، لا١٧).

بێگومان لیمۆ مەبەست لێی مەمکی گەورە و پێگەیشتووە، بەڵام وادیارە دانەری ئەم دەقە چاوەنوارییەکەی بەرهەمێکی خراپی بووە و مەمکی یاری بچووك و کاڵە.

زۆربەی زۆری گۆرانی کوردی ناوەرۆکێکی بەرزیان هەیە کە دەربڕین لە رەنگدانەوەی باری مێژووی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و داب و نەریتی گەلە).[3] (د.شوکریە رەسول، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی بەشی٢، ل ١١٥).بۆیە بوونی ئەو ژمارە زۆربەی دەقی ئیرۆتیکی و گۆرانی ئەڤیندارانەی جوان

گوزارشت لەوە دەکات کورد هەمیشە ستایشی ئەوینی کردووە و هیچ شیعر و چیرۆکێکی بێ ئەویندارى ئەوساو ئێستاش نییە و نەبووە.

ئەو کچە زەرد و تەنکە

لەبۆخۆم دەیگەوزێنم

جۆت شەمامەی سەر سینگی

بەپەنجان دەگوێنم.[1] (د.شوکریە رەسول، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی بەشی٢، ل١٩٩).

وەك دەبینین لێرەدا جگە لە باسکردنی مەمەك نووسەر نیازی خۆی بۆ سێکسکردنێکی شێتانە کە دەستەواژەی (گەوزاندن+ گواندن)ی بۆ بەکارهێناوە، دەخاتە روو، هەرچەندە گەوزاندن سیمبولە بەڵام لێرەدا زۆر بە روونی دیارە نیازی سێکسکردنە.

کورد لە کوێستان و لادێ و زۆزانان هەمیشە ژن و پیاوی نزیك بەیەك بوون و پێکەوە کار و فرمانیان ئەنجان داوە، بێگومان نزیککەوتنەوەی دوو دڵ و دوو گیان و دووجەستە، ئەوین و تامەزرۆیی دەبزوێنێ( نزیك بوون و تێکەڵاوی نێر و مێ هەستە ئەوینییەکان و سێکسییەکان دەورووژێنێ).[2](پێشرەوی سەید برایم، رووتەمەنی لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا، ٢٠٠٨،ل٥٥). هەموو ئەو گۆرانی و دەقانەش بەرهەمی ئەو بەریەك کەوتنانەن، کە بێگومان تەنیا کوڕان دەقی شیعری و ئیرۆتیکیان نییە کچانیش هەیانە و هەوڵ دەدەم دواتر و بەتەنیا باسی بکەم.

میللەتی کورد لە رابردوودا هەرچەندە لەکار و فەرماندا ژنی ماندوو دەکرد بەڵام هەمیشە رێزی گرتووە( خێزانی کوردی ئارەزووی کردووە نۆبەری کوڕ بێت کە کیژیش بووە پێی وابووە بەختەوەر و بەختیار و بەختدار دەبێ، بۆیە کورد گووتویەتی (نوبەرت کیژ بێت و بەختت تیژ بێت).[3](هەمان سەرچاوە، ل٧)، بۆیە دەبینن ئەو هەموو شیعر و گۆرانییە بەسەر ژن و لەش و لارو و ناز و سیحر و جەستەی ژندا وتراوە،

یارم وەختێ لەخۆی دا دەستە پەرێزە جۆێی

زەردەمەمکانی گۆواینە، لەبەر هەمی مەرۆیە.[١] ( هەمان سەرچاوە لا٧٨).

دەبین جگە لە ناوچەی هەولێر لە ناوچەکانی دیکەش ئەم جۆرە شیعرە، ئیرۆتیکی ئاشکرا هەن و لە ئەدەبیات و شیعری فۆلکلۆری ناوچەکەدا بەزۆری رەنگی داوەتەوە، بۆنموونە ئەدەبیاتی فۆلکلۆری ناوچەی گەرمیان، هەرچەندە نەریتەکان لەگەرمیان توندتر بوون.

ماڵمان ماڵ هاوسێ ماڵ وە پەڕەوە

ماچ کردن خۆشە شان وەجەڕەوە.[٢](هەردەوێل کاکەیی، هەڵبژاردەیەك لە هۆنراوەی فۆلکلۆری کوردی ناوچەی گەرمیان، بەرگی،٢،١٩٩٥، ل٦٤).دەبین لێرەدا جۆری ماچ کردنەکە ماچی لەناکاو و زەفەر بردنە، دانەر دەیەوێت وەختی یاری ماچ بکات کە جەڕە( دەفرێکە بۆ هێنانی ئاو لەکانی بەکارهاتووە) لەسەر شانییەتی، لەم کاتەشدا کچە دەستەکانی گیراون و ناتوانێ رێگری بکات.

شیعرەکەی تەواو دەکات و دەڵێت:

شەڵڵا لەو جەڕە ها لەسەر شانت

جارجار ئەترازێ وەسەر مەمانت.[٣](هەردەوێل کاکەیی، هەڵبژاردەیەك لە هۆنراوەی فۆلکلۆری کوردی ناوچەی گەرمیان، بەرگی،٢،١٩٩٥، ل٦٤). دەبین شاعیر خۆزگەی خواستووە وەك جەڕەکە جارجار بخزابایەتە سەر مەمکی یاری.

لە شوێنێکی تردا دێرێکی دیکەی تەواو ئیرۆتیك هاتووە دەڵێت"

دەمەکەت بێرە تێر تێر بیمژم

ئەگەر نایەڵی دا خۆم بکوژم.[١](ئەردەویل کاکەیی، هەڵبژاردەیەك لە هۆنراوەی فۆلکلۆری کوردی ناوچەی گەرمیان، بەرگی٢، ١٩٩٥ل٦٥).

له فۆلكلۆردا لەبەر ئەوەی كۆمەڵگەكە كۆمەڵێیك كراوە بووە، دەبینین لە پەیوەندی ئەویندارێدا عاشق هەمیشە داوای رامۆسین و نزیكایەتی جەستەیی لە یار كردووە، ئەمەش بەهۆی باوەڕی كورد بووە بە ئازادی نەك هەوڵی ئەتككردنی ژنانیان.

من باخەوانی باخی جوانی تۆم

كەچی بێ بەشی نارج و لیمۆم.[٢] (مەحمود زامدار، بۆنی هەڵاڵان دێ، ل١٩).

عاشق لێرەدا بە وینداڕەكەی دەڵێ من تۆم خۆشدەوێ و جوانیت دەپارێزم، بەڵام تۆ ناهێڵی چێژ لە مەمكت و جەستەت وەربگرم.

وەنەبێت كورد هەروا و لەخۆرا شیعری نوسیبێت، بەڵكو لە هەموو بۆنە و بەزمێكدا شیعری تایبەتی هەیە، لەو بەزمانەشدا بێ یەك و دوو ئەوین و ئیرۆتیك خۆیان خزاندوەتە پیت و رستەكانەوە،( هەروەك و مێژوویەك گەلی كورد لە هەموو كات و سەردەمێكدا خەریكی ئیشكردن بووە).[٣] (د. شوكریە،ئەدەبی فۆلكلۆری كوردی،٢٠٠٨ ل١٢٦). بۆیە لە هەموو بوار و جۆرەكارەكاندا شیعری خۆی وتووە، ئەمەی خوارەوە نموونەی عەشق بازی و جەستە نزیكی ژن و پیاوە لەكاتی دروێنەدا.

های نەرمە نەرمە نەرمە

هاوینان چەندە گەرمە

زستاتان شەختە و سەرمە

هاتم نەرمێ راموسم

كیژۆڵێ عەیب و شەرمە.[٤] (د. شوكریە،ئەدەبی فۆلكلۆری كوردی،٢٠٠٨ ل129).

دەبینین ژن و پیاو لەكاتی دروێنە كە بەتەواوەتی دونیا گەرمە دەكەونە بەر شانی یەكتر و تینی جەستە و كەش وادەكات ئارەزوی یەكتر بكەن و لەناو مەڵۆیان دەیان جار ئەڤینداری كراوە، لێرەدا كچ كە دەست بۆ رانی بردراوە وتویەتی عەیبە وامەكە، بێگومان ئەمەش ناز و مەكری كچانە بووە.

## ٢_١_٢ ئیرۆتیکی نا ئاشکرا ( داپۆشراو ) له شیعری فۆلکلۆری کوردیدا

زۆرجار پەنا بردن بۆ سیمبول و پەردە لە ئەدەبیات بە گشتی و شیعر بەتایبەتی لەبەر سانسۆری کۆمەڵایەتی، هەندێ جاریش بۆ جوانتر نیشاندانی بەرهەمە، ئێمە لە بەشەکانی پێشتر باسمان لەوە کرد زۆرجار شاراوەیی شیعر جوان دەکات، بۆیە سیمبولەکان ( چوێنراوو،پچوێنراو) لە شیعردا گەر جوان بەکار بهێنرێت ئەفراندنە.

مارم پێوەدا سەرکلکی سوور بێ

قەبرم لە قەبری بێوەژن دوور بێ

مەرکەز مەعمووری عیلاجم بکات

لەدەست بێوەژنێ قورتارم بکات

دانیشتینە لە بن قەراتێ

گازم دەکاتن خورمام دەداتێ.[1] (ئەسعەد عەدۆ، کەلەپووری کوردەواری، ٢٠١٥، ل٢٣٩).

بێوەژن لە فەرهەنگی کوردیدا بۆ کلۆڵی و تەنیایی بەکاردێت، بەڵام زیاتر بۆ ئالووش و زەوق و ئەزموونی سێکسی باوە، لەم دەقەشدا دانەر باس لەوە دەکات کە دەرەقەتی توانا و حەزی بێوەژن نایەت و لەدەستی هەڵدێ، ئەمەش هەلگری واتایەکی نادیاری سێکسیی.

لەتاو بێوەژن دەچمە سەر دارێ

بەدوو قسەی خۆش دەمهێنتە خوارێ.[2] (هەمان سەرچاوە، ل٢٤٠).

لێرەدا بەروونی دانەر باس لە زۆرزانی و ئەزموونی بێوەژن دەکات، گەر مەیلی لێ بێت بە دوو قسەی خۆش دەگاتە مەرامی و پیاو لەسەر دار دێنێتە بەر ئەژنۆ.

خەتای من نییە نوشتەی شێخانە

بێوەژن هێنان ئەرکیان گرانە.[1] (هەمان سەرچاوە،لا ١٤٢).

لێرەدا ناراستەوخۆ شاعیر باس لەوە دەکات کە گەر دۆست و ژنت بێوەژن بێت ناچاری بەردەوام سێکسی لەگەڵ بکەی، چونکە بێوەژن ئەزموونی زۆرە و وەك کچ نییە، پەندێکی کوردیش هەیە دەڵێ: چەشە لە هارە خراپترە"

واتا کەسێك کە تامی سێکسی کردبێت بە گوڕترە لەو کەسەی تەنیا تامەزرۆیە.

کەواکەی رەشە، رەشی مەعدەنی

چاوانم کوێر بێ دەنوی بەتەنێ.[1] (مەحمود زامدار،بۆنی هەڵاڵان دێ، ٢٠٠٩،لا١٦).

لێرەدا مەبەست لە نووستن ئەوە نییە کە ئەم کەسە کەس نییە لەگەڵی بخەوێت، بەڵکو مەبەست ئەوەیە تۆ یار و هاوسەرت نییە شەو جێیت لەگەڵ بکەن و جوانیت بە زایە چووە.

لە شیعردا تەنیا باسی ئەندام و بەشە سێکسییەکانی جەستە نەکراوە، باسی ئەو جوڵانەش کراوە کە سێکسی و وروژێنەرن، نموونەی ئەم دێڕە"

باران دەبارێ دانە بەدانە

لێوت مەلێسە، خەڵك زۆرزانە.[2] (هەمان سەرچاوە،لا١٩).

لێرەدا شاعیر بە کەسێك دەڵێ ئەوەندە لێوت مەلێسەوە، ئەمە کردەیەکی سێکسی وروژێنەرە، جا ئەوکارەمەکە چونکە خەڵك ماناکەی تێدەگات.

ئەی داد ئەی بێ داد کەی ئەمە حاڵە

هەروەختێ ئەچم دایکی لەماڵە.[3] (مەحمود زامدار،لا٢٢).

لێرەدا بەروونی دیارە کە شاعیر دەیەوێت بچێت و عەشقبازی و جەستە تێکەڵی لەگەڵ یار بکات، بێگومان ئەم کارەش ماڵی چۆڵی دەوێت، بەڵام بەخت یاری نییە.

بەماچ و دوو ماچ لێت نابم رازی

لەسەر سینەکەت ئەیکەم دەست بازی.[1] (هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە).

لێرەدا هەرچەندە شاعیر بەهیچ جۆرێك باسی سێکسی نەکردووە، بەڵام رێك ئەوکاتەی دەڵێ من بەماچ رازی نابم واتا دەیەوێت بڵێت: سنوور دەبڕم، تادەگاتە ئەو شوێنەی دەڵێ: لەسەر سینەکەت ئەیکەم دەست بازی، هاتنە سەریش هەرگیز بە ماچ کۆتایی نایەت و خۆی دەڵێ سینەت دەگوشم، بێگومان راموسین ماچ و سینە هەلگلۆفینی تێدا بوو دەگاتە جووتبوونیش.

مانگە شەو هەڵات، دای لە لێفەکە

دایکو نەزانێ، بگرم سێفەکە.[2] (مەحمود زامدار، بۆنی هەڵاڵان دێ،لا٢٥).

لێرەدا سێو ئاماژەیە بۆ مەمك، هەروەها شەو هەڵگری فۆرمێکی سێکسییە، چونکە شەو کپە و خەڵك نووستو و رەقیب رێ بە جەستە عاشقەکان ناگرێت، یار بە مەعشوقە مێینەکەی دەڵێت: بەر لەوەی دایکت بزانێ با دەستبازی بکەین و مەمکەکانت بخە دەستم.

دەستم برد بۆ سێف پام خزا بۆ بەی

باخەوان زانی دەس کرد بە هەی هەی.[3] (محمودزامدار، بۆنی هەڵاڵان دێ، لا٣٠).

لێرەدا شیعرەکە لە رووی فۆرمەوە سادە دیارە، بەڵام خوێنەری ژیر دەزانێت ناوەرۆکی ئەم دێرە چەند ئیرۆتیکە، دانەر کە هاوکات عاشقەکەشە دەڵێت: من دەستم برد بۆ مەمکی یارم، بەڵام حەز و خرۆشاند دەستی منیان کێشا تا گەیشتمە ناو رانی، ئەمەش ئیرۆتیکێکی جوان و لۆژیکییە، چونکە کە دوو عاشق ئەویندارى دەکەن گومانی تێدا نییە کردەکە بە ماچ و مەمك گلۆفین تێناپەڕێ و هەردوولا ئارەزووی قوڵتر دەکەن.

خاڵێ ها وەبان نەرمی ڕانەوە

هەركەس ببینێ خەو ئەیباتەوە.[1](پێشڕەوی سەید برایم، رووتەمەنی لە ئەدەبی فۆلكلۆری كوردیدا،٢٠٠٨ ،لا١١١).لێرەدا عاشق بەختی ئەوەی بووە رانی دۆست و یاری خۆی ببینێت، چونكە وەسفكردنی خاڵێك كە لەسەر رانە دەبێت بەر چاوی كەوتبێ، وێنەكە لێرە جوانە و ئیرۆتیكیشە، چونكە بوونی خاڵی رەش بەسەر رانی سپییەوە سەرنج راكێشە، ئەوەتا لە نیوە دێری دووەمدا شاعیر باس لەوە دەكات هەركەس ببینێت دەخەوێ، بێگومان خەویش مەجازە و لە جیاتی گێژ بوون، خومار بوون لە جوانی دیمەنەكە، یانیش خوماربوونی حەز و ویستە.

جەستەی ژن هەڵگری زۆرترین ئەندامی ئیرۆتیكی و وروژانە، وەك دەم و لێو و گۆنا و گەردەن و پشتە گوێ و ران و سمت و مەمك و نێوان مەمك.......تاد، كەم تا زۆر لە شیعری فۆلكلۆریدا ناویان هاتووە.

خاڵی سەر ران و نێو مەمك و سەر لێو و روومەت دیمەنێكی سەرنج راكێشی هەیە، چونكە جۆرێك لە نامەئلوفی دروست دەكات، خاڵ كوتین لە شوێنی تایبەت بۆ سەرنج راكێشانی سێكسی و جوانی لە مێژا لەناو كوردا هەیە، و لە بەرهەمەكاندا دەردەكەون.

هەڵكە پاو و پوز با دەركەوێ خاڵ

لەوە مەترسە دینت بێ بەتاڵ.[2](هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە).

دەبینین شاعیر پاو پووز كە ئەندامێكی ئاسایی مرۆڤن و لە ژندا جوانتر دەبن گەر برازینرێتەوە بە خاڵ یان خرخاڵ، وەك ئەندامێكی ئیرۆسی نیشان دەدات، چونكە پیاوان مەرج نییە تەنیا ئارەزووی باخی سێو و بەی بكەن، بەڵكو هەندێ جار شوێنی زۆر سادە دەبنە خاڵی وروژان، هەروەها لە ئاینی ئیسلامیشدا دەركەوتنی پوز و پاژنە حەرامە، لە سورەتی نوردا هاتووە دەفەرموێیت"

(و لا یبدیین زینتهن إلا ما ظهر منها).١( سورة النور ایة ٣١).

ـئیبن عەباس لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا (ماظهر منها) مەبەست لێی رووخسار و هەردوو دەست پێیە، عائیشە و ابن عمر و ئەنەسیش هەمان بڕوایان هەیە).[٢] (https://www.paldf.net/forum/showthread.php?t=314884).

نموونەیەکی تری خاڵ"

یار غەزال عەمرم غەزال یار غەزال لە بەریایە

چاوی ئەو زاڵمەم رەشە سینگ و مەمکی کوترایە

مەمکی دوو فنجانی زێڕ، سەرو بن دانرایە. [٢](پێشڕەوی سەید برایم رووتەمەنی لەئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا،٢٠٠٨لا١٢٣).

لەم دێڕانەدا وێنە ئیرۆتیکییەکان جوانترن و ژنانەترن، بوونی خاڵ لە سەر مەمک یان لە نێوانیان، هەمیشە بۆ مەبەستی سێکسی و وروژان بەکار هاتووە، بێگومان کوتینی لەو شوێنە بۆ ئەوەیە نیشانی یاری بدرێ، بۆیە دەبینین خاڵی کوتراو لە مەمك زیاتر سەرنج کێشە لەم شیعرە و خاڵی مەبەستە.

یەخەی جلی کوردی ژن والایە و درزی مەمك و خاڵا کوتراو جوان دەردەکەون و لەکاتی ژوانیشدا مەمەکان تەواو ئازاد دەبن.

دووبەی دوو نارج دوویەقەی بوازت

ئەو دیدە کوور بووت نەکیشیت نازت.[٣](هەمان سەرچاوە، لا١٢٥).

دەبینین شاعیری هاوزمان باس لە یەخەی کراوە و دەرکەوتنی مەمان دەکات. بێگومان ئیرۆتیکی داپۆشراوە و باز بوونی جل بەمەبەستی سێکسکردن یان دەسبازییە.

هەروەها )مەمکی دوو فنجانی زێڕ سەر و بن دانرایە( یەکێکە لە جوانترین وێنە ئیرۆتیکییەکان کە بینیومە، مەمك بنی پانە و نوکی تیژە، فنجانیش کاتێ سەرو بن دایدەنێی، بنە پانەکەی لە خوار و

**دەمی لەسەرێ دەبێت).١(پێشڕەوی سەید برایم، ل ١٢٣).تا ئەمڕۆش سینەی کراسی کوردی کراوەترە لە جل و بەرگی دی هۆکارەکەشی بۆ جوانتر نیشاندانی سینەو سەرنج کێشکردنە.**

## تەوەری دووەم

### ٢_٢_١ شیعری فۆلکلۆری ئیرۆتیکی لە زاری ژنانەوە

ژنی کورد لە دێر زەمانەوە خاوەن ئازادی و دەنگ و پێگەی خۆی بووە، بەتایبەتی لە لادێیەکاندا، بۆیە دەنگی ژن لە گۆرانی و چیرۆك و حەکایەت و شیعری فۆلکلۆردا دەنگێکی ون نییە و بوونی هەیە. نموونە شیعرییەکان گەواهی ئەوە دەدەن

گیژ کاز دەکا و دەڵێت"

غەمان دەمەگرە وەکی قەت بەغەمان پێك نایە

توخوا وەرە لاقانم بنێ کۆشی، راماوسە خاڵی روومەتی

دەست بدە لە شەمامە و شەمامە رەنگینی باغەڵی.[١](پێشڕەوی سەید برایم، رووتەمەنی لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا،لا٤٩).

لەم سەردەمە زۆر کراوە و پێشکەوتووەشدا بەدەگمەن لە شیعری ژناندا بوێرییەکی ئەوەندە جوان دەبینین لە شیعری ئیرۆتیکدا، کە کچ بە یارەکەی بڵێ دونیا بە خەمخواردن چاك نابێت و وەرە سێکس بکەین، لاقەکانم بخە کۆشت، کە ئەمەش نیشاندانی جۆرێکی سێکسە، هاوکات راموسین و ماچکردنی روومەتەکانم، دەبێت کچ زۆر بوێر و ئازاد بێت کە بتوانێت، وەها داوایەك لە کوڕ بکات، داوای گرتنی مەمك و وەسفکردنی مەمکی بەو جوانیی.

(زۆربەی گەریدە و رۆژهەڵاتناسەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە ژنی کورد خاوەنی جۆرێك لە ئازادین).[٢](هەمان سەرچاوە،لا٥٨)، هەر ئەو گەریدانە بەشێکی زۆر لە فۆلکلۆریان دۆکۆمێنت کردووە و ئەو دەنگە بزێوانەی ژنیان پاراستووە.

نموونەیەکی تری بوێری ژنی کورد لە شیعردا"

بە پێش mariاندا رابووردم

هێشتا دوور بوو گازی کردم

سەگیان هار بوو لێی پاس کردم

جەڕەم خوار بوو لۆی راستکردم

دەستی راستی لە مل کردم

بەدەستی چەپ مەمکی گرتم

بەزۆر داری ماچی کردم.[1](د. شوکریە رەسوڵ،ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی بەشی٢،ل١٢٢).

ئەم پارچە شیعرە جگە لە ناز و بوێری وێنەکانیشی ئیرۆتیکی سادە و جوانن، وەك دەست لەمل کردن و مەمك گرتن و ماچ کردن، بەڵام کچە هیچ کاردانەوەیەکی نەرێنی نەبووە و دیارە خۆشحاڵ بووە.

لە کتێبی (بۆنی هەڵاڵان دێ)ی مەحمود زامداردا نموونەی زۆری بوێری ژن هەن کە لە نیوە دێرەکاندا هاتووە"

تازە دامناوە بناغەی مەمکم

وەرە بمخوازە لەکاك و دایکم.[2](مەحمود زامدار، بۆنی هەڵاڵان دێ،٢٠٠٩،ل١٢).دەبینین لەم دێرەدا کچەی شاعیر هەرزەکارە و تازە مەمکی بۆ هەڵتۆقیوە و داوا لە یار دەکات بێت و بیخوازێت، چونکە لە رووی فسیۆلۆژییەوە خۆی بە ئامادە بۆ هاوسەرگیری دەزانێت.

نمونەیەکی تر"

ئەتۆ وەرە خوار بەبیانووی راوێ

دوو ماچان دەکەین لە بری سلاوێ.[3](هەمان سەرچاوە،لا٢٠).

لە مەسەلەی ژوان و دۆزینەوەی فێڵ و پلان بۆ دەرباز بوون لەماڵ و چونە ژوان، کچان لە کوڕان زیرەکترن، چونکە کوڕ پێویستی پێی نییە و هەرکات بیەوێ دەچێتە دەر، لەم شیعرەدا کچ پلان بۆ یاری دادەنێت کە بەبیانووی چوونە راو بێتە لای و سلاو نەکەن و لە جیاتی سلاوکردن ماچ بکەن.

لە دێرە شیعرێکدا کە لە سەر زاری کوڕ و کچێکەوە گوتراوە هاتووە"

کوڕ : ئەدی سەروو روومەتت بۆچی وا جوانە

کچ : جحێڵم دڵ بە دنیام لەبەر شەو راموسانێ.[1](ئەحمەد بەحری، گەنجی سەربەمۆر، ب[1]، دەزگا و چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی٢٠٠٠ل ٩٦).

ماچ، زۆرترین پانتایی لە شیعری کۆن و تازەی کورد و میللەتانی دی گرتووەتەوە، چونکە یەکەم گوزارشتی ئەوینداری ماچە و یەکەم هەنگاوی بەر لە سێکسیش هەر ماچکردنە، چونکە ماچ زمانی ئاماژەیە و تێگەیشتن لێی ئاسانە،( ماچی دەم سوودی زۆرە و مادەی ئەدرینالین دەردەدات کە هاوکاری بەهێزکردنی دڵ دەکات، هاوکات پێدانی هەستی ئاسودەیی بەهۆی دەردانی هۆرمۆنی ئەندرۆفین و سوتاندنی کالۆری لەش).[2](http://www.thaqafnafsak.com/)

بۆیە شاعیرانی هەست تەڕ و ئەویندااران هەمیشە بیانووی ماچ دەگرن، لە نیوە دێری دووەمی ئەو دێرە شیعرەدا کچ زۆر بوێر و راستگۆ دەرکەوتووە، هاوکات دیارە مەیلی لە کوڕەی پرسیار کەریش بووە بۆیە راستەوخۆ وتویەتی روومەتم بۆ راموسینی شەوانە.

کچانی ئەدەبیاتی فۆلکلۆر تەنیا بە ئیرۆتیکی سادە نەوەستان و گەیشتونەتە قۆناغی داواکردنی پەیوەندی جەستەیی و شەو دیداری، نموونەی ئەم دێرە شیعرانە"

دیالۆگی نێوان دوو عاشق"

کچ: بێ وە ماڵەکەم کەردێ شەو پێوە

رەوانەت ئەکەم لەو راستە رێوە

بۆ شەو نشینی بێ وەماڵەوە

دەم بنێ وەبان وردە خاڵەوە

پاوپێلاوت وەبان هەردووچاوەکەم

پێشکەشت ئەکەم خەت و خاڵەکەم.[١](هەردەوێڵ کاکەیی،هەڵبژاردەیەك لە هۆنراوەی فۆلکلۆری ناوچەی گەرمیان،بەرگی٢،لا٧١).

دەبینین کچانی ناوچەی گەرمیان بوێرانە نیاز و رازی خۆیان بەیار وتووە و بە شیعر داوایان لە یار کردووە بێتە شەو ژوانیان، کچ وتویەتی دەمت بخە سەر خاڵەکانم، بەڵام شوێنی خاڵەکانی دەست نیشان نەکردووە، دەشێ خاڵی لامل بن یان ڕوومەت و لێو یانیش خاڵی سەر مەمان و لاران بن، ئەم جۆرە ئیرۆتیکە جۆرێك لە یاریکردنە بە هزری خوێنەر و بەخشینی چێژ.لە بەشێکی دیکەی ئەو شیعرە دا دووبارە دیالۆگی شیعری دەگاتەوە لای کچ و لە دێرێکدا دەڵێت"

دەمەکەت بێنە دەم لەبانی کەین

دەم و ساحیبێ دەم وەقوربانی کەین.[٢](هەمان سەرچاوەی پێشوو).

دەبینین کچ بە یاری دەڵێت: وەرە دەم و لێومان ئاوێزان بکەین و لە تامەزرۆییدا بۆ یار خۆی و دەمی دەکاتە قوربانی کوڕەیاری.ژنانی کورد لە شیعری فۆلکلۆردا زۆر بە وردی باسی حەزی ئیرۆتیکی خۆیان کردووە ئەمەش زۆر نزیکە لە شیعری ژنانی پشتوو( ژنانی پشتوو بەوە ناسراون کە زۆر

رووته زمانیان و به وردی و قوڵی وەسفی جەستەیان دەکەن، شیعرەکانیان تێکەڵەیەکی لە سادەیی زمان و بوێری دەربڕین).٣(https://ar.wikipedia.org/wik).

ژنەکوردەکانیش بە پێی ناوچە و شێوەزاریان دەقەکانیان دەگۆڕێت، بەڵام بوێریان یەکسانە چ گەرمیانی بون یان کوێستانی و کەف و کوڵی دڵیان زۆر ژنانە دەربڕیوە.بەشێکی دیکەی شیعری ئیرۆتیکی ژنان لە فۆلکلۆردا بریتییە لە دیالۆگی نێوان دایك و کچ و هەردوولا وەك دوو ئەویندار و دوو ئەزموندار دەردەکەون"

دایك ووتی: ئەوە چی بوو

ووتی : دایە وا کوڕێ بوو

وتی: کچم ساقاوی کە

بەیەك دوو ماچ رازی بکە

ووتی: دایە عیلم بازی

کوڕ بەماچێ نابێ رازی

دایکە ووتی: دوێتە چی بوو؟

ووتی" دایە پژمەی گا بوو

رۆڵە دز بوو لە دەرگا بوو

دایە بە گیان براکانم

من بێ و هیچی لێ نازانم

دز بوو هاتە سەر شیلانم

سەرم سفید پشتم کۆمە

ئەینا رۆڵە ناتکەم لۆمە

ئەو کردەوە پیشەی خۆمە.[1] (پێشرەوی سەید برایم، رووتەمەنی لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا،لا٢٤٦).

دەبینین باسەکە باسی هاتنی بەدزی کورە بۆ ماڵی کچە و دایکی کە دایکێکی خاوەن ئەزموونە پەردە پۆشی بۆ کچەکەی دەکات و هانی دەدات کورە ماچ بکات.

ئیرۆتیکی ژنان لە شیعری فۆلکلۆری کوردیدا دونیایەکی پڕ بوێری و جوانی و جەستە شیرینی دەخەنە روو بە ئەندازەیەك خەیاڵ و هزر دەفرێنن:

هەتیو شیرەکەم مەڕ ژێنە

یەقەو دوگمان بترازێنە

جووت شەمامانەم دەربێنە

بۆنیان بکە و مەیگوینە.[1] ( پێشرەوی سەید برایم، رووتەمەنی لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا، ٢٠٠٨، ل٢٣١).

وەك دیارە کچانی لادێ لە کچانی شار بوێرتر و دەرفەتی ژوان کردنیان زۆرترە، وەك کانی و پەرێز و بێستان و کادان و تەوێڵە و............تاد، بۆیە ژوانگرتنیان ئاسان بووە.

کچە لەکاتی مەڕ دۆشین شیری پێە و کورە گێچەڵی پێدەکات و ئەمییش ناچارە رێیەکی دروست تری نیشان بدات، چاو راستی کچ لەم دەقەکانەدا بۆ ئەوەیە کچ لە کوڕ زیاتر خۆی بۆ کۆنترۆڵ دەکرێت ( هەستی رووتەمەنی مێ بە ئاسانی نایاتە جۆش و خرۆش).[2] (هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە). بەڵام پیاو کە ئارەزووی جوڵا پەلاماری هەموو شوێنێکی ژن دەدات و گەر بەری پێ نەگیرێت شیرەکە دەرژێنێت.

لە گفتوگۆیەکی ئەویندارى نێوان کچ و کوڕێك کە کورە باس لەوە دەکات یاری بینیوە، کچیش لە وەڵامدا دەڵێت"

سینگی دامە بەر پشتێ

ئۆخەی دەرێی کورسییە

تازە ئەگەر بشمرم

خۆ ئیمانم بردییە. ٣( هەمان سەرچاوە، ل٢٣٣).

لێرەدا نەك هەر ئەوەی کچە و کوڕە هێند باوەشیان بەیەکدا کردووە کە گەیشتوون بە ئۆخژەن، بەڵکو جوانی و بوێری کچە لەوەدایە سێکسکردن لە گەڵ یار بە کامڵ بوونی ئیمان و باوەڕی ئاایینی دەزانێت و ئەم وتە باڵایەش کەم جار دووبارە دەبێتەوە.

## تەوەری سێیەم

### ١_٣_١ ئیرۆتیك لە شیعری كلاسیكی كوردیدا

ئەدەبیاتی كلاسیكی قوتابخانەیەكی دەوڵەمەندی ئەدەبی كوردییە و هەمیشە بۆ گەڕان بە دوای جوانی و مانا و قوڵی بیر و چەمكە جودا و جوانەكان دەگەڕێینەوە سەرئەو قوتابخانەیە، ئیرۆتیكیش وەك چەمكێكی دیار و جوان هەمیشە لە ئەدەب و بەرهەمی زۆرێك لە شاعیرانی كلاسیك رەنگیداوەتەوە جا چ بە ئاشكرا و ئازایانە چ بە بەكارهێنانی هێما و پەردەپۆشكراوی بێت، چونكە ( زۆربەی ئەو شاعیرانە مەلی خەیاڵ و بیركردنەوەیان چەندە ئازاد و بەرزە فڕبووبێت، لە باسكردن و وەسفی ئەندامە قەدەغە كراوەكانی لە شی ئافرەتدا بوێر نەبوون.[١](ڕێبوار سیوەیلی كتێبی نالی،٢٠٠١،ل٨٧)، ئەمەش بەهۆی تایبتمەندێتی كۆمەڵی كوردی و لەو سەردەمەدا و هاوكات باوەڕی ئاینی شاعیران و خەڵكیش ئەمەش وایكردبوو شاعیران كەمتر بوێری دەستبردنیان بۆ بابەتە حەرامكراوەكان هەبێت (شاعیر و ئەدیبان پابەندی رەوشتی گشتی بوون و نەیاندەتوانی ئاماژەی سێكسی لە دەقەكانیاندا جێ بكەنەوە كە دژی حەزی كۆی خەڵكی بێ).[٢](جان دوست، الجنس في مم و زين،رسالة حب،٢٠١٦). لاواندنی ئەڤیندارەكانیان و دەقە ئەڤینداریيەكانیان زیاتر باس و خواسی رووخسار و رومەت و خاڵ و خەت و پرچ و لێو چاو و برۆ دەكرد و زۆرجار نەیانتدەتوانی لە ناوچەی رووخسار بێنە خوار و گەر زۆریش بوێر بوونایە سنوری كەمەریان تێنەدەپەڕاند، ئەمە بە پێچەوانەی شاعیرانی فۆلكلۆرەوەیە ( وادیارە ئەو شەرم و ئابڕوویەی وەك پەردەیەك شاعیرانی كلاسیكی داپۆشیبوو شاعیرانی فۆلكلۆر لە مێژبوو دڕاندبوویان ئەو بەربەستە باوەیان شكاندبوو كە ئەدەبی شاری بەستبوەوە).[٣](هەمان سەرچاوە).تەنانەت گەر هەندێ ئاماژەی ناراستەوخۆی سێكسی لە دەقی شاعیرانی كلاسیكدا هەبوایە ئەوە لایەنگران و موریدانیان لێكدانەوەكانیان بەجۆرێك دەكرد كە شاعیر ئەستۆ پاك دەردەكەوت.هەرچەند ئەو شاعیرانە بەشێكی زۆریان تەنیا وەسفی رووخسار و جوانی ژنیان كردووە بەڵام وەسفەكانیان باڵا و وێنە شیعرییەكانیان ناوازە و نیشاندانی ژن لەو پەڕی بەرزیدا بووە.یەكێك لە تایبەتمەندییەكانی ئەدەبی كلاسیك باپەند بوون بوو بە رەوشتی باڵا.

**( شاعیرانی کلاسیك هەمیشە وێنەی ئینسانیان بەرزتر نیشان دەدا، لە باسەکانی ئەوین و حەزو ئیرەییشدا خزمەتی جوانی ئینسانیان دەکرد هاوشان بە نیشاندانی رەوشت بەرزی و بەرززاگرتنی لایەنی هونەری دەق).**[1](خصائص الكلاسيكية، موقع الالوكة،٢٠٠٩http://www.alukah.net). **بۆیە لە وەسفەکانیاندا هەمیشە ژنیان بەشتی بەرز و جوان چوواندووە و تەنانەت روخسار و ئەندامەکانیشیان راستەوخۆ باسنەکردووە و سیمبول بەشێکی زۆری شیعرەکان پێکدەهێنێت لە وەسفکردندا، ئەمەش هەم بۆ شاردنەوەی مەبەست لە کۆی خەڵکی و هەم نیشاندانی توانای هونەری شاعیرە.**

**پابەند بوون بە ئەخلاقی کۆمەڵایەتی و ئایینی وایکردبوو کە باسکردنی ئەندامەکانی جەستە و بەتایبەتی ئەندامە بزوێنەرەکان فەرامۆش بکرێت، چونکە ئەوان پابەندی ئایینی ئیسلام بوون و ( قورئان ئەو دیمەنانەی یاساخ کردوون کە دەبنە هۆی بێدارکردنەوەی هەستی شەهوانی).**[2]( رێبوار سیوەیلی، کتێبی نالی،٢٠٠١،لا٨٨)، **چونکە ئایینەکان و بەتایبەتی ئایینی ئیسلام زۆر لە جەستە دەترسێت، لە هێز و جەبەرووتی جەستە،( یەکەم تاوان دەرهەق بە لەش ئایین کردی، کە بیر لەو هەموو کۆت و پێوەندە دەکەیتەوە کە خراوەتە کەمەری لەشەوە، ئەوکات تێدەگەی لەش چەند بەسامە).**[3](دڵشاد عەبدوڵلا، ئیرۆسکێ،٢٠٠٧،لا٧). **جەستە زمانی هەیە و لەگەڵ جەستەی بەرامبەر پەیوەندی دەگرێ، چ بە دروستکردنی کاریگەری بێ یان بەریەك کەوتنی راستەوخۆ( جەستەی ئینسان بەشێوەی ئاگایی یان نائاگایی خاوەن زمانێکی تایبەتە و بەجوڵانەوەکانی پەیام و مەسجی تایبەت دەنێرێت).**[4]( اسامة جميل عبدالغني ربايعة، لغة الجسد في القران،٢٠١٠ص ١٠)، **ئەمەش وادەکات خاوەن کاریگەری بێت بەسەر هەستەکانی ئینسانەوە، ئەمەش دەبێـە هۆکاری پەیوەندیکردن ( جەستە هۆکاری گفتوگۆی بێدەنگە، واتا گفتوگۆی بێ زمان، کە جیاواز لە قسەکردنی دەنگدار ماناکای دەگەیەنێت).**[5](هەمان سەرچاوە). **هەر ئەمەیشە وایکردووە کە ئایینەکان زیاتر جەخت لەسەر رووح بکەنەوەو داوای فەرامۆشکردنی داواو دەنگی جەستە بکەن و هانی بەدەمەوە چوونی روح و رەوشت دەکەن، هەرچەندە لە ئایینی ئیسلام جەستە سەرچاوەی فیتنە و خراپەکارییە، بەڵام لە هەندێ ئایینی دی پێگەی جەستە بەرزترە،( لە ئایینی هیندۆسی و بوزاییدا لەش شوێن و پایەیەکی**

بڵندی بۆ دانراوە، سەرچاوەیەکی بێگەردە بۆ زانیاری).[1](دڵشاد عەبدوڵڵا، ئیرۆسکێ، ٢٠٠٧/ل٨٨)، بەڵام ئایینی ئیسلام کە کاریگەری راستەوخۆی لەسەر شاعیرانی کلاسیکی کوردی هەبووە سادەترین بەریەککەوتنی جەستەی ژن و پیاو قبوڵ ناکات، نموونەی تەوقەکردن کە لە گوناهە گەورەکانە،(ئەم بونیادە ئایینییە لەسەر ئاستی گوتاری شیعریشدا دەنگی داوەتەوە و شاعیرانی قەڵەم رەوی ئیسلام بە شێوەیەکی گشتی پەیڕەوییان لەو قاعیدەیە کردووە).[2](رێبوار سیوەیلی، کتێبی نالی،٢٠٠١ل٨٨)، خودی قورئان کە یەکەم کتێبی ئیسلامە بایەخێکی زۆری بە زمانی جەستە داوە ( لە ٧٢٪ی ئایەتەکان پەیوەندی نازمانی تێدا بەکارهاتووە، بەواتا زمانی جەستەی تێدا بەکار هاتووە).[3](بڕوانە اسامة جميل عبدالغني ربايعة، لغة الجسد في القران).هەموو ئەمانە وایانکردووە شیعری کلاسیکی تاڕادەیەکی زۆر بایەخ بە بەشە ساردەکانی جەستە بدات، سارد واتا کەمتر ئیرۆتیکن، یان نەخراونەتە جوگرافیای ئیرۆتیکەوە و زیاتر وەك کەرەستەی جوانی و ئەڤینداریییەکی روحی نیشان دراون. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نموونەی شاعیری بوێر و رچەشکێن هەن کە هەندێ جار بە ئاشکرا و هەندێ جار بە هاوکاری سیمبول دەقی ئیرۆتیکی جوانیان نووسیوە، نموونەی (خانی نالی و ئەدەب و وەفایی و شێخ رەزا )، کە وایان کردووە ئیرۆتیکیش وەك مەبەستێکی زیندووی شیعری کردووی گەر کەمیش بێت لەم قوتابخانەیەدا دەربکەوێت.

## ٢_٣_٢ جۆرەکانی ئیرۆتیك لە شیعری کلاسیکی کوردیدا

ئیرۆتیك دوو جۆری سەرەکی هەیە،

یەکەم: ئیرۆتیکی ئاشکرا

ئیرۆتیکی ئاشکرا لە شیعرەکانی شێخ رەزای تاڵەبانیدا

ئەم جۆرەی ئیرۆتیك راستەوخۆ باسی ئەندامەکانی جەستە یان کرداری سێکسی دەکات، یانیش ئەو سیمبولانە بەکاردەهێنێت کە زۆر روون و ئاشکران،( زۆر ئازادانە باسی شوێنە شاراوەکانی ژن و ئەندامی نێرینەی خۆی دەکات).[1](سەنگەر نازم، شیعری ئیرۆتیکی کوردی،٢٠١١،ل٣٢). ئەم جۆرەش بەزەقی لای هەر یەك لە شاعیرانی کلاسیك نالی و شێخ رەزادا دەرکەوتووە، ئەو وشانەی بەکاری دەبەن بە ئاشکرا مەبەستی سێکی دەپێکێت و سادەترین خوێنەریش لێی تێدەگات ( وشە و دەستەواژە

و زاراوە بەکارهاتووەکان هیچ تەم و مژی و نادیارییەکیان پێوە دیارنییە).[٢](هەمان سەرچاوە). نموونەی ئەم شیعرەی شێخ رەزا کە راستەوخۆ باسی ئەندامی مێیینەی ژنی کردووە و دەڵێت:

هەروەکو ئەشکم بەرەنگی  سووری خۆی خوێنینە کوز

داستانی شاهانمەی خوسرەو و شیرینە کوز

ئینشیقاقی هەروەکو کاڵەك لەبەر شیرینی

هەرکەسێ نەی چەشتبێ  نازانێ چەند شیرینە کوز.[٣]( شێخ رەزای تاڵەبانی، سەرجەمی شیعرە هەجووەکانی،٢٠٠٨،لا١٢٧).

وەك دەبینین بێ پەردە وشەی بۆ هەمان مەبەست بەکار هێناوە، سەرەڕای ئەوەی پیاوێکی ئایینی و لە بنەماڵەیەکی شێخ و ناسراوی ئایینی کەرکوك بووە، بەڵام بوێری شێخ رەزا سنووری تێپەڕاندووە و گوێی بە ناوی بنەماڵەو ناوبانگی زۆر دوور رۆیشتووی خۆی نەداوە و بگرە دەقە ئاشکراکانی بە قازانجی ناوبانگ و توانای ئەدەبی شکاونەتەوە، ئەوەتا ( ئەدمۆنز )سەبارەت بە شێخ دەڵێ"( بەناوبانگترین کەسێتی بێ هاوتای چەرخی نوێ لە کەرکوك شێخ رەزای تاڵەبانییە).[٣](دمحمد ئەحمەد سەعید، چەند لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی،٢٠٠٨،لا 235 ). لەم دەقەیدا کە دەقێکە زیاتر وەسفکردنە و هەڵگری دیوێکی ئەڤینداری نییە شێخ ئەندامەکەی وەك خۆی بەکارهێناوەو هاوکات لێچووشی بۆی داناوە بەم جۆرە:

ئەندامی مێینە		خوسرەو شیرین ( داستانێکی ناودار)

ئەندامی مێینە		کاڵەك لەبەر دوو هۆ: ١_ شیرینی

٢ _ شەق بردوو کە لە هەردوو لێکچوو و لەوچوودا هەیە.

**شێخ رەزا لە دەقێکی دیکەی دا کە زۆرترین لێکدانەوەو قسە لە خۆ دەگرێت هەمان ئاشکرایی و بێ پەردەیی بەکار هێناوە کە ئەویش شیعری کوڕێکی بولغارە، ئەم دەقە کە یەکێکە لەو دەقانەی بە روونی حاڵەتی هۆمۆ سێکسواڵی شێخ رەزای ئاشکرا کردووە، هاوکات دەقێکی ئیرۆتیکی ئاشکرایە، هەرچەندە دیاردەکە نێربازییە لەگەڵ ئەوەشدا خاڵی نییە لە سۆز، چونکە نێربازی و پەیوەندی هۆمۆیی لە ئیعجاب و پاشان سۆزەوە سەرچاوە دەگرێت و دەبێتە سێکس، ئەمەش لای زۆرێك لە شاعیران و ئەدیبان و نووسەرانی دونیا هەبووە وەك ئەبو نەواس و ئارسەر رامبۆی فەرەنسی و ئۆسکار وایلدی ئێرلەندی و سیمون دی بوڤوار و تۆماس ئیلیۆت و و ڤێرجینا وۆلف ومیشێل فۆکۆ فریدا کاهلو و بە ئاشکرا باسیان کردووە یاخود لە رێی لێکدانەوە دەروونییەکانەوە پەردەی لەسەر هەڵماڵراوە،( ئەمەش پاش دەست بەکاربوونی مەنهەجی رەخنەی دەروونی کە کاری لەسەر کاردانەوەی ژینگە و باری دەروونی شاعیر لە دەقەکانیدا و گەڕان بە دوای حەقیقەت و گرێکانی نووسەردا روون بوونەوە).**١(احمد هيهات، الشذوذ في الشعر العربي، موقع تطوان نيوز،٢٠١٦). **لە شیعری عەرەبیشدا هەر لە سەردەمی جاهلییەوە تا سەردەمی ئەبو نەواس دیوانی شاعیران بەدەر نەبووە لە باس و خواسی نێر بازی، ( شیعرەکانی تایبەت بە هۆمۆ سێکسواڵی بە ئەندازەی شیعری مەینۆشی و ژن رەواجی هەبوو، جا بە ئاشکرا باسکرابا یان سیمبول و هیچ دیوانێکی شاعیران لەمە بەدەر نەبوو)**.١( هەمان سەرچاوەی پێشوو). **ئەمەش بەهۆی چەندین هۆکارەوەیە، کە دەرونشیکارانی بواری ئەدەب ئاشکرایان کردووە ( هۆکاری سەرەکی بەهۆی یاخیبوون لە نەریت کە رێگربوو لە تێکەڵبوونی کچان و کوڕان و تەسککردنەوەی ئازادی، هاوکات یاخیبوون لە ئاین کە رێگربوو لەبەردەم نێربازی)**.٢(هەمان سەرچاوە). **زۆرێك لە لێکۆڵەران و رەخنەگرانی بواری شیعر و ئەدەب ئەم جۆرە ئەدەبە بە یاخیگەری شیعری ناودەبەن، بەتایبەتی لە رۆژهەڵاتدا کە ئاین و نەریت رێگرن لەبەردەم ئازادی سێکسی، چونکە شاعیر بوێرانە تەعبیر لە حەزی خۆی و داکۆکی لەوجۆرە کەسانە دەکات کە هۆمۆن، لەکاتێکدا ئەم جۆرە بوێرییە لە شیعری هاوچەرخدا ونە، بەتایبەتی شیعری عەرەبی و کوردی.( ئەم حاڵەتە شیعرییە بووەتە تابوو و تەنانەت بە سیمبولیش باسناکرێ و بەدەگمەن ئاماژەی لەوجۆرە بەدی دەکرێ، لەکاتێکدا لە رۆماندا هەیە)**.٣(اعلاء العبادي، المثلية الجنسية في النصوص

الشعرية،قديتا نيت،(٢٠١١)، **لەکاتێکدا شێخ ڕەزا بەر لە سەدەیەك بێ پەردە شیعرێکی ئیرۆتیکی هۆمۆیی دەنوسێت**

**کوڕێکی بولغار**

**ڕۆژی یەك شەممە کە مەشهورە بە ڕۆژی پاژار**

**من بەغار کەوتمە دومبالی کورێکی بولغار**

**کور چ کوڕ وەکو لالەی حەمڕا ڕەنگین**

**کوڕ چ کوڕ چاوی وەکو نێرگسی شەهلا بیمار**.١(سەرجەمی شیعرە هەجووەکانی شێخ ڕەزای تالەبانی٢٠٠٨، ل ٣٧).

**شێخ ڕەزا دەستپێکی وەسفەکەی نیانە و بە ئەندامە ئیرۆتیکیە سەرەتاییەکان دەست پێدەکات کە بریتییە لە هەردوو لێو و یاخود کورد دەڵێت لچ و لێو ، کە ئەم ئەندامە ڕۆڵی هەیە لە وروژان و کردەی سێکسیدا، شێخ لە وەسفی لێوی ئەو کوڕەدا لالەی سور کە جۆرە گوڵێکی توند و تورت و جوانە، لەگەڵ نێرکس کە ناسك و بۆنخۆشە، بەکاردەهێنێت، کاتێ تەماشای ئەم دەقە دەکەین و دەبینین شێخ سێکسزانانە نوسیویەتی ( چونکە لێو لە پەیوەندی سێکسیدا زۆرترین ورژان دروست دەکات بەهۆی زۆری وردە دەمارەکان و تەڕی چ لە وادەی ماچکردندا یان لە کردەی مژیندا و ڕاستەوخۆ کاردەکاتە سەر مێشك)**.١(روزانا، علاقة الفم بالجنس، موقع المراة (http://www.4women.co/t5935.html). **ئەم جۆرە ورژانەش بەدەر نییە لە پەیوەندییە هۆمۆییەکاندا، لە شوێنێکی دیکەی ئەم دەقە ئیرۆتیکییەدا دەڵێ**:

**لەهەمووی سەرفی نەزەر سمت و سورینێکی هەبوو**

**نازك و، نەرم و، لەتیف، میسڵی تەلای دەستەو شار**.٢(سەرجەمی شیعرە هەجووەکانی شێخ ڕەزا٢٠٠٨، ل٣٧)

هەرچەندە دیوانی کۆنی شاعیران بەدەر نییە لە شیعری هۆمۆ سێکسواڵی و هەندێ لە شاعیران بە سیمبول گوزارشتیان لەحەزی خۆیان کردووە، بەڵام بەراورد بەمڕۆ ئەم دەقەی شێخ ڕەزا لەوانەیە بوێرانەترین دەقی ئیرۆتیکی هۆمۆیی بێت کە ڕاستەوخۆ باسی سمتی کوڕێك بکات، ئەبو نەواس کە شاعیرێکی عەرەبی بوو لەم بوارەدا بوێر بوو ڕاستەوخۆ باسی کوڕ و حەزی سێکسی خۆی کردووە( نێربازی وەك دووەم ناوی ئەبو نەواس هەمیشە لەگەڵ شیعرەکانیدا دێت و لەو بوارەشدا داهێنانی کردوە و نێری بەسەر مێدا فەزڵ کردووە).٣(احمد هيهات، الشذوذ في الشعر العربي، موقعتطوان نيوز،٢٠١٦). ئەبو نەواس و شێخ ڕەزا لە بوێریدا یەکدەگرنەوە و هەردووك وەك دوو ناوی ڕەوشەنی ئەدەبی کورد و عەرەب ماونەتەوەو دەمێننەوە.

شێخ ڕەزا لە وەسفی دووەمدا ڕاستەوخۆ دێتە سەر کەف و کوڵی سێکسی خۆی و نیشانی تیرەکەی خۆی ( سمتی کورەی بولغار) دەست نیشان دەکات و بە ساف و لووس نەرم و خۆش ناوی دەبات و بە زێڕی دەچوێنێ. ئاشکرایە نێر بازی لە ڕێی هەردوو ئەندامی پێشەوەو پشتەوەی دوو پیاو ئەنجام دەدرێت و بکەر ( چووك)ی و کارلەسەرکراو (کۆم)ی بەکاردەهێنێ، شێخ ڕەزاش بکەر بووە و باسی سمتی جوانی لەبەردڵانەکەی خۆی کردووە و وەسفەکەی ئیرۆتیکیانەیە و زیاتر لەوەسفی جەستەی ژنەوە نزیکە تا پیاو، وەسفکردنی کور ( غیلمان )لە ئەدەبدا و بەتایبەتی شیعری عەرەبیدا نموونەی زۆرە( ئەمەش ئەو کوڕانە دەگرێتەوە کە لە رووی جەستەییەوە زۆر جوانن و سەرنجی شاعیران کێش دەکەن و عاشقیان دەبن و ئەمەش لە شیعرەکانیاندا وێنەی کێشراوەو وەسفەکان بەوجۆرەن).١(اعلاء العبادي، المثلية الجنسية في النصوص الشعرية،قديتا نيت،٢٠١١). وێنە شیعرییەکانیش پیاهەڵدانی باڵایە بەو غولامانەدا،

لە نیوە دێری پێنجەمدا شێخ ڕەزا زیاتر قووڵ دەبێتەوە لە وەسفی سمتی کوڕە و دەڵێ:

خڕ و مەخرووت، مودەوەر، سپی و نەرم و دوو نیم

هەروەکو کۆمەڵە بەفرێ، کە شەقی کەی بە مشار.٢(سەرجەم شیعرە هەجووەکانی شێخ ڕەزا،٢٠٠٨،ل٣٧).

**شێخ ڕەزا لە وەسفی سمتی ئەو کوڕەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە سمتی خر و بەرز ونەرم بووە و هەروەها ئەوەندە سپی بووە وەك ئەوەی مشاریێك بەناو تۆپەڵە بەفرێکدا بهێنی، وەسفەی شێخ ڕەزا هێندە ئیرۆتیکی و وردە وروژان دروست دەکات و نیشانەی ئەوەشە کە شێخ ڕەزا بەراستی نێربازی تاقیکردوەتەوە و دەزانێ کام بەشە و چۆن وروژان دروست دەکات. هاوکان بێ پەردە ناوی سمت دەبات ئەمە لەکاتێکدایە دەیان سیمبول هەن بۆ شاردنەوەی سمت وەك ( گرد و تەپولکە و کێو و.....هتد)، بەڵام شێخ ڕەزا بوێر بووە ئەمەش دەقەکەی ئیرۆتیکیتر کردووە. شێخ ڕەزا پیاوێکی ئایینی بووە و شارەزای ئاینی ئیسلام و قورئان بووە ئەوەشی زانیوە لە قورئاندا موژدەی غیلمان بە ئەهلی بەهەشت دراوە، بۆیە بەجۆرێك لە جۆرەکان بیانوویەکی ئایینی هەبووە کە حەق بدات بەم جۆرە شیعرە و هاوکات حەزی خۆیشی تێر بکات.** (وَيَطُوفُ عَلَيْهِمْ غِلْمَانٌ لَّهُمْ كَأَنَّهُمْ لُؤْلُؤٌ مَّكْنُونٌ).٣ ( سورة الطور : ٢٤ )، **هەروەها لە شوێنێکی دیکەشدا هاتووە**((وَيَطُوفُ عَلَيْهِمْ وِلْدَانٌ مُّخَلَّدُونَ إِذَا رَأَيْتَهُمْ حَسِبْتَهُمْ لُؤْلُؤًا مَّنثُورًا).٤ ( الانسان : ١٩ )، **لە شوێنێکی دیکەشدا بە جۆرێکی تر وەسفی بەهەشت و کوڕە جوانەکانی کراوە و دەڵێت**((يَطُوفُ عَلَيْهِمْ وِلْدَانٌ مُّخَلَّدُونَ ١٧ بِأَكْوَابٍ وَأَبَارِيقَ وَكَأْسٍ مِّن مَّعِينٍ ١٨ لَا يُصَدَّعُونَ عَنْهَا وَلَا يُنزِفُونَ ١٩ وَفَاكِهَةٍ مِّمَّا يَتَخَيَّرُونَ ٢٠ وَلَحْمِ طَيْرٍ مِّمَّا يَشْتَهُونَ ٢١).٥ ( الواقعة : ١٧ – ٢١ )، **هەرچەندە لێکۆڵەرە ئیسلامییەکان ئەوە ڕەتدەکەنەوە کە لە قورئاندا باسی نێربازی کرابێت و دەڵێن ئەو کوڕانە لە بەهەشتدا تەنیا مەیگێڕ و بەردەستی پیاوچاکانن و خزمەتکارن ( خزمەتکردن جۆری زۆرە و قورئان ئەوەی روون نەکردوەتەوە کە ئەم کوڕانە چۆن خزمەتی بەهەشتییەکان دەکەن؟ دەکرێ بەجۆرێك لە جۆرەکان جەستەش خزمەت بکات و چێژ بدات)**.١(نور الشام، غلمان فى الجنه، منتدى اللادينيين السوريين،٢٠٠٩)، **بۆیە دەبینین زۆرجار ئیسلامییەکان دژی ئەوەن وێنەکان سێکسی نیشان بدرێن، بەڵام وێنەکان روون کە مەبەست لێی ئیرۆتیکایە، هاوکات لە سورەتی** لوط **قورئان دژی نێربازی دەوەستێتەوەو پەیامبەری ئیسلامیش لەم بارەیەوە وتویەتی** (من وجدتموه يعمل عمل قوم لوط فاقتلوا الفاعل والمفعول به).٢(حسن عباس، قصص عن المثلية الجنسية في التراث العربي، موقع الرصيف(*.com/culture/2015/01/31/homosexuality-in-arab-history*).

له ئەدەبیاتی عەرەبیشدا لە هەردوو سەردەمی ئەمەوی و ئەندەلووسی دیاردەی نێربازی و ڕەنگدانەوەی لە ئەدەبدا زۆر بووە، بەڵام سەرچاوەکەی بۆ بەر لە هاتنی ئیسلام دەگەڕێتەوە( هۆمۆسێکسواڵەکان زیاتر حەزیان لە غیلمانی لاو بوو، کە ریش و مووی رووخساری نەهاتبێت و سپی و نەرم بێت).٣(س.پ) بۆیە دەبینین بە پێیّ وەسفەکان کورەی بولغریش هەمان جۆر بووە.

شێخ رەزا لە بواری شیعری هۆمۆ سێکسواڵیدا گەیشتوەتە لوتکەی وەسفی ئیرۆتیکی و لە شیعری هەتیوێکی سنەیی)دا لە وەسفێکی خێراوە دەگاتە کاتی ئەنجامدانی کردەکە و هاوکات شوێنی کردەکەشی ئیرۆتیکییە.

دەقەکە

بەشی وەسفی جەستەی کوڕەکە

هەتیوێکی سنەیی

دوێنی شەو بۆ دەفعی حاجەت چوومە حەمامی غەفوور

سادە رووبێکی تیابوو سمت و ساقی وەك بلوور

جێ بەجێ هەروەك موهەندیس دامە بەر مەددی نەزەر

هەرلە تەوقی سەرییەوە تانووکی پەنجەی خوار و ژوور

چۆن بەحەسرەت گورگی برسی سەیری دوگی مەڕ دەکات

سەمتی سمتیم گرتە چاو تێی دەفکریم دور بە دوور.٣(سەرجەم شیعرە هەجووەکانی شێخ رەزا،٢٠٠٨، ل ٣٩).

گواستنەوە لە بەشی وەسفەوە بۆ وردەکاری کرداری جووتبون

عاقیبەت شەوق و هەوەس پەردەی حیجابی پارەکرد

خۆم کوتا دێوانە ئاسا بۆ سەرا پەردەی حزوور

هەرکە فەرمووی مەردوومی شارلا سنەم یار بابلم

هاتە گەردش بێ تەوەقوق وەك عەموودی لوندە هور

لێك گەیشتین، هەر لە ئەوەل فرسەتا چوینە خەلا

تێم کوتا و، هێنام و برد تا کوژراوم کردە ژوور............ هتد.١(سەرجەمی شیعرە هەجوەکانی شێخ رەزا،٢٠٠٨،ل٣٧)

وەك دەبینین دووبارە لە وەسفی بەرکارەکەیدا کە کوڕێکی سنەیی بووە بە قەولی خۆی ئەندامی بە ساف و لووسی وەك شوشە چواندووە و هەر ئەمەش سەرنجی راکێشاوە، وەك دەبینین شێخ رەزا ئەمجارەش تەنیا نەچووەتە سەر نیشانی تیرەکەی و وەسفی لاقی کوڕەشی کردووە، ئەمەش جوانی ئیرۆتیکایە کە تەنیا کار لەسەر شوێنی مەبەست ناکات و ژینگەی دەوروبەریش بەرز دەنرخێنێت:

سادە رووبێکی تیابوو سمت و ساقی وەك بلوور

وەك دەبینین شیعرەکە نە لە جۆری ئاشکرای روونە نەك داپۆشراو، بەڵکو لەوجۆرەیە کە مەبەست دەپێکێت و زیاتر گوزارشت لە سۆز دەکات نەك سێکسی رووت، و حاڵەتەکەش سێکسێکی هەڵچووی ناکاوە نەك وادە بۆ دانراون.شوێنی کردەکەبۆ ئەنجامدانی کردەیەکی سێکسی شوێن پێویستی دووەمە دوای جەستە، بێگومان شوێنەکانیش ئیرۆتیکی و نا ئیرۆتیکین، ژووری خەو ئیرۆتیکیە و چێشتخانە نا، حەمام ئیرۆتیکیە و سەر ئاو نا، سەربان ئیرۆتیکیە و شەقام نا، بۆیە دەبینین شێخ رەزا شوێنێکی ئیرۆتیکی هەڵبژاردووە بۆ دەقەکەی کە حەمامی گشتییە، ( بەگشتی هۆمۆ سێکسواڵەکان لە بار و گەرما گشتییەکاندا کۆ دەبنەوە، بەتایبەتی ئەوانەی پارەی چونە بارپارن نییە لە گەرماوەکاندا بەدوای هاوتا دەگەڕێن).٢(نزار حايك، مراكز تجمع المثليين، [http://elaph.com/Web/news/2010/4/556233.html](http://elaph.com/Web/news/2010/4/556233.html)). ئەمەش لە وڵاتانی ئەورووپی و عەرەبی بەتایبەتی لوبنان بە ئاشکرا هەن. شێخ رەزا لەو دەقەدا جا بە دەق کردنی کردەیەکی راستەقینە بێت

یان تەنیا خەیاڵێکی هۆمۆسێکسواڵی حەمامی هەڵبژاردووە، چونکە لە حەمامدا خەڵکی رووتن و دۆزینەوەی جەستەی شیاو ئاسانترە و شوێنەکەش رێی تێدەچێ. هەروەها شێرکۆ بێکەس خاوەنی دەقێکی ئیرۆتیکییە بە ناوی حەمام

زەوقم گڕە وبۆشم نییە و قەدەغەیە

لەگەڵ تۆدا بچمە ژووری حەمامەوە.٢(د.هاوژین سڵێوە،ددەریا حەویزی، ئیرۆتیك لە شیعری حەمامی شێرکۆ بێکەسدا،٢٠١٥،ل٥٧)، ئەم دەقە دەقێکی تەواو ئیرۆتیکی رۆمانسییە و ناونیشانەکەشی سەرنج راکێشە و دیارە کە مەسەلەکە سێکسە، هاوکات یەکێك لە گۆرانییە دیار و جوانەکانی حوسێن عەلی بەناوی حەمامە کە دەڵێ"

ئەرۆی بۆ حەمام سەر بەعەباوە

گیانم بەبێ روح هێشتا بە پاوە

ئەمەش وایکردووە حەمام چ لە ئەرزی واقیعدا و چ لە ئەدەبیاتدا وەك شوێنێکی ئیرۆتیکی بناسرێ

## ٢_٣_٣ئیرۆتیکی شاراوە (سیمبولی) لە شیعرەکانی نالیدا

شیعری کلاسیك پڕە لە وێنەی ئیرۆتیکی ئاشکرا و سیمبولی و داپۆشراو، بەڵام نالی رابەری رچە شکێنەکان بووە و چاونەترسانە جەستەی ژنی کردوەتە وشە و بە ئاشکرا باسی مەیلی خۆی بۆ جەستەی ژنان کردووە،هەروەها (ئیرۆتیك بەشێکی گرنگی لە دیوانی نالی بۆخۆی گرتووە).١(زانا خەلیل، ئیرۆتیك لە شیعری نالیدا،٢٠١٢،ل٩٧) بەتایبەتیش قەسیدەی مەستوورە، چونکە زۆر جیاوازە لەبەرهەمی شاعیرانی کلاسیك و بەتایبەتی شاعیرانی سەردەمی نالی، قەسیدەی مەستوورە بەهۆی گەلێك بەڵگەوە خۆی لەسەراپای ئەو دەقانە جیادەکاتەوە کە شاعیرانی قەڵەمڕەوی ئیسلام لە بارەی ئەندامەکانی لەشی ئافرەتەوە بەرهەمیان هێناون).٢(رێبوار سیوەیلی، کتێبی نالی،٢٠٠١،ل٨٧)،چونکە ئەوان چەندە بوێر و زانا و شاعیر بوبێتن نەیانتوانیوە بە ئەندازەی نالی بوێر و بێ پەردە و لێهاتوانە و تەنانەت جەستەناسانە باسی ئەندامەکانی لەشی ژن بکەن، قەسیدەی مەستوورە پڕە لە وێنەی

ئیرۆتیکی شیعری، جگە لە قەسیدەی مەستووورە قەسیدەی( ئیلتقای پۆلا و ئاسن(یش وێنەی ئیرۆتیکی بەرزی تێدایە، هاوکات ئەندامەکانی لەشی خۆی و مەستوورە و بەتایبەتی ئەندامی جووتبونی هەردوکیانی بە شتی دیکە چواندوە، واتا کردونی بە سیمبول( نالی لەم قەسیدەیەدا چەند لێکچواندنێکی وێنەیی ئەنجام داوە بۆ ئەندامە ئیرۆتیکییەکان کەوا بەشێوەیەکی گشتی لێکچواندنە لە رووی چەند سیفەتێکی گشتی لە نێوان لێچوو و لەوچوودا).٣(سەنگەر نازم، ئیرۆتیك لە شیعری کلاسیکدا،٢٠١١،ل٥٧)، ئەم سیمبولانەش کە لە قەسیدەی مەستورەدا هەن قە سیدەکە و ئەندامە ئیرۆتییەکانیان جوانتر کردووە. نالی لە ئەویندارى و غەزەل و عەشقبازی ئەدەبیدا ئوستاز بووە( نالی بە مامۆستای غەزەلیاتی کرمانجی ناوەراست دادەنرێ و هەموو شاعیرانی دوای خۆی کەم تا زۆرێك کاریگەری نالییان پێوە دیارە).٤(د.ئیبراهیم ئەحمەد شوان، ئەدەبی کۆنی کوردی، ٢٠١٢،ل٢٨٣)، بۆیە لە باس و خواسی ئەڤینداریدا هەمیشە ئیرۆتیك و جۆرەکانی ئیرۆتیك و ستایشکردنی ئەندامەکانی جەستە دەخولقێ، نالیش لەم باسەدا سەرمەشق بووە و لە شیعرەکانیدا زۆربەی ئەندامەکانی جەستەی بەکارهێناوە وەکو"

_ کوڵم و ماچی کوڵم

_لێو

_ماچی دەم

_مەمك( مەمکی نەوبەر)

_ران( ناوڕان)...........هتد

هەروەها لە قەسیدەی مەستورەدا ئەندامی مێینەی مەستوورەی بە٥٩ ناو و وەسفی تایبەت بردووە، کە ئەمە هەرگیز لە شیعری هیچ شاعیرێکی تردا نەبووە، هەروەها ئەندامی خۆشی بە٢٧ ناو و سیفەت هێناوە،

دووڕی کە وەکو دووڕی سەمابێ، نەسمابێ

دوورجێکی موجەوهەر کەهەموو حوسن و بەها بێ .١.(نالی، دیوانی نالی،مەلا عەبدولکەریمی مودەریس وفاتح عەبدولکەریم، ١٩٧٦، ل٦٠٧).

نالی لە نیوەی بەیتی یەکەمی ئەم بەیتەدا کە زۆر ئیرۆتیکە و ستایش و وەسفی لەخۆ گرتووە، ئەندامی مەستوورەی بە خشڵ و گەوهەر و دوورِ چواندوە، و دەڵێ نە سماوە، واتا کون نەبووە، لە رووی بەنرخی و جوانی و لە نیوەی دێرِی دووەم ئەندامی مەستوورە بە گەوهەرێکی بەنرخ و جوان دەچوێنێ

دوکانی توحەف، کانی حەیا، کانی بەقا بێ

قوببەی لە قیبابی نوقەبابێ، نەقوپابێ.٢( هەمان سەرچاوە، ل ٦٠٨).

لە نیوەی یەکەم بە مۆزە و گەنجی چواندوە کە پڕە لە شتی بەنرخ، کە بێگومان مەبەست لە شتی بەنرخ چێژ و لەزەت و رێك و پێکی ئەندامەکەیەتی، لە نیوە دێرِی دووەمیشدا لە رووی پیرۆزییەوە بە قوبەی خواناسانی چواندووە کە هەمیشە رووی تێدەکەن و لەبەر پیرۆزی نەوازشی دەکەن.

نالی هەرچەندە مەبەستی شیعرەکەی بۆ شکاندنی مەستوورەیە ئەمەش بە بۆچوون یئێمە و چەند لێکۆڵەرێکی دی، بەڵام وێنە ئیرۆتیکییەکانی باڵا و ناوازەن.

هەروەها لە قەسیدەی ئیلتقای پۆڵا و ئاسان کە پێنج دێرە چەندین وێنەی ئیرۆتیکی شاراوە بە سیمبول گوزارشتیان لێکراوە و بەبۆچوونی ئێمە زۆر لە قەسیدەی مەستوورە جوانترە ، چونکە قەسیدەی یەکەم باسی سێکس دەکات و دووەم تەنیا وەسفی ئەندامەکانی جەستە دەکات.

ئیلتقای پۆڵا و ئاسان

ئیلتقای پۆڵا و ئاسان هەر نیزاعە و گیر و دار

جەمعی ماو و نار و زەند مەرخ و عەقار.١(هەمن سەرچاوە، ل١٧٠).

لەم شیعرەدا وێنەکان جوان و ناوازەن و لە شوێنی تر دووبارە نەبوونەتەوە، چواندنی ئەندامی نێر و مێ بە ئاسن و پۆڵا نرخ دانە بەو دوو ئەندامە کە بەهێز و کاریگەرن، لە دێری دووەم دەڵێت"

ئەم لەسەر تەعزیم و گەورەکردنی بێ قسوور

ئەو لەسەر تەحقیر و تەخفیف و شکستی زاری مار.١(نالی، دیوانی نالی، عەبدولکەریمی مودەریس، فاتیح عەبدولکەریم، ١٩٧٦، ل ١٧٢).

لە نیوە دێری یەکەمدا شاعیر زۆر بەجوانی باسی هەستان و رەپبوونی چووکی پیاو دەکات و ئاماژەی بەوە کردووە پیاو ماندوو دەبێت بە و کارە و تا رایدەگرێ کەچی ژن دێت و ملی لار دەکاتەوە، بێگومان ئەمەش پاش جووتبوون رودەدات.

(نالی هەمیشە هەوڵی داوە کردە ئەویندارییەکانی سێکسی بن، بۆنموونە لە مەسەلەکانی ماچ لە دیوانەکەیدا ماچی کوڵمە کە هیچ سێکسی نییە و زیاتر دەربڕینی خۆشەویستییەکی ئاسایی و سڵاوکردنە کەمترین بوونی هەیە،(دەتوانین بڵێین ماچی کوڵم لای نالی ئەسڵەن هیچ کرنگییەکی نەبووە).١(زانا خەلیل، ئیرۆتیك لە شیعری نالی،٢٠١٢،ل٢٨٧)، دۆزینەوەی بەشی هەرە ئیرۆتیکی جەستە لێزانی دەوێ، مەرج نییە تەنیا گۆی مەمك جوان بێت و لە شیعردا تەڕ دەربکەوێ، گەندە مووی لامل هەستیارترین شوێنی ژنە لە ئانی دەستبازیدا و ئەمەش لە شیعری ئێمەدا فەرامۆش کراوە.

لە دێری سێیەمدا نالی وەسفەکەی وردتر کردووە و سمیولەکانی تایبەتن و دەقەکەش شاراوەیە بەڵام خوێنەر لە شیکردنەوەی واتاکەی هێندەش ماندوو نابێت.

ئەم بچێ ئەو دادەنیشێ دەم وەکو گوڵ خوندان

ئەم دەبێ هەڵسێ کە ئەو بێ، بێ چاو یەك، قەترە هەزار.٢(دیوانی نالی، ل١٧٣).

ئەم و ئەو لە دێرەکەدا جێناون بۆ هەردوو ئەندامی نێرینەوەو مێیینە، نالی دەڵێ کە هی پیاو هات هی ژن دادەنیشێ، واتا ئامادە دەبێت وەك گوڵێ دەم کراوە، بێگومان چواندنی بەگووڵ شتێکی دەگمەن و ناوازەیە، هەروەها لە نیوەی دووەمدا دەڵێ کاتێ هی ژن ئامادەیە و هاتووە دەبێت هی پیاو رەپ

بێت، راستە یەك كونی هەیە بەڵام ئاوی زۆرە، لێرەدا كە دەڵێ ئاوی زۆرە ناراستەوخۆ ستایشی توانای سێكسی خۆی دەكات.

## ٢_٣_٤ئیرۆتیکی داپۆشراو و هۆمۆسێکسواڵی لە شیعرەکانی نالیدا

سێکس وەك بەشێکی گرنگ لە ژیانی ئینسان و گرنگتر لە ژیانی شاعیراندا زۆر بە ئاسانی چ راستەوخۆ و چ ناراستەوخۆ لە بەرهەمە ئەدەبییەکاندا رەنگیداوەتەوە، هۆمۆ سێکسواڵی وەك حالەتێکی سێکسی ئاڵۆز لە شیعری دەیان شاعیری جیهانی و ئیسلامی و عەرەب هەبووە و لە کوردیشدا تاك و تەرا، هەردووك لە شێخ رەزا و نالی یەکەمیان ئاشکرا و دووەمیان شاراوە لەم بوارەدا دەقیان هەیە، هەرچی ئەحمەدی خانییە لەمەم و زیندا دژی هاورەگەز بازی دەوەستێـەوە کاتێ زین و ئەسێ جلی پیاوان دەپۆشن و لەوێ مەم و تاجەدین دەبینن و عاشقیان دەبن، هەرچەندە ئەوان بەجل و بەرگ رەگەزی خۆیان گۆڕیوە، بەڵام خانی دژی ئەوەیە ژن و ژن و پیاو و پیاو سێکسبازی بکەن، ( بڕوانە جان دۆست، الجنس في مم و زین، رسالە حب٢٠١٦) . لەسەردەمی عەباسییەکاندا کە ئەدەب بوژانەوەی بەخۆی بینی، پیاهەڵدان بە نێر لای شاعیرانی پیاو و بەتایبەتی ئەبوونەواس گەیشتە ترۆپك،( ئەوکات وەك بەشێك لە پێشکەوتن و جیهانگیری تەماشا دەکرا و هەندێکیش وەك نەخۆشی لێیان دەڕوانی)٢.( د. ملیکە فریحي، أبو نواس والتغزل بالمزکر،موقع عود الند http://www.oudnad.net/spip.php?article871). ئەو سەردەمەش کە نالی و شێخ رەزا شیعرییان بۆ نێرینە نووسیوە و ئیرۆتیکیانە هەستی خۆیان دەربڕیوە نێربازی شتێکی ئاسایی نەبووە بەڵام هەبووە.هەرچەند هەردوو شاعیر پیاوی ئایینی بوون.هەرچەندە شێخ رەزا بەمەبەستەوە شیعرەکانی خۆی بە ئاشکرا نووسیوە و سڵی نەکردوەتەوە، بەڵام نالی نائاگایی نووسین بەسەریدا زاڵ بووە( هەندێ جار و لەهەندێ شوێندا نائاگایی نووسین زاڵ دەبێت لە پرۆسەی نووسیندا، لەوحاڵەتەداکۆمەڵێ شتی شاراوەی نێو مێشك و دەروون تەرجەمەی حەرف و وشە دەبن)٣.(زانا خەلیل، ئیرۆتیك لە شیعری نالی،٢٠١٢،ل٩٥) .ئەمەش لای نالی روویداوە و لە هەندێ شوێندا غەزەلی کوڕی مێرد

منداڵی جوانی کردووە، بێگومان لێکدانەوە ورد و زیرەکەکانی لێکۆڵەران ئەمەی دەرخستووە چونکە زۆر شاراوە نووسراون.

کوڕ زیبی دەبوستانە، کچ شەمعی شەبوستانە

بۆ بەزمی تەماشا کوڕ، بۆخەڵوەتی تەنها کچ.١(نالی، دیوانی نالی، ١٩٦٧، ل ١٥٩).

نالی بە ئاشکرا باسی حەزی خۆی دەکات بۆ تەماشاکردنی جوانی کوڕ، بەڵام نەچووەتە سەر سێکسبازی لەگەڵیدا و کچی بەشیاوتر زانیوە بۆ خەڵوەتگیری، قسەی ئێمە لێرەدا بوونی وێنەیەکی ئیرۆتیکی جوانە، بێگومان نیگا و تەماشا کردن و ئەویندارى بەچاو لە پلەی یەکەمی بەریەککەوتندایە.

شاعیران بۆ شاردنەوەی مەبەستەکانیان هەمیشە وەسفی کچیان بۆ کوڕان بەکارهێناوە، بەڵام بوونی هەندێ نیشانەی تایبەتی جیاکەرەوە پەردەی لەسەر نهێنییەکە هەڵداوەتەوە،

هەندێکی تر پێیان وایە ئەو شیعرانە بۆ ژنان نووسراون نەك بۆ پیاوان (بەڵام بەمەبستی شاردنەوەی کەسایەتی ژنەکە بەهۆی داخراوی کۆمەڵگە جیناوی نێر بەکارهاتووە، یانیش مەبەست لێی ئەوینی سۆفیگەرێتی بووە).١(تهانی راشد، الشعر والولع بالغلمان،٢٠١٢ نوقع ايناناhttp://88inana.blogspot.com/2012/05/blog-post.html). بێگومان یەك جۆر لێکدانەوەش بۆ ئەم جۆرە شیعرانە ئینساف نییە (دەبێت ئەو دەقانە بەپێی مەنهەجی لێکۆڵینەوەی دەروونی شیکاری بۆ بکرێت، چونکە دونیای شاعیران ئاڵۆزە).٢(د. مليكە فريحى، أبو نواس والتغزل بالمزكر،موقع عود الند http://www.oudnad.net/spip.php?article871). د.عەلی وەردی لە کتێبی ئەفسانەی ئەدەبی باڵادا هۆکاری پەنابردن بۆ هۆمۆسێکسواڵی دەگەڕێنێتەوە بۆ جیاکردنەوەی ژن و پیاو لەیەکتر و ڕێگرتن لە تێکەڵبوون. بێگومان ئەمە راستییەکی نیوە راستە نەك تەواو، چونکە زۆرجار هۆکارەکان زیاترن،( وەلید کە کوڕێکی هاورەگەز بازە بەمنی گوت " ئێمە زۆربەی جار پیاوی

زۆر ئاسایین بەڵام بەهۆی ئەوەی لەمنداڵی دەستمان بۆ براوە یان بەزۆر سێکسیان لەگەڵ کردووین و لەترسان شاردومانەتەوە لەگەورەییدا زۆرینەمان تووشی هۆمۆسێکسواڵی دەبین). ٣(دیمانە لەگەڵ خالید، فەیس بووك،٢٠١٦/٩/٢٢)،بەڵام وەك دیارە سەردەمی نالی و کۆمەڵی کوردی ئاسایی بووە کە ژنان و پیاوان کەمتر بەر یەك بکەون، هاوکات تەنیا کوڕان دەچوونە بازار و حوجرە، ئاساییە شاعیر رووخساری جوانی کوڕێکی بەدڵ بێت و بەجوانییەکەیدا هەڵبدات وەك ئەم دێرە

کوڕ ئایینەیی حوسنی، تاوەك کچە، مەنزوورە

گرتی کە غوباری موو چینی کوڕ و مینا کچ.١(دیوانی نالی ، ل١٦٠).

نالی لێرەدا کوڕی تا ئەوکاتە بەلاوە جوانە کە رووخساری وەك کچ جوانە، واتا کوڕی ناسك و پێست نەرم و سپی، بەڵام کە تەمی مووی سمێڵ و ریش پێستی داپۆشی ئیتر بەکەڵك نایات.

ئەم شیعرە نە ئاشکرایە و نەتەواو شاراوە، بەڵام وێنەی سێکسی روونی تیایە کە شاعیر حەزی لە مێرد منداڵی جوان بووە کە بەکچ بچێت، هۆمۆکانیش هەروان و بەدوای کوڕانی بێ موودا دەگەڕێن.

لە نیوە دێڕێکی دیکەشدا نالی حاڵەتی هۆمۆسێکسواڵی خۆی نیشان دەدات بەڵام روونتر لەوەی پێشوو

کوڕ تازە و تەڕ، مادەم سادە وەك خوشکی بێ

ئەمما کە ڕوا سەبزە، دیبا کوڕ و زیبا کچ.١(دیوانی نالی، ل ١٦٠).

واتا کوڕ کە وەك خوشکی رووخسار تەڕ و نەرم بوو جوانە، بەڵام کە نەخشی گرت واتا مووی دەرکرد ئەوکات جوان نییە، ئاخۆ نالی چ کاری بەکوڕی بێ مووە؟ بۆچی بێ موو؟ بێگومان مەبەستەکە روونە.

ئارەزووکردنی کوڕی منداڵکار کە لە کوردەواریدا بە لووسکە ناودەبرێت لەلایەن مەلا و وانەبێژانی مزگەوتەوە لە مێژووی حوجرەدا شتێکی دەگمەن نەبووە، زۆرجار بیستراوە کە مەلای وانەبێژ تەماعی چووەتە قوتابییەکی، دەیان نوکتە و بەسەرهاتی وا هەن( تەماعیش بۆ مێرد منداڵان دوو

جۆرە یان تەنیا لەمس و نەوازشکردنی جەستەیەتی، سێکسی ناتەواو، یانیش لاقەکردنی ئەو منداڵە).٢(http://www.aljaras.com/%. ئەوەی نالیش لەجۆری یەکەمە کە تەنها بەتەماشا غەزەلی کوڕانی رووخسار شێوەی کچی کردووە.هەرچەندە لەم جۆرە شیعرانەدا سیمبول زیاتر بەکاردێ بەڵام بۆ لێکۆڵەر سەختترین کۆدیش دەکرێتەوە

ئەڵلا ئەڵلا کە چ عەقڵ و کەمالێکی هەیە.

لەگەڵ ئەو عەقڵ و کەمالە چ جەمالێکی هەیە

دڵرفێنە لە بۆ مەدحی، سەراپایی ئەوێ

واجبە مەدحی بکا، هەرچی کەماڵیێکی هەیە

ئەهلی ئەم شارە هەموو مۆکەر و ئەتباعی ئەون

یوسفی میصرە، عەجەب جاهـ و جەلالێکی هەیە.١(دیوانی نالی، ٥٧١٧)

دەبین ئەم شیعرە لە رووی پیاهەڵدان و وەسفەوە چەند ناوازە و باڵایە، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ نێرێك وتراوە و بەڵگەی یەکەمیش ناوی (یوسف)ە، چونکە مەحاڵە ئەم ناوە بۆ مێ بەکارهاتبێ، گەر مەبەستی مێ بوبا ئەوە زولەیخا شیاوتر بوو، بۆیە نالی بەهیچ بیانوویەك ناتوانێ خۆی بێبەری بکات، لە دێرێکی دیکەی هەمان دەقدا دەڵێ:

خەتی سەبزی کەناری لەبی، نالی هەروەك

خدری زیندە، لەسەر چاهە، زووڵالێکی هەیە.٢(هەمان سەرچاوە،هەمان لاپەڕە).

بێگومان خەتی سەبزی کەناری لێو گەندە مووی سمێڵە و هیچی تر نییە لەمەزیاتر، ئەمەش بۆ کوڕانی سەرووی تەمەنی١٢ ساڵە، ناکرێ پاکانەی ئەوە بۆ نالی بکرێ کە بۆ کچ یان ژنێکی وتووە، چونکە (گەندە مووی سمێڵی تازە دەرهاتووی ئافرەت باوەڕناکەم لە هیچ سەردەمێکدا بەجوان تەماشا کرابێت).١(زانا خەلیل،لا٩٩).

چەندین نموونەی هاو شێوەی نموونەکانی سەرەوە لە دیوانی نالیدا هەن، بوونی حاڵەتی هۆمۆ سێکسواڵی لە شیعری نالیدا شتێکی ئاساییە، چونکە لەو سەردەمەدا ئەوکارە کراوە و هۆکارەکەشی عەلی وەردی روونی کردوەتەوە، کە بەهۆی تێکەڵ نەبوونی ژن و پیاوەوە بووە هاوکات نالی پیاوی ئایینی بووە و ئاگاداری ئەوە بووە کە یەکێك لە پاداشتەکانی بەهەشت غیلمانە.

۲_۳_۵ئیرۆتیکی شاراوە لە دەقی دوێ شەوێ شەنبەی ( ئەدەب) دا

( ئەدەب)ی شاعیر، یەکێکە لە شاعیرە دیارەکانی ئەدەبی کوردی و شیعری کلاسیکی کوردی، ئەویش لە شیعردا توانای خۆی بەکارهێناوە بۆ ئەفراندنی دەقی ئیرۆتیکی ناوازە و دەقی( دوێ شەوێ شەنبە) کە وەك نموونە وەری دەگرین نموونەی ئیرۆتیکی جوان و وەسفی ئیرۆتیکی ناوازەیە،

واگرتمە ناو باوەشی خۆم، ئەو ماهی ئافاق

بووە یەك زەقەن و گەردەن و کەمەر و لاق.۱(دیوانی ئەدەب،ل۱۱۵).

ئەدەب باس لەوە دەکات پاش تاسەو چاوەڕانییەکی زۆر، یارە مانگ ئاساکەی کردووەتە باوەش و ئەم کارەشەی بەجۆرێك کردووە کە بەتەواوەتی جەستەیان و بەتایبەتی لاقیان تێکەڵ بووە، بێگومان تێکەڵبوونی لاقیش لەکاتی جووتبوندا روودەدات، لە دێرێکی تردا دەڵێت"

گەه سوڵح و گەهێ جەنگ و گەهی عیجز و تەختوء

گەه حەزم و گەهێ ڕەزم و گەهی بەزم و گەهێ شەر.۲(هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە).

لێرەدا باس لە پرۆسەی سێکسکردن دەکات کە چۆن خۆی و یار هەندێ جار لەبەر ئاڵووش هێرش بۆ یەکتر دەبەن و ئەمەش لە شەڕ دەچێت و هەندێ کاتیش هێور دەبنەوەو بە ئارامی ئیرۆتیکانە یەکتریان خۆشدەوێت.

لە شوێنێکی تری هەمان شیعردا دەڵێ:

دەستم لە پڕا کەوتە سەر مەوزیعی کاری

چاوی لێ بە دوور بێ وەك و گەنجی تەواونگەر.۳(دیوانی ئەدەب،ل۱۱۵).

ئەدەب بە سمیول باس لەوە دەکات کە دەستی بەر ئەندامی مێینەی یار کەوتووە و خۆشی هەر ئەو شوێنەی مەبەست بووە، کە دەستیشی بەر کەوتووە بۆی دەرکەوتووە هینی یاری گەنجینەیە

# بەشی سێیەم

## ئیرۆتیك لە شیعری هاوچەرخی ژناندا :

_تەوەری یەکەم: ژنی کورد لە رابردوو و ئێستادا

_تەوەری دووەم: هۆکارەکانی دەرکەوتنی ئیرۆتیك لە شیعری ژناندا

_تەوەری سێیەم: جۆرەکانی ئیرۆتیك لە شیعری ژناندا

## تەوەری یەکەم

**٣_١_١ تێڕوانینە کۆمەڵایەتی و ئاینییەکان بۆ ژن و پێگەی ژنی کورد**

**کۆمەڵ ئەو ناوەندە کۆمەڵایەتییە گرنگەیە، کە تێیدا تاکەکان ئەرك و ماف و ژیانیان تێیدا دەست نیشاندەکرێت و بە پێی کۆمەڵێك پێودانگ هەڵسەنگاندن بۆ کردار و گوتاریان دەکرێت و هاوکات بە پێی ئەو پێودانگانەش تێڕوانین بۆ تاك و چین و توێژەکان دروست دەبێت، تێڕوانین بۆ تاك کۆمەڵێك لایەن دەستنیشانی دەکەن .**

**ژن یاخود مێینە وەك تاك بە شێکی دانەبڕاوەی کۆمەڵی مرۆڤایەتییە( باسی ژن و لێکۆڵینەوە لەمەڕ ئەم پرسە بووە بە یەکێ: لە پرسە هەرە گرنگەکان چ لە رابردوو و چ لە ئێستادا، ئەمەش لەبەر ئەوەی پاش زەوی ژن دووەم شتە کە ژیانی مرۆڤایەتی لەسەر درووست دەبێت و گەشە دەکات).**١(ابراهيم احمد ابراهيم حمايدة، صورة الرجل في الشعر المراة في العصر العباسي، ٢٠١٣، ص ٣).

**و ئەرك و مافەکانی لە ناو بازنە و چوار چێوەی کۆمەڵدا دیاری دەکرێت و بە پێچەوانەشەوە دەخورێت، کۆمەڵ زۆر بەش و لایەن لە خۆدەگرێت و هەر لە خێزانەوە تاکو باڵاترین دامەزراوەی کۆمەڵایەتی دەکشێت، ئاین و خێزان و کلتور و نەریت رۆڵیان هەیە لە بە ئاراستە بردنی تاك بە گشتی و ژنان بە تایبەتی.**

**( بە درێژایی مێژوو ژن لە هەموو سەردەمێك و لە هەر بیروڕایەکی ئایینیدا و بەجۆرێك و بە شێوەیەکی تایبەت و جیاواز مامەڵەی لەگەڵدا کراوە و زۆربەی جارەکانیش مامەڵەیەکی ناتەندروستانە بووە).**٢(ئارام سديق، ٢٠٠٧ل ٤٦)،**گەر بێت و تەماشای دۆخی ژن بکەین لە تەواوی کۆمەڵگەکانی جیهاندا دەبینین دۆخی ژنان باش نییە و بەردەوام لەگەڵ خراپترین جۆرەکانی توندوتیژی و هەڵاواردندا دەستە و یەخەن، تەواوی ئایینەکان و زۆینەی کۆمەڵەکان غەدر لە ژنان دەکەن، لە ئایینی ئیسلامدا ژن بە کەم عەقڵ ناودەبرێت و گەر بە بەردەم نوێژخوێنکدا تێپەڕێت و**

نوێژەکە بەتاڵ دەکاتەوە، شایەتی ژن قبوڵ ناکرێت و لە میراتدا نیوەی بەشی براکەی وەردەگرێت).
١(ریمو نجیب شکري، مکانة المراة في الادیان المختلفة، موقع الحوار المتمدن، ٢٠١١، ( http://m.ahewar.org/s.asp?aid=283500&r=0&cid=0&u=&i=4381

بەڵام حاشا هەڵنەگرە، کە دۆخی ژن لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر و بە پێی ئاین و کلتور و نەریت و ئاستی هۆشیاری وڵات و خێزان جیاوازی هەیە و لە هەندێ شوێن سەرەرای توندوتیژی و مەترسییەکانی لاقەکردن و هەڵاواردن و کوشتن و دەیان جۆری دیکەی دەست درێژی ژنان، خاوەنی کار و بڕیارن و لەکاتی هەر مەترسییەك دەتوانن پشت بە دام و دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش ببەستن و هەموو جۆرەکانی توندوتیژی و هەڵاواردن و لاقەکردن بەتاوان دەناسرێت و تاوانکار سزای توند دەدرێت و پشتیوانی لە قوربانییە مێینەکە دەکرێت، لە هەندێ کۆمەڵی دی ژنان سەرەڕای توندوتیژی جۆراو جۆر و ئاسان کوشتنیان و بە زۆر بەشودان و لاقەکردن و سەرداری نێرینەکانی خێزان بەسەریەوە خاوەنی هیچ بڕیارێك نین و هاوکات دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایشیش پشتگیرییان ناکەن و وەك بەشێك لەو کلتورە ژن چەوسێنەرە مامەڵە دەکەن و تاوانکار دەرباز دەبێت و زۆرجار ئەو ژنەی ناحەقی دەرهەق کراوە یان خێزانەکەی لێی بێبەری دەبن یان دەکوژرێت گەر بەختیش یەك تۆز یاوەری بێت دەچێە شێڵتەر و زۆرجار تامردن لەوێ دەمینێتەوە، ئەمەش بەهۆی رۆشنبیری ناوچەکە و دەسەڵاتی پیاو (ئەو کێشەو گرفتانەی دەوری مرۆڤیان داوە جیاوازن بە جیاوازی ژینگەکەیان و مرۆڤایەتی تەنها یەك کێشەی نییە، بەڵکو کێشەکان جیاوازن و بە درێژایی قۆناغەکانی مێژووش هەروان).٢(مالك بن بنبي، شروط النهضة، ت. عمر کامل المقساوي و عبدالله الصبور شاهین، ١٩٨٦،ص٧٥). بۆیە دەبینین دۆخی ژنانی کوردیش بە پێی ئاستی هۆشیاری کۆمەڵایەتی و تەنانەت ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی تێیدا دەژی جیاوازە، زۆر جار لە ژینگەیەکی پیاوسالاردایە، بەڵام لە خێزانێکی یەکسانی خوازدایە ئەمەش خاڵێکی پۆزەتیڤە.(هەروڵاتێکی خۆرهەڵاتی ناوەراست بگریت مێژوویەکی دوورودرێژی لەخەباتی درێژخایەنی ژناندا هەیە).٣( لوقمان غەفور، دوانەی دەسەڵات و سێکس، گ.رامان،ژ ٣٥، ٢٠١١، ل ٣٩). چونکە هەمیشە ژنان لەگەڵ پیاواندا لە ململانێدان بۆ خۆ سەلماندن و وەرگرتنەوەی سادەترین مافەکانیان و گۆڕینی ئاراستەی ژیانیان بەرەو باشتر.

## ٣_١_٢ژن له كۆمه‌لگه‌ی كورده‌واریدا

مه‌سه‌له‌ی ژن و پێگه‌ی ژن و مافه‌كانی باسێكی قووڵ و دوورودرێژه چونكه له كۆمه‌ڵی رۆژهه‌ڵاتیدا كێشه‌كانی ژن ریشه‌ی داكۆتاوه.( كێشه‌ی ژنان له‌م كۆمه‌لگه‌یه‌دا كێشه‌یه‌كی واقعییه)١.(سالار حمه عه‌لی مسته‌فا، دیمانه له‌گه‌ڵ ناسك محه‌مه‌د،٢٠١١، ل٢٦)، بۆیه ده‌بێت واقع بینانه و دوور له هه‌ست و سۆز و عاتیفه و په‌رده‌پۆشكردنی ئێستاو رابردوونان قسه‌ی له‌سه‌ر بكه‌ین، بۆ قسه‌كردن له‌سه‌ر دۆخی ژنی كورد له رابردووی زۆر دوور و ئێستاو و بۆ داهاتووش ده‌بێت چاوێك به سه‌رچاوه ئاینییه‌كان و نووسراوی رۆژهه‌ڵاتناسه‌كان بگێڕین، ، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی زۆربه‌ی جار سوكایه‌تیكردنه‌كان به‌ژن له‌به‌رگێكی ئاینیدا خراونه‌ته‌ڕوو،( ئه‌و بۆچوونانه‌ی پیاوانی فه‌لسه‌فه به‌تایبه‌تی فه‌یلسوفانی یۆنان بۆ ژناین هه‌بووه و ژنیان به گوناهكار ناوزه‌ندكردووه ئه‌وه‌نده په‌سه‌ند بووه كه به‌رگێكی ئایینی له‌به‌ر كردووه و تێكه‌ڵ به هه‌ردوو ئاینی مه‌سیحی و ئیسلام بووه).٢(د.امام عبدالفتاح امام، افلاطون و المراة،١٩٩٦، ص.٥).

یونان كه لانكه و ژینگه‌ی له دایكبوونی فه‌لسه‌فه و فه‌یله‌سوفان بووه تۆوی بیرو باوه‌ڕی خۆی به سه‌ر ته‌واوی گۆی زه‌ویدا رژاندووه( زۆربه‌ی ئه‌و باوه‌ڕ و بۆچوونه فه‌لسه‌فیانه‌ی له كۆمه‌لگه سه‌باره‌ت به چین و توێژ و چه‌مه‌كان هه‌یه سه‌رچاوه‌كه‌ی فه‌لسه‌فه‌ی یۆنانییه، به‌تایبه‌تی ئه‌و بۆ چوونانه‌ی هه‌لگری ره‌هه‌ندێكی ئاینین).٢(بوراس یوسف،المراة في كتابات فلسفة اليونان،ب.ت،جامعة المسلية،ص٢).

هه‌میشه ئایین به پله یه‌ك قسه‌ی له‌سه‌ر دۆزی ژنان كردووه و به پۆزه‌تیف و نێگه‌تیف هه‌موو به‌لگه‌كان ڕوونن وهیچ كار و بارێك به‌بێ ده‌ست تێوه‌ردان و قسه له‌سه‌ر كردنی ئاینی تێپه‌ر ناكات و هه‌میشه ئایین قسه و یاسا و بۆچوون و تێڕوانینی خۆی هه‌بووه، (چونكه ئاین ئه‌و رێچكه و به‌رنامه رێكخراو و به‌به‌رنامه بۆ دارێژراوه‌یه كه مرۆڤه‌كان بۆ به‌ڕێوه بردنی كاروباری رۆژانه‌ی ژیانیان و رێكخستنی كۆمه‌ڵایه‌تی كۆمه‌ڵ پشتی پێ ده‌به‌ستن، ده‌شێ ئه‌و یاسا و ده‌ستوره ئاینییانه ئاسمانی بن یا رێسای مرۆڤكرد بن).٣.(سه‌نگه‌ر نازم، وێنه‌ی پیاو له شیعره‌كانی كه‌ژاڵ ئه‌حمه‌د و فه‌روغی فه‌روخزاددا، ٢٠١٥ ، ل ٥).به‌ڵام كاریگه‌ری زۆریان له‌سه‌ر بیركردنه‌وه‌كانی تاك و دواتر كۆمه‌ڵیش داناوه

هاوکات هەر لە سەرەتای دروستبوونی مرۆڤایەتییەوە مرۆڤ ئایینی بۆخۆی دروستکردووە بۆ ڕێکخستنی کارو بارەکانی و پەنابردن بۆ خوداوەندەکان لە کاتی تەنگەژە و کێشە و هاوکات دڵدانەوەی خوودی خۆی لەکاتی ترس و تۆقین و نەبوونی، بۆیە ئایین دیرۆکی کۆنی مرۆڤایەتییە و هەمیشە وەك بەشێك لە مرۆڤ دەمینێتەوە و لەکاتی پێویست مرۆڤ پەنای بۆدەبات.

وەکو کوردیش دەتوانین چوار ئاین وەك بەڵگە وەربگرین بۆ دۆزینەوەی دۆخی ژنی کورد تێیاندا، ئەوانیش ئایینەکانی" ( زەردەشتی و یەزیدی و ئاینی ئیسلام و جوولەکە)ن، چونکە بەحوکمی ئەوەی هەردوو ئایینی زەردەشتی و یەزیدی دوو ئایینی کوردین و لە ناوچەکانی کوردستان پەیدا بوون و کاریگەری زۆریان لەسەر ژیانی کورد بە گشتی و ژنی کورد بەتایبەتی هەبووە چ لە مێژوودا و چ لە ئێستادا و هەروەها ئایینی جولەکەش  بۆ کورد دەگرێتەوە چونکە لە رابردوویەکی زۆر نزیك جوولەکە کوردەکان لە عێراق و کوردستان دەژیان و پاشان حکومەتی عێراقی بە زۆر دەریکردن و چوون بۆ ئیسرائیل، ئایینی ئیسلامیش بە پێی پێگەی جوگرافی و فتوحاتەوە زۆر زوو هێنراوەتە ناو کۆمەڵی کوردی و تێکەڵ بە نەریت و ژیان و کلتوری کورد بووە، هەروەها لەم سێ ئایینەدا زۆر بە ڕوونی باس لە ژن کراوە بەتایبەتی هەردوو ئایینی یەزییدی و ئیسلام زۆرتریان قسەیان لەسەر ژن کردووە.

٣_١_٣ژن لە ئایینی زەردەشتیدا.

ئاینەکان چ ئاسمانی بن یان زەمینی و مرۆڤکرد، کە مرۆڤەکان بۆ  ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی خۆیان دروستی بکەن و ڕێساو یاسای تایبەتی بۆ دابنێن، ئاینی زەردەشتی یەکێکە لە ئایینە هەرە کۆنەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست ،زەردەشت (٦٥٠ پ.ز)کە بەپەیامبەری ئەم ئایینە ناسراوە، ئایینەکەی بڵاوکردوەتەوەو هەر ئەو بنەما و یاساکانی داناوەو پاشان پیرەکانی زەردەشت پەیامەکانی ئەویان گەیاندووە، ئایینی زەردەشتی  تا ئەمڕۆش شوێن کەوتووانی ماون لە باشووری کوردستانیشدا لە ساڵی ٢٠١٥ەوە زیاتر بووژاوەتەوەو پیر و لایەنگرانی ڕێساو بنەماکانی ئەم ئایینە بە خەڵکی دەناسێنن،

چونکە نزیکترین ئایین لە نەتەوەی کوردەوە ئەم ئایینەیە و زۆر سەرچاوەش ئاماژە بە کورد بوونی زەردەشت دەکەن، وەك ئەوەی ئایینی زەردەشتی کۆنە شتێکی حاشا هەڵنەگرە کە قسەی لەسەر مەسەلەی ژن و ماف و ئەرکەکانی کردووە، ( ئاینی زەردەشتی پێچەوانەی زۆربەی ئایینەکان پێگەی ژنی بەرز نرخاندووە، لە کتێبی بۆندەهێشن(bundahishn) کە کتێبێکە بە زمانی فەیلی یان پەهلەوی نووسراوە لە بەشی١٥ دا هاتووە( ئەوکات ئاهورامەزدا کە پێشتر گیانی ئەفراندبوو، خستییە لاشەی مەشیە و مەشیانە( ژن و پیاو )١.(پێگەی ژن لە ئایینی زەردەشتیدا، ئارێز ئەندازیاری،گ.ژن، ژ.١٦،٢٠١٦، ل ٢٥).،گیانی پێیان بەخشی لەم دێڕەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە ئاهورامەزدا جیاکاری جێندەری لە نێوان مەشیە و مەشیانەدا نەکردووە و پێکەوەی ئەفراندوون و بە یەك کاتیش گیانی وەبەر خستوون و لە هیچ شوێنێکیشدا کەسی لەوی تر بەبەرزتر نەزانیوە و هەمیشە لەکاتی بانگکردندا هەردووکی پێکەوە بانگکردووە. هاوکات لە ئایینی زەردەشتیدا رۆژێك بەناوی رۆژی ژن دەست نیشان کراوە کە بە جەژنی ئیسفەنگان (ڕەشەمە) کەلە٢٠ی مانگی رەشەمە ئەنجام دەدرێت ، ئیسفەند کە ئەو مانگەیە رۆژی ژنی تێدا بەرز دەنرخێنرێت لە ئاڤێستادا بەمانای لە خۆبوردوویی و خۆراگری هاتووە، ( زەردەشت لە بارەی خوڵقاندنی ئینسانەوە جیاواز لە هەر ئاینێکی تر روانگەیەکی تەواو یەکسانییانەی بۆ نێر و مێ هەیە، مەشیا و مەشیانە ( ئادەم و حەوا)، بەیەکەوە و بە پێکەوە لکاوی خوڵقاون)٢.(هیوا فریادرەس، ژن و ئاین، ٢٠١٤، ل٢٢-٢٣).هەروەها زەردەشت ژیان کردن لەگەڵ ژنی ئازاددا بەبەختەوەرانەترین جۆری ژیان دەزانێت.

هەروەها لە رووی هاوسەرگیرییەوە لە ئایینی زەردەشتیدا ژن و پیاو تەنیا بۆیان هەیە یەك هاوسەریان هەبیت و هاوسەرگیری بە شێوەی کاتی بوونی نیە.(جێمز دارمستەر james darmesterسەبارەت بە سەردەمی دەسەڵاتی ساسانییەکان باسی ئەوەی کردووە کە لەو سەردەمەدا پێنج ژنی دەسەڵاتدار رێزی لێگیراوە، هاوکات دایکی شاپووری دووەم بیست ساڵ بەر لە دایکبوونی شاپوور حوکمڕانی کردووە تاکو کوڕەکەی گەیشتووە بە تەمەنی یاسایی)١.(پێگەی ژن لە ئایینی زەردەشتیدا، ئارێز ئەندازیاری،گ.ژن، ژ.١٦،٢٠١٦، ل ٢٦)،لەسەردەمی زەردەشت ژن مافی هەڵبژاردنی هاوسەر و جیابوونەوەو سامانداری و موڵکدرای هەبووە، هاوکات کاروباری مێردەکەشی بە رەزامەندی ئەو

بەڕێوە بردووە، )بەڵام ئەم سەردەمە زێڕینەی ژن زۆر درێژەی نەكێشاو پاش نەمانی زەردەشت ژنان دووبارە خرانەوە ناومالّ و بەر ئاگردان و تاكە كاریان گوێڕایەڵی فەرمانەكانی مێرد بووە(.٢(سهيلة زين عابدين حماد، وضع المراة قبل الديانات السماوية، موقع حوار المتمدن، ٢٠٠٤، (http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=22639). ئێستاش ئەوانەی پابەندی ئایینی زەردەشتی دەكەن لە ڕووی مامەڵە كردن لەگەڵ ژنانی خێزان و كۆمەڵگەدا بەراورد بە ئایینەكانی تر ئارامتر و یەكسانخوازترن.

## ٣_١_٤ژن لە ئاینی ئیسلام دا

قسەكردن لەسەر دۆخی ژن لە ئایینی ئیسلامدا وەك ئایینێكی ئاسمانی زۆرترین قسە هەڵدەگرێت، چونكە ئایینی ئیسلام زۆر بە وردی قسەی لەسەر هەموو شتێكی ژن و ژیانی ژن كردووە و هەروەها سورەتێكی قورئانیشی بە ناوی ژن ( النساء) ناوناوە، ئایینی ئیسلام پیاوی بەرز نرخاندووە و یەكەم ڕێز نیشاندانی خودا بۆ نێر كە ئادەم نوێنەری تەواوی نێرەكانی سەر ڕووی زەوییە ئەوەیە خودا یەكەم كەس ئادەمی دروستكردووە، پاش ئەوەی ئادەم بێزار بووە خودا حەوای وەك كەرەستەی ڕەواندنەوەی تەنیایی و بێتاقەتی ئادەم ئەفراندووە، ئەمەش لەتەواوی ئایینەكاندا هاوشێوەیە، هاوكات ئادەم بوونێكی سەر بەخۆی پێ بەخشیوە، بەڵام حەوا لە پەراسووی چەپی ئادەم دروستكراوە، كە هەمیشەش چەپ وەك سیمبولی لاوازی و خراپەكاری تەماشا دەكرێت، هەروەها لە سورەتی (البقره) دا هاتووە: " واڎ قالنا للملائكه اسجدوا لادم الا ابليس استكبر وكان من الكافرين ).١(سورة البقرة، اية ٣٤).

وەك دەبینین خودا تەنیا داوای ئەوەی كردووە كە فریشتە و شەیتان تەنیا كڕنووش بۆ ئادەم بەرن و باسێك لە حەوا نییە، كەواتە یەكەم كار كە خودا كردوویەتی جیاكاری بووە لە نێوان تاقە دوو دروستكراوی خۆی كە ئەوانیش ئادەم و حەوان.

**لە مەسەلەکانی میرات ژن نیو بەشی براکەی وەردەگرێت، هاوکات فرە ژنی کە شکاندنی کەرامەتی ژنە و تەماشاکردنی ژنە وەك جەستە و پێداویستی تێرکردنی پیاو ئایینی ئیسلام دایهێناوە، هەروەها کەنیزە و سەبییە کە لەشەڕدا هەن و هاوسەرگیری لەگەڵ ئەو کچانەی گەیشتونەتە سوڕی مانگانە، جگە لە ئایتی قورئانی فەرموودەی پەیامبەری ئیسلامیش زۆرن کە لەبەرژەوەندی پیاواندان و توندوتیژین دژ بە ژنان لەوانەش:**

**موحەمەد پێغەمبەری ئیسلام لە فەرموودەیەکدا کە ئەبوبەکر گێڕاویەتیەوەو ئیمامی بوخاری ریوایەتی کردووە دەڵێت:** عَنْ أَبِي بَكْرَةَ رضي الله عنه قَالَ:

( لَقَدْ نَفَعَنِي اللَّهُ بِكَلِمَةٍ سَمِعْتُهَا مِنْ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَيَّامَ الْجَمَلِ بَعْدَ مَا كِدْتُ أَنْ أَلْحَقَ بِأَصْحَابِ الْجَمَلِ فَأُقَاتِلَ مَعَهُمْ . قَالَ : لَمَّا بَلَغَ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَنَّ أَهْلَ فَارِسَ قَدْ مَلَّكُوا عَلَيْهِمْ بِنْتَ كِسْرَى قَالَ : لَنْ يُفْلِحَ قَوْمٌ وَلَّوْا أَمْرَهُمْ امْرَأَةً ) ، رواة البخاري (٤٤٢٥)،

**واتا هەر میللەتێك ژن سەردار و گەورەیان بێت سەرکەوتوو نابن و کاریان ساز نابێت، ئەمە لەکاتێکدا لە قورئاندا باسی سەرداری و ژیری و حیکمەتی بەلقیس کراوە، بۆیە ئەم دوو وینەیە پارادۆکسیەت دروست دەکەن و وتەکەی پەیامبەر بەرامبەر بە چیرۆکی بەلقیسە کە خودا گێڕاویەتییەوە دژ یەك دەوەستن و لە لە قورئاندا لە باسی بەلقیسدا هاتووە کە باڵندەی هودهودی حەزرەتی سولەیمان دەچێتە سەباو پاشان دەگەڕێتەوەو هەموو ئەو شتانەی بینیویەتی بۆ پەیامبەری دەگێڕێتەوەو لە باسی بەڵقیسدا دەڵێت"**

إِنِّي وَجَدْتُ امْرَأَةً تَمْلِكُهُمْ وَأُوتِيَتْ مِنْ كُلِّ شَيْءٍ ولَها عَرْشٌ عَظِيمٌ }.١( سورة النمل آية ٢٣).

**جگە لەوەش لە ئایینی ئیسلام دا ژن بۆی نییە سەرۆك بێت هاوکات سەرۆکی قەزا بێت، دادوەری و پێشنوێژی و مەلایەتی و شێخ و سەید و پەیامبەر و بانگخوازی بۆ ژن رێگە پێنەدراوە( ژن لە ئیسلامدا نەك هەر مافی نادرێتی، بەڵکو بەشداریشی لە ژیانی سەرکردایەتی و سیاسی نییە و بە حەرام وەسف دەکرێت، دوای مردنی پەیامبەری ئیسلام سەحابەکان کۆبوونەوە بۆ دەست نیشانکردنی جێنشین بەڵام هیچ کام لە هەڵبژاردەکان ژن نەبوون.**٣(فاطمة المرنیسی، الحریم السیاسی ،النبي و

النساء، ب.ت، ص ١٤)، **چونكە ئيسلاك پێشڕەوی و سەركردايەتی ژنانی قبوڵ نەبووە و نييە، سەرەرای ئەوەی لەو سەردەمەدا ژنانی بوێر و چاوكراوە و شياو هەبوون.**

**هۆكاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە كەئايينی ئيسلام وای دەبينێت كە ژنان كەم عەقڵن و تا ئەمڕۆش هيچ لێكۆڵينەوەيەكی زانستی و پزيشكی ئەوەی نەسەلماندووە كە ژنان لە پياوان كەم عەقڵ تر بن.**

**هەروەها نموونەی فەرموودەی تر زۆرن كە پەيامبەری ئيسلام وەك لاواز وەسفی ژنی تێدا كردووە"**

_قال أبي هريرة عن رسول الله صلى الله عليه وسلم أنه قال: (اللهم إني أحرج حق الضعيفين اليتيم والمرأة)

_(لو كنت آمرًا أحدًا أن يسجد لأحد، لأمرت المرأة أن تسجد لزوجها).

_عن أبي ذر رضي الله عنه : عن النبي صلى الله عليه وسلم قال : (تعاد الصلاة من ممرّ الحمار والمرأة والكلب الأسود) وصححه الألباني في "الصحيحة" (٣٣٢٣).

_عن رسول الله (صلى الله عليه وآله) : ويل لإمرأة أغضبت زوجها، وطوبى لإمرأة رضى عنها زوجها

**نكۆڵی لەوەش ناكرێت ئايەت و فەرموودەش هەن باس لەوە دەكەن كە لەگەڵ ژنەكانتاندا باش بن، بەڵام كەم نين ئەو فەرمودانەش كە زۆر توندن و دژی ژنان و لە زۆر شوێنيشدا لە پاش ئاژەڵەوە ئينجا ژن دانراوە.**

## ٣_١_٥ژن لە ئايينی جوولەكەدا

**يەهودييەت يەكێكە لەو ئايينيانەی كە بەرامبەر بە ژن رەقە و لە زۆر شوێنی تەرمووددا سوكايەتی بە ژن كردووە و بە خراپ باسی ژنی كردووە، هەرچەندە لە رووی كۆمەڵايەتی و سياسی و دەوڵەتييەوە ژنی جوولەكە ئەمڕۆ خاوەن پێگەيەكی بەرزە، بەڵام ئاينەكەيان نووسراو و دەقەكانی هەرگيز لەبەرژەوەندی ژنەكان نەبوون و نين، تەلموود ستايشی خوای لەسەر پياوان فەرز كردووە كە خودا بە**

پیاوی ئەفراندونی نەك بە ژنی، وە تا ئەمرۆش پیاوان لە نزاكانیاندا دەڵێن "سوپاس بۆتۆ خودای من، خودای هەموو بونەوەر، ئەی ئەوكەسەی منت بە ژن دروست نەكردووە، لە سفری زانكۆی ئەبوكریفی دا چەندین وەسفی خراپی ژن كراوە، وەك ( بەهەر جۆرێك حوكمم دەكەی بەسەرمدا بیكە بێجگە بەخراپەی ژن )، هەروەها لە شوێنێی تردا هاتووە " رووبەرووبونەوەی شێر باشترە لە رووبەڕوو بوونەوەی ژن)، تەلموود لە زۆر شوێن دا زۆر بە سووك و كەم تەماشای ژنی كردووە و هەموو كردارێكی خراپی داوەتە پاڵ ژن، وەك سیحر و جوگەری و زینا و پێی ووتون " جوانیان زۆرە و ژیریان كەم).

لە سفری تەكویندا هاتووە كە دەڵێت " گەر هاتوو پیاو لەبەر هەر هۆیەك ژنەكەی نەویست، دەتوانێت تاوانباری بكات بەوەی كە كچ نەبووە". وەك دەبینین ئەمە خراپترین شتە كە ئاینێك بانگەشەی بۆ بكات، چونكە هەم ژن بەكەم نیشان دەدات و هەمان هانی پیاو دەدات كە هەركات ویستی بە هۆی لۆژیك و نالۆژیك لە ژنەكەی جیابێتەوەو لەكەداری بكات و پەرۆیەكی سپی نیشانی خەڵك بدات و بڵێ" من ئەم ژنەم ناوێ چونكە كچ نەبووە و پەرۆكەی سوور نەكردووە.١(سەعید بەشیر، سێكس لە ئایینەكانی جیهاندا، ٢٠٠٩، ل ٢٩١تا ٢٩٤ ساڵ).

پیاو دەتوانێت بە ویست یان بەبێ ویستی ژنەكەی لێی جیابێتەوە، بەڵام ژن ناتوانێت بێ ویستی پیاوەكەی جیابێتەوە.

سەیرترین شت ئەوە خودا كە خۆی ژنی دروستكردووە كە چی بە پیس و گڵاو ناوی بردووە، ماوەی گڵاویشی بۆ ژن دیاری كردووە كە ماوەی منداڵبونیەتی و ماوەكەش بۆ منداڵی كوڕ كەمترە لە منداڵی كچ و دەڵێ"

خودا لەگەڵ مووسا قسەی كرد و وتی بە بەنی ئیسرائیل بڵێ" گەر ژن سكپڕبوو كوڕی بوو حەوت رۆژ گڵاو دەبێت، گەر كچیشی بوو ئەوە دوو هەفتە گڵاو دەبێت.

هەروەها ئەوەشیان هەیە " ژنی بێ شەرم وەك سەگ تەماشا دەكرێت.

لەژنەوە گوناه سەرچاوەی گرتوو و بەهۆی ئەویشوە هەموومان دەمرین.١بڕوانە ( سێکس لە ئاینەکانی جیهاندا، ٢٠٩، ل ٢٩٦تا٢٩٨).

تەورات و کلێس لە کۆمەڵێکی باوکسالاریدا سەریانهەڵدا راو بۆچوونە پێشوەختەکانی ئەو کۆمەڵەیان نواند و بەرجەستە کرد، هەزار و یەك بەڵگە و بیانووی غەیبیان بۆ پشتیوانی تیۆری کێماسی ئافرەت هێناوەتەوە، هەروەها مەسەلەی فرەژنی جولەکە داینەوەو لە زۆر شوێن هانی فرەژنی داوە و کاهینەکانیش لە یەك ژن زیاتریان هەبووە،، چیرۆکی (صموئیل ) تیشکی خستووەتە سەر هۆکاری فرەژنی و کێشەکانی، لەو چیرۆکەدا باس لە ژنێك دەکات بەناوی حونە کە منداڵی نەبووە و مێردەکەی ژنێکی تری هێناوە بەناوی (زەڕە) واتا (فتنە) کە هەموو ساڵێك خۆی بەسەر حونەدا هەڵدەکێشا و دەبووە هۆی توڕەکردنی و کەم خۆراکی، ئەوە بوو پاش ئەوەی کە حونە بۆ ماوەی دوو ساڵ نوێژی کرد( بیری خودا کەوتەوەو سکی پڕ بوو منداڵێکی کوڕی بوو کە ناوی نا(صموئیل) واتا (باوەر بەخودا) کە تەرخانی کرد بۆ خزمەت بەخودا). ٢ (س.پ، ل ٢٩٨).

لە تەلمودا باس لە رێگەدان بە فرەژنی دەکات و لە یەکێك لە فتواکاندا دەڵێت ( پیاو دەتوانێت چەند ژنی بوێت بیانخوازێت و لە فتوایەکی تردا دەڵێت: "کە فرەژنی رێگەی پێ دەدرێت، بەڵام بەومەرجەی لە چوار تێپەڕ نەکات). ٣(س،پ، ل ٢٩٨). ئەمەش پیاوانی پشت ئەستوور کردبوو کە بە ئارەزووی خۆیان ژن بخوازن و ژنەکانی خۆشیان وەدەر نێن و ئاینیش پشتگیرییەکی بەهێز بوو بۆیان.

## ٣_١_٦ژن لە ئایینی یەزیدیدا

ئاینی یەزیدی یان یەزدانی یەکێکە لە کۆنترین ئاینەکانی رۆژهەلات بە شێوەیەکی گشتی).١.(سەنا عەبدولەحی ئەلبەسام، ئێزیدی بوون،گ.ژن ژ.١٦،١٦،٢٠١٦، ل١٠)، ئەم ئایینە زەمینییە  بە یەکێك لە ئایینە کوردییە ڕەسەنەکان دادەنرێت بەڵام وەك دەبینین و دەبیستین ئەم ئایینەش زۆر توندە بەرامبەر بە ژن، هەندێ رەفتار کە بەرامبەر بە ژنی یەزیدی دەکرێت هێندە نا مرۆڤانەیە لەگەڵ هیچ بنەمایەکی

مرۆڤایەتیدا ناگونجێت، ژنی یەزیدی ئازاد نییە لە بڕیاردان و بە پێی ویست و بڕیاری سەردارەکانی کە باوك و براو مێردن دەبێت بجولێتەوە، هەروەها کچانی یەزیدی مافی ئەوەیان نییە لەگەڵ کوڕانی ئایینەکانی دی هاوسەرگیری بکەن و گەر ئەم کارەش رووبدات کوشتنی لێدەکەوێتەوە نموونەی (دوعا)، هەروەها تا ئەمڕۆش لە دایکبوونی کچ لە ناو یەزیدیان زۆر بەگەرمی پێشوازی لێناکرێت و زۆرجاریش بەلەدایکبوونی کچ رووسارد و خەمگین و توڕەن، جگە لەوەش کچانی یەزیدی زۆر جار لە یەکەم چرکەی لە دایکبونیان یان کاتێك لەسەر بێشکەن مارە دەکرێن، و تا ئەمڕۆش ئەم دیاردەیە لەناو یەزییدیان ماوە.

(لە ناو ئایینی یەزیدیدا کۆمەڵێ یاسای زۆر وشك هەیە کە سنوور لە ناو چینەکانی ئێزی داناوە، ئەو سنوورانەش زیاتر لەسەر ژنان پیادەدەکرێن)١.(راپەڕین ئەنگیزەك، دیمانە، ئا بێریڤان محەمەد، گ.ژن، ژ١٠،٢٠١٥، ل٥٤). لە حاڵەتی روودانی زینا یان دەست درێژی سێکسی ئایینی یەزیدی تەنیا ژن بە تاوانبار دەزانێت و پیاویش هیچ پەڵەیەك هەڵناگرێت و ژن دەکوژرێت و پیاوەکەش ئازادە، سەرەرای ئەوەی بوونی دەقی ئایینی لە وتەی (شەقە سەری)، سەبارەت بەوەی کچ و دایك دەبێت بەشە میراتیان هەبێت لەگەڵ ئەوەشدا یەزیدییەکان پابەندی ئەمە نابن و بەشیان نادەن، بۆیە حاڵەتەکانی خود کوژی و هەڵاتن زۆر بوون و تەنیا لە ساڵی٢٠١١ (٨١)حاڵەتی خود کوژی بە خۆهەڵواسین و ژەهرخواردن و خۆسوتاندن و خۆخستنە ئاوەوە لەناو ژنانی یەزیدی روویداوە، ( ژنانی یەزیدی هەمیشە لە ناو ماڵدا دەمێننەوە و بارودۆخیان زۆر پەرێشان بوو، هەر خەریکی خواردن دروستکردن و بەخێوکردنی منداڵ بوون)٢.( س.پ )، جگە لەوەش ئایینی یەزیدی هاوسەرگیی کچان و کوڕان لەگەڵ هیچ ئایینێکی دی قبووڵ ناکات و هەرکات ئاشکرا بێت کچێکی یەزیدی کوڕێکی لە ئایین و بنەماڵەکانی دی خۆشویستووە ئەوە گەورانی یەزیدی بڕیاری کووشتنی دەدەن و گەر کوڕێکی یەزیدیش کچێکی غەیری یەزیدی خۆشبیوێت ئەوە هەوڵدەدرێت دوور بخرێتەوە١ (خیری شنكالی ، دور المراه فی المجتمع الكردی،موقع بحزای، http://www.bahzani.net/services/forum/showthread)، ئەم رەفتارە ئایینیانە لە مێژووەوە تا ئەمڕۆ بە زیانی ژنان کەوتوونەتەوە، یەزیدییەکان دەیان رەفتار و سرووتی بەرزی ئینسانییان هەیە بەڵام لە مەسەلەکانی پەیوەست بە مێینەوە زۆر توندن و یاساکانیان چەسپیون

## ٣_١_٧ژنی کورد لە دەفتەری رۆژ هەڵاتناسەکاندا

ژنی کورد، قوربانی زۆر و خزمەتی زۆری هەیە، هاوبەشی دروستکردنی شارستانیەتی کوردی بووە و هەیە و لە توندوتیژیشدا هەمیشە بەشە زۆرەکەی بەرکەوتووە و لە جەنگەکانی پیاوانیشدا هەر ئەوان بەش مەینەت بوون( بەدرێژایی مێژوو ژن لە هەموو سەردەمێك و لەهەر بیرو رایەکی ئاییندا، بە جۆرێك و بەشێوەیەکی تایبەت و جیاواز مامەڵەی لەگەڵدا کراوە،لە زۆربەی جارەکانیشدا مامەڵەیەکی ناتەندروستانە بووە)١.( ئارام سدیق، خۆکوژی، ٢٠٠٧، ل ٤٦)،جێی شانازییە لە دەفتەر و نووسراو و کتێبی ئەو رۆژ هەڵاتناسانەی سەردانی رۆژهەڵات بەگشتی و کوردستیان بەتایبەتی کردووە هەمیشە ژنی کورد بەراورد بە ژنی وڵاتانی عەرەب و فارس و تورك پێگە بەرزتر دەرکەوتووە، هەرچەندە پابەندی یەك ئایینن، لە کتێبی ( ژن وەك سەرکردەیەکی سیاسی لە مێژووی کورد دا) ی مارتن ڤان پرۆنسیندا نموونەی ئەو ژنە کوردانەی بەرز نرخاندووە کە لە مێژووی کوردا خاوەنی دەسەڵات بوون وەك عادیلە خانم و بەم شێوە باسی کردووە( خێڵی جاف کە لەوکاتدا وەك گرنگترین خێڵی ناوچەکە هەژمارد دەکران لە باشوری کوردستاندا، هاوشان لەگەڵ چەندین خێڵی دی کە لە جاف پلەخوارتر بوون و بەخۆیان و سامانەکانیانەوە بەموڵکی جاف دەزانران، پیاوان بەسەر تەواوی چینەکان و کاری جوتیاریدا زاڵ بوون و ئەوەی جێی بایەغە پیاو نا، ژنێك ئەم هەرەمە کۆمەڵایەتی و جوتیارییەی بەرێوە دەبرد ئەویش عادیلەخانی هەڵەبجە بوو کە ژنی عوسمان پاشا بوو).٢.(مارتن فان برونسین من عادلة خان الی لیلی زانا،للکاتب راج ال محمد، موقع مدارات کرد،٢٠١٤).ئەم رۆژهەڵاتناسە بەراورد بە تەواوی ئەو ژنانەی باسی کردوون عادیلە خانی بەباشترین زانیوە چونکە ژنەکانی تر پاش مردنی باوك و برا یاخود لە نەبوونی ئەواندا دەسەڵاتیان گرتووەتە دەست بەڵام عادیلەخان کاتێك عوسمان پاشا لە ژیاندا بوو وردە وردە دەسەڵاتی گرتە دەست، پاش مردنی پاشا لە ١٩٠٩ بەتەواوەتی دەسەڵاتی گرتە دەست و لە مێژووی کوردستاندا وەك دیارترین ژنی کورد باسکراوە، هەروەها زۆربەی نووسەرە کلاسیکیەکانی کە سەبارەت بەباشووری کوردستان نوسیویانە باسی عادیلە خانمیان کردووە لەوانەش" ی، ب، صون و سی جی، ئەدمۆنز.

ڕۆژهەڵات ناسەکان کاتێك ژنی کوردیان بەراورد بە ژنی وڵاتانی دیکەی ئیسلامی و هاوسێی کورد ( عەرەب، تورك ، فارس) کردووە ئەوەیان بۆ روون بوەتەوە ژنی کورد زیاتر خاوەن بڕیار و ئازادی فیکری و جەستەییە. ڤاسلی نیکیتی لێکۆڵەر سەبارەت بە ژنی کورد وتویەتی " ژنانی کورد نازانن حیجاب چییە( مەبەستی لە نیقاب یاخود رووپۆش بووە) هەروەها هەرگیز رووخساریان داناپۆشن).١ (د سوزدارمیدي، تصحیح تاریخ الکرد المحرف والمسروق، صوت الکردستان، http://www.sotkurdistan.info).هەروەها بەراورد بە وڵاتانی دیکەی ئیسلامی رۆژهەڵاتناسان ئەوەشیان باسکردووە کە ژنانی کورد هەمیشە لە دانیشتنەکاندا شان بەشانی پیاوان بوون کە ئەمە لە وڵاتانی عەرەب و تورك نەبووە، هەروەها لە وڵاتانی عەرەب و تورك و فارس حەرم سەرا هەبووە بەڵام لە کوردستان نەبووە.لەهەندێ ناوچەی کوردستان حوکمداری ژن شتێکی ئاسایی بووە، بەپێێ " قانوون نامە" کە دەستنووسی عوسمانییەکانە و ئەوکاتی لە کوردستان بوو، ئاماژەیان بەدەسەڵاتی ژن کردووە، هە هەندێ لە ناوچەکان و سەنجەقەکان میری ئاسایی فەرمانڕەوایی کردووە، (ئەولیا چەلەبی) کە بەیەکێك لە دیارترین نوسەرانی سەردەمی عوسمانی دادەنرێت بۆ نووسینەوەی ژیانی رۆژانەی عوسمانییەکان و لەکاتی دانانی قانوون نامە بۆ هەموو سەنجەقێك بەشێکی تایبەتی داناوەو بەتێپەڕ بوونی کات دەستکاری کراوە و گۆڕدراوە، لایەنی دەسەڵاتداری وخەزنەداری و ئابوری دەسەڵاتی کوردی لەخۆ گرتووە و باسی ئەوەی کردووە لە زۆر ناوچە حوکم لەلایەن مەرکەزییەتەوە بوو، هەندێ سەنجەقیس خورێبەری بوو، بەڵام ئەوەش دەبینرا کە زۆرجار کچی خانەوادەکان حوکمداری دەکرد و رێگەپێدراو بوو کچان دەسەڵاتداری بکەن و شتێکی دیار و ئاسایی بوو لای کورد و ئەمەش جێی سەرسوڕمانی عوسمانییەکان و خودی ئەولیا چەلەبی بوو. لەنێو ڕۆژهەڵاتناس و گەڕیدەکاندا. (مێجەرسۆن (خاوەنی گەشتە بەناوبانگەکەی بۆ عێراق و کوردستان ساڵی ١٩٠٩) یەکێکە لەوانەی زۆر سەرسامی خەسڵەت و ڕەفتاری ئافرەتانی کورد بەگشتی و ئافرەتانی جاف بەتایبەتی، بووە. ناوبراو زۆر بە بایەخ و ستایشەوە باس لە ڕێز و دلۆڤانی و کراوەیی و سەربەستی و چالاکیی ئافرەتانی جاڤ کردووە.٢

بڕوانە(http://www.jaff.biz/afrati%20nawdari%20kurd.ht).چەند ژنێکی ناوداری جاف)، هەروەها (مارتن ڤان پرۆنسین) جگە لە عادیلەخانم باسی چەند ژنێکی دیکەشی کردووە و

یەكێك لەوان كە جێی سەرنجی بووە میاخانم بووە، وەك دەوترێت (بەهێزترین سەركردەی یەزیدییەكان بووە لە چەرخی نوێدا، سەرەڕای ئەو دەنگۆ و بوهتانە زۆرانەی بۆی دەكرا ئەو دەسەڵاتی گرتە دەست و سەركردایەتییەكی سەركەوتووانەی كرد.١( ارتن فان برونسين من عادلة خان الى ليلى زانا،للكاتب راج ال محمد، موقع مدارات كرد،٢٠١٤ )،(میان خانم) ژنی سەركردەی بەر لەخۆی عەلی بەگ بووە، كە ساڵی١٩١٣ لە حاڵەتێكی نائاسایی و ئاڵۆزدا كوژرا، مردنەكەشی دەیان چیرۆكی بەدوای خۆیدا هێنا، زۆر كەس باس لەوە دەكەن كە میان خانم خۆی مێردەكەی خۆشی كوشتووە، كە گوایە میان خانم سەفەر ئاغا ی موسڵمان و ئاغای بنەماڵەی دۆسكی خۆشویستووە و پێكەوە عەلی بەگیان كوشتووە، و زۆركەس دەڵێن ئەوشەوەی عەلی بەگ كوژراوە سەفەر ئاغا لەماڵیان بینراوە. هیچ بەڵگەیەكی راست و دروست نییە بۆ ئەو دەنگۆیانەی لەو سەردەمەدا پەیدا بوون، بەڵام رۆژهەڵات ناسەكان وەك"میان خانمی عاشق و سەركردەی بەهێز" بانگیان كردووە. (میان خانم دەسەڵاتی گرتووەتە دەست تا  سەعید بەگ گەیشتە تەمەنی یاسایی، كاتێك سەعید بەگ بووە ١٨ ساڵ دایكی دەسەڵاتەكەی پی٘نەدا، چونكە كوڕەكەی لاواز بوو هەروەها بە ئاشكراش رقی لێێ دەبووەوە). ٢(س.پ).هەندێ رۆژهەڵات ناسی دی كە هاتوونەتە ناوچە عەربی و كورد نشینەكان ئاماژەیان بەوە كردوە كە بە رواڵەت دیارە ژنی كورد ئازادە و وتوویانە" ژنی كورد قژی رەنگ دەكات و لە زوڵفەوە دەریخستووە و مت و مورو و كڵاوی جوانیان لەسەرە، بەڵام ژنی عەرەب تەنیا رووخساریان دیارە و زۆرجار لەكاتی بینینی ئێمە دەمیشیان داپۆشیوە".باسیان لەوەش كردووە ژن و پیاوی كورد كاری هەروەزییان كردووە و هیچ كارێكی قورس نەبووە ژن یان پیاو بەتەنیا بیكات جگە لەكابانی، بەڵام لەناو خێڵە عەرەبەكاندا پیاوان دادەنیشتن و قاوەیان دەخوارد و ژن و كچە زۆرەكانیان كاری قورسیان دەكرد، وەك ئاژەڵداری و بەرو بووم ڕنینەوەو كیلگەكاری و وڵاخ و حوشترێشیان بەخێو دەكرد.كاتێك دەڕوانینە مێژووی كۆنی كورد دەبینین تەنانەت ئاغا و میرەكانیش فرە ژنییان نەكردووە چونكە ئەوە كلتور نەبووە،  تا ئەمڕۆش لە ناوچەی هەورامان فرە ژنی نییە، لە مێژووی هەورامانیشدا ژن كوژی نەبووە، تەنانەت خودكوژی ژنانیش نییە.بەڵام پاش تێكەڵبوون لەگەڵ عەرەب ئیدی فرەژنیش تێكەڵی كورد بوو تا ئەمڕۆش ماوەتەوە و دەسەڵاتیش هیچ هەوڵێكی جدی نەداوە بۆ قەدەغەكردنی.

## تەوەری دووەم

**٣_٢_١هۆکارەکانی دەرکەوتنی ئیرۆتیك لە شیعری ژناندا**

**ئیرۆتیك ئەو بەشە رووتەی ژیانە کە تێیدا تاکەکان بوێرانەتر دەردەکەون، بوونی ئیرۆتیك لە دەقی ژناندا هەرگیز لە خۆوە و بێ مەبەست نییە، بەتایبەتی لە دەقی شیعری ژنانی رۆژهەڵاتی ناوەراست و ژنانی کوردی باشووری کوردستاندا،( زۆر سەختە بتوانین بەتەواوەتی و راستەوخۆ هۆکاری دەرکەوتنی ئەم جۆرە نووسینە دەست نیشان بکەین، بەڵام دەکرێت بەدوای نزیکترین هۆکار لە لۆژیکی باسەکەوە بگەڕێین)**.١(نعیم ایلیا، الاباحیة في اردب النساء العربیات، موقع الحوار المتمدن،٢٠١٦). **بەتایبەتی لە کۆمەڵی کوردی دەبێت هەندێ هۆکاری سەرەتایی دەست نیشان بکەین**

**توندی نەریت و ئاینەکان بەرامبەر بە ژنان، کەوادەکات بەرلە هەموو شت جەستەیان بەند بکەن، بۆیە وەختێ دەنووسن هەوڵدەدەن بە زمانێکی ژنانە گوزارشت لە خەمە ژنانەکانیان بکەن، یان گوزارشت لە حەزەکانی جەستەی خۆیان بکەن و چیتر ئەوە قبوڵ نەکەن پیاو بەناوی جەستەی ئەوانەوە بنووسێت(وەك چۆن زمانێکی نێرانە هەیە،مێینەش خاوەنی زمانی خۆیەتی،زمانیش تەواو وەك ئیدۆلۆگی،لە هەواری راسیزمدا بارگە دەخات، بەتایبەتی کاتێك جیاوازی لە نێوان نێر و مێدا دەکات)**.٢(حەمە سەعید حەسەن، شیعر لە زاری ژنەوە،٢٠١٣،ل٨)، **ئەم راسیزمی زمانە وایکردووە زۆرجار پیاوانی نووسەر لە زۆربەی ژانرە ئەدەبییەکاندا ژنان وەك بەردەست و بەرکار دەربخەن و نەتوانن بیانکەن بە قسەکەر و بکەر، لەبەرامبەردا ژنان زمانی تایبەتی خۆیان دەخەنە کار بۆ گوزارشت لە هەستە تاکەکەسییەکانیان و بەتایبەتی هەستی ئەڤینداری و ئیرۆسی،(هەرخانمە شاعیرێك گوتارەکەی کە بەزمانی بەرهەمی دەهێنێت،سەر بەرەگەزی مێ نەبوو، گووتارەکەی مێبوونی لێ نەتکا، ئەوە هێشتا لە بازنەی زمان و گوتارێکی نێرانە رزگاری نەبووە)**.٣(س.پ. ل٩).**کاتێك نەریت دەبێتە زنجیر و دەچێتە دەست و پێوەندی مێیینەوە، هیچ نەبێت دەبێ ژنان لە نووسینەکانیاندا ئەو پێوەندانە**

**بشکێنن، بێگومان ئیرۆتیك و خستنە رووی حەزی ئیرۆسی یەکێکە لە سێ قەدەغەکراوەکان و ژن دەستی بۆ دەبات.گەر تەماشای بەرهەمی ئیرۆتیکی ژنانی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیش بکەین دەبینین بەراورد بە وڵاتانی ئازادی هاوشێوەی خۆرئاوا ، زۆرتر بووە، بەتایبەتی لە دەساڵی رابردوودا، هۆکاری ئەمەش وەرەس بوونە لە یاسا کۆمەڵایەتی و ئاینییەکان و ئاشنا بوونە بە جیهانی دەرەوە بە هۆی فراوانبوونی تەکنەلۆژیاوە( هۆکاری سەرەکی دەرکەوتنی ئەم چەمکە لە شیعری ژناندا پەیوەستە بە ستەمی کۆمەڵایەتی دەرهەق بە ژنان،، ژنان وای دەبینن ئەم دەقانە گوزارشتن لە رەتکردنەوەی هەرسی پێوەندە قەدەغەکراوەکان و هەڵاتنە بەرەو ئاسۆی ئازاد بوون).١**(نعيم ايليا، الاباحية في ادب النساء العربيات، موقع الحوار المتمدن)**.شیعر گەر چەکی دەستی ژنانی نووسەریش نەبێت ئەوە زمانیانە، ئەو زمانەی چواردەوری پێ قبووڵ دەکەن و رەتیشیی دەکەنەوە، بۆیە ئیرۆتیکا وەك رەتکردنەوە دەکەنە زمان(زیاتر لەو کۆمەڵگایانەشدا وەك کانیاوی ئاگرین تەقییەوە کە پێیان وایە سادەترین ئازادبوونی ژن بێ رەوشتییە).٢**(اماني ابورحمة، الادب الايروتيكى النسوي في سياقه العربي، الحوار المتمدن).**دەبینین هەریەك لە رۆمانەکانی** (بنات الرياض)**ی** رجاء صانع **و رۆمانی**(الاخرون)**ی** صبا الحرز، **لە شانشیی عەرەبی سعودیەوە بەرهەمهاتوون و تائەمڕۆش رەگەزنامەی ئەو دوو ژنە نووسەرە جێێ مشتوومڕە، چونکە سعودییە کۆت و بەندەکانی تا سەر مل و هەناسەی ژنان گەیشتووە و لەبەرامبەردا ژنانی نووسەر دەتەقنەوەو ئیرۆسییانە پەردە لەسەر رووی کۆمەڵگە هەڵدەماڵن و ئەو دیوارە لمیانەی کۆمەڵگە بۆ پاراستنی رەوشتی کۆمەڵایەتی دروستی کردووە دەیروخێنن.بێگومان ئەم هۆکارە بۆ کۆمەڵگەی کوردیش هەمان شتە، زۆرجار ژنانی نووسەر ئازادییە زەوتکراوەکانی خۆیان یان ژنانی دی دەکەنە دەق و لە ئیرۆتیکادا روونتر گوزارشتی لێ دەکەن، (مهاباد قەرەداغی) شاعیر لە شیعری ( لەتەکانی عەشقاوێنەکەم) بە زمانی فۆلکلۆر و لە شێوەی حەیران دەڵێ:**

**کیژ دەڵێ: چەند گەرمە هەناسەی ئەو کوڕە حەیرانە**

**لە ساتی ئاوێزان**

چەن نیانە دڵی

لەکاتی چرپە چرپی ناو جێ

چەند بەهێزە کاتی بەیەك گەیشتن

ساتە وەختی قووڵی راگوشین

چەند ساکارە سەروەختی پەیڤین.١(مهاباد قەرەداغی، دیوانی مهاباد قەرەداغی،٢٠١٣،ل ٤٣٨).ئەم دەقە لە سەرتاوە تا ناوەراست بریتییە لە گێڕانەوەو پیاهەڵدانێکی ئیرۆتیکیانەی کچ بۆ خۆشەویستەکەی و باسکردنی سیفەت و توانا سێکسییەکانی لەکاتی سەرجێی کردندا، واتا هەڵگری فۆرمێکی ئەڤیندارانەیە.پاشان قسەکەر و وەسف کەر دەبێـە نێر و وەسفکراو ژن

کوڕ دەڵێ چەند سەخت بێ لوتکەی ئەو کێوانە

شەرتە هەر بیگەمێ !

من هاتووم بێ نێچیر ئەم دۆڵە چۆڵ ناکەم

ئەی خودا ئەم کوێستانە چەند چڕە!

ئەم چەنگەڵی قژە، چەند بێ ئامانە!

دەبینین ئەو بەشەی لە زاری کوڕەوە وتراون زیاتر هەڵگری فۆرمێکی سیمبولیین، واتا راستەوخۆ گوزارشتن لە ئەندام و بەش و کردارەکان نەکراوە، نموونە

لوتکەی کێو= مەمك، سمت

دۆڵ= ئەندامی پێشەوە و پشتەوەی مێینە

چڕی کوێستان= موو و قژی جەستەو لەش، دەوڵەمەندی جەستە بە جوانی و فرە سەرچاوەیی چێژ،

له پێناسەی سیمولدا هاتووه ( سمیول ئەو زمانەیە کە وەختە نزیکبێتەوە لە حاڵی نەبوون.١(م.د.جلال عبدالله خلف، الرمز في الشعر العربي،مجلة الديالة،ع.٥٢، ٢٠١١).شاعیر لەو بەشەی لەسەر زاری نێرەوە قسەی کردووە زمان شەرمنترە، چونکە کەمتر پیاو سیمبول بەکار دەهێنێ و هەمیشە لە دەربڕینەکانیدا راستەوخۆیە.

کچ دەڵێ: حەیرانت بم، حەیران !

ئەم دۆڵ و کێوانە، بەتۆ خۆش و ئاوەدانە !

مەترسە، کوێستانی هەوارم، ئامان و ئومانە!

خۆش هاتی بۆ کوێستانی جەستەم،بۆ ئەم دۆڵە چۆڵە !

کە بێ تۆ وەك چاڵی سەهۆڵە.١(مهاباد قەرەداغی، دیوانی مەهاباد قەرەداغی، ل٤٣٩)، دووبارە دەقەکە بە سیمبول خراوەتە ڕوو، بەڵام ئەم جارە لە زاری کچەی خاوەن جەستە و دەوڵەمەندی چێژ، ئەمەش لەبەرامبەر سیمبولەکانی کوڕ وەك وەڵام بەکار هاتووە، بەڵام مەبەستی پێکاوە( سیمبول بە کەمترین کەرەستە دەردەبڕێت، بەڵام هەڵگری مانای زۆر و قووڵە، بە زمانی ئاماژە گوزارشتی لێ دەکرێ.٢(م.د.جلال عبدالله خلف، الرمز في الشعر العربي،مجلة الديالة،ع.٥٢، ٢٠١١).هاوکات هیچ کات سیمبول بێ هۆ یان لە شوێنی بەتاڵ و بێ سوود بەکارناهێنرێ، وشەیەك کە بەناوهێنانی هیچ کێشەیەك دروست ناکات، ناکرێتە سیمبول، هەندێ جاریش پێویستی شیعری ئەوە دەخوازێت سیمبول بەکار بهێنرێت، ( ئەوە ناتەباییە شاعیر هان دەدات لە شتە جێگیرەکان یاخی ببێت و لە بری ئەوەی راستەوخۆ هەست و بیری خۆی دەرببڕێت، دێت ڕێگەیەکی هونەری هەڵدەبژێرێت).٣(حەمەسەعید حەسەن، شیعر لە زاری ژنەوە، ل ١٨).

لەبەشی کۆتایی دەقەکە، زمان و ئیرۆتیکیەتی شیعرەکە لە ئەڤینەوە دەبێتە بەرەنگاری و خستنەر ووی هۆکاری راستەڤینەی نووسینی دەقەکە.

کوڕ دەڵێ: ئاخ هەستم بە ژانی تیرێك کرد، پێکامی !

وادیارە کراوم بە نێچیر!

ئاگاداربە کیژە حەیرانی چاوبەڵەکە، نەتپێکێ

دەیبینم وا تیرێ بەرەو سینگی تۆش دێ!

دەبینین لەم پارچەیەدا شیعرەکە زیاتر خۆی دەخاتە روو و نەریتی دژ ئەڤین نیشان دەدات و بە کورتی و بە سیمبول و بەزمانی شیعری ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەڤین و پەیوەندییە جەستەییەکانی نێوان کچ و کوڕ قەدەغەیە و باجەکەشەی بە نێچیر کردنی گیان و شەقکردنی سینگە بە تیری نەریتی خێڵ و خێزان و کۆمەڵ.

کچ دەڵێ: هەردووکمان نێچیرین، کوڕە حەیران !

بابم بوو، وا منیش پێکرام !

کوڕە حەیران، قوربانت بم قوربان !

ئادەی با شەماڵی هەناسەت هەڵبکات بەرەو من

ببێتە دوامژی هەناسەم !

باوکمە.. لێم بوە بە دووژمن !

ئادەی دەمت بێنە باڵا گەردانت بم !

وەرە تینوێتی قووڵت لەکانی ناو دەمم بشکێنە!١.(مهاباد قەرەداغی، دیوانی مهاباد، ل٤٣٩).لێرەدا دەبینین زمانی شاعیر زمانی یاخیبوون و بوێری و گوێنەدانە بە نەریت و چەکەکانیان، ئەمەش جیاوازی ژنە لەگەڵ پیاو، وەختێ ژن خۆی گوزارشت لە هزر و هەستی خۆی دەکات خۆی وەك لاواز نیشان نادات و زمان و بیری یاخییە، (زمان بەگشتی لایەنی نێر دەگرێت و لەدایکبوونی زمانێکی بێ لایەن وەك مەحاڵ وایە، بۆیە شتێکی دەگمەنە ئەگەر ژنێك بتوانێت بە زمانێکی ژنانەی دەرباز بوو لە بازنەی

زمانی نێرانە، تایبەتمەندییەکانی خۆی بنووسێتەوە)١.(حەمەسەعید حەسەن، شیعر لە زاری ژنەوە، ل ٢٩).
بەڵام مهاباد ئەو زمانەی هەیە و تێیدا وەك بۆتەیەك گوزارشت لە هزری خۆی دەکات.

لازۆ ئازادی شاعیر بەهەمان شێوەی مهاباد قەرەداغی خاوەنی دەقە شیعرێکی ئیرۆتیکی فێمێنیستانەیە لە ژێر ناوی ( من و کەمانچە ژەن)، هەرچەندە تەواوی دەقەکە دەقێکی ئیرۆتیکییە، بەڵام ئێمە تەنیا ئاماژە بەو بەشەی دەکەین کە جەخت لەسەر بیروباوەڕی فێمینیستی دەکاتەوەو دەڵێ"

کەمانچەت ژەنی و بە دەنگی سەرخۆشێك وتت:

کچی باش

سەرێك بژەنە مەیخانەکەی من

وەرە ناو مەلهاکەی منەوە

من بزەیەك گرتمی و بەگەرووی تەڕترین هەنارەوە وتم:

تۆ ئەی پیاو خەنجەرەکانت فڕێدە

شمشێرەکانت فرێدە، قامچییەکانت فڕێدە و

ئەوکات وەرە جێگاکەمەوە.٢(لازۆ، کراس رەش،٢٠٠٧، ل ٧٤).

(ژن کائینێکە دەرکراو، فەرامۆش کراو، پەراوێز کراوە، بونەوەرێکە مافی قسەی نییە)٣.(هاوژین حەمە رەشید، ژن لە جیهانی ئەدەبی شێرزاد حەسەندا، هەولێر،٢٠١٠، ل ٢٦).بەڵام ئەمە تەنیا بەسەر بە شێك لە ژناندا راست دەبێتەوە، وە هەرگیز ژنانی نووسەر ناگرێتەوە، وەك دەبینین زمانی ژن لێرە زمانێکی هوشیارە و ئامادە نییە وەك هەمیشە، بێ مەرج و ملکەچ بچێتە سنوری پیاوێکەوە، بەڵکو دەیەوێ پیاو دابماڵێ لەو شتانەی دەبنە مایەی مەرگ و ئازاری روحی و گیانی ژن،( داماڵینی پیاوە لەهەموو ئەو شتانەی بە درێژایی مێژوو شانازی پێوە کردووە،پێویستە بۆ ئەوەی خۆشەویستی بکات سیفەتە

شەڕانییەکانی لەخۆی دابماڵێت).٤(ئاوات محەمەد، ئەزموونی شیعری لای ژنە شاعیرەکانی ناو ئەدەبیاتی کوردی،٢٠١٢، ل٨٠).دەبینین شاعیر لێرەدا وەك ژنێکی هۆشیار خاوەن زمانێکی هۆشیار دەردەکەوێت و بەرامبەر بە ئەڤین و ئیرۆتیك کۆنترۆڵ لەدەست نادات و سەرەتا یاساکانی دەخاتە روو ئەوجا باوەش بۆ ئەڤین و ئیرۆس دەکاتەوە.هۆکارێکی تری دەرکەوتنی ئەدەب ئاشنا بوونی ژنە بە ئەدەبیاتی جیهانی و زیاتر چاوکراوەیی، کاتێك ژنانی نووسەر خۆیان دەوڵەمەند دەکەن بە مەعریفە تێدەگەن کە هیچ شتێك نییە لە نووسیندا بۆ پیاو شیاو و بۆ ژن نەشیاو بێت، بۆیە ئیرۆتیکیش وەك هەر چەمکێکی تر دەبێتە بابەتی نووسین، ئەمەش زۆر کەس بە شەپۆلی بەرەو رۆشنبیری ناوی دەبەن، هەورەها گەیاندنی پەیامی تایبەت ( لە رێی ئەم جۆرە نوسینەوە ژنان دەیانەوێ بڵێن دەتوانن کێبڕکێی پیاوان بکەن لە وەسفی ئیرۆسی و وردتر باسکردنی جەستەی خۆیان و بەرامبەر و بڵێن ئیرۆتیك نووسین تەنا بۆ پیاوان پاوان نەکراوە).١( نعيم ايليا، الاباحية في اردب النساء العربيات).

(کەژاڵ ئەحمەد) کە هەم لە شیعر و هەم لە ژیانی رۆژانەشیدا کەسایەتییەکی یاخی هەبوو، هاوکات هەڵگری بیری فێمێنیستی بوو، ئەویش ئیرۆتیکی بەرەنگاربوونەوە لە شیعرەکانیدا بەزۆری هەن و لە دەقە شیعری ( خاڵێ گومان) کە شیعرێکە هەڵگری زمانێکی ژنانە و خەمی ژنانەیە دەڵێت"

زۆر جار لێکی ئەدەمەوە

بڵێی ئاسایی بێ کچان

ژیانیان هەر شوکردن و منداڵبوونە

دەبنە خزمەتکاری رۆژ و چێژی شەوان؟!

ساڵی تەمەنم نزیکە لە وەرزی شوکردنەوە

تۆ بڵێی خۆم بگرم یەزدان

لەبەر سەرەنجی خەڵکی کۆمەڵگەی بێ ویژدان

ئەو خەڵکەی کە ریسوات ئەکەن

ئەگەر نەبووی بەبووکی شایی و لۆغانیان.٢(کەژاڵ ئەحمەد، دیوانی کەژاڵ ئەحمەد،٢٠٠٦، ل١٤).

(سەردەمی عەولەمە رۆڵێکی گەورە و راستەوخۆی هەیە لە هۆشارکردنەوەی کۆمەڵ بەگشتی و ژنان بەتایبەتی و و بەهێزکردنی گیانی رکابەری لە نێوان ژنان و پیاوان و دواجار یاخیبوونی ژن بەسەر پیاو و کۆمەڵ).١(محروس رسلان، لماذا تمرد المراة على زوجها، موقع الراية،٢٠١٣).

ئەم یاخیبوونەی کەژاڵیش بەسەر نەریتی شوکردن و حەتمەیتی هاوسەرگیری، نیشانەی هۆشیاری کەژاڵە، بێگومان زمانی دەقەکە زمانێکی سادەیە و مەبەستەکان بەتەواوەتی روونن کە کەژاڵ ستەمی کۆمەڵ بەرامبەر بە ژن و بەکارهێنانی ژن وەك ئامێر و کەرەستەی دامرکاندنەوەی پیاو ، دەخاتە ڕوو، بێگومان لێرەدا دەستەواژەی ( چێژی شەوان ) لە خزمەتی بیروباوەڕی فێمینیستیدا بەکار هاتووە نەك ئیرۆتیك، چونکە ئەڤین ئامادەگی نیە و نەریت زاڵە.

تۆ بڵێی دڵم نەوەستێ

لە شەرمانا نەبم بە پارچەیەك گریان

ئەو ساتانەی رووسورییەکەم

بەسەر دەستی مێردەکەم و

ژمارەیەك پیرە ژنەوە ئەبینم

ئەیگەڕێنن کۆڵان کۆڵان.٢( کەژاڵ ئەحمەد، دیوانی کەژاڵ ئەحمەد، ل١٥)، بێگومان نەریتی شەوی پەردە و پەڕۆی رووسوری لەمرۆدا زۆر کەم بووە و ئەم دیاردەیە کە متر دەبینرێت، بەڵام لێرەدا سیمبولە بۆ تەواوی ئەو سوکایەتیانەی نەریت و کۆمەڵ بە مێینەی دەکەن بەبێ گوێدان بە هەستەکانی.

ئیرۆتیکی لە شیعری ژنانی هاوچەرخدا بەتایبەتی ژنانی کورد زۆربەی کات پەیوەندی بە هەوڵی رووبەڕوو بونەوەو خۆ سەلماندن هەیە، هۆکارێکی دیککەش کە زۆر بە زەقی لە دەقە ئیرۆتیکییەکانی ژناندا دەرکەوتووە بەرپەرچدانەوەی ئایین و حەرامکراوەئاینییەکانە.

ماڵئاوایی لە بێگوناهی یەکێکە لە دەقە ئیرۆتیکییە بەرهەڵستکارەکانی ( چۆمان هەردی )و بەرامبەر بە گوناه و زینا و یاخی بوونی خۆی راگەیاندووە و دەڵێت:

چرا نەکوژاوەکانی سەعات دووی پاش نیوە شەوێ

چەندتان بۆ عەشق دەسوتێن.

چەندی تریش تاریکییە تەنیاکان رادەماڵن؟

لەباڵەخانەی ماڵی خوا

چەند هەزارتان داگیرساون

تا رێگە بەن لە تیانووسە گەورەکانی گوناهدا

ناوی منیش تۆمار بکرێ.١(چۆمان هەردی، کۆمەڵە شیعر، ٢٠١٢، ل١١).

دەبینین لەم دەقەدا و هەر لەسەرتادا دەنگی ژن دەنگێکی یاخییە لەو فریشتانەی کە بەسەرشانەوە گوناهی تاکەکان دەخەنە تیانووسەکاندا بنووسن، راستەوخۆ بەرامبەر بەخودا دەوەستێت و پرسیار دەکات کە چەند هەزار چرا لە ماڵی خوا داگیرساون،( بێگومان چرا بەمانای رەقیب و هاوکات ئەو هەموو تیشك و چاوەی دەخرێتە سەر ئەڤین)، کە لەپای ئەوەی من لە درەنگی شەودا سێکسم کردووە ناوم بخەنە دەفتەری گوناهکارانەوە.(یاخیبوون لە ئەنجامی بێبەشبوونی تاك لە لایەنێکی گرنگی ژیان و هەستکردن بە فشار و ستەم، لەبەرامبەردا دروستبوونی توندوتیژی لێدەکەوێتەوە، هەرکات دەرفەتی رەخسا، ئەو تاکە چەوساوەیە یاخی دەبێت و دەربڕین و یاخیبوونەکەشی بەپێی

**ئاستی مەعریفی تاك دەبێت).٢(جیهاد المحیسن، لماذا یتمرد البشر،عمون،٢٠٠٩).زمانی شاعیریش بێگومان وشە و شیعرە، بۆژنانیش کە هەردەم لەم کۆمەڵگەیەدا قوربانی ئاین و نەریتەکانن و هەمیشە لە چێژ وەرگرتن لە جەستەیان و ئەڤینداری بێبەشن، ئیرۆتیکا باشترین زمان و دەربڕینە لەو یاخیبوونە.**

**من خۆم دەشۆمەوە و**

**یەك بەیەکی دەرگاکانی بەهەشتم لێ دادەخرێ**

**من خۆم دەشۆمەوەو پاك دەبمەوە لە پاکی**

**پاك دەبمەوە لە بێگوناهی**.١(چۆمان هەردی، کۆمەڵە شیعر، ل ١١).

**لەم بەشەی دەقەکە یاخیبوونەکە قووڵ دەبێتەوەو وێنە باوەکانی پاکی و بێگەردی و بێگوناهی بەهۆی زمانی شاعیرەوە دەگۆڕێن، شاعیر پێی وایەپاش ئەوەی خۆی دەشوات ئینجا بێبەش دەبێت لەبەهەشت، کە ئەمەش پێچەوانەی باوە، واتا دروستکردنی وێنەیەکی دژە لە شیعرەکەدا ئامادەگی زۆرە، هەروەها هەردوو دەربڕینی( من خۆم دەشۆمەوەو پاك دەبمەوە لە پاکی) و( پاك دەبمەوە لە بێگوناهی)، واتا شاعیر پێێ وایە پاش سێکس ئینجا ئەو پاك دەبێتەوە لەو پاکییەی کۆمەڵ کردویەتییە مەرجی پاکیزەیی کچ و ئەم رەتیکردوەتەوە، هەروەها پاش ئەوەی جەستەی لە ئاقاری چێژدا بەرەڵا و ئازاد کردووە ئیدی هەست دەکات پاکیش بووەتەوە لەوەی پێی بوترێ( بێ گوناه) بەمانای پاك و پاکیزە و بەشەرەف ..............تاد. ئەم وێنانە تەواو جیاوازن و شاعیر هەموو ئەو ناوانە رەتدەکاتەوە کە نیشانەی پاکی ژنن و ئەو خۆی ئیرۆتیك و جەستە ئاوێزان دەکات بە مەرجی پاکێتی و بێ گوناهی.**

**(مهاباد قەرداغی ) هاو شێوەی چۆمان خاوەنی ئەو زمانە شیعرییە یاخییە کە لە زێدی گوناه و حەرام و حەڵاڵدا گوناهی پێ جوانترە، لە دەقی (خۆشەویستی لە دەڤەری گوناهدا) و لە بەشێکی دەقەکەیدا دەڵێ"**

چەند سەیرە،  سەیر!

ڕەنگ و، دەنگ و ، قەوارەی ئەم دۆزەخستانی ئەڤینە !

چەند نازدارە،

ئەو تاوانەی نابێ نەکرێ،

چەند شیرینە.١(مهاباد قەرەداغی، دیوانی مهاباد قەرەداغی، ٢٠١٣، ل٤٢٨ و٤٢٩).مهابادیش ئەڤینی پێ گوناهێکی پاکە، هاوکات گوناه لێرەدا بەڕوونی دیارە مەبەست لێی سێکسکردنە، وچونکە لە زنجیرە حەرامرکاوەکاندا سێکس بەر لە ئەڤین دێت و ئاین بەرامبەر بە ئەڤین نەر مترە بەراورد بە سێکس.تەرزە  جاف زمانی یاخیبوونی تیژتر و ڕاستەوخۆ ترە لە شیعری (حەلاج ئاسا) و دەڵێ"

حەلاج ئاسا منیش بڵێم انا الحق و لەبەردەم

شینە مزگەوتێکدا لێوەکانت ماچ باران!

یانیش

لەجادەیەکی بەچاوتەنراو باوەش بەناو قەدی

سەوزتدا!

وەکو بەچکە کەروێشکێك بەسەر قۆڵتدا خەوم لێ

بکەوێ!.2( تەرزە جاف، لەکەوتنە خوارەوەشدا باڵەکانم ئاسمانیان هەژاند،٢٠١٣، ل٢٠)

نووسەر بە شێوەیەکی گشتی چ پیاو بێت یان ژن، لە ڕێی خەیاڵگەی خۆیەوە دەنووسێت و ئەمەش داهێنان دروست دەکات، ئەوەشی دەینووسێت بەرهەمی کەڵەکە بووی ئەزموونی ڕۆشنبیری خۆیەتی، دواجار ئەم ئەزموونە دەبێتە کەرەستەی نووسین).3(بشير خلف، النص الأدبي النسوي..تحدٍّ للمعوقات

وتطلّعٌ إلى الحرية الحوار المتمدن-العدد: ٣٦٨٥ – ٢٠١٢،http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=301624).

.ئەم رۆشنبیرییەش وادەكات نووسەرانی ژن بەرزتر دەنگ هەڵبڕن و دژی دەسەڵاتی مەلا و پیاوانی ئایینی بن كە زۆرجار لە بڵندگۆكانەوە سوكایەتی بە ژنان دەكەن و لەبەرامبەردا تەرزە ئیرۆتیكانە هەڕەشە دەكات، بەڵام لەبەرامبەردا ئەو مەترسییەشی لەبیر نەكردووە كە ئەگەر هەیە ئەو بوێری و یاخیبوونەی تووشی بكات.

دەڵێم بڵێم انا الحق

سەری خۆم بخۆم

ئەم هەموو جوانییەی خۆم ببەخشمەوە گەردووەن !

بێم و جەستەم رووت بچەقێنمە تاریكایی چاوی

دونیا.١(تەرزە جاف، لەكەوتنە خوارەوەشدا باڵەكانم ئاسمانیان هەژاند،٢٠١٣، ل٢١).

( یاخیبوونی ژنان بەجەستەیان مانای ئەوە نییە كە جگە لە جەستە شتێكی تر شك نابەن بۆ یاخیبوون، بەڵكو وەك وەڵامێكی بۆ ئەو كۆمەڵەی كە هەمیشە بە ژن جەستە دەبەستێتەوە).٢(نزية ابو نضال، تمرد الاونثى في رواية المراة العربية،ص ٢). بۆیە ئاگری ئەو مەشخەڵە بە جەستە و گیانی خۆیان دادەگیرسێنن،( هۆكاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە لە زۆربەی ئاین و نەریت و كۆمەڵەكاندا جەستەی ژن وەك پیس و سەرچاوەی گوناهە دەناسرێت، بەهۆی گۆڕانكاریە فیزیكییەكانی جەستەی وەك سوڕی مانگانە و دووگیانبوون).٣(حسني إبراهيم عبد العظيم، الجسد الأنثوي بين المعتقد الشعبي والمعتقد الديني: رؤية أنثروبولوجية، الحوار المتمدن-العدد٣٦١٤، ٢٠١٢).تەرزە لە كۆتایی دەقەكەیدا دەڵێت:

ناشرینی دونیا بەجوانی خۆم،

بەتەرزە باران داخ

لەسەر جەستەم دانە دانە مۆم

ببمە نوورێك، رێی بەهەشت بە فریشتە وێڵەكانی

ئاسمان نیشان بدەم

تا ئیتر بە باڵە تەنكەكانیانەوە

هەلەكە سەما

دانەدانە خۆیان بە زەوی دا

انا الحق یێك و

عەزرائیل لە تاو نووری من چۆك دادەدا

پێش ئەوەی رۆحم بە چەشنی نوورێكی سەوز لە

مەمكی چەپمەوە شمشێرئاسا،

تیژ، رووناك بەرەو ئاسمان،

دەڵێم:بڵێم.....١(تەرزە جاف، لەكەوتنە خوارەوەشدا باڵەكانم ئاسمانیان هەژاند،٢٠١٣، ل٢١).

وەك دەبینین تەرزە، جەستەی خۆی بە رێ نیشاندەری فریشتەكان دەزانێت، ئەمەش بەو مانایەی جەستە و بوونی رووتی ئەو لە بوونی ئەوان حەقترە.( گەر ژن یەك جار لە ناو كۆمەڵدا لە ژێر مەترسی و لە پەراوێزدا بێت، ئەوە ژنانی نووسەر دوجار، جارێك وەك ژن و جارێك وەك نووسەر و خاوەنی ئەدەبی ئیرۆتیك و داهێنەرانە).1(نزية ابو نضال، تمرد الاونثى في رواية المراة العربية،

ص٢).چوونکە ژنانی نووسەر بیرو باوەڕ و هەستەکانی خۆیان دەنووسنەوەو دەیانخەنە روو و بەرچاوی هەزاران کەس دەکەون، بۆیە زۆرجار دەکەونە بەر هەڕەشە و سوکایەتی پێکردنیان لەلایەن کۆمەڵ و دەسەڵاتی ئایینی بەتایبتە لەسەر ئەو نووسینانەی دژە ئاینن یان ئیرۆتیکین.

# تەوەری سێیەم

### ٣_٣_١جۆرەکانی ئیرۆتیك لە شیعری ژناندا

شاعیر بوون واتا گەڕان بەدوای شاراوەکاندا، ( شیعر واتا مەعریفەی گەڕان و روئیا و هەڵکۆڵینی چواردەوری شاعیر و خستە رووی نادیارەکان).١(جاسم عاضي، مرايا الشعر،٢٠٠٩،ص٣).بۆیە دەبینین هیچ کات شیعر تام و رەونەقی خۆی لەدەست نادات و هەمیشە ئەو وشانەی لە شیعردان کە هەرچەند جیاواز نین بەڵام جیاواز دەردەکەون، وەك ئەوەی یەکەم جار بن بەر هەستەوەرەکان بکەن، (چونکە شیعر دووبارە شتەکان دروست دەکاتەوە وەك ئەوەی پێشتر لە سروشتدا پەرش و بڵاو ببونەوە، هەر ئەم کردەیەشە جۆرێك لە تازەگەری و داهێنانی نووسین دروست دەکات).٢(هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە)، ئیرۆتیك یەکێکە لەو رەگەزە جوانانەی شیعر کە وەك هەزارەها گەردی پەرش و بڵاو دەکەونە بەر بەهرەی شاعیر و لەدەقدا پوخت دەکرێنەوە( ئیرۆتیکیەت و رووتی پەیوەستن بە غەریزەی سێکسیەوە لای مرۆڤ،کە لە زۆربەی کۆمەڵگەکاندا تا ئەمڕۆش بە ئازادی ناتوانرێت گوزارشتی لێ بکرێت).٣(ڕێزان ساڵح، ئیرۆتیك لە شیعری ڤوبادی جەلیزادەدا، گۆڤاری زانکۆی راپەڕین،ژ٧، ٢٠١٦ ،لا٢١٩). بەڵام نووسەران هەمیشە بوێری ئەوەیان هەبووە دەست بەرن بۆ ئەم لایەنە و نەك هەر تێکەڵ بە ئەدەبی بکەن، بەڵکو داهێنانیشی تێدا بکەن، چونکە ئەدەب و بەتایبەتی شیعر لە زمانی یاسا و حەرام تێناگات( یەکێك لە سیفەتەکانی شیعر ئەوەیە ناچێتە ژێر باری هیچ یاسایەکی لۆژیکییەوە، واتا سنورێك نییە ئەم پێوەرەکانی قبوڵ بکات).٤(ئاوات محەمەد ،ئەزموونی شیعری لای ژنەشاعیرەکانی ناو ئەدەبیاتی کوردی،٢٠١٢، لا١٩). سێکسیش یەکێکە لەو قەدەغەکراوانەی هەمیشە دزەی کردووەتە ئەدەبیاتەوە، ژنانی نووسەر و بەتایبەتی شاعیرانیش بەدەر نین لەم یاخیبوون و بوێرییە و دژی لۆژیك وەستاونەتەوە و لە شیعردا خۆیان و بیرکردنەوەکانیان رووت کردووەتەوە.

ئەدەبی ژن، یان ئەدەبیاتی ژنانە، نووسینی ژنانە و شیعری ژنانە، هەموو ئەم دەستەواژانە رۆژانە بەکاردێن و دەدرێنە پاڵ ئەو ئەدەبەی ژن نووسەرەکەیەتی،( هەندێك لە رەخنەگران بەهۆی تازەیی بابەتی ئەو ئەدەبەی ژن دەینووسێت، پێیان وایە ئەمە ئەدەبێکە تەواو ژنانەیە و گوزارشت لەخودی

ژن دەکات).١(ئاوات محەمەد، ل ٣)، فیمینیستەکانیش ئەم جۆرە ئەدەبە بە ئەدەبی فیمینیستی و بەرەنگاربوونەوە دەدەنە قەڵەم، تەنانەت ئەو شیعرانەش کە ئیرۆتیکین و بە ئیرۆتیکی بەرەنگاربوونەوەو وەرگرتنی دەسەڵاتی سێکسی لە پیاوی دەدەنە قەڵەم. لەکاتێکدا ئەوەی ژن دەینووسێت تەنانەت گەر ناوی ( ئەدەبیاتی ژنانە)شی لێ بنرێت دیسانەوە ئەدەبیاتێکی مرۆڤانەیە و گوزارشت لە حەز و خولیای و دونیا بینی و روئیای مرۆڤێك دەکات کە مێینەیە، (ئەو ئەدەبەی دەینووسن زیاتر ئەدەبی مێینەیەو چێژەکانی بەرامبەر نێرینە زیاتریش بەدەرخستنی ململانێی عەقڵێ شاراوەیە).٢( یوسف عوسمان حەمەد، چەند وێستگەیەکی سایکۆلۆژی، ل ١٥٢).

## ٣_٣_٢ئیرۆتیك و ئەڤین

ئیرۆتیك هەرچەندە پێشتر بە تێر و تەسەل باسمان کردووە، دیسانەوە دەبێت بە وردی قسەی لەسەر بکەین و لە دەقە شیعرییەکانی ژناندا فۆرم و جۆرەکانیان دیاری بکەین، ئیرۆتیك بەتەنیا سێکسی رووت نییە، زۆربەی جارەکان ئەڤینە( بە پێی پۆلینی کلاسیکی بێت دوو جۆر خۆشەویستی هەیە، خۆشەویستییەك پەیوەندی بەجەستەوە هەیە، خۆشەویستیەکیش پەیوەندی بەروحەوە هەیە).١(رضا دیب عواضة، المراة في شعر عمر بن ابي ربيعة، عمر ابي ريشة،نزار قباني،١٩٩٩،ص١٧). واتا دوو جەستە کە یەکتر قبوڵ دەکەن و یەکتر دەگرن و دەتوانن وەك دوو ئینسان لەیەکتر تێ بگەن و یەکتر ئاسودە بکەن و دواجار بگەن بە چێژ، بەوە خۆشەویستی جەستەیی دروست دەبێت، لەوێشەوە بۆ روح شۆر دەبێتەوە، کاتێك دوو ئینسان ئەڤین جەستەیان بەیەکتر دەگەیەنێت، قووڵ یەکتریان دەوێ و ئەمەش جۆری خۆشەویستی جەستەییە، جۆری دووەمیش خۆشەویستی روحی کە زاهیدەکان زیاتر پەیڕەوی دەکەن لە پێناو خودا یان مەبدەئێکی ئینسانی، یانیش مرۆڤێك کە تەنیا بەرووح ئاشنای یەکترن. (قوبادی جەلیزادە) لە چاوپێکەوتنێکدا سەبارەت بە ئەڤینی جەستەیی دەڵێت( من لە رێگای جەستەوە دەڕوانمە خۆشەویستی، چونکە سەرەتای هەموو پەیوەندییەکی نێر و مێ لە جەستە و رووخسارەوە دەست پێدەکات، واتا

خۆشەویستی ئەوەندەی پەیوەندییەکی ماددی و جەستەییە، نیو ئەوەندە پەیوەندییەکی رووحانییە).2(رێزان سالح چاوپێکەوتن لەگەڵ قوبادی جەلیزادە، ، پێگەی ژن لە دیدی قوبادی جەلیزادە و نەزار قەبانیدا،٢٠١٣،ل ١٤١).ئاشکرایە هەم خۆشەویستی و هەم سێکس لەلای ژنان و پیاوان جیاوازن و مەبەستەکانیشیان جودایە( ئاشکرا پیاو لە پێناوی سێکسدا خۆشەویستی دەکات و ژنیش لە پێناوی خۆشەویستی سێکس دەکات).3(د.سابیر بۆکانی، ترس و خۆشەویستی، ٢٠٠٨، ل ١٥).

(تەرزە جاف) لە شیعری ئەو منداڵەم خۆشدەوێ زۆر تامەزرۆیانە و ئەڤیندارانە شیعر و خۆی و ئەڤین رووت دەکاتەوە و دەڵێت:

من باسی من و تۆ نا

باسی ئاوێنە

ئەو ئاوێنەیەت بیرە؟

ئەوکاتانەی ماچ لە لێوەکانمانەوە شەرابی سوور

نەرم نەرم؟

من باسی ئەو ئاوێنەیە دەکەم

هەناسە و تاسە و پریشکەکانی : وێنەی تەڕ!

بێشەرمانە بە چاومانیدا دەدایەوە.٢(تەرزە جاف، لە کەوتنە خوارەوەشدا باڵەکانم ئاسمانیان هەژاند،٢٠١٣،لا١٥).لێرەدا تەوەری سەرەکی سێکسێکی ئەڤین ئامێز و لەزەت ئامێزەکە و ئاوێنە شایەتی تێکەڵاو بوونی دوو جەستەی ئەڤیندارە، وەك دەبینین لێرەدا تەرزە بە ماچ و هەناسە و پریشکە، کە سێ شتن لە کاتی سێکس و ئەڤین کردندا جەستەکان دەیخولقێنن چیرۆکەکەی باس دەکات، ئەمەش جۆرێکی ترە لە ئەڤینداری کە دووبارە سێکس لە بۆتەی وشە و شیعردا زیندوو رابگیرێت.

لە بەشێکی تری هەمان دەقدا درێژەی پێ دەدات و قووڵتر و روونتر و ئیرۆتیکانە تر دەدوێ"

ئەو ئاوینەیەی دەیناسییەوە

لەپی دەستی مەستی من و

رووخساری تۆ؟

هەر ئەو ئاوێنەیە لە ژوور سەرمان تەماشای دەکردین و تاسەی ئێمەی هەڵم لەسەر نیشتوو.٣(س.پ)

تەرزە لێرە باسی خۆشترین و قووڵترین ساتی تێکەڵ بوونی دووگیان و دوو جەستە دەکات کە بەهۆی جوڵە و هورژومی جەستە هەناسەیان تەنگ دەبێت و لەسەر ئاوێنەکە دەنیشێت، ئەمەش هەم وێنەیەکی واقیعی نیمچە فانتازییە هەم زۆر ئیرۆتیك چونکە ئاوێنە کەرەستەیەکی ئیرۆتیکییە کاتێك رەنگدانەوەی وێنەی دووعاشقی رووت دەگوازێتەوە.

تەرزە لە کۆتایی شیعرەکەیدا دەڵێت"

ئەو ئاوێنەیە شایەتی زەردەخەنە ماندووەکانمان بوو

کاتێ تەنیا ئەو نیگاکانمانی دەگەیاندنە یەك؟

ئاوێنە لێرە باسکراوی سەرەکییە و شایەتحاڵی یەکەمە، کە وێنە و تێکەلاو بوونی دوو جەستەی بینیوە، کە دوو عاشق پاش سێکسکردن و یەکتر گەوزاندن و ماندوو بونێکی جوان زەردەخەنەیەکی پڕ شەرم و ئەڤین  کە لە ئاوێنەکەدا یەکدەگرن، بێگومان باسکردنی ئەو پەیوەندییە بەو جوانییە و بەو خەمگینییە، نیشانی ئەوەیە لە پشتی ئەو سێکسەوە ئەڤینێگی قووڵ هەبووە، تەرزە بە شێوازێکی خەمگینانە کۆتایی بە شیعرەکەی دەهێنێت و خەمگینانە دەبێژێ:

ئەو ئاوێنە بێ شەرمە هەوەسبازەت بیرە؟

ئێستا کە دەچێتە بەردەمی

تاق و تەنیا،

شەرم ناکەی

هیچ نەبێ لەو.١(تەرزە جاف، لەکەوتنە خوارەوەشدا باڵەکانم ئاسمانیان هەژاند، ٢٠١٣،ل ١٦). مەرج نییە هەمیشە شیعری ئیرۆتیکی دڵخۆشکەر بێت، کاتێك ئەو پەیوەندییە تەنیا لە نوستالژیاماندا ماوەتەوەو جۆرێك لە خەمگینی لە خۆ دەگرێت ( دەقەکان خاڵی نین لەخەم و مەینەت و دڵەراوکێ، هەندێ جار بە وێنەی شیعری گوزارشت لەگەمەی ئیرۆتیکی و جۆرێك لە نائومێدی دەکرێت).٢(هاشم سەراج، هەست و ئیرۆتیك، گ.رامان،ژ ٢١٨، ٢٠١٥، ل١٤٧).

چونکە پەیوەندییەکە بەسەر چووە و تەنیا وەك پەردەیەکی تەماوی لە مێشکی نوسەردا ماوەتەوە، تەرزە یادی ئەو رۆژە خۆشانە دەکاتەوەو پاشان خەمگین دەبێت کە ئەو رۆژانە بەسەر چوون و دەبێت شەرم لەو ئاوێنەیە بکەن کە رۆژانێك شایەتی راموسانەکانیان بووە.

لە شیعری ( ئەم پیاوەی من)ی لازۆ ئازاد دا ئیرۆتیك تێکەڵ بە ئەڤین و جۆش و خرۆشان دەبێت و لە ساتەوەختی نووسینەوەشدا شاعیر دەبێتە بڵێسە ئاگرێکی بوێر و دەڵێت"

ئیتر بەدەم پیاسەوە

یەکتر پڕ ئەکەین لە ماچی تەڕ

لە باوەشی بۆندار

لەگازی نەرم.٣(لازۆ ئازاد، کراس رەش، ٢٠٠٧،ل ٤٣).

ماچی تەڕ ، بەواتا ماچی دەم و مژینی لێو، چونکە تا دوو دەم نەگەن بەیەکتر تەڕی دروست نابێت، کاتێك شاعیر دەڵێت ماچی تەڕ، مەبەستی ئەوەیە لە ترۆپکی ئەڤین و ئیرۆتیکدان، دەنا گەر بەسەر پێی و تیژتێپەڕ یەکتر ماچ بکەن تەڕی دروست نابێت. مرۆڤ کائینێکی کۆمەڵایەتییە، ئەمەش وادەکات ئارەزووی پەیوەندی و ئەڤین و تێکەڵی بکات، ( بوونی مرۆڤ لە ناو کۆمەڵگادا وایلێدەکات حەزوو ئارەزووی بەرەو جەستەی ئەوانی تر کێشی بکات، ئارەزووکردن بۆ جەست، یان بەدەربڕینێکی

تر ئارەزووی سێکسی دیارترین جۆرەکانی ئارەزووە).٤(د.دەریا حەوێز،جیهانی شیعری هاوچەرخی کوردی،٢٠١٤،ل ٢٠٤). ئەم ئارەزووە وادەکات هەوڵی تاقیکردنەوەی هەموو بەشەکانی جەستەی یەکتر بدەین، بە هەموو ئامرازەکان تامی یەکتر بکەین، وەك لازۆ دەڵێت" لە گازی نەرم، بێگومان گازی بە هێز هەم نیشانەی هەڵچوونە و هەم سیفەتێکی ئاژەڵانەی دڕندانەیە، هاوکات زیاتر لە لاقەکردنەوە نزیکە تا سێکسی دوولایەنە، بەڵام وردە گازی نەرم و لە شوێنی خۆی، وروژان و ئەڤین و ئیرۆتیکە. باسکردنی ئیرۆتیك و هەنگاوەکانی ئاوێتە بوون لە دەمی ژنێکەوە زۆر جوانە، گەر ئەو ژنە شاعیریش بێت و گەمە بە وێنە و زمان بکات ئەوە جوانتریشە، چونکە ئەمە شتێکی نامەئلوفە و کەمتر ژنان قسە دەکەن و هەندێ جاریش ئەوە دەدرێتە پاڵیان کە ساردن،( ژنان لە پیاوان بەهێزترن لە خۆکۆنترۆڵکردن و ئارەزووی سێکسی، بۆیە تێکەڵنەکردنی ژن و پیاوان لە ترسی پیاوانە نەك ژنان).١(فاطمة المرنیس، ماوراء الحجاب،٢٠٠٥، ص١٥)، بۆیە ساردی ژن تەنیا پەیوەندی بە خۆ کۆنترۆلکردنەوە هەیە کە هەموو کات و بۆ هەموو کەس دەرگاو پەنجەرەکانی ناکاتەوە، چونکە مەرجی ژن متمانە و ئەڤینە بۆ واڵاکردنی پەنجەرە، تەرزە جاف سەبارەت بەم متمانەیە لە شیعری سەوز بووندا دەڵێ"

وەك بڵێسەیەکی خەواڵوو

سەمفۆنیای بەلەشی من دەژەند

منیش ئارام

تا سنووری خەو، خاو

کلیلی ئەو گەنجینانەم پێشکەشی کرد کە لە ئەزەلەوە شاردبوومنەوە.٢(تەرزە جاف، من هەم یان نا ئەمەیە.مەهزەلە، ٢٠٠٩، ل ٦٥)، دیارە کلیلی گەنجینەی ژن زۆر شت دەگرێتەوە، هەر لە پەردەی کچێنی تا دەگاتە هەموو بەشە تایبەتەکانی لەشی ژن و هەروەها دەتوانین باسی ئەوەش بکەین کلیلی نهێنی واتا حەزەکانم، توانا و جووڵە سێکسییەکانم. ئەمەش بە ئەڤین نەبێت ناکرێتەوە.(یاسا کۆمەڵایەتییەکانی

تایبەت بە ژنان، ژن ناچار دەکات حەزەکانی بشارێتەوە، ئەمەش وادەکات ئارەزووی مازوخی و حەزی ئارازادانی لا دروست بێت و ئەمەش لە کاتی سێکسدا زیاتر دەردەکەوێت).٣(فاطمة المرنیس، ماوراء الحجاب،٢٠٠٥، ص٢٩)، بۆیە دەبینین وەختێ ژنێکی خەفە کراو دێتە سەر باسی سێکس هەڵچوونی پێوە دیارە.

( نیگار نادر )لە بەرهەمێکی شیعری تەواو ئیرۆتیکیدا زیاتر ئەم هەڵچوون و هێرش بردنەی پێوە دیارە و لە دەقێکی کورتدا بەم شێوەیە لە ئیرۆتیك و ئەڤین و هەستی خۆی دەدوێت:

هاتی لەسەر سەری من هەڵنیشتی و

رات پەڕاندم و هاتمە سەر سەرت و هەڵنیشتم و

دامچڵەکاندی دەتویست بمگری دەمویست بتگرم

ماندوو بووین هەردووك ماندوو.١( نیگار نادر، بۆ ئەوەی هەرچی هەتەو نیتەبەمن بچێ دە ئەوجارەش، ٢٠٠٦،ل ٣٤). وەك دەبینین زمانی نیگار زمانێکی بە رووکەش سادە و لەناوەوە قووڵە، باس لەوە دەکات بەرامبەرەکەی هێرشی بۆ هێناوە و بە جووڵەی خستووە، ئەمیش وەك ژنێکی پەنگخواردوو و خاوەن هەست هەمان کاری کردووە، هەردوولا ویستوویانە بگەن بە قووڵایی یەکتر و هەردووك بەهۆی یەکسانی حەز و هەست و تواناوە یەکتریان ماندوو کردووە.

ئەم دەقانە زیاتر لە ئیرۆتیك بۆنی بوێری و جەستە ناسی و شارەزایی سێکسییان لێدێت. لە شوێنێکی دیش بە کورتی و سادەیی حەزی خۆی بۆ تاسەیەکی قووڵ و سێکسێکی خێرا دەردەبڕێ و دەڵێ:

هەکە ژیانم داکەن راست وەبن خۆت

دامەوە و بەنێو چاوەکانم وەربویەوە.٢(س.پ.١٠١)، ئەم شیعرە زۆر بە زمانێکی سادە نووسراوەتەوە، بەڵام هەڵگری چەندین کۆدی زمانی و سێکسییە، لە دێڕی " هەرکە ژیانم داکەند "، ژیان جلە، رووتبوونەوەی ماددیە، رووتبونەوەی روحە، کرانەوەی ژنە بەرەووی ئەڤین و و پیاوێکی تایبەتدا،

داکەندنی ژیان خۆ دامالینی لە وجود و خۆ تەیار کردن بۆ یەك کەس و یەك شت کە ئەڤین و ئیرۆسە.

"وەبن خۆت دامەوە " بێگومان پاشگری (ەوە) بۆ پاتکردنەوەی کردەیەکە، واتا ئەم دو ئەڤیندارە کە یەکیان نیگاری شاعیرە و ئەویتر کەسێکی لەئێمە نادیار یەکەمجار نییە ئیرۆتیکانە ئەڤینداری دەکەن و یەکتر وەن یەك دەخەن، هەروەها " بە نێو چاوەکانم وەربویەوە "، جۆرێکی جوانی ئیرۆتیکە کە دوو جەستە بەتەواوەتی جووت دەبن چاوەکانم دەچنە بەرامبەر یەکتر و بێ وشە هەزار ئەوین و راز و هەستی گەرم دەگۆڕنەوە. زمانی نیگار زمانێکی سادەیە، زۆر کەس پێیان وایە ئەم بەرهەمە شیعر نییە و قسەی رووتە، ئەمە لە کاتێکدایە قسەی رووت هیچ کات ئەوەندە جوان نییە، تەنیا ئەوەیە شیعرەکان بەزمانێکی سادە و واتایەکی قووڵ نووسراونەتەوە ( ئەم سادە بوونەش ناتوانن بە ئەندازەیەکی گەورە زیان بە بوونیادی قەسیدەکان بگەیەنن).١(ئاوات محەمەد،ئەزموونی شیعری لاە ژنە شاعیرەکانی ناو ئەدەبیاتی کوردی، ٢٠١٢، ل ١٣). ئەم بەرهەمی نیگار زیاتر لە شێوەی نووسینی رۆژانەن، بەڵام بەدەگمەن رۆژنووسەکانی بەدەرن لە شیعر، بگرە زۆربەیان شیعرن و ئیرۆتیکیشن، حەمە سەعید حەسەنی رەخنەگر لە بارەی ئەم بەرهەمەی نیگارەوە دەڵێ(ئەمە یەکەمین جارە، شاعیرێك بێ ئەوەی باز بە سەر تاقە ڕۆژێکدا بدات، بیرەوەرییەکانی ساڵێکی تەواوی خۆی بنووسێتەوە. لایەنێکی نوێی دیکەی کتێبەکە ئەوەیە، ڕووپەلەکانی شێوەی ڕۆژژمێریان هەیە، وەلێ لایەنی هەرە سەرنجڕاکێشی ، ئەو بوێرییە بێ وێنەیە کە یەکەمین جارە نووسینی کوردی بە خۆیەوە دەبینێت).٢(حەمە سەعید حەسەن، کۆتر لە سەروەختی فڕیندا، سایتی دەنگەکان، ٢٠١٢). وێنە و شیعری ئیرۆتیکی لەم بەرهەمەدا زۆرن وەك نموونەی"

سەرم بخورێنە ئەورۆ

دێمە سەر زگت و ژیان لە خۆم دادەماڵم.٣( نیگار نادر، بۆ ئەوەی هەرچی هەتەو نیتە، ل١١٠)، هەروەها شیعرێکی تریش کە تەواو ئیرۆتیکییە و ئەڤیندارانەیە بە زمانی ژنێکی عاشق و تەنیا و پڕ لە ئارەزووی ئیرۆسی دەڵێ"

وەرە تا گچکەترین درز لە

نێوانمان نەمێنێ

ئەورۆ نازانم نازانم ناوم چییە

چ رەنگە کراسێکم لەبەرە.٤(هەمان سەرچاوە، ل١١١). دەبینین لەم کورتە شیعرەدا شاعیر داوا لە خۆشەویستەکەی دەکات هێند توند خۆی پێوە بنووسێنێ نەك بۆ شایی، بەڵکو درزێکی باریکیش نەکەوێتە نێوانیانەوە، ئەمە گەر ئەڤین نەبێت لە بەرگی ئیرۆتیکدا چیترە؟ هاوکات شاعیری داواکاری قسەکەر هێند تامەزرۆیە تەنانەت نازانێ ناوی چییە و جلەکانیش چ رەنگە، ئەوەی دەیزانێ ئارەزوویەکی بەهێزی پێوەوە لکانە.

لازۆ لە شوێنێکی دیکەشدا دوو بارە خۆی تێکەڵ بە دونیای گەورەی ئەوین و مەستی ئەویندارە دەکات و بەزمانێکی ژنانەی ئیرۆتیکایەنە دەڵێ"

منی کاڵ، منی کچ، منی ناو قەڵای خەیاڵ.

نازانم

ئەوەی ئەملێسێتەوە لێوی تەڕێ ئەوە یان باران؟

ئەوەی وشکم ئەکاتەوە، هەناسەی گەرمی ئەوە یان ترسی خوا؟.١(لازۆ ئازاد، کراس رەش،٢٠٠٧، ل١٣١).

شاعیر لەم چەند دێرەدا باس لەوە دەکات کە بەرامبەرەکەی بەجۆرێك رایدەموسێت وەك ئەوەی لێوەکانی باران بن هێند تەڕن، لازۆی شاعیر جیاواز باسی ئیرۆتیك دەکات، هەمیشە خۆی وەك ژنێکی بە هێز و مەکر نیشان دەدات، هاوکات لە نووسینیەوەی ئەڤین و ئیرۆتیکدا لێزانە( ئەم شاعیرە توانیویەتی جۆرێکی تر لە شیعر یان مومارەسەکردنی عیشق لەناو دەقدا ئەنجامبدات، کە ئەمەش دەکرێت ببێتە هۆی ئەوەی هەڵوەستە لەسەر ئەم ئەزموونە بکەین).٢(ئاوات محەمەد، ئەزموونی شیعری،

٢٠١٢، ل٧١)، كە هەم عاشقە و هەم دڵرەق، هەم بوێرە و هەم ترساو، بوێرانە باسی تەڕی یار دەکات و دواجار دەڵێ " لە ترسی خودا وشك دەبمەوە، ئەڤینم بیر دەچێتەوە.

## ٣_٣_٣ئیرۆتیك و بوێری

نووسین بۆ ژن لە کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی بە گشتی و کۆمەڵگەی کوردی بۆ ژنان یەکێکە لە سەختییەکان، بەڵام دیسان هەموو لەمپەرەکان نەیانتوانیوە رێگربن لەبەردەم نووسینی ژن و بوێری نواندن لەم بوارەدا، چونکە ئەم ئەدەبە دەنگی ژنە( ئەدەبی ژن ئەدەبێکە تێیدا ژن کۆشش بۆ سەلماندنی خۆی دەکات و لە رێی کێشانی وێنەی راستەقینەی خۆیەوە نەك ئەو وێنەیەی پیاو بۆی کێشاوە)١.(حەمەسەعید حەسەن، شیعر لە زاری ژنەوە، ٢٠١٢، ل ١٠)، بۆ وەستان دژی تەواوی ئەو وێنانەی ژن کە پیاو کێشاویەتی بۆ ژن باشترین شت وێنەکێشانی ژنە بۆ خۆی، ئەمەش لە شیعردا جوانتر دەردەکەوێت، ئەمەش زۆر جار ناوی ئەدەبی ژنی لێ دەنرێت (ئەدەبی ژن، پێداگرتنی ژنە لەسەر ئینسانبوونی خۆی نەك ئەدەبێکی جیاواز لە ئەدەبی ئینسانی)٢.(هەمان سەرچاوە،هەمان لاپەڕە). ئەم جۆرە ئەدەبەش دەتوانرێت قبوڵ بکرێت سەرەڕای دژایەتیکردنی زۆرێك لە ژنان لەم دەستەواژەیە و سەرەنجی خراپی زۆرێك لە رەخنەگرانی پیاو بۆی(باسکردنی لە ئەدەبێکی تایبەت بە ژن، بەمەبەستی سووك سەرنجدانی بەرهەمی ژنان نییە، بەو مەبەستەیە کە بە بەرهەمەکەوە دیارە نووسەرەکەی ژنە، ئاخر لە هەموو بەرهەمێکدا کەم تا زۆر هەست بە هەبوونی نووسەرەکەی دەکەین)٣.(هەمان سەرچاوە،ل ١١).لەمەسەلەی ئەدەبیاتی ئیرۆتیکیشدا ژنان حەزدەکەن و ویستویانە خۆیان گوزارشت لە حەزی جەستەیی و ئەندامە هەستیارەکانی خۆیان بکەن و لەم پرۆسەیەدا خۆیان جڵەو بگرنە دەست، چونکە ئینسان خۆی لەهەمووکەس زیاتر حەزەکانی خۆی دەناسێت، پاراستنی پەردەی کچێنی لەم کۆمەڵگایانەدا شتێکی سەختە، ژنێك دێت و لە شیعردا ئەم پەردەیە هێند بوێرانە تەسلیم دەکات کە شیعر و بوێری لێ دەچۆڕێت، چۆمان هەردی لە شیعری (ماڵئاوایی لە بێگوناهی) دەڵێت"

خوا حافیز ئەی کچۆڵە شەرمنەکە

کاتی دابڕان هاتووە

ئاوێنەکانم خۆشدەوێ

بە گوناهباری چەند جوانترم.١(چۆمان هەردی، کۆمەڵە شیعر،٢٠١٢ ل١١).

لێرەدا سیمبولەکان لەبەرژەوەندی ئیرۆتیکن بەڵام لەبەرگێکی پۆشتەدا، بۆنموونە " خوا حافیز ئەی کچۆڵە شەرمنەکە " واتا من گەورە دەبم، ئیتر سینگ و جەستەم ناشارمەوە، لەبەردەم دیمەنی ئیرۆتیکی شەرم نامگرێ، خۆشویستنی ئاوێنە دیوی دووەمی ئەڤینە، کە وادەکات خۆمان جوانتر ببینین و هەمیشە بچینە بەردەمی، هەروەها رستەی " بە گوناهباری چەند جوانترم " رێك مانای ئەوە دەدات ئیدی من گوناهە گەورەکە ( سێکس) م کرد، ئەمەش جوانتری کردووم، چونکە ئێمە دەگەینە بڕیاری سێکس و ئەڤین و گوناهکردن، کەواتە گەیشتوینەتە کەمال و گەورە بوون، هاوکات سێکسکردن لەگەڵ ئەویندای خۆت جوانترت دەکات، ناوبردنی سێکس بە گوناه بەهۆی کاریگەری ئاین و کلتووری کۆمەڵگەی شاعیرەوە، کە تووشی چەپاندنمان دەکات، بەڵام نووسەر خۆی لە هەموو ئەو تەلبەندانە رزگار دەکات (کەواتە مرۆڤی هوشیار ئەو کەسەیە چۆن لەو هەموو چەپاندنە خۆی رزگار دەکات، جا ئەم ئازاد بوونە لە بواری موومارەسە یان وتن یان دارشتنی وشەوە بێت ).٢(ئاوات محەمەد، ئەزموونی شیعری، ٢٠١٢، ل٧٢).

نیگار نادریش دەڵێ"

بۆ ئەوەی خۆمت لێ بشارمەوە خۆم

دەخزێنمە بن بەتانی لێ دەبینم لەوێ

گەرمتر پێم وەردەبی.٣( نیگار نادر، بۆ ئەوەی هەرچی هەتەونیتە بەمن بچێت دە ئەوجارەش ،ل ١٢٥).

دەبینین شاعیر بێ ئەوەی راستەوخۆ باسی سێکس بکات دەقێکی ئیرۆتیکی کورتی نووسیوە بەڵام پڕ لە ئەندێشەی ئەڤین و راستەوخۆ چووەتە بن بەتانی کە شوێنێکی سێکسییە لە هزری هەمووماندا بەتایبەتی گەر ژن و پیاوێکی لەژێردا بێت.

(جەستە هیچ نرخێکی نابێت گەر بێت لە سستمی جەستەیی دا ، واتا ئەرکی نەبێت، ئەرکیش جۆری زۆرە و سێکس و ئەڤینداری یەکێکە لەوان).١( سمية بيدوح، فلسفة الجسد، ٢٠٠٩، ص١٥). ئێمە دەبێت بوێری ئەوەمان هەبێت پێداویستییەکانی جەستەمان دابین بکەین تەنانەت گەر ئەمە قەدەغە و یاساغیش بوو، چونکە بوێری بالآترین جۆری چێژ بە ئینسان دەدات. لە روانگەی محەمەد ئیقبالی شاعیری پاکستانییەوە (تاقە رێگەی گەیشتن بەخودا ئەوەیە ئینسان بەردەوام خۆی لە کۆت و پێوەندی کۆیلایەتی ئازاد بکات و نەبێتە کۆیلەی هیچ دەسەڵاتێك).٢(حەمەسەعید حەسەن، بەفر و گڕکان، ٢٠٠٨، ل١٦٦).

کەژاڵ ئەحمەد لە شیعری " ئەرا پیاوێکی سوریالی " بە زمانێکی ژنانەی بوێر پرۆسەیەکی سێکسی ئەڤیندارانە دەخاتە شیعرێکەوە و دەڵێ"

لەگەڵ ماسییە گەورەکە

بکوژترین مەلەمان کرد

لەگەڵ جووتە هەڵماتەکە

هاوار و ئاهەکانیشمان یاری بوون.٣( کەژاڵ ئەحمەد، دیوانی کەژاڵ ئەحمەد، بەندەری بەرمۆدا، ٢٠٠٦، ل١١٤). دەبینین سیمبولەکان هەرچەند شاراوە بن ئەوە دیسان ناتوانن مەبەستەکانی کەژاڵ بشارنەوە، چونکە زیرەکانە و شاعیرانە و لە شوێنی خۆیان بەکار هاتوون، ماسییە گەورەکە کە ئاماژەیە بۆ ئەندامی نێرینەی پیاو، هاوکات چوواندنی بە ماسی چونکە هەم لە رووی شێوەوە نزیکە لە ماسی و هاوکات بەهۆی کردەی جووت بوون زیاتر هاتووچوی لە مەلەکردن دەچێت، بێگومان جووتە هەڵماتیش ئاماژەیە بۆ جووتە گونی پیاو.

دەبێت چی لەوە بوێرترت بێت ژنێك بێت و بڵێ " من لەكاتی سێكسكردندا یاریم بە ئەندام و گونی خۆشەویستەكەم كردووە و ئاه و ناڵینم گەیشتووە بە ئاسمان؟ جگە لە ژنێكی شاعیری رچە شكێن كێ دەتوانێ وا بڵێ؟ قسەكردنی ژنی كورد لەسەر سێكس چ لە نووسیندا و چ لە دەرەوەی نووسیندا بۆ ئێمە تازەیە چونكە هەم سێكسكردن و هەم قسە كردن و خۆ هەڵكێشان لەم بوارە بەشی پیاو بووە چونكە پیاو خۆی بە بكەری سەرەكی و كۆتایی زانیوە (لە كردەی سێكسدا چ پیاو چ ژن هەردوو كیان بكەرن، كەسیان بەركار نین).١(حەمەسعید حەسەن بەفر و گڕكان،٢٠٠٨، ل ١٩٧)، بەڵام لای ئێمە هەم لە ئەرزی واقیعدا و هەم لە نوسیندا هەمیشە پیاو بكەر و ژن بەركار بووە. كاتێكیش دەڵێین ئیرۆتیكی بوێرانە مەبەستمان ئەوەیە شیعرەكە هەم ئیرۆتیكە و هەم ئاماژەكان راستەوخۆن، لەپشتی وشەو رستەی تەماوی مەبەستەكان نەخراونەتە روو.

(نەزەند بەگیخانی) لە شیعری ( دڵنیایی ) باس لە كاریگەری نزیكی و جۆش و خرۆشی خۆی دەكات و جووتبوون بە باوەشی دڵنیایی دەناسێنێت و سێكسیش وەك شتێكی جوان

نهێنییەكان بانگمان دەكەن

بمشارەوە لە ناو شینایی جەستەت

باتاریكی شتەكان نەبنە هێڵی نێوانمان

باهێڵەكان نەبنە سنووری لە بیركردن

لەپشت سەری تیشك دانیشتم

ئاه چەند گەرمە نزیكبوون

چەند نزیكە پێكەوە بوون.٢(نەزەند بەگیخانی، ستایش، ٢٠٠٤، ل ٣٢).

چەمكەكانی ( نهێنی، شاردنەوە، تیشك، گەرمی) هەموو ئەمانە لەم دەقەدا خزمەتیان بە ئیرۆتیك كردووە، شاعیر باسی ئەوەی كردووە كە نزیكایەتی لە جەستەی یار چەند گەرمە، كاتێك ژنێك بوێری

ئەوە بەخۆی دەدات کە بڵێ ( سێکسکردن گەرم و گوڕی و تین و ئەڤینە) ئەمە بوێرییە و جوانیشە، چونکە ژن هەر وا فێرکراوە خۆشی بدات نەك وەربگرێت. هاوکات پیاو نازانێت ژن چی پێخۆشە و چی دەوێ (پێداویستییە سۆزدارییەکان لای ژن بەتەواوەتی جیاوازن لە پێداویستییە سۆزدارییەکانی پیاو)[1](د.تاریق کەمال ئەلنعێمی، سایکۆلۆژیای پیاو و ژن،٢٠٠٨، ل٢٥٥). لەوانەیە ژن هەندێ جار بە باوەشێك رازی بێت و هەندێ جاریش زیاتری بوێ، بەڵام وەختێ خۆی پرۆسەکە بەڕێوە دەبات باش دەزانێت چی دەوێ، لە شیعری ژنانی شاعیریشدا بەهەمان شێوەیە، باش دەزانن کام دەستەواژە و وشە و رستە ئیرۆتیکییە و چ خەیاڵی شیعری بەرزە فڕ دەکات.

نەزەند درێژە بە بوێری خۆی دەدات و لە شیعری ( گۆڕێکی شوشە بەند) بەزمانی ژنێکی شاعیری هەستێکی ژنانەی بوێر دەگێڕێتەوە وەختێ لەناکاو جەستەیەك تێکەڵ بە جەستەی بووە و دەڵێ:

لەناو دەشتایی بادا

چوار مشقی دانیشتبووم

ئەو بەپەلە خۆی کرد بە ژووردا

بوار نەبوو بۆ هەڵکردنی چرا

لەتاریکیدا یەکتریمان ماچ کرد

تاریکی، تاریکی، تاریکی. [2](نەزەند بەگیخانی، ستایش، ٢٠٠٤، ل ٥٥)، سەرەتاکانی شیعرەکە بەوە دەست پێدەکات کە پیاوێك بە نیازی راموسین و دروستکردنی کەشێکی ئیرۆتیکی خۆی خستوەتە ماڵی نەزەندە، هێند تامەزرۆ و پەلە بووە، فریای رووناککردنەوەی ماڵ نەکەوتوون، بەڵام قسەکەر کە شاعیرە لاری نەبووە و لە تاریکیشدا توانیویەتی جەستەی ئازاد بکات. ئەوەندە بەس نییە شاعیر بێت بۆ ئەوەی شیعرێکی ئیرۆتیکی بوێر بنووسی، بەڵکو ئەزموون و لێهاتووی مەرجی سەرەکین ( مەترسیدارتین ژن ئەو ژنەیە کە ئەزموونی سێکسی هەیە، ژنی شودار لە بێ شوو زیاتر بۆ سێکس دەناڵێنێت، ئەو ژنەشی پیاوەکەی لێی دوورە مەترسییە بۆ سەر پیاوانی تر).[3](فاطمة المرنيسي،

ماوراء الحجاب،٢٠٠٥، ص٣٠)، ژن کە بەشەکانی جەستەی خۆی نەزانی و ئەزموونی ڕاستەقینەی نەبوو نوسینەکەی کرچ و کاڵ دەبێت.

(ریلکە)ی شاعیر دەڵێت (تەنها چارەسەر، یان ڕاستتر تەنها ڕێگە بۆ ئەوەی ببیت بە شاعیر ئەوەیە بچیتە ناوخودی خۆتەوە،دابەزیتە ناو قوڵایی دەروونتەوە).١(هاشم ساڵح، ژیان بەبێ شیعر، و، مەریوان ویریا قانع، گ تەوار،ژ،٣٦،ل٩١)، ئەو رووچونە قوڵای دەروونە بوێریش دەگرێتەوە، ئینسان کە بوێر بوو لە قوڵاییەوە بوێرە، گەر ترسنۆکیش بوو هەزار زمانی درێژی هەبێت بێ سوودە چونکە دەروونی ترسنۆکە، (دڵسۆز حەمە) لەو ژنە نووسەرە بوێرانەیە کە هەم قووڵ دەنووسێت هەم بوێر، حەمەسەعید حەسەن سەبارەت بە شیعری دڵسۆز دەڵێت(جۆرە خۆرسکییەك بە شیعری دڵسۆزەوە دیارە، کە زادەی هەستێکی ڕاستەقینەیە لە تێکستی ئەو شاعیرانەدا بوونی هەیە کە دەستپاکانە خەریکی نووسینەوەی خودی خۆیانن).٢(حەمەسەعید حەسەن، شیعر لە زاری ژنەوە، ٢٠١٣،ل١٠٥)، (دڵسۆز حەمە) لە شیعرێکی کورتدا دەڵێت"

پاییزێ وەرە تاقە یار

لەژێر درەختێکی چڕدا

ڕوتم کەرەوە ڕۆحەکەم

تا پێش ئەوەی باوەشت کەم

بە گەڵای زەردی هەڵوەریو

حەمامێکی درێژ بکەم.٣(دڵسۆزحەمە، تاقانە یار، ٢٠١٢، ل ٤٧).

دڵسۆز بوێرانەو ژنانە داوای رووتبوونەوە لە یار دەکات و پێی دەڵێت: وەرە تۆ رووتم بکەوە بەرلەوەی نائومێد بم، زمانی دڵسۆز زمانێکی تەواو ژنانەیە، ڕاستەوخۆ گوزارشت لەوە دەکات کە دەیەوێت و بە شیعر ناز و مەکری ژنانەی خۆی دەخاتە روو، هەم بەناز و هەم بە ویقارەوە خۆی نمایش دەکات(

دڵسۆز حەمە یەکێکە لەو ژنە شاعیرانەی خاوەنی زمانی شیعری تایبەت بەخۆیەتی و لایەنێکی گەشی شیعری وی،راستگۆییە).٤(حەمەسەعید حەسەن، شیعر لە زاری ژنەوە،٢٠١٣،ل١٠٧).

لە شوێنیکی تردا زۆر بوێرانەو بە زمانێکی سادە و هەستێکی قووڵ و زۆر شیعرییانە دەڵێت"

ئەوەی تۆ پێمدەبەخشێت لە تاریکیدا

هیچ هەتاوێك نەیبەخشێوە بە زەمین

لە ڕوناکترین ڕۆژەکانی هاویندا .١( دڵسۆز حەمە، تاڤانە یار،٢٠١٢ل٧٣).

دڵسۆز کە تاریکی هەڵبژاردووە، مەبەستی شەوە و لە بەشەکانی پێشوشدا باسی ئەوەمان کرد کە شەو هەڵگری واتایەکی ئیرۆتیکییە، ئەوەی لە شەودا جەستە وەری دەگرێت لە ژێر پەردەی شەو و ترس و رەقیبدا، هێند ئەڤیندارانە و گەرمە، هیچ رۆژێکی هاوین ناتوانێ وەها جەستە گەرم دابێنێ، ئەم کورت نووسینە، بۆخۆی شیعرە، شاعیر بە سێ رستە پرۆسەیەکی جوان و هەستی خۆی گەیاندووە، ئەمەش جۆرێکی دیکەی نوێگەرییە،( تازەگەریی لە شیعردا بریتییە لە داهێنانی فۆرمی نوێ، دەرچوون لە بازنەی شیعری دێرین و تێپەڕاندنی لەوەی کە بەرهەم هێنراوە).٢(حەمە سەعید حەسەن، شیعر لە زاری ژنەوە،٢٠١٣،ل١٤).لەدەقی(فڕینێکی تر)ی تەواو شاعیرانەو ئیرۆتیکیانەدا، چۆمان هەردی بوێرانە و بەدەنگی ژنێکی تامەزرۆ داوای ئەڤینداری جەستە لە یار دەکات:

دەستم بەرێ

بابەڕووتی بچینە ئاوێنەکەوە

ئارەزووی فڕینێکی تر

لە چاومانا سەوز بووە.٣(چۆمان هەردی،کۆمەڵە شیعر، ٢٠١٢،ل ١٢). بێگومان چوونە ئاوێنەوە واتا سێکس کردن و رووتبونەوە، هەروەها هەڵبژاردنی دەستەواژەی( ئارەزووی فڕینێکی تر) یەکێکە لەجوانترین دەستەواژەکانی ئەم دیوانە کە لە جیاتی سێکسێکی تر دایناوە، ئەمەش کورتبڕی و داهێنان لە

گوزارشتکردنی ئیرۆتیکیانەیە هاوکاتبەمانای ئەوەی سێکس ئینسان بەرزە فڕ دەکات،چۆمان شیعرەکەی بەردەوام دەبێت و دەڵێت"

لە روونی ئاوێنەکەدا

تەسلیم بەدەستەکانت دەبم

هەڵمی هەناسەکانی تۆ دامدەپۆشیٚ.١(چۆمان هەردی،کۆمەڵە شیعر، ٢٠١٢،ل ١٢).

چۆمن هەردی لەو شوێنەی دان بەوەدا دەنێت کە تەسلیم بەدەستەکانی یار دەبێت زۆر ژنانە دواوە، چونکە لە زمانی کوردیدا هەمیشە سێکس و کردەی سێکس کردن و دەربڕینەکان لەدەمی پیاوانەوەن و پیاوان بکەرن، کە چۆمان خۆی تەسلیم دەکات دەڵێت: تۆبکەر بەو جەستەم بکێڵە.

## ٣_٣_٤کەل و پەلی ئیرۆتیکی لە شیعری ژناندا

گەر بمانەویٚ قسە لەسەر ئیرۆتیکی شیعری بکەین دەبێت سیٚ جۆر دەست نیشان بکەین

1_ئیرۆتیکی دەرەکی یا ماددی

٢_ئیرۆتیکی ناوەکی

٣_ ئیرۆتیکای فیتیشتی یا ئیرۆتیکای جل و بەرگ.١(ریٚزان صالح مەولود، ئیرۆتیك لە کۆمەڵە شیعری چاکەتێك لە کۆنە دەکرم، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژ٧،ل١٣).

لە پرۆسەی ئەڤینداری و سێکسدا جل و رەنگی جل رۆڵی گرنگی هەیە لە سەرنج راکێشان و وروژاندن و ساردکردنەوەدا، ئەمەش وایکردووە بچێتە شیعرەوە، بەتایبەتی شیعری ژنان و زیرەکانە کەل و پەلەکان و رەنگەکانیان هەڵدەبژێرن ( جیهانی رەنگەکان بە نزیکترین جیهان لە ژنەوە ئەژمارد دەکریٚت، بەتایبەتی ژنانی شاعیر کە زۆر داهێنەرانە لە ریٚی رەنگەوە گوزارشت لە ناخ و هزری خۆی دەکات و ژن و رەنگ وەك سیمبولی یەکتر ناسراون، بۆ دروستکردنی تابلۆی

**شیعری)**.٢(فرح غانم صالح حميد، دلالة الالوان في الشعر النسوي العراقي المعاصر،م. الاستاذ، ع،٢٠٣، ٢٠١٢،ص٤٨٢).

**لەبەر ئەوەی زیاتر جل و بەرگی ژن و بەشەکانی ئیرۆتیکین، بۆیە زیاتر لە شیعری ژناندا هەیە و ژنان لە زاری خۆیانەوە حاڵەتی فیتیشتی دەخەنە ڕوو، ئەمەش لە پێناو ژنبوون و پاراستنی مۆرکی ژنێتی ( ژنبوون هیچی دیکە نییە غەیری ئەوەی کە ژن خودی خۆی بێت، ژن ژن بێت پیاو نەبێت).٣(حەمەسەعید حەسەن، شیعر لە زاری ژنەوە، ٢٠١٣،ل ٣٠).**

**لە ماڵێدا**

**ستیان لەبەرناکەم**

**بە پێی پەتی دەسوڕێمەوە**

**بۆیە هەردەرگای ماڵم ترازان**

**دووکەروێشکی سپی بچوك**

**لە پێڵاوەکانمەوە ڕادەکەن**

**دوو کۆتری سپیش لە ملی بلوزەکەمەوە**

**دەدەن لەشەقەی باڵ و**

**لە ماڵەکەمدا دێن ودەچن .١(دڵسۆز حەمە، تاقانە یار،٢٠١٢، ل٧٢).**

**هەرچەندە ستیان جلێکی ئیرۆتیکییە چونکە پەیوەندی بەمەمکەوە هەیە، بەڵام دەرکەوتنی لە شیعری ژنێکدا کە لە حاڵەتی نەفیدا جوانترە، چونکە وێنەی خەیاڵی فراوانتر لای خوێنەر دروست دەکات، بەتایبەتی ئەوەی کە مەمکەکانی دڵسۆز ئازادن و ستیانێك نەیگوشیون.هاوکات داهێنانی مۆدێلێکی نوێی ستایشی جوانییەکانی ژنە لە زاری خودی ژنەوە، واتا عاشقبوون بە خود و درککردن بە جوانی مێبوون.**

(لازۆ) له شیعری (ئەو پیاوەی به ماچێك داگیرم دەكات)دا ستیانه ئەرخەوانییەكەی دەكاته بابەتی سەرەكی شیعرێكی ژنانه و دەڵێت:

كەنتۆرەكەم دەكاتەوەو لەبەر خۆیەوە دەبۆڵێنیّ و دەڵیّ"

بەشوێن ئەرخەوانیترین ستیانی دونیادا وێڵم

ئاخر دەستەكانمی بۆ هەڵگرتووم

ماچەكانی لیّ شاردوومەوە

منیش بێدەنگ

بلووسەكەم دادەكەنم

دەیكێشو بەدەم و چاویدا و دەڵێم

الێرەدایه عاشقترین پیاو.١(لازۆ، كراس رەش، ٢٠٠٧،ل ٩٢ و٩٣).

دەبینین ستیان لێرەدا جێی به لازۆ لەق كردووە و عاشقی بریندار به شوێن شوێن ماچ و شوێن دەستی خۆیەوە وێڵە و بەشی كۆتایی شیعرەكه كه دەڵیّ " دەیكێشم به دەم و چاویدا ) نازكردنێكی دیكەی ژنانەو ئیزافەیەكی جوانه له شیعری ئیرۆتیكدا.

له بواری ئیرۆتیكی فیتیشتی نیگار نارد زۆرترین شیعری ئیرۆتیكی و جل و بەرگی ئیرۆتیكی هەیه چەند نموونەیەكی دەخەینه روو:

تەماشاكه ژیان چۆن حەزی چووەته تێكەڵبوونی من و تۆ و دەی وەره

بن سوخمه مۆرەكەم و بەبەرچاوی ژیانەوە هەموو ئێواران.٢(نیگار نادر، بۆئەوەی هەرچی هەتەو نیته بەمن بچێت ده ئەو جارەش.....،٢٠٠٦،ل ٩٨)دیسانەوە ستیانی مۆر كەرەستەی سەرەكی ورژاندن و شیعرە. چونكه ستیان جوانی تایبەتی هەیه و له شیعری پیاواندا پانتاییەكی بەرفراوانی داگیر كردووە،(

ستیان هەروەك مەمك لای پیاو بە ئامرازێکی وروژاندنی سێکسی چاوی لێدەکرێ).٣(رێزان سالّح مەولود، ئیرۆتیك لە کۆمەڵە شیعری چاکەتێك لە کۆنە دەکڕم،گۆڤاری زانکۆی کۆیە،ژ٧، ل٢٦).

پاش ئەوەی خۆم دەشۆم و پیاوێك وەکی

ژێر کراسە پەمەییەکەم بەلەشمەوە دەنوسێ و

بۆنی تەڕیم هەڵدەمژێ.٣( نیگار نادر، بۆئەوەی هەرچی هەتەو نیتە،٢٠٠٦،ل ١١٨).

چ ئەتەك و چ ڕەنگی پەمەیی و چ نووسان بەلەشوە، هەرسێ هێند ئیرۆتیکین کە لەگەڵ یەکەم بەرکەوتندا وروژان دروست دەکەن، هێنانی ئەم کەرەستانە بۆ ناو شیعری ژنان هێند جوانە هەست بە دونیایەکی تەواو ژنانە و نیان دەکرێت.(فیتیشیزم کە بەمانای پەرستنی نابینایانەیش دێت نەنەخۆشییەکی دەرونییە و نە حاڵەتێکی ناسروشتی، کەسێك حەز بە بۆنکردنی جلی ژنان دەکات، یانیش کۆکردنەوە و کڕینیان، ( لە بورای سێکسدا فیتیشیست دەشێت شەیدای پۆشاکی ژن بێت، یان ڕەنگە پێڵاوی پاژنە بڵندی ژن وەهاتی بوروژێنێت گڕی تێ بەربدات).١(حەمەسەعید حەسەن، شیعر لە زاری ژنەوە،٢٠١٣،ل٦٢).

قۆپچە کە بۆ داخستنی جل و بەرگ و شاردنەوەی جەستەیە، لە شیعردا کە دەکەوێت کە دەترازێت، کە دەستێك دەیانکاتەوە، دەبنە کەرەستەیەکی ئیرۆتیکی، چونکە پاش کردنەوەیان جەستە ئازاد دەبێت.

لە ماچێکی بێ گوناهدا

یەکەمین قۆپچەی کراسە پەمەییەکەم

لێبۆیەوە.٢(کەژاڵ ئەحمەد، دیوانی کەژاڵ ئەحمەد،٢٠٠٦،ل ٢١٠). ناکرێت بە ماچێك کە لە بەشێکی رووخسار دەکرێت قۆپچەی کراس بترازێ، ئەمە بۆخۆی گەمەیەکی جوانی شیعرە، کە باسی هەنگاوی یەکەم دەکات و هەنگاوەکانی تر بۆ خوێنەر جێدەهێڵێ، بەریەککەوتنی دوو جەستەش بە ماچ دەست پێدەکات و قوپچە دەترازێنێ.

هەر جل نا، ملوانکە بە گەردنێکی زەردەوە، گوارە لە گوێ و پێڵاو و بازنەش ئیرۆتیکین ئەو وەختەی لە گەرمەی گەمەی سێکسدا دەکەون و لە جەستە دووردەخرێنەوە:

وشەکان تیشك دەگوێزنەوەو

لەرزینی دەستەکانی تۆم بیردێننەوە

ئەو شەوەی بۆ یەکەمینجار

گوارەکانت لە گوێیەکانی من کردەوە.٣( چۆمان هەردی، کۆمەڵە شیعر،٢٠١٢، ل٤٨).

تەنوورە یەکێکە لەو پارچە جلانەی کە تایبەتە بەمێینە و بە پێی کورت و درێژی و تەسك و پانی جوانییەکە و کاریگەری لەسەر چاو و هەستی پیاو دەگۆڕێت، بەڵام هەمیشە تەنوورە پارچەیەکی ورژێنەرە

گیانە " با " شت فێر کردووە رۆژێ دەجار

تەنورەکەم هەڵدەداتەوەو کڵاوەکەم لەسەر دەفڕێنێ.١(نیگار نادر، هەرچی هەتەو نیتە،٢٠٠٦، ل ١٢٥).

ژێرکراسە مۆرەکەم دادەماڵم و ژیان.

لەبەردەکەم ئەوجارە خۆم بۆ دەنگت دەردەخەم.٢(هەمان سەرچاوە ل١٣).

ژێر کراس، بەهۆی دیزاین و رەنگ و جۆری کوتاڵ هەمیشە سێکسییە و زۆر جار جێگرەوەی جلی خەوە، لەم کورتە شیعرەدا ئەو ژێرکراسە مۆرە کاری خۆی ناکات و سەرنج راکێش نییە، ئەمەش بەهۆی خودی شاعیرەوە کە ئارەزووی رووتبونەوە دەکات نەك شاردنەوەی جەستە لەبن ماتریاڵ.

پاش ئەوەی چەند جار ئەو کراسە هەنارییەم دەشۆم

بۆنی تۆی هەر لێ نابڕێ.٣(س.پ ل ١٣٩).

لەم شیعرەدا نە کراس سێکسییە و نە ڕەنگی هەناریش ئەوەندە زەقە، بەڵام بەهۆی ئەوەی بەر لەوادەی نووسینی ئەو شیعرە ئەو کراسە لە ئەتمۆسفیرێکی سێکسیدا بەر لەشی یار کەوتووە و موقەدەس بووە.

فیتیشی بوون حاڵەتێکی تایبەتە و کەسەکە حەز لە شت و شوێنی وادەکات کە ڕەنگە بۆ خەڵکی تر زۆر ئاسایی بن یان هەر وروژێنەر نەبن( دەتوانیین فیتیشت بە بەشێك لە ژیانی سێکسی خەڵکی هەژمارد بکەین، کە حەز بە ڕەنگ یان شێوە یان جلێکی تایبەت دەکەن و پێی دەوروژێن).٣.(http://ar.sexperterna.org/better-sex/fetishism/).

زۆرجاریش حاڵەتی فیتیشی لەلای خودی شاعیران دەردەکەوێت، وەك بۆنکردن یان حەز کردن لە شتێکی تایبەتی بەرامبەر و ئەمەش بە ئاگایی بێت یان نائاگایی لە شیعردا دەردەکەوێت

سەردەستی کراسەکەت بۆن دەکەم و

لەبیرم دەچێتەوە کە من ژنێکی بەسەر چووم.١(هەمان سەرچاوە، ل ١٣٣).

دەبینین نیگار ئارەزووی بۆنکردنی سەر دەستی کراسی یار دەکات، ئەمەش بەهۆی ئەوینی زۆری بۆی و هاوکات بە ئاشکرا دەرکەوتنی حاڵەتی فیتیشتی یە، چونکە سەری دەست بۆنی هیچی لێ نایەت.

نیگار نادر یەکێکە لەو ژنە شاعیرە ئیرۆتیك نووسانەی زۆرترین کورتە شیعری ئیرۆتیکی هەیە کە حاڵەتی فیتیشتی تێدا دەرکەوتووە

هێندە بۆنت دەکەم تا تێردەبم

سەر لە سینگت  وەردەدەم و ئەتۆش وەرە سەر سینگم.٢(هەمان سەرچاوە، ل ٥٦)،

چۆن لێم وەژوور کەوتی نازانم !

دەستت بێنە بۆنی ناو لەپەکانت کەم جارێکی دی.٣( هەمان سەرچاوە، ل ٣٠).

دەبینین نیگار هێند عاشقە لە ئەویندارى کردندا حاڵەتى فیتیشى خۆى دەرخستووە و تەنیا لامل و لێوى یارى بە باش و باڵا نەزانیوە ئەوەتا ناو لەپەکانى یار بۆن و ماچ دەکات و ئەمەش دیوێ:ى دیکەى ئیرۆتیکە کە شوێنە ئاساییەکانى جەستە دەکاتە شوێنى ئیرۆتیکى ئەمەش بە سیحرى ژن و زمانى ژن کراوە.

## ئەنجام

١_ ئیرۆتیك لە ئەدەبیاتى کوردیدا و بەتایبەتى شیعر مێژوویەکى دورودرێژى هەیە.

2_ئەدەبیاتى فۆلکلۆرى کوردى پڕە لە شیعرى ئیرۆتیکى.

**٣_ شیعری قۆناغی کلاسیکی کوردی خاوەنی گەنجینەیەکی دەوڵەمەندی دەقی ئیرۆتیکییە ،**

**٤_ئیرۆتیکی جۆری هۆمۆ سێکسواڵی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا بە شێوەی ئاشکرا و نائاشکرا بوونی هەیە.**

**٥_ لە دەقی ئیرۆتیکی ژنانی باشووری کوردستان حاڵەتی لێسبیانی ( هاورەگەزبازی)، هەیە بەڵام بەهۆی ئەوەی دەقەکان کەوتوونەتە دوای ئەو مێژووەی ئێمە کارمان لەسەری کردووە، دەقەکان نەخراونەتە نامەکەوە.**

**٦_ دەقی ئیرۆتیکی ژنانە لە کەژاڵ ئەحمەدەوە دەست پێدەکات و ئەو سەرقافڵەیە.**

**٧_ ئیرۆتیکی ئاشکرا بە شێوەیەکی زۆر زیاتر لە شیعری فۆلکلۆری کوردیدا دەرکەوتووە بەراورد بە شیعری هاوچەرخ کە زیاتر سیمبول بەکارهێنراوە و چەند نووسەرێکی دەگمەن نەبێت راستەوخۆ باسی ئەندامەکانی جەستە و حاڵەتە سێکسییەکانیان کردووە.**

**٨_ ئیرۆتیک لەسەر زاری ژنانی فۆلکلۆر زۆر بوێرانە ترە لە ئیرۆتیک لە شیعری ژنانی هاوچەرخدا،**

**٩_لە شیعری ئیرۆتیکی ژنانی باشووری کوردستاندا سیمبول زۆر بەکار هاتووە و بەدەگمەن راستەوخۆ گوزارشت لە مەبەست کراوە، ئەمەش زیاتر بۆ جوانکردنی دەقەکانە نەك شاردنەوەی مەبەست.**

**١٠_ ئیرۆتیکی فێمینیستی بە شێکی دیارە لە شیعری ژناندا و زۆر بەئاگایانە ئەم چەمکەیان خستووەتە خزمەتی بیری فێمینستی و زۆربەی شاعیرەکانیش چالاکی فێمینیستین.**

**١١_  چەمکی ئیرۆتیك لە شیعری زۆربەی ژنە شاعیرەکانی کوردستاندا ئامادەیی هەیە و بەشێکی زۆری ژنان پاش ساڵی٢٠٠٠ ئیرۆتیك لە دەقەکانیاندا دەرکەوتووە، بەگشتیش شاعیرە گەنجەکان زیاتر ئەم چەمکەیان بەکارهێناوە.**

**١٢_ هەندێ لە شاعیرەکان لە بەکارهێنانی دەستەواژە ئیرۆتیکییەکاندا ڕێچکە شکێن و بوێرانە دەرکەوتوون و ڕکابەری نووسەرە پیاوەکان دەکەن.**

**١٣_ ژمارەیەکی کەم لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم چەمکە لای ژنان کراوە و بەتەواوەتی فەرامۆش کراوە، ئەمە لەکاتێکدا لێکۆڵینەوە لەسەر هەمان چەمك لای پیاوان زۆرترە.**

**١٤ _ پۆرنۆگرافیا لە شیعری ژنانی باشووری کوردستاندا بوونی نییە و هیچ دەقێکی ئیرۆتیکی تەنانەت خۆیشی لەو چەمکە نزیك نەکردووەتەوە.**

# سەرچاوەکان

## بە زمانی کوردی

### کتێب


١. د.ئیبراهیم ئەحمەد شوان، ئەدەبی کۆنی کوردی،چ٢،چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین،٢٠١٢

٢. ئارام سدیق، خۆکوژی، چ١، چاپخانەی یاد، سلێمانی ٢٠٠٧

٣. ئەسعەد عەدۆ، کەلەپووری کوردەواری، چ١ ،هەولێر ٢٠١٥،

٤. ئەحمەد بەحری، گەنجی سەربەمۆر،ب١، دەزگا و چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی٢٠٠٠

٥. ئاوات محەمەد،ئەزموونی شیعری لای ژنە شاعیرەکانی ناو ئەدەبیاتی کوردی، چ١،سلێمانی ٢٠١٢

٦. ئەحمەد محەمەد ئابلاخی، چەند سەرنجێکی خێرا دەربارەی شیعر،فیستیڤاڵی نەتەوەیی شیعری کوردی،٢٠١٢،لا١٧)

٧. پێشڕەوی سەید برایم، رووتەمەنی لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا،٢٠٠٨،چ١، ٢٠٠٨

٨. تەرزە جاف، من هەم یان نا ئەمەیەمەهزەلە، چ١، هەولێر، چاپخانەی شەهاب ٢٠٠٩

٩. تەرزە جاف، لە کەوتنە خوارەوەشدا باڵەکانم ئاسمانیان هەژاند،چ١، چاپخانەی شەهاب،هەولێر ٢٠١٣

١٠. تاریق کەمال ئەلنعێمی، سایکۆلۆژیای پیاو و ژن،چ٢، ٢٠٠٨

١١. تەسلیمە نەسرین، ژن دەق فەتوا،و.عەزیز رەئووف،چ١، لە بڵاوکراوەکانی دەزگا و چاپی پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٨

١٢. حەمە سەعید حەسەن، بەفر و گرکان،چ١،چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر٢٠٠٨

١٣. حەمە سەعید حەسەن شیعر لە زاری ژنەوە،چ١،چاپخانەی موکریانی، هەولێر ٢٠١٣

١٤. حەمە سەعید حەسەن ژن لە سایەی ستەمدا، چ١، چاپخانەی موکریانی، هەولێر ٢٠١٣

١٥. دڵشاد عەبدوڵلا، ئیرۆسکێ،٢١، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر٢٠٠٧

١٦. دەریا حەوێز،جیهانبینیی شیعری هاوچەرخی کوردی،چ١، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر ٢٠١٣

١٧. دڵسۆزحەمە، تاقانە یار، چ١، دەزگا و چاپی پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠١٢،

١٨. چۆمان هەردی، کۆمەڵە شیعر، چ١، سلێمانی ٢١٠٢

١٩. رێزان ساڵح پێگەی ژن لە دیدی قوبادی جەلیزادە و نەزار قەبانیدا، چ١، چاپخانەی شەهاب، هەولێر ٢٠١٣

٢٠. ڕێبوار سیوەیلی، کتێبی نالی،چ١، چاپخانەی موکریانی، هەولێر ٢٠٠١

٢١. ڕێبوار سیوەیلی،لە پەیوەندییەوە بۆخۆشەویستی، چ٣، چاپخانەی تەوار، سلێمانی ٢٠١٠

٢٢. رەوف محەمەد پوور، مەستورەی کوردستانی، فیستڤاڵی نەتەوەیی، چ١، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر ٢٠١٣

٢٣. زانا خەلیل، ئیرۆتیك لە شیعری نالیدا،٢٠١٢ چ١،چاپخانەی ئاراس، هەولێر ٢٠١٢

٢٤. زانا خەلیل دەستپێکی دەستپێکێکی نوێ، چ١ بەرێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتییەکان ٢٠٠٨

٢٥. سەعید بەشیر، سێکس لە ئایینەکانی جیهاندا،چ١، چاپخانەی رەنج، سلێمانی ٢٠١١

٢٦. سالار حمە عەلی مستەفا، ،دیالۆگ لەسەر پرسی ژن، چ١، چاپخانەی رەنج، سلێمانی ١٠١١

٢٧. سابیر بۆکانی، ترس و خۆشەویستی، چ١، چاپی بڵاوکراوەکانی چوارچرا، سلێمانی ٢٠٠٨.

٢٨. شێخ رەزای تاڵەبانی، سەرجەمی شیعرە هەجووەکانی،٢٠٠٨

٢٩. شوکریەرەسول، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی،بەشی١، ١٩٨٤

٣٠. .شوکریە رەسول، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی بەشی٢،چ١، چاپخانەی موکریان، هەولێر ٢٠٠٨

٣١. کەژاڵ ئەحمەد، دیوانی کەژاڵ ئەحمەد، چ١، بەرێوەبەرایەتی گشتی چاپ و بڵاو کردنەوە، سلێمانی ٢٠٠٦

٣٢. مهاباد قەرەداغی، دیوانی مهاباد قەرەداغی،٢٠١٣چ١،، چاپخانەی شەهاب، هەولێر ٢٠١٣

٣٣. محەمەد کەساس، چەند لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی،٢٠٠٨،

٣٤. محمد ئەحمەد سەعید، چەند لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی،چ١، چاپخانەی رۆمان، سلێمانی ٢٠٠٨

٣٥. مەحمود زامدار، بۆنی هەڵاڵان دێ،چ٢،چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێ ٢٠٠٩

٣٦. لازۆ، کراس رەش،چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٧

٣٧. *نالی، دیوانی نالی،مەلا عەبدولکەریمی مودەریس وفاتح عەبدولکەریم،چ١، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٧٦*

٣٨. نیگار نادر، بۆ ئەوەی هەرچی هەتەو نیتە بە من بچێ،چ١، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر ٢٠٠٨

٣٩. نەزەند بەگیخانی، ستایش،چ١، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر ٢٠٠٤،

٤٠. هەردەوێل کاکەیی، هەڵبژاردەیەك لە هۆنراوەی فۆلکلۆری کوردی ناوچەی گەرمیان، بەرگی١، چ١، چاپخانەی الحوارث، بەغدا ١٩٩٥

٤١. هەردەوێل کاکەیی، هەڵبژاردەیەك لە هۆنراوەی فۆلکلۆری کوردی ناوچەی گەرمیان، بەرگی٢،ض١، دەزگای رۆشنبیری و بڵاو کردنەوەی کوردی،بەغدا١٩٩٥

٤٢. هیوا فریاد رەس، ژن و ئایین، چ١،چاپخانەی پیرە مێرد، سلێمانی ٢٠١٤

٤٣. هاوژین حەمە رەشید، ژن لە جیهانی شێرزاد حەسەن دا، ٢٠١٠

٤٤. یوسف عوسمان حەمەد، چەند وێستگەیەکی سایکۆلۆژی، چ١، چاپخانەی ئۆفسێتی تیشک.

## گۆڤار و رۆژنامەکان

### گۆڤارەکان

٤٥. ئاشتی عەبدوڵلا، شرۆڤەیەك بۆ چەمکەکانی خۆشەویستی ،گ. تەوار، ژ.١٠٧، ٢٠٠١

٤٦. بەیان عەزیزی، رەخنەی ئەدەبی فێمینیستی،گ، تەوار.ژ.٣٣، ٢٠١١

٤٧. ماریزگاسپار، و ئاوات محەمەد، قۆناغەکانی ئازادبوونی سێکسی، گ، تەوار، ژ.٣٤، ٢٠١١

٤٨. لوقمان غەفور، دوانەی دەسەڵات و سێکس، گ.تەوار، ژ. ٣٥، ٢٠١١

٤٩. عەبدوڵلا ئیبراهیم، و.نیازمحەمەد فاتیح، مامەڵەی مێینە تەنها لە روانگەی جەستەوە، تەوار ژ.٣٦، ٢٠١١

٥٠. هاشم ساڵح، ژیان بەبێ شیعر، و، مەریوان وریا قانع، گ تەوار،ژ.٣٦ ، ٢٠١١

٥١. نازەنین بەهین، بەجیهانی بوونی فێمینیزم،تەوار ژمارە١٠٧، ٢٠١١

٥٢. سەرکاو هادی، ناسینی رەنگەکان، سوور، گ.ژن، ژمارە،١٠ ،٢٠١٦

٥٣. سەرکاو هادی، رەنگی سەوز،گۆڤاری ژن، ژ.١٢ ٢٠١٦

٥٤. سەرکاو هادی، رەنگی شین، گ ژن، ژ.٢٠١٦،١٣،

٥٥. پێگەی ژن لە ئایینی زەردەشتیدا، ئارێز ئەندازیاری،گ.ژن، ژ.١٦، ٢٠١٥

٥٦. سەنا عەبدولەحی ئەلبەسام، ئێزیدی بوون،گ.ژن ژ.١٦، ٢٠١٦

٥٧. بێریڤان محەمەد، دیمانە لەگەڵ راپەڕین ئەنگیزەك، گ.ژن، ژ،١٠

٥٨. رێزان ساڵح، ئیرۆتیك لە شیعری قوبادی جەلیزادەدا، گۆڤاری زانکۆی راپەڕین، ژ٧.، ٢٠١٦

٥٩. هاشم سەراج، هەست و ئیرۆتیك، گ.رامان، ژ.٢١٨، ٢٠١٥

٦٠. رەزا عەلی پوور، ئیرۆتیکا وەك درز، وێران، ژ.١٠، ٢٠١٠

٦١. محەمەد رەستگار، گۆرڤاری وێران ٢٠١٠ ژ.٦، ٢٠١٠

٦٢. ئەشقی سوان، ئیرۆسییەت و کۆدە زەینییەکانی تاك، وێران، ژ.٦، ٢٠١٠

٦٣. گووتوبێژێك لەگەڵ ساقی قەهرەمان، گ وێران ژم٦ ، ٢٠١٠.

### رۆژنامە

٦٤. هێرۆ کوردە، رەخنەی دەروونیی و کردەی ئەفراندن، رۆژنامەی ئەزموون، ژ. ٢٥، هەولێر، ٢٠١١

## نامەی ئەكادیمی


٦٥. ئەڤین ئاسۆس حەمە عەبدوڵڵا، فیمینزم لە چیرۆكەكانی شێرزاد حەسەن دا، فاكەڵتی زمان، زانكۆی سلێمانی،٢٠١٣

٦٦. سەنگەر نازم حسێن، وێنەی پیاو لە شیعرەكانی كەژاڵ ئەحمەد و فەروغی فەروغزاد دا،كۆلێژی پەروەردە، زانكۆی سەلاحەدین،٢٠١٣.

٦٧. ناصر حسێن ، فێمینیستی ئەدەبی ژنانی كورد


## پێگەی ئەلیكترۆنی


٦٨. حەمە مەنتك، شیعری پۆرنۆیی، پێگەی دەنگەكان

٦٩. سەلاح حەسەن پاڵەوان، بۆن و سێكس، پێگەی باس

٧٠. مهاباد قەرەداغی، تیشكۆی زمان و پشكۆی ڕامان، سایتی رەخنەی چاودێر٢٠١٥

٧١. مستەفا زاهیدی، سێكسیسم لە ئەدەبدا، ماڵپەری ناوەندی حیزبی دیموكراتی كوردستان،

٧٢. سایتی لڤین،٢٠١٥/٥/٢٠).

٧٣. ٢(پێگەی زاری كرمانجی،http://www.zarikrmanji.com ).

٧٤. پێگەی نوچەنێت،http://www.nuche.net

٧٥. سایتی لڤین،٢٠١٥/٥/٢٠).

٧٦. http://www.jaff.biz/afrati%20nawdari%20kurd.ht.


## سەرچاوە عەرەبییەكان

### الكتب


٧٧. القران الكريم

٧٨. .امام عبدالفتاح امام، افلاطون و المراة،ط ٢،مؤسسة الاهرام للنشر و التوزيع، قاهرة ١٩٩٦
٧٩. جاسم عاصي، مرايا الشعر،ط١، منشورات مركز گەلاوێژ، سليَمانى٢٠٠٩
٨٠. سمية بيدوح، فلسفة الجسد، دار النشر، تونس ٢٠٠٩،
٨١. فاطمة المرنيس، ماوراء الحجاب، ط٤، دار البيضاء، مغرب ٢٠٠٥ ،
٨٢. مالك بن نبي، شروط النهضة، ت. عمر كامل المقساوي و عبدالله الصبور شاهين، ١٩٨٦،

## البحوث الاكاديمية

٨٣. امل محمود، عبدالقادر ابو عون، اللون وابعاده في الشعر الجاهلي، رسالة الماجستير، جامعة النجاح ، نابلس فلسطين، ٢٠٠٩، ،
٨٤. احمد عبدالله محمد حمدان، دلالات الالوان في شعر نزار قباني، رسالة الماجستير، جامعة النجاح ، نابلس فلسطين ، ٢٠٠٨
٨٥. اسامة جميل عبدالغني رabايعة، لغة الجسد في القران، رسالة الماجستير، جامعة النجاح ، نابلس فلسطين ٢٠١٠
ابراهيم احمد ابراهيم حمايدة، صورة الرجل في الشعر المراة في العصر العباسي،صورة الرجل في الشعر المراة في العصر العباسي، رسالة ماجستير،جامعة النجاح الوطنية،فلسطين ٢٠١٣
٨٦. ضا ديب عواضة، المراة في شعر عمر بن ابي ربيعة، عمر ابي ريشة، نزار قبانى،ط٢، ٢٠١٦
٨٧. نارا قادر قاسم، الجندر و الجنس، رسالة ماجستير، جامعة السليمانية ٢٠١٥
٨٨. نجاح عبدالرحمن مزارقة، الون ودلالاته في القران الكريم، رسالة ماجستير، جامعة المؤتة، ٢٠١٠
٨٩. (نزية ابو نضال، تمرد الاونثى في رواية المراة العربية،ط١،المؤسسة العربية للدرسات ، والنشر، الاردن،٢٠٠٤

## بحوث في المواقع الالكترونية

٩٠. بوراس يوسف،المراة في كتابات فلسفة اليونان، جامعة المسلية

## المجلات

٩١. م.د.جلال عبدالله خلف، الرمز في الشعر العربي، مجلة الديالة،ع.٥٢، ٢٠١١).
٩٢. د.هادى سدخ زغير العزاوى ود.جميل بدوي حمد الزهري، الهجاء بالمراة، في نقائض جرير والفرزدق،مجلة القادية،عدد١،ص،٢٠٠٩

٩٣. فرح غانم صالح حميد البيرمانى، دلالاة اللون في الشعر النسوي العراقي المعاصر،ماجستير، جامعة بغداد، مجلة الاستاذ،ع.٢٠١٢،٢٠٣


## المواقع الالكترونية

٩٤. (امال عواد رضوان، الكتابة الايروسيية عند المراة،موقع المثقف،٢٠١٠،
٩٥. امال عواد رضوان، ملف عن ادب الايروسى،موقع المثقف ، ٢٠١٠
٩٦. امال عواد رضوان،الإيروتيكيّةُ مفهومًا- مبعثا وتاريخًا، منبر حر للثقافة الفكر و الادب، http://www.ennaharonline.com/ar
٩٧. احمد هيهات، الشذوذ في الشعر العربي، موقع تطوان نيوز
٩٨. اعلاء العبادي، المثلية الجنسية في النصوص الشعرية، قديتا نيت،
٩٩. الفريدة يلينيك الادب البورنوغرافي اختراع مخيلة الذكورية، موقع منبر حرللثقافة والفكر والادب،٢٠٠٥).
١٠٠. اسل عبدالعال،دراسة بحثية عن العطر في الشعر العربي،موقع باسل عبدالعال
١٠١. الرصيف(*.com/culture/2015/01/31/homosexuality-in-arab-history*)
١٠٢. الهجاء، الشعر، ويكيبيديا ويكيبيديا https://ar.wikipedia.org
١٠٣. العطر وتاثيرها الجنسي، http://aljens.info /
١٠٤. بشير خلف، النص الأدبي النسوي..تحدٍّ للمعوقات وتطلّعٌ إلى الحرية الحوار المتمدن
١٠٥. *تهاني راشد، الشعر والولع بالغلمان،٢٠١٢* *http://88inana.blogspot.com/2012/05/blog-post.html موقع اينانا)*.
١٠٦. *جان دوست، الجنس في مم و زين، رسالة حب*٢٠١٦
١٠٧. جيهاد المحيسن، لماذا يتمرد البشر،عمون،٢٠٠٩
١٠٨. حميد طولست ظاهرة الكتابة الايروسية عند المرأة،موقع رسالة الحب،٢٠١٥)،
١٠٩. حسن عباس، قصص عن المثلية الجنسية في التراث العربي، موقع
١١٠. حسني إبراهيم عبد العظيم، الجسد الأنثوي بين المعتقد الشعبي والمعتقد الديني: رؤية أنثروبولوجية، الحوار المتمدن
١١١. خيرى شنكالي ، دور المراة في المجتمع الكردي،موقع بحزاي، .http://www.bahzani.net/services/forum/showthread
١١٢. د.خالد محمد عبدالغني،سايكولوجية تفضيل الالوان،موقع المنال،٢٠١٣،دراسة).
١١٣. خصائص الكلاسيكية، موقع الالوكة،٢٠٠٩(http://www.alukah.net).
١١٤. روزانا، علاقة الفم بالجنس، موقع المراة (http://www.4women.co/t5935.html
١١٥. ريهام عبدالوهاب،كوكوشانيل، صاحبة العطر الانوثة المطلقة،موقع دوتمصر،٢٠١٥)
١١٦. ضياء البوسالمي، ماهي البورنوغرافيا، تاريخ البورنوغرافيا، موقع حوار المتمدن
١١٧. ظمياء الفيلي، الأدب الأيروتيكي...(الأدب المحظور)، موقع جريدة تاتوو
١١٨. علاء الخازعي،التعري النضالي و رهاب التعري،صوت العراق،٢٠١٣).
١١٩. على ابو زيد، الهجاء عند العرب فن، الموسوعة العربية

١٢٠. (عبدالكريم ابو غبيش،الهجاء والسخرية في شعر ابن رومى، موقع منبر حر للثقافة والفكر والادب،٢٠١١).
١٢١. عندما تتعرى النساء، موقع الاسبوعية،٢٠١٢
١٢٢. سر لون الاحمر في الجنس، http://zawaj.createboard.net/t29-topic ).
١٢٣. د.سوزدارميدي، تصحيح تاريخ الكرد المحرف والمسروق، صوت الكردستان، (http://www.sotkurdistan.info.
١٢٤. سهيلة زين عابدين حماد، وضع المراة قبل الديانات السماوية، موقع حوار المتمدن، ٢٠٠٤،
١٢٥. صباح زوين، هكذا افهم الجسد، موقع رسالة الحب،٢٠١٦).
١٢٦. شيرين كامل، معاني الالوان في علم النفس، موقع برق الضاد
١٢٧. محروس رسلان، لماذا تمرد المراة على زوجها، موقع الراية،٢٠١٣
١٢٨. *د. مليكة فريحي، أبو نواس والتغزل بالمذكر،موقع عود الند*
*http://www.oudnad.net/spip.php?article871*
١٢٩. فليحة حسن، الايروتيكية، موقع النور،٢٠١٠،
http://www.alnoor.se/article.asp?id=72065
١٣٠. (نور الشام، غلمان في الجنة، منتدى اللادينيين السوريين،
١٣١. *نزار حايك، مراكز تجمع المثليين،*
*http://elaph.com/Web/news/2010/4/556233.html*
١٣٢. نعيم ايليا، الاباحية في اردب النساء العربيات، موقع الحوار المتمدن،٢٠١٦).
١٣٣. ولات احمد، الأغاني الفلكلورية الكردية صـور إيروتيكية في وصف الأنثى، موقع ارانيوز
١٣٤. http://www.yemeress.com/al
١٣٥. .http://ar.sexperterna.org/better-sex/fetishism/
١٣٦. ).https://www.paldf.net/forum/showthread.php?t=314884
١٣٧. .(/http://www.thaqafnafsak.com)
١٣٨. *.(http://www.aljaras.com/%*
١٣٩. .(https://ar.wikipedia.org/wik).


**به زمانى فارسى**

**پێگەى ئەليكترۆنى**


١٤٠. علي طائفى، جنبش سينه لخت ها، تريبون زمانه، ٢٠١٣
١٤١. هنر تن كامة
https://fa.wikipedia.org/wiki/%D9%87%D9%86%D8%B1_%D8%AA%D9%86%E2%80%8C%DA%A9%D8%A7%D9%85%D9%87

١٤٢. **ايرانيان انگلستان،** http://iranianuk.com/

١٤٣. .( FRANCE inter radio)،

## ملخص البحث

هذا البحث (الايروتيك في الشعرالشاعرات النساء في جنوب كوردستان ٢٠٠٠ _ ٢٠١٣) هو بحث وصفي و تحليلي، تم فيها الالتفاف الى شعر تلك النساء اللاتي كتبن الشعر الايروتيكي ما

بين اعوام ٢٠٠٠ و ٢٠١٣ و لديهن الحضور في المطبوعات، لتحديد انواع الايروتيك في تلك النصوص التي اجرينا لها تفاسير في البحث، سبب اختيار هذا العنوان يرجع الى حداثة الموضوع عند الكورد، بالتزامن مع تنفيذ عمل مختلف و جديد، لانه لحد الان لايوجد عمل في اطار واسع عن عنصر الايروتيك في اشعار نساء كوردستان.

انشاء هذا البحث متكون من المقدمة و ثلاثة اجزاء رئيسية، كل جزء منه يتكون من ثلاثة مواضيع، الموضوع الاول اختص لتعريف الايروتيك و الثاني عن الايروتيك و مكانته في الادب، اما الموضوع الثالث لتعريف الاشياء الايروتيكية و انعكاساته في الشعر و نماذج من شعر الشعراء.

الجزئين الثاني و الثالث اجزاء عملية و في الموضوع الاول تم التحدث عن (الايروتيك في الشعر الفلكلور الكوردي)، عن طريق عرض نماذج شعرية و تاريخ الشعر الايروتيكي. الموضوع الثاني يتحدث عن الشعر الايروتيكي على لسان النساء، وهذا يعتبر موضوع جديد للتحدث عنه، الجزء الثالث الذي يتكون من ثلاث مواضيع عُمِلَ بشكل مباشر على عنوان البحث، الموضوع الاول يتحدث عن الوضع الاجتماعي للمراة الكوردية في الماضي و الحاضر، في الموضوع الثاني تم عرض اسباب ظهور الايروتيك في الشعر النسائي، وعن طريق نماذج شعرية تم شرح هذا العنصر، في الموضوع الثالث تم تحديد انواع الايروتيك في اشعار عدد من النساء.

في الختام تم تحديد نتائج هذا البحث عن طريق عدد من النقاط.

# Abstract

This MA dissertation, entitled (Eroticism in the Poetry of South Kurdistan Female Poets Between 2000 – 2013), is a descriptive, analytical study. The purpose of this study is to analyze different types of erotic poems written by women poets in South Kurdistan between the years 2000 and 2013. The reason for choosing this subject matter is that it is a new subject in Kurdish poetry and considered as taboo in our society. Moreover, it is the first time to be dealt with in such a different and comprehensive way. This study consists of an introduction, three main chapters and a conclusion. Each chapter, in turn, is divided into three subchapters, called sections. Chapter 1 section 1 provides the definition of eroticism, while section 2 deals with the position of eroticism in literature. Section 3, however, establishes the basic principles of eroticism and its reflection in poetry in general. Whereas chapter 1 deals with the theoretical framework of the subject matter, chapter 2 and chapter 3 offer a practical look at eroticism and put forward arguments, with some examples. Chapter 2 section 1 studies eroticism in folk poetry, providing different examples, in addition, it demonstrates the history of Kurdish erotic poetry. Section 2 illustrates eroticism in folk poetry from the women's perspective,which is a new subject that has never been discussed in the Kurdish academic field. Section 3 concerns eroticism in the classic poetry, giving examples from some of the Kurdish classic poets. Chapter 3 discusses the subject of eroticism in depth. Section 1 provides a brief introduction of social circumstances of the Kurdish women in the past and the present. Section 2 reviews the circumstances of the emergence of eroticism in the poetry of women poets with examples. Section 3 identifies the types of eroticism in the poetry of a number of Kurdish women poets. In conclusion, a list of key points, concluded from the analysis of the study, is highlighted.